نـــاويبردوه و پاشـــان لەگـــەڵ فرمـــانی هـــەبون، ڕابـــوردوی تـــەواو دروســـتدەبێ. هۆكـــاری دەرنەكـەوتنی (هـەبون) دەگەڕێنێتـەوە بـۆ دەرنەكـەوتنی پیتـی(ه) ئەگـەر لـە پێشـی یـان لـە پاشـی پیتـی بـزوێن هـەبێت. بـۆ چـاوگی تێنەپـەڕ، تـوێژەر پێیوایـە، لەگـەڵ (بـون) دەبنـە ڕابـوردوی تـەواو، بـۆ نمونـە (نوسـتن - نوسـتو+ فرمـانی یاریـدەدەری(بون)). ئـەم لـە شـێوەدانەی تـوێژەر دەگەڕێتـەوە بـۆ بەرامبـەركردنێكی دەقـاودەقی ڕابـوردوی تـەواو لەگـەڵ زمـانی ئینگلیـزی و زمانـە ئەوروپاییـەكانی تـر. تـوێژەر، ئـەم شـێوازی پارتیسـپلەی (خـواردوو) بـۆ (participle) بـەكارهێناوە وەكـو(eaten) و فرمـانی یاریـدەدەری (هـەبون، بون)یشـی بەرامبـەر (have) بەكارهێناوە.

(من خواردو...مە. I have eaten

تۆ خواردو....تە. You have eaten

ئەو خواردو...یەتی. She he has eaten

ئێمە خواردو....مانە. We have eaten

ئێوە خواردو...تانە. You have eaten

ئەوان خواردو....یانە. They have eaten [1]

4-1- محەمـەد مـەعروف فـەتاح، لـە (A Generative Grammar Of Kurdish) لـە سـاڵی 1997دا، گرنگیـەكی زۆری بـە ڕەگـی كـار و چۆنیـەتیی وەرگرتنـی ڕەگـی ڕابـوردو و ڕانـــەبوردو لـــە چاوگەكانـــەوە كـــردوە. نیشـــانەكانی ڕێـــژە(aspect) گۆڕانكـــاری لە كـــاتی بارودۆخێـك دەكەن بـۆ جیـاكردنەوەی ڕێگـا جیاوازەكـان بـۆ دەرخسـتنی پێكهـاتەی نـاوخۆیی بارودۆخێـك، ئـەو نیشـانانەش لـە زمـانی كوردیـدا بـۆ بـەردەوامی، progressive، تـەواو و ناتـەواو. ڕێـژەی ڕابـوردو نیشـانەی (د، ە)وەردەگـرێ وەكـو پاشـگر لەگـەڵ ڕەگـی ڕابـوردو و ڕانـــەبوردو بـــۆ دەرخســـتنی ڕانـــەبوردوی ئامـــاژەیی (بـــەردەوامی) و ڕابـــوردوی بـــەردەوام، وەكو:

- Present indicative ئێستای ڕاگەیاندن/ نیشاندەری/ ئاماژەیی:

دەخۆم. I am eating

- Past imperfective ڕابوردوی ناتەواو:

---

[1] عومەر دزەیی، 1984، بەراوردكرنێكی (ڕابوردوی تەواو)ی كوردی لەگەڵ (perfect)ی زمانە ئەوروپاییەكاندا، گۆڤاری كاروان، ژمارە 24، ئەیلولی 1984، ساڵی دوەم، هەولێر، 6.

دەمکرد. I was doing

هەروەها پاشگری (ەوە) وەکو ڕێژە دەردەکەوێ، بۆ نمونە:

دەگەڕێینەوە. They are returning

دەنوسینەوە.[1] we are writing

سەبارەت بە ڕوکارەکان، باسی مەرجی و فەرمانداني كردوە، كە هەریەكەیان نیشانەی تایبەت بە خۆیان هەیە، وەکو:[2]

پێویستە بێم. It is necessary that I come

ڕوکاری فەرماندان، ئەو شێوەی کارە کە بەکاردێ بۆ داواکردن و هەمان شێوەی کاری مەرجییە، تەنیا جیاوازیی ئەوەیە کە فەرماندان بۆ کەسی دوەمە (تاك و کۆ) کە بە (ە بۆ تاك و ن بۆ کۆ) بەکاردێ.

بیهێنە. Bring it

توێژەر، بەم شێوەیەی خوارەوە باسی دەمکاتی کردوە: دەمکات ئەو جیاوازیەیە کە لە نێوان کات و کردەی ئاخاوتن ڕانەبوردودا دەکرێت لەگەڵ ئەو کاتەی لە ڕابوردودا بۆی دەگەڕێتەوە، جیاکاریەکە کۆدکراوە لەگەڵ ڕەگ. هەرچەندە تێیدا ڕەنگدەداتەوە. هەندێ دابەشکاری لە واتاکەی دەردەکەوێ کە هاوکاتە لەگەڵ کاتی گوتن، بەکاردێت بۆ دەمکاتی گشتی یان بۆ داهاتویەکی خێرا و ڕاستەوخۆ.[3]

ئێمە بەیانی دەڕۆین. We go tomorrow

توێژەر، دەمکاتەکانی لە زمانی کوردیی ناوەڕاستدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەرخستوە[4]:

أـــ دەمکاتەکانی ڕابوردوی ئاماژەیی/هەواڵی The Indicative past tenses:

1 ـ ڕابوردوی سادە/ڕاستەوخۆ /هەنوکەیی Immediate past :

کەوتن. They fell.

2 ـ ڕابوردوی ناتەواو/ بەردەوام Imperfect past :

دەچوم. I was going

3 ـ ڕابوردوی پەیوەستدار/تەواوRelative Past :

خواردومە. I have eaten.

---

[1] Muhammad Maruf Fattah,1997, A Generative Grammar of Kurdish, Amsterdam university, 145.
[2] Ibid, 146.
[3] Ibid,,150.
[4] Ibid, 150-158.

4 ـ ڕابوردوی تەواو Past perfect:

هاتبوم. I had come.

ب ــ مەرجی The Subjunctive:

1 ـ ڕابوردوی مەرجی سادە:

ئەگەر کردبام. If I did

2 ـ مەرجی ناتەواوImperfective:

ئەگەر بکەوتمایە. were I to fall

3 ـ ڕابوردوی مەرجی پەیوەستدار Relative past Subjunctive:

ئەگەر کەوتبم. If I had fallen.

4 ـ ڕابوردوی مەرجی تەواو:

ئەگەر کەوتبومایە. If I had fallen

ج ـ ڕانەبوردو:

1 ـ ڕانەبوردوی هەواڵی:

دەکەوم. I fall

2 ـ ڕانەبوردوی مەرجی:

بکەوم. I may fall.

1-5- مەحمود فەتحوللا ئەحمەد، لە نامەی دکتۆراکەی بەناونیشانی( The Tense and Aspect system in Kurdish)، لە ساڵی (2004)دا باسی پەیڕەوی دەمکاتەکان و چۆنیەتیی بەکارهێنانیانی کردوە. توێژەر لە دوتوێی باسکردنی پەیڕەوی دەمکاتەکانی زمانی کوردی هەوڵدەدات چەند مەبەستێك بپێکێ، لەوانە[1]:

1- ئاماژە بەوە دەدات کە لە زمانی کوردی دو دەمکاتی تەواوی(perfective)هەیە، مەبەست لە تەواوکاری ڕابوردو و تەواوکاری ڕانەبوردو و سێ دەمکاتی تەواو (perfect)ی هەیە، ڕابوردوی تەواو، داهاتوی تەواو و ڕانەبوردوی تەواو. ئەم لێکدانەوەیە لەگەڵ شیکردنەوەی پێشوو لەلایەن ڕێزماننوسە کوردەکان و ناکوردییەکانەوە یەکناگرێتەوە کە نکۆڵی لە ڕانەبوردو و داهاتوی تەواو دەکەن و تەنها یەك دەمکاتی

[1] Mahmoud Fathulla Ahmed,2004, the tense and aspect system in Kurdish. unpublished PhD. Dissertation. University of London, 92.

ڕابوردوی تەواو دەناسێنن، جارێك بە ڕانەبوردوی مەرجی و جارێك بە ڕابورووی تەواو دەریدەخەن.

2- هەروەها پێشنیارکردنی سێ دەمکاتی ڕەها (ڕابوردو، ڕانەبوردو و سەرچاوەی کاتی داهاتو) لە جیاتی دو دەمکاتی پەیوەستدار (پەیوەندیی لاواز، پەیوەندیی ڕەها).


3- بۆ ئەوەی ئەوە ڕوونبکەنەوە کە پەیرەوی دەمکات لە زمانی کوردی بەشێکی لەسەر بنەمای پێکهاتەی واتاییە، داپۆشینی چەمکەکانی دەمکات و ڕێژە. لە ژێرەوەی ئەمە دەرخستنی پەیوەندی و جیاکارییەکانی دەمکات و ڕێژە، کە تێکهەڵکێشن لەگەڵ ڕێگا جیاوازەکان.

4- هەروەها شیکردنەوەی دەمکاتەکان وەک دەربڕینی کات و ڕێژەوە و پەیوەندییان بەیەکترەوە، جەختکردنەوە لە ڕۆڵی دەمکات و ئاوەڵکارە کاتییەکاندا.

5- بۆ ڕوونکردنەوەی دەمکاتەکان لە زمانی کوردیدا کە نیشانەکان مانایەکی سەربەخۆی دەقیان هەیە.

6- بۆ لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندیەکانی تری سیستەمی دەمکاتی زمانی کوردی بە بەدواداچونی لە توێژینەوەکانی تردا.

توێژەر لە هێڵکارییەکدا ئاماژەی بە کردەکانی هەریەکە لە ڕابوردو و فۆڕمی کاری (non-past imperfective) دەکات.[1]




**هێڵکاری 4 .1 کردەکانی ڕابوردو**

توێژەر دەمکاتەکانی زمانی کوردی، بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکردوە:


[1] Mahmoud Fathulla Ahmed, the tense and aspect system in Kurdish, 103.

1- دەمکاتی ڕانەبوردو[1]:

ئێستا عەلی تۆپەکە هەڵدەدات بۆ قادر، قادر بۆ حەسەن، تۆپەکە دێتەوە بۆ عەلی، عەلی گۆل دەکات.

now Ali passes the ball to Kadir, Kadir to Hasan, the ball comes to Ali, Ali scores a goal.

هەروەها لە هێڵکارییەکی تردا، دەمکاتی ڕانەبوردو بەپێی گفتوگۆی Allen وComrie بەم شێوەیەی دەرخستوە.




**هێڵکاری 1. 5 دەمکاتی ڕانەبوردو بەپێی گفتوگۆی Allen وComrie**

2- دەمکاتی ڕابوردو:

که هاتم عەلی کورسی دروستدەکرد. when I came Ali was making a chair

عەلی بو بە مامۆستا. Ali became a teacher

ڕستەی یەکەم ئاماژە بەوە دەکا کە لەوانەیە کاتی بارودۆخەکە بە تەواوی درێژنەبێتەوە بۆ پێش ساتی ئێستا، لەوانەیە زیاتر بەردەوام بێ تا ساتی ئێستا، یان بکەوتە ناویەوە. لە ڕستەی دوەمدا، بارودۆخەکە بە تەواوی دەکەوێتە کاتی ڕابوردو. دەکرێ بون بە مامۆستا لە کاتی ئێستادا بێگومانە و زۆربەی ژیانی بکەرەکە بگرێتەوە.[2]

3- دەمکاتی داهاتو:

[1] Ibid, 107.
[2] Mahmoud Fathulla Ahmed, the tense and aspect system in Kurdish, 121.

هەفتەی داهاتو سەفەر دەکەم. I will travel next week

4ـ دەمکاتی ئاڵۆز و ڕەها:[1]

عەلی هێشتا/ بە بەردەوامی. Ali is still/continuously

عەلی هێشتا دانەنیشت/ عەلی هەر دانەنیشت. Ali is still not seated

5ـ پەیڕەوی دەمکاتی کەرتی:


حەزدەکەم کە پارەی هەبێت. I would like him to have money

6ـ دەمکاتی پەیوەستداری لاواز:

سبەینێ سەربازەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئۆردوگاکانیان. tomorrow the soldiers will return to their camps.

7ـ دەمکاتی پەیوەستداری ڕەها[2]:

دوێنێ نامەکەم دەنوسی کە عەلی هات. yesterday I was writing the letter when Ali came.




**هێڵکاری 1. 6 ڕابوردوی بەردەوام**


8ـ ڕابوردوی تەواو:

کە سەربازەکان خانەنشین کران، فەرمانده کوژرابو. when the soldiers were made to retired, the leader had been killed.

---

1 Mahmoud Fathulla Ahmed, the tense and aspect system in Kurdish, 140.
2 Ibid, 151.

9– ڕانەبوردوی ناتەواو:




**هێڵکاری 1. 7 ڕانەبوردوی ناتەواو**

قسەی خۆمم تەواوکردوە. I have finished my speech.

10– ڕابوردوی مەرجی[1]:

خۆزگە نامەکەی بنوسیبوایە پێش ئەوەی تۆ وەغەربکەی/دەربچی. I hope he had written the letter before your departure

11– داهاتو و داهاتوی تەواو لە ڕابوردو:

ڤینۆس وتی نامەیەك دەنوسم. Venus said I’m writing/ I will write a letter.

6-1- ڕەشوان مەحمود موستەفا، لە نامەی ماستەرەکەیدا بە ناونیشانی ( Mood in English and Kurdish: A Comparative study)دا لە ساڵی(2007)، دەمکاتەکانی بۆ ڕابوردو و ڕانەبوردو (ئێستا و داهاتو) دابەشکردوە. بەگوێرەی دەمکاتەکان، ڕوکارەکانیش بۆ ڕابوردو و ڕانەبوردو دابەشدەکا. دەمکاتی ڕانەبوردو، کردارێک ڕادەگەیەنێت کە لە کاتی قسەکردندا ئەنجامدەدرێت، یان لەداهاتودا ئەنجامدەدرێت. توێژەر پێیوایە، ئەم دەمکاتە بەوە دەناسرێتەوە کە پێشگری (دە)دەکەوێتە پێش ڕەگی کارەکە و ڕاناوی کەسی بەدوایدا دێت.

دەنوسم. I write

مەبەست و ماوەی بەکارهێنانی دەمکاتی ڕانەبوردوی لەم چەند خاڵەدا کۆکردۆتەوە[2]:

1 ــ کردەیەك ڕودانەکەی لەکاتی قسەکردندابێت.

چاوەڕوان بکە، وا دەگەڕێم. Wait, I am searching.

[1] Mahmoud Fathulla Ahmed, the tense and aspect system in Kurdish, 178.
[2] Rashwan Mahmood, Mood in English and Kurdish: A Comparative study, 2007,65.

2 ـــ بۆ دیارکردنی چالاکییەکی ئاسایی و خوپێوەگیراو.

ئەو یاری تۆپپێ دەکا. He plays football.

3 ـــ بۆ دەرخستنی ڕاستییەکی زانستی بەکاردێ.

درەختەکان بە ئاو گەشە دەکەن. The trees grow by water.

4 ـــ بۆ قسەکردن دەربارەی کارێ کە لە ڕابوردو دەستپێکردوە، بەڵام هەتا ئێستا بەردەوامە و لە ڕوداندایە.

بیست ساڵە لە هەولێر دەژیم. I have been living in Arbil for 20 years.

5 ـــ دەتوانرێ، بۆ دەرخستنی کارێك کە لە داهاتو ڕودەدا بەکاربێ.

بەیانی ناچم بۆ کار. Tomorrow, I won't go to work.

دەمکاتی ڕابوردوی ئاماژەیی، بەو شێوەیە باسکردوە کە بەکاردێ بۆ دەرخستنی کردەیەك کە پێش کاتی ئاخاوتن ڕویداوە و پێیوایە لە زمانی کوردیدا، دەمکاتی ڕابوردو چوار جۆرە:

1– ڕابوردوی سادە:

خواردم. I ate.

2 – ڕابوردوی ناتەواو/بەردەوام (imperfect Past):

کاتێك بەسەر پردەکە دەڕۆیشتم تۆم بینی. I saw you, when I was going on the bridge.

3 – ڕابوردوی تەواو/پەیوەستدار(Relative past):

من لەدەست تۆ ڕامکردوە. I have escaped from you.

4 – ڕابوردوی تەواو (past perfect):

کاتێك تۆ گەیشتی، من تازە ڕۆیشتبوم. When you arrived, I had already gone.

ڕوکاری فەرماندان:

بکڕە..Buy it.

بکڕن. Buy it(=You "Plural" buy)

ڕوکاری مەرجی:

ڕانەبوردوی مەرجی:

گەر بخوێنی سەردەکەوی. You would succeed, if you study.

ڕابوردوی مەرجی:

گەر خوێندبام دەردەچوم. If I had studied I would have passed.

تـویژەر ئـەم دەمکاتانـەی سـەرەوەی بـە ڕونکردنـەوەی مـاوەی ڕودان و کـاتی خـایێنراوی کارەکـە لـە ڕوی دور و نزیکـی ڕوداوەکـە لـە کـاتی قسـەکردنەوە باسـکردوە. دەمکاتـەکان و ڕوکارەکـانی زمـانی کـوردی باسـکردوە و لەگـەڵ زمـانی ئینگلیـزی بـەراوردیکردون. هـەروەها باسـی (modality) ڕوکارییەتی/مەرجـداری) لـە ڕوی (داهـاتو، ئێسـتا، ڕابـوردو، نەرێ) کردوە.

1-7- ڕەشـوان ڕەمـەزان سـاڵح گـەلاڵی لـە نامـەی ماسـتەرەکەیدا بـە ناونیشـانی ( A Comparative study of verb phrase structure in standard English and central Kurdish) لـە سـاڵی(2007)، پـەیڕەوی دەمکاتـەکانی لـە زمـانی کوردیـدا بـە هـەمان شـێوەی وریـا عومـەر ئـەمین، دەمکاتـەکانی ڕابـوردو و ڕانـەبوردو، ڕەگـی کارەکـانی باسکردوە.

خواردم. I ate

دەخۆم. I eat I will eat

دەمخوارد. I was eating

خواردبوم. I had eaten

بخۆ. eat

خواردومە.[1] I have eaten

پێیوایـە، ڕێـژەی تـەواوی دەتـوانرێ بـەگوێرەی هـەردو دەمکـاتی ڕابـوردو و ڕانـەبوردو دەرکـەوێ، ئـەو مۆرفیمـەی بـۆ ڕابـوردوی تـەواو (past perfect) بـەکاردێ، مـۆرفیمی (بـو)ە، هـەروەها ئـەو مۆرفیمـەی بـۆ ڕانـەبوردوی تـەواو(present perfect) بـەکاردێ، مۆرفیمی (وە)یە. لەم جۆرە ڕێژانەدا ڕەگی ڕابوردو بۆ هەردوکیان بەکاردێ.

ئێوە نوستبون. You had slept

هەوار نوستوە Hawar has slept [2]

ڕوکـاری ئامـاژەیی (indicative mood) بـە پێشـگری (دە) لـە ڕانـەبوردو و دەمکـاتی ناتەواو (imperfect) دەناسرێتەوە.

دەکەم. Present

کردم. Preterite

---

[1] Rashwan Mahmood, Mood in English and Kurdish, 76.
[2] Rashwan Mahmood, Mood in English and Kurdish, 77.

دەمکرد. Imperfect

کردومە. Pres. Perf.

کردبوم. Past. Perf.[1]

ڕوکاری مەرجی بە پێشگری (ب) دەناسرێتەوە و لە نەرێدا ئەم پێشگرە بۆ (نە) دەگۆڕێت، هەروەها (ایە-بایە) وەردەگرێ لە دەمکاتەکانی ڕابوردوی سادە و ڕابوردوی دوردا. ئەم جۆرە ڕوکارە لە ماکی ڕودانی هەمو دەمکاتەکاندایە، جگە لە دەمکاتەکانی بەردەوامی/ناتەواوی (imperfect tenses) و دەربڕینە جیاوازەکان لە بکەردیاری و تێپەڕیدا. بە هۆی ئەوەی کە ڕێکخستن و لکاندنی جیاوازیی بۆ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە ڕابوردوی سادە و ڕابوردوی دوری مەرجیدا هەیە.

ڕانەبوردوی مەرجی[2] Present Subjunctive Mood :

بخۆم. Shall I eat?

ڕوکاری ڕابوردوی مەرجی سادە Preterite Subjunctive Mood:

بمخواردایە. Had I eaten?

بهاتمایە. Had I come?

ڕابوردوی مەرجی تەواو Present Perfect Subjunctive :

خواردبم. I might have eaten

هاتبم. I might have come

ڕابوردوی مەرجی دور Past Perfect Subjunctive:

بمخواردبوایە. I would have eaten.

هاتبومایە. I would have come

ڕوکاری فەرماندان The Imperative mood:

بخۆ. eat

بڵێ. Say

تویژەر، دەمکاتەکانی لە کارە لێکدراوەکان و ناو خودی گرێیەکان باسکردوە و ڕونیکردۆتەوە، هەروەها شوێنی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی وەکو ڕەگ و ڕاناو و مۆرفیمەکانی کاتی باسکردوە. لێکچون و جیاوازییەکانی نێوان پێکهاتەی گرێی کاری لەنێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی کردوە بە باسکردنی بەراوردییەکانی نێوان

1 Ibid, 78.
2 Ibid,79,80.

دەمکـات و ڕوکـار و ڕێـژە و کـۆی پێکهاتـەکانی نـاو گرێـی کـاری، خاڵـە لێکچـو و هاوبەشـەکانی نێـوان هـەردو زمانەکـە (ئێمـە تـەنیا دەمکاتـەکان و ڕوکارەکـان دەخەینـەڕو)، تـوێژەر بـەم شـێوەیە دیاریکردوە:

ــــ کـە کـارە یاریـدەدەرەکان ڕۆڵـی کـاری سـەرەکی ڕسـتەکە دەبیـنن، هـەموکات کردەکـە تێپەڕە.

من ئۆتۆمبێلم هەبو .I had a car

ــــ کـارە یاریـدەدەرەکان، لـە شـێوەی وشـەی لێکـدەر لەگـەڵ بکەرەکـە بـەکاردێن، لـە زمـانی کوردیشدا؛ کاری لێکدەر هەیە کە پێویستیی بە تەواوکەر دەبێت بۆ بکەرەکە.

ئەو پیشەکارە. He is craftsman.

ــــ لـە زمـانی ئینگلیزیـدا، دەمکاتـەکان ئـەو پەیوەندییـەن کـە لـە نێـوان کـات و ڕێژەدایـە؛ ئـەم پەیوەندییەی نێوان کات و ڕێژە لە زمانی کوردیشدا هەیە.

ــــ لـەزمانی ئینگلیزیـدا، لـەنێوان دەمکاتـەکانی ڕابـوردو و ڕانـەبوردو خـاڵی سـنوردار و ئاشـکرا بەدیـدەکرێ، چونکـە دو ئاڕاسـتەی پێچەوانـەی دەمکاتـەکان هـەن لەگـەڵ دەمکـاتی داهـاتو، نیشـانەنەکراوە بـە شـێوازی دەمکـاتی ڕابـوردو؛ لـە زمـانی کوردیشـدا بـە هـەمان شـێوە دو ئاڕاسـتەی جیـاواز لـە دەمکـاتی ڕابـوردو و ڕانـەبوردو بەدیـدەکرێن و دەمکـاتی داهـاتو وەکـو شێوازی دەمکاتەکانی ڕابوردو و ڕانەبوردو ناناسرێتەوە[1].

ئەو بۆ بازاڕەکە دەچێ. He goes to the market

هـەمو قوتابییـەکانی ئـەو پۆلـە لـە تاقیکردنەوەکـە دەرچـون. All the students if this class succeed in the exam.

سـەبارەت بـە جیـاوازیی نێـوان زمـانی ئینگلیـزی و کـوردی لـە ڕوی دەمکاتەکانـەوە، تـوێژەر پێیوایـە کـە (verb to be) لـە زمـانی ئینگلیزیـدا دەتـوانێ هـەردو دەمکـاتی ڕابـوردو و ڕانـەبوردو دەربخـات، بـەڵام نـاتوانێ، بـە تـەنیا و وەکـو کـاری سـەرەکی دەمکـاتی داهـاتو دەربخـات. لـە کاتێکـدا لـە زمـانی کوردیـدا کـاری (بـون) هـەر یەکـە لـە دەمکاتـەکانی ڕابـوردو و ڕانەبوردو و داهاتو دەردەخات.

---

[1] Rashwan Mahmood, Mood in English and Kurdish: A Comparative study,93.

There will be disaster. لەوێ کارەسات دەبێ.

Akam was clever.ئاکام زیرەکبو.

Akam is clever ئاکام زیرەکە.

If Akam will be clever next year, he would succeed in the exam.[1] ئەگەر ساڵی داهاتو ئاکام زیرەکبێ، لە تاقیکردنەوەکان دەردەچێ.

1-8- شانۆ عەبدولڕەحیم ئەحمەد جاف، لە نامەی ماستەرەکەیدا بە ناونیشانی( A Contrastive Analysis in tense) لە ساڵی (2008)دا، دەمکاتەکانی لە زمانی کوردیدا بۆ دەمکاتی ڕابوردو و دەمکاتی ڕانەبوردو دابەشکردوە. پێیوایە دەمکات یان ڕابوردوە یان ڕانەبوردوە و هەر یەکێکیان دەتوانن بە شێوەی ئاماژەیی/ هەواڵی یان مەرجی دەرکەون. بەم شێوەیەی خوارەوە:

1 ـ دەمکاتی ڕانەبوردو:

جۆرەکانی:1ـ ڕانەبوردوی ئاماژەییIndicative :

I bring the bread من نانەکە دێنم.

2 ـ ڕانەبوردوی مەرجی:

Shall I eat? بخۆم.

3 ـ فەرماندان:

Don’t do it.ئەوە مەکە

2 ـ دەمکاتی ڕابوردو:

1 ـ ڕابوردوی نزیك:

I put out the fire ئاگرەکەم دامرکاند.

2 ـ ڕابوردوی تەواو/ پەیوەستدار:

I have sold it فرۆشتومە.

---

[1] Rashwan Mahmood, Mood in English and Kurdish: A Comparative study,99.

3 – ڕابوردوی مەرجی سادە:

If I did it .گەر کردبام

4 – ڕابوردوی مەرجی تەواو:

If I had taken .گەر بردبم

هەروەها لە ڕوی بەردەوامییەوە، ڕانەبوردوی بەردەوام (تارا ئێستادەخوێنێت Tara is now studying) و ڕابوردوی بەردەوام (دەمخوارد.I was eating)ی و ڕێژەکانی خۆزگەیی و ڕێژەی تەواوی لە ڕابوردو و ڕانەبوردو و داهاتودا باسکردوە. سەبارەت بەو دەمکاتانەی سەرەوە، بواری کارکردن و بەکارهێنانی هەر یەکێکیانی باسکردوە و ڕونکردۆتەوە. سەبارەت بە لایەنە جیاواز و لەیەکچوەکان لە نێوان هەردو زمانەکەدا لە جۆرەکانی دەمکاتدا هەر یەکەیانی بەرامبەر یەك کردۆتەوە، لە زمانی ئینگلیزیدا دەمکاتی ڕانەبوردو لە ڕوی وشەسازییەوە نیشانەکراوە، جگە لە پاشگری (s)ی کەسی سێیەم (He works)، لە زمانی کوردی (دە/ە) دەکەوێتە پێش ڕەگی ڕانەبوردو (نازدار گۆشت دەکڕێت. Nazdar buys meat)[1]، لە ڕوی بواری کارکردنەوە دەمکاتی ڕانەبوردو لە هەردو زمانەکە وەکویەکن.

دەمکاتی ڕابوردو، لە زمانی ئینگلیزی بە زیادکردنی (ed-) بۆ چاوگەکە دروستدەبێ، ئەم زیادکرنە هەندێ گۆڕانکاری دەنگسازی و ڕێنوسی دروستدەکا. شێوەی ناوێزە لەم جۆرە هەیە و بە هۆی ئەم پاشگرە نابنە ڕابوردو، وەکو (put). لە زمانی کوردی بۆ دەمکاتی ڕابوردو نیشانەکانی ڕەگی ڕابوردو، وەکو: (ا، و، د، ت، ی)ن. لە زمانی کوردیدا چوار جۆر دەمکاتی ڕابوردو هەن، لە کاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا، سێ جۆرن ( definite past, present perfect, and past perfect). لە دەمکاتی داهاتوشدا بە هەمان شێوە جیاوازی و لێکچون لە نێوان دو زمانەکەدا هەن، لە هەردو زمانەکەدا سنورێکی ڕونی جیاکەرەوە بۆ دەرخستنی دەمکاتی داهاتو نییە، لە زمانی کوردیدا، دەتوانرێ دەمکاتی داهاتو

[1] Shano Abdulraheem Ahmed Jaf, 2008, A Contrastive Analysis of tenses and Aspect in Standard English and Standard Kurdish with Implications for teaching, Thesis, Master of Art, college of languages- Salahaddin University- Erbil, 111.

بـه هـۆی بـەکارهێنانی ڕانـەبوردوی سـادە و ئاوەڵکارەکـانی وەکـو: سـبەی، بـەیانی، سـاڵێکی تـر، تۆزێکی تر.....دەربڕدرێن. لە هەردو زمانەکەدا، دەمکاتی ڕانەبوردو بۆ داهاتو بەکاردێ.[1]

1-9- ژوان عوسـمان ئەحمـەد، لـە( Tense-Aspect System in English and Kurdish) لـە سـاڵی (2008)دا، ڕێـژە و دەمکاتـەکانی زمـانی کـوردی بـەم شـێوەیە باسکردوە:

أ ـ دەمکاتی ڕانەبوردوی باسکردوە[2]، کە چەند جۆرێکی هەیە؛ لەوانە:

1 ـ ڕانەبوردوی سادە: کردەیەکە ئێستا ڕودەدا یان لە داهاتویەکی نزیکدا ڕودەدا. وەك:

دێین.we come

2 ـ دەمکاتی ڕانەبوردوی تەواو: هاتین. We have come

3 ـ دەمکاتی ڕانەبوردوی سادەی خۆزگەیی: بێین. We may come

4 ـ دەمکاتی ڕانەبوردوی تەواوی خۆزگەیی: هاتبێتین. We may have come

ب ـ دەمکاتی ڕابوردو:

1 ـ دەمکاتی ڕابوردوی سادە: هاتین. We came

2 ـ دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام: دەهاتین.We were coming

3 ـ دەمکاتی ڕابوردوی تەواو: هاتبوین.We had come

4 ـ دەمکاتی ڕابوردوی خۆزگەیی: بهاتینایە.if we had come

تـوێژەر، سیسـتەمی دەمکاتـەکان و ڕێژەکـانی زمـانی کـوردی لـە خشـتەیەکدا خسـتۆتەڕو، کـە تێیـدا یاسـای دروسـتبون و چۆنیـەتیی بەیەکـەوەهاتن و شـوێنی ڕەگـەکان و مۆرفیمـەکانی کـات و ڕاناوەکانی دەستنیشانکردوە، بەم شێوەیەی خوارەوە[3]:

**خشتەی 1. 1 یاسای دروستبونی ڕابوردوی خۆزگەیی**

---

1 Ibid,118.

[2] Zhwan Osman Ahmed, 2008, Tense-Aspect System in English and Kurdish, Thesis, college of language- English department, Sulaimany University, 83,84.

[3] Ibid, 86-87.

| Tense-Aspect Combinations | Rule | Example |
|---|---|---|
| Simple past | Stem+PstM+PP | Bîstim-sřîm |
| Past Continuous | Imp+ stem+PstM+PP | Dambîst-damsřî |
| Past Perfect | Stem+PstM+bû(Prf)+PP | Bîstbûm-sřîbûm |
| Past Conditional | bi + stem+ PstM+PP+âya | Bimbîstâya-bimsřîyâya |
| Simple Present | Da+stem+PresM-PP | Daxawim- dasřim |
| Present Perfect | Stem+PstM+û(Perfect)+PP | Hatûm-sřîûma |
| Present Simple Conditional | bi+ stem+PresM+PP | Birom-bisřim |
| Present Perfect Conditional | Stem+PstM+bi+PP | Kawtibim-nûsîbim |

تــوێژەر ئامــاژە بــەوە دەكــات، لــە هــەردو زمانــدا بــۆ پیشــاندانی كــاتی داهــاتو، هــیچ مـۆرفیمێكی ڕێزمـانی بـونی نییـە. دەمكـاتی ڕانـەبوردوی سـادە لـە زمـانی كـوردی نیشـانەی نییـە، بـەڵام لـە زمـانی ئینگلیـزی تـەنیا لەگـەڵ كەسـی سـێیەكی تـاك نیشـانەكراوە، لـە زمـانی كـوردی تـەنیا یـەك مـۆرفیم بـۆ داهـاتو هەیـە ئـەویش (ێ)یـە. تـوێژەر ڕەگـەكانی (ڕابـوردو، ڕانـەبوردو)ی كردۆتـە بنـەما بـۆ دیـاریكردنی دەمكاتـەكان. لـە هـەردو زمانەكـەدا، ئاوەڵكـار بەكاردێت بۆ ڕونكردنەوە و جیاكردنەوەی دەمكاتەكانی ڕانەبوردو و داهاتو، بۆ نمونە:

بەیانی ئەچین بۆ سەیران. (Tomorrow: future)

ئێستا ئەچین بۆ سەیران. (Now: Present)

لـە زمـانی ئینگلیـزی بـۆ دەمكـاتی ڕابـوردو یـەك مـۆڕفیم هەیـە، (ed-)كـە دەچێتـە كۆتـایی كارەكـە لەگـەڵ هـەبونی هەنـدێ كـاری نـاوێزە، (want-wanted, go-went)، بـەڵام لـە زمـانی كـوردی پێـنج مـۆڕفیم/ ئـەلۆمۆڕف بەدیـدەكرێن (ت، د، ا، ی، و) بـۆ شـێوەی ڕابـوردو و هـیچ كـارێكی نـاوێزە لـەم ڕوەوە نییـە. لـە زمـانی ئینگلیزیـدا چەنـد شـێوە و پێكهاتەیـەك هەیـە بۆ دەمكاتی داهاتو، لە كاتێكدا لە زمانی كوردی یەك شێوەی هەیە[1]:

Will go
Will be doing
Will have done
be +going to

[1] Zhwan Osman, Tense-Aspect System in English and Kurdish, 92

من ئێستا ئەڕۆم. (Present: I go now)

من بەیانی ئەڕۆم.(Past: I will go tomorrow)

توێژەر، دەڵێت لە زمانی کوردیدا تەنها ڕانەبوردوی سادە کاتی داهاتو پیشاندەدا و هیچ شێوەیەکی تر بۆ دەرخستنی کاتی داهاتو نییە. ڕێژەی بەردەوامی لە زمانی کوردی تەنیا لە دەمکاتی ڕابوردو دەردەکەوێ، (ئەوان دەهاتن)، لە زمانی ئینگلیزیدا لەگەڵ ڕابوردو و ڕانەبوردو بەکاردێ. لە زمانی ئینگلیزیدا ڕێژەی تەواوی لە هەرسێ دەمکاتەکەدا دەردەکەوێ.[1]

I had been working. (Past)

I have been working. (Present)

I will have been working. (Future)

هەروەها لە زمانی کوردیدا ڕێژەی تەواوی بەردەوام بونی نییە، چونکە مۆرفیمی تەواوی (ـ وە) لەگەڵ (ـ بو) بەیەکەوەنایەن لەگەڵ مۆرفیمی بەردەوامی (ـ دە):

*دەکردبوماوە (I had been opening)

*دەکردبوماتەوە (I have been opening)

1-10- عوسمان موحەمەدی و فەتحی ئەحمەدی، لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی ( A comparative study of grammatical aspect in English, Kurdish, and Persian)دا لە ساڵی (2013)، سیستەمی ڕێژەیان لە زمانی ئینگلیزی و کوردی و فارسی بەراورد کردوە، لەبارەی ڕێژە و دەمکاتەکان لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە دواون: لە زمانی کوردیدا دو ڕێژەی سەرەکی هەن، ئەوانیش (نیشانکراو و نیشاننەکراو)، ڕێژەی نیشانکراو لە زمانی کوردی ئەوانە دەگرێتەوە کە بەهۆی ڕەنگدانەوەی مۆرفیمەکانەوە دەناسرێتەوە کە نیشانەکراون بە نیشانەی تەواوی (بو) و نیشانەی بەردەوامی (دە) .

هاتبون. They had come

دەمانخوێند. We were reading

[1] Ibid, 95.

لــە کاتێکـدا، ڕێـژەی نیشــاننەکراو، ئــەو ڕێژانــە دەگرێتــەوە کــە بــە هــۆی هــیچ نیشــانەیەکەوە ناناسـرێنەوە و بــە ڕێـژەی ســادە دیــاردەخرێن.[1]بــەپێی ئــەم دابەشــکارییەی ســەرەوە، ڕێـژە لــە زمانی کوردیدا، ئەمانەی خوارەوەن:

1ـ ڕێژەی سادە: ئەو ڕێژەیە نیشاننەکراوە بۆ دەمکاتە ڕابوردو و ڕانەبوردوە سادەکان.

أـ تەواو: ئەو نامەکەی نوسی. He wrote the letter

ب ـ ناتەواو: ئەو نامە دەنوسێت. He writes a letter

2ـ ڕێـژەی بـەردەوامی: ئـەو نامـەی دەنوسـی. He was writing a letter when the bell rang

3ـ ڕێژەی تەواو:

أـ تەواو perfectiveness: من نامەکەم نوسیبو. I had written the letter

ب ـ ناتــەواو Imperfectiveness لێـرەدا تـوێژەران ئــەم زاراوەیــان بــە هەڵــە بــەکارهێناوە، لە زمانی ئینگلیزیدا وشە دو جار نەرێ ناکرێ، بۆیە دەبێ (Imperfective) بەکاربێ:

من نامەکەم نوسیوە. I have written the letter

هــەروەها تــوێژەران سیســتەمی ڕێژەیــان لــە زمــانی کوردیــدا بــەم شــێوەیە لــە خشــتەیەکدا خستۆتەڕو[2].

**خشتەی 1. 2 سیستەمی ڕێژە**

1 Osman Mohammadi, Fateh Ahmadi, 2013, A comparative study of grammatical aspect in English, Kurdish, and Persian,17835.

2 Osman Mohammadi, Fateh Ahmadi, A comparative study of grammatical aspect in English, Kurdish, and Persian,17835.

| Aspect | Meaning | examples |
|---|---|---|
| simple | Perfective<br>Imperfective | Past simple: xwârdØm (I ate).<br>Present simple: daxom (I eat). |
| perfect | Perfective<br>Imperfective | Past perfect: xwârd bu:m (I had eaten).<br>Present perfect: xwârdu: ma (I have eaten). |
| Progressive | Imperfective | Past continuous: dam xwârd (I was eating).<br>Present continuous: daxwom (I am eating) |

لــە بــەراوردکردنی ڕێــژە و دەمکاتــەکان لــە هــەر ســێ زمــانی ئامــاژەپێکراو، تــوێژەران پێیانوایــە کــە لــە هــەر ســێ زمانەکــەدا، ڕێــژە و دەمکــات پەیوەســتن بــە ســەرچاوەی کــات. کــات بیرۆکــەی واتاییــە، لــە کاتێکــدا ڕێــژە و دەمکــات بیرۆکــەی ڕێزمــانین و لایــەنی ڕێزمــانیی کــاتن. دەمکــات ئامــاژە بە هەڵکەوتــی ڕەهــای ڕوداوێــک یــان کردارێــک لە کــات دەکــات ، لە کاتێکــدا کە ڕێــژە ئامــاژە بــۆ ئەوە دەکــات کە چــۆن ڕوداوێــک یــان کردارێــک بەهاکــەی دەردەکــەوێت لــەناو کاتــدا، نەک بــۆ شــوێنی ڕاســتەقینەکەی خــۆی لەکاتــدا. لــە زمــانی کــوردی و ئینگلیزیــدا لــە ڕوی ڕێــژەوە هاوبەشــی بەدیــدەکرێ بــەوەی ڕێژەکــانی (ســادە، تــەواو، بــەردەوام) لــە هەردوکیاندا هەن.[1]

John eats the apple جۆن سێو دەخوات.

John ate the apple جۆن سێوی خوارد.

John had eaten the apple جۆن سێوی خواردبو.

John has eaten the apple جۆن سێوی خواردوە.

John was eating the apple when the phone rang جـۆن سـێوی دەخـوارد کـە زەنگەکـە لێیـدا.

1 Osman Mohammadi, Fateh Ahmadi, A comparative study of grammatical aspect in English, Kurdish, and Persian,17836.

هەروەها لە هەر دو زمانەکەدا، هەریەکە لە ڕێژەکان بەپێی دەمکاتەکان نیشاندەکرێن، لە زمانی ئینگلیزیدا ڕێژەیەك هەیە لە زمانی کوردی بەدیناکرێ، ئەویش ڕێژەی (تەواوی بەردەوام)ە، (John has been reading for two hours).

11-1- نەسیم سۆنمەز و ڕەسول گەییك، لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی( Xebateke Berawirdkarî(Komparatîf) û Dijberawirdkarî (Kontrastîf) li ser Demên înglîzî û Kurmancî)[1]دا لە ساڵی(2016)، دەمکاتی ئێستای بەرامبەر (Present Tense) دانـاوە. (ئەز پەرتوکێ دخوینم-I read the book) و بواری بەکاهێنانی ئەم دەمکاتەی باسکردوە، دواتر دەمکاتی ڕانەبوردوی بەردەوامی باسکردوە، وەك: (ئەز پەرتوکێ دخوینم I am reading the book) ڕانەبوردوی سادە و ڕانەبوردوی بەردەوام لە کرمانجیدا هەردوکی یەك شێوەی هەیە و جیاوازە لە زمانی ئینگلیزی و توێژەر پێیوایە لە کرمانجی ئاوەلکار ئەم دو دەمکاتە جیادەکاتەوە، (ئەز هەر شەڤ پەرتوکان دخوینم)، (ئەز نها پەرتوکێ دخوینم). هەروەها دەمکاتی ڕابوردوی Boriya Dûdar بەرامبەر ڕانەبوردوی تەواو دانـاوە، (من پەرتوك خوەندییە- I have read the book) توێژەر پێیوایە ڕابوردوی Dûdar وەکو بەکارهێنانی( present perfect)[2]، ئەم دەمکاتە لە ڕابوردو ڕویداوە بەڵام نادیارە، بەتایبەتی بۆ باسکردنی کەسێك یان گێڕانەوەی چیرۆك بەکاردێ.

دەمکاتی ئێستای بەرامبەر ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام دانـاوە، (چوار سەعاتە ئەز پەرتوکێ دخوینم- I have been reading the book for four hours). هەروەها دەمکاتی ڕابوردوی ئێستایی/تەواو (dema boriya têdeyî) بەرامبەر بە دەمکاتی ڕابوردو لە ئینگلیزی دانـاوە، (من پەرتوك خوەند-I read the book). دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام/دەما بوریا دۆمدار لە کرمانجیدا وەکو(من پەرتوك دخوەند) بەرامبەر دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام لە زمانی ئینگلیزی وەکو:(I was reading the book)،

[1] پێداچونەوەی ئەم سەرچاوەیە لە چوارچێوەی ئەو کار و نوسینانەی لە بارەی زمانی کوردییەوە پەیوەستن بە بابەتی دەمکاتەکان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم بەراوردکارییەی لەم سەرچاوەیەدا لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا کراوە پەیوەندی بە بابەتی نامەکەوە هەیە، نەك مەبەست لێی باسکردنی شێوەزارێکی تری زمانی کوردی لەگەڵ زمانی ئینگلیزی بێ، چونکە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی هەلبژێرراون بۆ ئەم بەشەی نامەکە خۆیان لە دو شێوەدا دەبیننەوە، سەرچاوەیەك بە زمانی ئینگلیزی لە بارەی دەمکاتەکان لە زمانی کوردیدا دوابێ، یان سەرچاوەیەك کە بەراوردی زمانی کوردی و ئینگلیزی لە ڕوی دەمکاتەوە کردبێ.

[2] Nesim SÖnmez – Resul Geyik, 2016, Xebateke Berawirdkarî(Komparatîf) û Dijberawirdkarî (Kontrastîf) li ser Demên înglîzî û Kurmancî, 90-105.

دواتـر دەمكـاتی ڕابوردوی(چیرۆكی)/دەمـا بوریـا چیرۆكـی، وەكـو:(من پـەرتوك خوەنـدبو- I had read the book) بەرامبـەر(Past Perfect) بـەكارهێناوە و دەڵێـت بـۆ ئـەم دەمكاتـە ڕابـوردوی دور یـان چیرۆكـی و ڕابـوردوی نادیاریشـی پێـدەوترێ. دەمكـاتی ڕابـوردوی بەردەوام/دۆمـداری بـۆ (Past Perfect Continuous) بـەكارهێناوە، (مـن پـەرتوك دخوەنـد- I had been reading the book)؛ لێـرەدا دەبینـین تـوێژەر بـۆ هـەردو دەمكـاتی(Past Perfect) و (Past Perfect Continuous) بـۆ دەمكـاتی ڕابـوردوی بـەردەوام بـەكارهێناوە و پێیوایـە جیاكردنـەوەیان بـەهۆی زیـادكردنی هۆكارەكـانی دەمكاتەكـە دەردەكەوێ و ناشتوانین بڵێین كتومت وەكو دەمكاتە ئینگلیزییەكەیە.

دەمكـاتی داهـاتو(Future)، وەكو(ئـەزێ پـەرتوكێ بخـوینم- I will read the book/I am going to read the book)ی بـۆ چەنـد جۆرێـك جیاكردۆتـەوە بـۆ دەمكـاتی داهـاتوی بەردەوام(ئـەزێ پـەرتوكێ بیخـوینم- I will be reading the book/ I am going to be reading the book)، دەمكـاتی داهـاتوی تـەواو (منـێ پـەرتوك خوەندبـە- I will/am going to have read the book). تـوێژەر هەریەكـە لـە دەمكاتـەكانی، دوای باسـكردن و ڕونكردنەوەی؛ بواری كاركردن و بەكارهێنانیشی خستۆتەڕو و ڕونیكردۆتەوە.

12-1- بـەختیار نـوری حەمـەدەمین، لـە نامـەی ماسـتەرەكەیدا بـە ناونیشـانی (كاریگـەریی ڕستەسـازیی كـوردی لەسـەر فێربـونی زمـانی ئینگلیـزی) لـە سـاڵی (2017)دا، لـە میانـەی باسـكردنی ڕیزبـونی كەرەسـەكان و جۆرەكـانی ڕسـتە لـە زمـانی كـوردی و ئینگلیـزدا، هـەروەها باسـكردنی جـۆری فرێزەكـان و دەرخسـتنی هاوبەشـی و جیاوازییـەكان هەوڵیـداوە كاریگەرییـەكانی ڕستەسـازیی كـوردی لەسـەر فێربـونی زمـانی ئینگلیـزی ڕونكردۆتـەوە. ئـەوەی بـۆ ئێمـە گرنگـە ئـەو دەمكاتانـەی باسـیكردون و بـەراوردیكردون لەگـەڵ زمـانی ئینگلیـزی. تـوێژەر ئـەوەی خسـتۆتەڕو كـە لـە كـاری فەرماندانـدا، لـە زمـانی كـوردی دەشـێ بكـەر وەكـو كەرەسـەیەكی سـەربەخۆ دەرنەكـەوێ و بـەڵكو تـەنیا لـە ئاسـتی ژێـرەوەدا هەسـتی پێـدەكرێ. لـە زمـانی ئینگلیـزیش لـە كـاری فەرماندانـدا دەشـێ بكـەر لـە ئاسـتی سـەرەوەدا دەرنەكەوێ، وەكو:

بڕۆØ. بڕۆن. (You) stop.

لـە زمـانی کوردیـدا نـەرێکردنی کـاتی ڕابـوردو تـەنیا بـە هـۆی ئـامرازی نـەریٚ (نـە)وە دەبـێ، بـەڵام نــەرێکردنی کــاتی ڕابــوردوی ســادە لــە ئینگلیزیــدا جگــە لــە ئــامرازی نــەرێی (not)، کاری یاریدەدەر (did)یشی دێتە پێش. وەك[1]:

نانم خوارد. ⟵ نانم نەخوارد.

They didn’t speak English. ←They spoke English.

لـە ئینگلیزیـدا جگـە لـە کـاری سـەرەکی، کـاری یاریـدەدەری (v.be) دەتـوانێ دەمکـاتی کـاتی ڕابـوردوی سـادە دروسـتبکا، بـەڵام لـە کوردیـدا ئـەم دەمکاتـە تـەنیا بـەهۆی کـاری سـەرەکییەوە دروستدەبێ. وەك:

نانەکەی سوتا. (کاری سەرەکییە)

They were tired. (ئێمە ماندوبوین) (کاری یاریدەدەر)

دەمکــاتی ڕابــوردوی ســادە لــە ئینگلیزیــدا نــاوێزەی تێدەکــەوێ، (go – went)، بــەڵام لــە کوردیـدا نـاوێزەی تێناکـەوێ. تـوێژەر پێیوایـە ڕابـوردوی تـەواوی بـەردەوام بـەو شـێوە وردە لــە کوردیــدا نییــە و ڕابــوردوی دور بــەم وردیــەوە لــە ئینگلیزیــدا نییــە. لــە هــەردو زمانەکــەدا، دەمکــاتی ئێســتا بــواری ڕودانیــان وەکــو یەکــە و لــە هــەردو زمانــدا تەواوکــەر لــە دەمکــاتی ئێستادا دەردەکەون.

کوردØم. (ناو)

جوانØە. (ئاوەڵناو)

They are tired. (ئەوان ماندون) (ئاوەڵناو)

She is a student.[2](ئەو فێرخوازە) (ناو)

کــاتی ئێســتا لــە کوردیــدا تــەنیا لەگــەڵ چــاوگی (بــون) و لــە ڕســتەی هەواڵــدانی کــاتی ئێســتا و ڕســتەی فەرماندانــدا دەردەکــەوێ، بــەڵام لــە ئینگلیزیــدا کــاتی ئێســتا چــوار جــۆری هەیــە و لەگەڵ هەمو جۆرە کارێکدا دەردەکەوێ. وەك:

[1] بەختیار نوری، 2017، کاریگەریی ڕستەسازیی کوردی لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین، 138.

2 بەختیار نوری، کاریگەریی ڕستەسازیی کوردی لەسەر فێربونی زمانی ئینگلیزی،143.

ئەو زیرەك∅ە. (هەواڵدانی کاتی ئێستا)

ئەوە بهێنە∅. (فەرماندان/ کاتی ئێستا)

We speak English. (ئێمە بە ئینگلیزی دەدوێین)

She studies English. (ئەو ئینگلیزی دەخوێنێ∅)

توێژەر لە باسکردنی دەمکاتی داهاتودا پێی وایە کە بواری ڕودانی لە هەردو زمانەکەدا وەکویەکە و بواری ڕودانیان بریتییە لە کاتی دوای کاتی قسەکردن. کاتی داهاتو تەنیا یەك جۆرە لە کوردیدا و بەهۆی مۆرفیمی کاتی داهاتوی (ێ/∅)وە دروستدەبێ و دەشێ ناوی لێبنرێ داهاتوی سادە، بەڵام لە ئینگلیزیدا جگە لە داهاتوی سادە، سێ جۆری تری دەمکاتی داهاتو هەیە، ئەوانیش داهاتوی (تەواو، بەردەوام و تەواوی بەردەوام)ن. واتە؛ ئەم سێ دەمکاتە لە کوردیدا نین.

13-1- خەلیل عەلی و بورهان قادر، لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی ( A comparative study of Declarative Sentences in English and Kurdish)دا لە ساڵی (2018)؛ باسی دەمکاتەکانیان کردوە لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا. زمانی ئینگلیزی یەکێکە لەو زمانانەی کە دەمکاتەکانی بریتین لە (ڕانەبوردو، ڕابوردو و داهاتو)، دەتوانرێ بە ئاسانی بناسرێنەوە یان بەهۆی گۆڕینی شێوەی کارەکان ئاماژەیان پێبکرێ. تەنیا دو شێوەی کار هەن، ئەوانیش: ڕابوردو و ڕانەبوردون. کۆمەڵەی ( be+ present participle)، (have+ past participle) and, (will+ base) وەکو دەمکات پەیڕەو دەکرێن، لەبەرئەوەی ئەو شێوانە کارەکان دەگۆڕێن لە ڕابوردو و ڕانەبوردو، ئەوانە چاوگن (=دەمکات)ی کارەکانن.[1] ئەم توێژەرانە دەمکاتەکانی زمانی ئینگلیزییان لە دوازدە دەمکاتدا باسکردوە، هەریەکەیان بە جیا لە ڕوی چۆنیەتیی بەکارهێنان و بواری کارکردن و ماوەی کارەکان باسکردوە، هەروەها هێڵکاریی تایبەتییان بۆ هەریەکە لە دەمکاتەکان بەپێی ماوە و بواری دەمکاتەکە کردوە. دواتر هەمو دەمکاتەکانی زمانی کوردییان بە

[1] Khalid Ali Abdullah, and Burhan Qadir Salim, 2018, A Comparative Study of Declarative Sentences in English and Kurdish, Journal of Raparin University - Vol.5, No.14, (March 2018), 29.

ئامــاژەدان بــە ڕاناوەکــان و ڕەگــی ڕابــوردو و ڕەگــی ڕانــەبوردو باســکردوە. دەمکاتــەکانی زمانی کوردییان بەم شێوەیە باسکردوە[1]:

ڕستەی ڕانەبوردو لەگەڵ کاری بێهێز بۆ ئێستا:

دارا ئەندازیارە. Dara is an engineer

ڕستەی ڕانەبوردو لەگەڵ کاری بێهێز بۆ داهاتو:

منداڵەکە زیرەك دەبێت. .The child will be clever

ڕستەی ڕابوردو لەگەڵ کاری بێهێز:

پیاوەکە مامۆستا بو.

لــەم ســێ ڕســتەیەی ســەرەوە بۆمــان دەردەکــەوێت کــە تــوێژەران لەســەر بنــەمای ڕێزمــانی دێـرین ڕۆیشـتون و (ە، بـو، دەبێـت) یـان بـە کـاری لاواز دانـاوە و جیایـان نەکردۆتـەوە کـە (ە) مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتایە و ڕەگـی کـاری بـون لـەم شـێوەیە دەرناکـەوێت، هـەروەها کـاری بـون وەك کـاری یاریـدەدەر بـۆ پێکهاتـە و شـێوەی دروسـتبونی دەمکاتـەکان لـە زمـانی کوردیـدا بەکاردێ.

ڕستەی ڕانەبوردو لەگەڵ کاری بەهێز[2]:

دەخوات. .To eat

1ـ ڕانەبوردوی سادە: پیاوەکە دەڕوات.

2ـ ڕابوردوی سادە: من نوستم. I slept

3ـ ڕابوردوی بەردەوام: من دەچوم. I was leaving

4ــ دەمکـاتی ڕابـوردو: ئـەم دەمکاتـە بەرامبـەر (present perfect tense) دەوەسـتێ لـە زمانی ئینگلیزیدا.

من کەوتومە. I have failed

---

[1] Khalid Ali Abdullah, and Burhan Qadir Salim, A Comparative Study of Declarative Sentences in English and Kurdish, 43.

[2] Ibid, 44-51.

5ـــ ڕابـــوردوی تـــەواو: (ئـــەم دەمکاتـــە بەرامبـــەر (past perfect) دەوەسـتێ لـــە زمـــانی ئینگلیزیدا.

من ترسابوم. I had scared

لــە زمــانی کوردیــدا، لــە زۆربــەی کاتەکانــدا، ڕەگــی کارەکــان وەکــو مــۆرفیمێکی بەنــد دەردەکــەون و بــە شــێوەی ســەربەخۆ دەرناکــەون. لــە زمــانی ئینگلیزیــدا ڕەگ وەکــو مــۆرفیمێکی ئــازاد دەردەکــەوێ و دەتــوانێ بــە تــەنیا دەرکــەوێ. لــەم توێژینەوەیــەدا، لەبەرئــەوەی ناونیشــانی بابەتەکــە لــەبارەی ڕســتە هەواڵییــەکانی زمــانی کــوردی و ئینگلیزییــە، بۆیــە باســی ڕوکارەکــانی خۆزگــەیی و بکــەرنادیار و مــەرجی و فەرمانــدان لــە چوارچێــوەی باسکردنی دەمکاتەکانــدا نــەکراوە. بـۆ هەریەکــە لــە دەمکاتــەکان بــە جیــا شــێوەی بــەکارهێنان و بواری کارکردنی دەمکاتەکە بە وردی ڕونکراوەتەوە.

لــە بــەراوردکردنی دەمکاتەکانــدا، لــە نێــوان زمــانی کــوردی و ئینگلیزیــدا، بــە شــێوەیەکی گشتی چەند خاڵێکی گرنگ دەستنیشاندەکرێن، لەوانە:

1- دیـــارکردن و دەستنیشـــانکردنی دەمکـــاتی ڕابـــوردوی تـــەواو (present perfect)و ڕابـــوردوی ســـادە و ڕابـــوردوی دور (past perfect) لـــە زمـــانی کوردیـــدا، پاشـــان بــەراوردکردنیان لەگــەڵ ئــەو دەمکاتانــە لەگــەڵ زمــانی ئینگلیــزی کــارێکی ئاســان نییــە، لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە دەردەکەوێ:

ڕابوردوی سادە - من هاتم.

ڕابوردوی تەواو- من هاتوم.

ڕابوردوی دور- من هاتبوم.

بــەڵام لــە زمــانی ئینگلیزیــدا تــا ڕادەیــەك ڕابــوردوی ســادە لەگــەڵ دەمکــاتی ڕابــوردوی ســادە لــە زمـــانی کـــوردی بەرامبـــەر دەبـــن، بـــەڵام ڕانـــەبوردوی تـــەواو لـــە ئینگلیزیـــدا بەرامبـــەر ڕابــوردوی تــەواو لــە زمــانی کوردیــدا دەوەســتێ و ڕابــوردوی تــەواو لــە زمــانی ئینگلیــزی بەرامبەر ڕابوردوی دور لە زمانی کوردی دەوەستێ.

فرۆشتومە. present perfect : I have sold it

فرۆشتبوم. Past perfect : I had sold it

2 - دەمكاتــەكانی ڕانــەبوردوی تــەواوی بــەردەوام و ڕابــوردوی تــەواوی بــەردەوام لــە زمــانی ئینگلیزیــدا لــە بــەراوردكردنیان لەگــەڵ زمــانی كــوردی، كتومــت دەمكاتــەكان بەرامبــەر یــەك نــین، چونكــە لــە زمــانی كوردیــدا بــەردەوامی و تــەواو ئــەو دو دەمكاتــە نــە لــە ڕابــوردو و نــە لــە ڕانــەبوردو بەیەكــەوە نایــەن. ئەمــە لــە كاتێكــدا كــە دەمكــاتی ڕابــوردوی بــەردەوام بەدیــدەكرێ و نیشانەی بەردەوامی دەچێتە سەر ڕابوردوی سادە و دەیكاتە بەردەوامی.

ئەو نوست. He slept

نوستو. Slept: past participle

ئەو دەنوست. He was sleeping


## بەشی دوەم

### دەمكاتەكان لە زمانی كوردیدا

#### ٢-١ـ كاتی سروشتی و كاتی ڕێزمانی:

لەو ســاتەی مــرۆڤ پەی بە دەوروبەری خــۆی بــردوە، هەوڵیــداوە، لە خــۆی و شــتەكانی تــر، بە گیانــدار و بێگیــانەوە تێبگــا، پۆلینیــان بكــا، ناویــان بنــێ و پێناســەیان بكــا. (وعلــم آدم

الأسماء كلها)[1]. لە مێژوی تۆمارکراودا یۆنانیەکان پێکهاتەی گەردونیان لە چوار توخم دەبینیەوە و سیماکانیان دەستنیشانکردبون: خاک، ئاو، هەوا و ئاگر، وەک لەم هێڵکارییەدا دیارە[2]:




**هێڵکاری 2. 1 توخمە پێکهێنەرەکانی گەردون**

بە تێپەڕبونی کات هەوڵدرا، پەیتا پەیتا هەمو کەرەسە دەرجەستە و بەرجەستەکان شیبکەنەوە و پێکهاتەی ڕوخسار و ناوەڕۆکیان بدۆزنەوە و پێناسەیان بکەن و بە پێی توانا، یەکەی پێوان بەتایبەتی بۆ کەرەسە بەرجەستەکان دابنێن.

دەربارەی کات، ئەگەرچی توخمێکی دەرجەستەی هەستپێکراو بو، دەتوانرا، ڕۆژەکان بژمێردرێن و هەفتە و مانگ و ساڵەکان پۆلین بکرێن، بەڵام سەرباری ئەوانەش پێکهاتەی کات نە ڕوخساری هەبو، نە ناوەڕۆک، بۆیە ئێستا و ئەوساش نەتوانرا، پێناسەیەکی ئەوتۆ بکرێ کە گشتگیربێ و کرۆکی ئەو توخمە یەکالا بکاتەوە. هەرچەند دواتر توانرا، ئامێرێکی خولاوی پلەدار دروستبکرێ و ناونرا (کاتژمێر)، بو بە یەکەی پێوانی کات و دەستنیشانکردنی، شەو و ڕۆژێکیان دابەشی ٢٤ پلەی کاتژمێر کرد و هەر پلەیەکی کاتژمێریان دابەشی ٦٠ پارچەی خولەک کرد و هەر خولەکێکیشیان دابەشی ٦٠ پارچەی بچوکتری چرکە کرد و...هتد.

### ٢-١-١ـ کاتی سروشتی (Physical time):

[1] قرآن الكريم. سورة البقرة. الآية 31.

[2] Boydell and Brewer, Tester, S. J. (1999). A History of Western Astrology. Continuum books. London. P 59-61, 94.

دەربارەی ناساندن و دەستنیشانکردنی توخمی کات، یان کاتی سروشتی، زۆربەی پێناسەکان، لە ناو بازنەیەکی بەتاڵدا بەدەوری خۆیاندا دەسوڕێنەوە و کات بە یەکە پێوەرەکانی کات پێناسەدەکەن، بێ ئەوەی خودی کاتمان پێ بناسێنن و پێمان بڵێن: کات چیە؟

لە ئینسکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، کات بەم شێوەیە پێناسە، یان باسکراوە: کات پێشڕەویی بێبڕانەوە و بێسنوری ڕوداوەکانە کە وا دیارە، لە ڕابوردووەوە دێ و بە ئێستادا تێدەپەڕێ و بەرەو داهاتو دەڕوا و ناشگەڕێتەوە. لە کاری پێوانەدا وەکو چەندایەتیەک چاویلێدەکرێ کە بۆ دیارکردنی پێش و دوای ڕوداوەکان و پێکگرتنی ماوەی خایاندنیان و مەودای نێوانیان بەکاردێ، هەروەها بۆ بەهەندکردنی خێرایی گۆڕانی چەندایەتیەکان لە کەتواری مادیشدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. زۆربەی جارەکان وەکو ڕەهەندی چوارەم ناوی دەبرێ، لە پاڵ سێ ڕەهەندەکەی تر لە بۆشاییدا. واتە؛ بەرزی و درێژی و پانی. کات لە مێژە، لە بوارەکانی ئاین و فەلسەفە و زانستدا بابەتێکی گرنگی تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوە بوە، بەڵام ناساندنی بە شێوەیەک کە (بە دەوری خۆ سوڕاندنەوە)ی تێدا نەبێ و هەمو بوارەکانیش بگرێتەوە، شتێکە، تاکو ئێستا بەردەوام خۆی لە زانایان دزیوەتەوە و لە بواری فیزیکیشدا، کات: ئەوەیە کە کاتژمێر دەیڵێ[1].

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا، کات بەم شێوەیە پێناسەکراوە: (کات ئەو شتەیە بە خولەک، کاتژمێر،ساڵەکان، هتد دەپێورێ)[2]. فەرهەنگی لۆنگمان کاتی وا پێناسەکردوە: (ئەو شتەیە کە بە خولەک، کاتژمێر، ڕۆژ، ساڵەکان، هتد بە بەکارهێنانی کاتژمێرەکان(clocks) دەپێورێ)[3].


کەواتە؛ کاتی سروشتی بریتیە لە سەرجەم ئەو بەدوایەکداهاتن و گۆڕانکارییانەی لە بێپایانی ڕابوردو تاکو بێپایانی داهاتو بەسەر ڕوداو و دیاردە گەردونیەکاندا هاتون، کە دەتوانرێ بە ساڵی تیشکی بپێورێ تاکو یەک لە هەزارەی چرکەیەک، لەسەر هێڵێکی ڕاست لە ڕابوردوەوە هاتوە و بە ئاڕاستەی داهاتو دەڕوا، وەک لەم هێڵکاریەدا دیارە:

---

1 ویکیپیدیا ـ ئینسکلۆپیدیای ئازاد ـ کات. ٢٠٢٢/٨/٨

2 A S Hornby. 2001. Oxford Advanced Learner's Dictionary of Current English. $6^{th}$ ed. Oxford University Press. P1361.

3 Longman. 2003. Longman Dictionary of Contemporary English. UK.




**هێڵکاری 2. 2 هێڵی کاتی سروشتی**

وەکو لە هێڵکارییەکە دیارە، کاتی سروشتی دو بەشە، یان ڕابوردوە، یان داهاتو، چونکە لە کورتترین بەشی چرکەیەکدا، کاتەکە لە داهاتو تێدەپەڕێ و دەبێتە ڕابوردو، واتە؛ هێندە خێرایە، بواری تۆمارکردنی خاڵی ناوەڕاستی نیە.

**٢ـ١ـ٢ـ کات لە ڕێزماندا (Time in Grammar):**

کات: بڕی ئەو ماوەیەیە کاری تیادا ئەنجامدەدرێ[1]. کاتی ڕێزمانی ئەو کاتەیە، کارێکی تێدا ئەنجامدەدرێ. واتە؛ ساتی ڕودان، یان ڕونەدانی ئەو کارەی بڕیاربو ڕوبدا، پێی دەوترێ: کاتی ڕێزمانی. ڕودانی کاریش بریتیە لەو گۆڕانکارییەی بەسەر توخمێکدا دێ، (بەرجەستە بێ، یان دەرجەستە). ڕەگی هەر کارێکیش ئەو گۆڕانکارییە دەردەخا کە ڕودەدا، واتە؛ ڕەگی کار ناوی ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە کاتێکی دیارکراودا ئەنجامدەدرێ.

لە ڕێزماندا، کات تەنیا ڕابوردو و داهاتو نیە و کاتی ڕێزمانی بە چرکە ناپێورێ و چرکەیەک نیە ڕابوردو لە داهاتو جیابکاتەوە، بەڵکو ڕودانی هەر کارێک ماوەیەکی کورت یان درێژ، دور یان نزیکی دەوێ، کاتی ڕێزمانی بە مۆرفیمی کات و ئاوەڵکارەکان دەستنیشاندەکرێ و دەپێورێ. مۆرفیمەکانی کاتیش یەکەیەکی بەرجەستەی ئەندازەیی نین و ماوەی خایاندنیان پێوراو و یەکسان نین، بەڵکو جۆر و ژینگەی ڕودانی کارەکە دەستنیشانیاندەکا. بەپێی کەرەسە ڕێزمانیەکانی دەرخەری کات، دەتوانرێ، چەندین کاتی ڕودانی کار دەستنیشانبکرێن کە ڕەنگە لە ڕێزمانی هەر زمانێک جۆر و ژمارەیان جیاوازبێ.

کاتی ڕێزمانی، واتە؛ کاتی ڕودانی کارەکە، بە دو جۆر کەرەسەی زمانی دەستنیشاندەکرێن:

[1] دار المشرق. ١٩٨٨. المنجد في اللغة والاعلام. ط30. بيروت. ص912.

١- کــاتی درشــت، یــان گشــتی: ئەو کــاتەیە، کە مۆڕفیمەکــانی کــات بە شــێوەیەکی گشــتی و درشـــت ئاماژەیـــان پـــێ دەکەن، ئینجـــا ئەو مۆڕفیمـــانە دەربـــکەون، یـــان دەرنەکەون و لە داڕشتەی کارەکە بتوێنەوە. بۆ نمونە:

مــۆڕفیمی کــاتی ڕابــودو لە زمــانی کوردیــدا دەردەکەوێ و لە زاری ناوەڕاســتدا، پێــنج ئەلۆمۆرفی هەیە، (ا/ ی/ ت/ د/ و)، وەک: (سو<u>تا</u>ø، خز<u>ی</u>ø، کەو<u>ت</u>ø، مر<u>د</u>ø، چو<u>و</u>ø).

لە زمانی عەرەبیدا مۆڕفیمی سەر (فتحة/<u>َ</u>) ئەرکی مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو دەبینێ:

(ذهبَ، کتبَ، جلسَ، ماتَ،....).

لە زمــانی ئینگلیزیــدا، یــان دەرەکەوێ (ed) و یــان دەرنــاکەوێ و لە داڕشــتەی کــارەکەدا دەتوێتەوە: دەرکەوتو: (opened, closed, looked). تواوە: (went, wrote, saw).

٢- کــاتی ورد، یــان تــایبەتی: ئەو کــاتەیە، بە هــۆی ئاوەڵکارەکــانی کــاتەوە (ئێســتا، دوایــی، درەنــــگ، زو، دوێنــــێ، بەیانی....هتــــد)، بە وردی و تــــایبەتی کــــاتی ڕودانــــی کــــارەکە دەستنیشــاندەکرێ. بۆنمــونە، کە دەوتــرێ: (بــاران نەبــار<u>ی</u>ø)، بە هــۆی مــۆڕفیمی (<u>ی</u>)ی کــاتی ڕابــوردو، بە درشــتی، یــان گشــتی کــاتەکە دەستنیشــانکراوە، کە لە ڕابــوردودا، واتە؛ پــێش ئێســتا بــاران نەبــاریوە، بەڵام کەی؟ ئایــا ئەمــڕۆ؟ دوێنــێ؟ پێــرێ؟ پــار؟ پێــرار؟... کەی بــاران نەباری؟ کاتێک دەوترێ:

ــ <u>ئەم شەو</u> باران نەباری.

ــ <u>دوێنێ ئێوارە تا درەنگ</u> باران نەباری.

ــ <u>بەهاری پارساڵ</u> باران نەباری.

لەم ڕســـتانەی ســـەرەوەدا، ئەو ئاوەڵکـــارانەی دەکەونە پـــێش (بـــاران) کـــاتی نەبـــارینی بارانەکە بە شێوەیەکی تایبەتی و وردتر دەستنیشاندەکەن و ڕونیدەکەنەوە.

### ٢-١-٣ـ کات لە ڕێزمانی کوردیدا Time in Kurdish Grammar:

لە ڕێزمــانی کوردیــدا، ســەرباری بــونی ئاوەڵکارەکــانی کــات وەکــو هەر زمــانێکی تــر کە دەبــنە دیــارخەری تــایبەتی و ورد بــۆ مۆڕفیمەکــانی کــات، کۆمەڵێــک مــۆڕفیمی بەنــدی کــات

هەن، بە زۆری دەبـنە پاشـگر، یـان پاشـگری ڕەگـی کارەکـان و بە گشـتی، یـان بە درشـتی کاتی ڕودانی کارەکە دەستنیشاندەکەن، بەم شێوەیە:

مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـوردو: پێـنج ئەلۆمـۆڕفی هەیە، (ا/ ی/ ت/ د/ و)[1]، ئامـاژە بەو کـارانە دەدەن کە پێش دەمی ئاخاوتن ڕویانداوە.

مـۆڕفیمی کـاتی ئێسـتا: دو ئەلۆمـۆڕفی هەیە، (ە/ø)، ئامـاژە بەو کـارانە دەدەن کە دەمـی ئاخاوتن، واتە؛ کاتی ئێستا ڕودەدەن.

مـۆڕفیمی کـاتی داهـاتو: دو ئەلۆمـۆڕفی هەیە، (ێ/ø)، ئامـاژە بەو کـارانە دەدەن کە لە داهـاتودا، دوای دەمـی ئاخـاوتن، ڕودەدەن. واتە؛ هێشـتا ڕویـانەداوە و دوای کـاتی ئێسـتا ڕودەدەن، بـۆیە ئاراسـتەی ڕەوتـی هێڵـی کـات لە ڕێزمانـدا، لە داهـاتوەوە بەرەو ئێسـتا دێ و تێـدەپەڕێ بـۆ ڕابـوردو، بە پێچەوانـەی کـاتی سروشـتی لە ڕابـوردوەوە هـاتوە و بە ئاراسـتەی داهاتو دەڕوا. وەک لەم هێڵکاریەدا دەردەکەوێ:

| ڕابـــــوردو | ئـێـســتـا | داهـــاتـــو |
| --- | --- | --- |
| ا/ ی/ ت/ د/ و | ە/ ø | ێ/ ø |
| پێش دەمی ئاخاوتن | دەمی ئاخاوتن | دوای دەمی ئاخاوتن |

**هێڵکاری 2. 3 ئاراستەی ڕەوتی هێڵی کات لە ڕێزماندا**

### ٢-١-4- پەیوەندیی کات و کار لە ڕستەدا:

هـیچ کارێـک، تەنـانەت هـیچ چاوگێـک لە زمـانی کوردیـدا، سـادە نـیە. واتە؛ هـیچ کارێـک، یان چاوگێک لە زمانی کوردیدا نیە، بە تەنیا لە مۆڕفیمێکی سەربەخۆ پێکهاتبێ[2].

چاوگ لە زمانی کوریدا بە لای کەمەوە لەم سێ مۆڕفیمە پێکهاتوە:

وەک لەم خشتەیەدا دیارە:

**خشتەی 2. 1 پێکهاتەی چاوگ لە زمانی کوردیدا**

1 لە زاری کوردیی باکوردا سەرباری ئەو پێنج ئەلۆمۆڕفە، ئەلۆمۆڕفی (ø)ش هەیە، لە چاوگەکانی (کرن، برن، مرن)، بەڵام دەشێ لە هەندێ شێوەزاری ئەو زارەدا ئەلۆمۆڕفی (و)ش ببێتە (ی)، وەک (چین، بین، دورین، فەرمین، جوین،...).

2 محمد معروف فتاح. ١٩٨٩. کارپۆلین کردن بە پێی ڕۆنان. ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١٢١. ٤٤.

**<u>چاوگ ← ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ ی/ ت/ د/ و) + (ن)ی چاوگ</u>**

**سوتان ← سوت + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) + (ن)ی چاوگ**

**نوسین ← نوس + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ی) + (ن)ی چاوگ**

**نوستن ← نوس + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ت) + (ن)ی چاوگ**

**کردن ← بر + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (د) + (ن)ی چاوگ**

**چون ← چ + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) + (ن)ی چاوگ**

هەمو کارێک بەلای کەمەوە سێ مۆرفیمی تێدایە، ڕەگی کار (مۆرفیمێکی بەندی تەوەرەییە)[1]، لەگەڵ مۆرفیمێکی کات و ڕاناوێکی لکاو. دەرکەوتنی کار بە تەنیا (یەک وشەیی) لە ئاستی ڕستەسازیدا، سادەترین جۆری ڕستەیە، چونکە ڕستە بریتیە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی[2]. پێویستیەکانی ڕەگی کاریش دو جۆرن[3]:

پێویستیە سەرەکیەکان: ئەو پێویستیانەن کە دەبێ هەبن و ناتوانرێ لابدرێن، وەک: مۆرفیمەکانی کات و ڕاناوە لکاوەکان[4].

**خشتەی 2. 2 پێویستیە سەرەکیەکانی ڕستە**

**<u>پێویستیە سەرەکیەکانی ڕستە</u>**

| تەنیا ڕاناوە لکاوەکانی توخمی بکەر، بەرکار | | مۆرفیمەکانی کات | | |
|---|---|---|---|---|
| دەستەی یەکەم ڕێککەوتن | دەستەی دوەم خاوەنی | مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردو | کاتی ڕانەبوردو: ئێستا | کاتی ڕانەبوردو: داهاتو |
| م، ی، Ø ، ین، ن، ن | م، ت،ی،مان،تان،یان | ا، د، ت، ی، و | ە / Ø | ێ / Ø |

لێرەدا ڕەگە تێنەپەڕەکان دەتوانن بە یەک ڕاناوی لکاو لە دەستەی ڕێککەوتن کارەکە ئەنجامبدەن، بەڵام ڕەگە تێپەڕەکان پێویستییان بە دو ڕاناوی لکاوە بۆ ئەنجامدانی کارەکە، یەکێک لە دەستەی ڕێککەوتن و یەکێک لە دەستەی خاوەنی[5].

پێویستیە لاوەکیەکان: ئەو پێویستیانەن کە ڕونکەرەوەن و مەرج نیە هەبن و دەتوانرێ لابدرێن، وەک: دیارخەرەکان، ئاوەڵکارەکان، ڕاناوە سەربەخۆکان....هتد.

---

1 عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. ٢٠٠٥. پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی. وەزارەتی ڕۆشنبیری. زنجیرەی کتێبی گیرفان (٢). هەولێر. ٨.

2 عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول،مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ١٢٩.

3 عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، ٩.

4 عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. ٢٠١٥. چەند باسێکی وردی زمانەوانی ـ کوردی. هەولێر. ١٠٣.

5 لە هەندێ شێوە ئاخاوتندا، لە دەمکاتی ڕابوردودا، هەردو ڕاناوەکە دەکەن بە خاوەنی.

**٢-٢ــ دەمکاتەکان لە زمانی کوردیدا:**

دابەشــکردن و پــۆلینکردنی کــاتی ڕوودانــی کارەکــان لە ڕێزمانــدا، پێــی دەوتــرێ دەمکــات (Tense). دەمکــات (بێــژەیەکە لە ڕێزمانــدا بەکــاردێ بــۆ وەســفکردنی کارەکــان، بە زۆری ئامــاژەکردنە بە شــێوەی هێمــا ڕێزمانیەکــانی کــات، کە تیایــدا ڕوودانــی کــارەکە نیشــاندەدا)[1]. واتە؛ (ئەو شێوەیەیە، کاتی کارەکە دەگەیێنێ)[2].

وردەکــاریی پــۆلینکردنی کــاتی ڕوودانــی کارەکــان لە نەتەوەکانــدا جیــاوازە، بــۆیە ژمــارەی دەمکاتەکــانیش لە زمــانێکەوە بــۆ زمــانێکی تــر جیــاوازە. لە زمــانی کوردیــدا، دو کــۆمەڵی دەمکاتمان هەیە:

**کـۆمەڵەی دەمکــاتی ســادە**: ئەو دەمکاتــانەن کە بــواری ڕوودانــی کارەکانیــان تەنیــا یەک کــات لە ســێ کــاتە ســەرەکیەکە (ڕابــوردو، ئێســتا و داهــاتو) دەگــرێتەوە، بەوە دەناســرێنەوە کە کارەکانیــان تەنیــا یەک مــۆرفیمی کاتیــان تیــادایە. وەک: دەمکاتەکــانی ڕابــوردوی ســادە، هەواڵدانی کاتی ئێستا و داهاتو.

**کــۆمەڵەی دەمکــاتی لێکــدراو**: ئەو دەمکاتــانەن کە بــواری ڕوودانــی کارەکانیــان پتــر لە کاتێــک لە ســێ کــاتە ســەرەکیەکە (ڕابــوردو، ئێســتا و داهــاتو) دەگــرێتەوە، بەوە دەناســرێنەوە کە کارەکانیــان پتــر لە یەک مــۆرفیمی کاتیــان تیــادایە. وەک دەمکاتەکــانی ڕابــوردوی دور، ڕابوردوی بەردەوامی، ڕابوردوی خۆزگەیی، ڕانەبوردو...هتد.

بە شــێوەیەکی گشــتی دەتــوانرێ لە زمــانی کوردیــدا، ئەم دەمکاتــانەی خــوارەوە جیــابکرێنەوە و بواری کارکردنیان دەستنیشانبکرێ:

**٢-٢-١ــ دەمکاتی ڕابوردوی سادە:**

ئەم دەمکـــاتە لە کـــۆمەڵەی دەمکـــاتە ســـادەکانە، چـــونکە تەنیـــا یەک مـــۆرفیمی کـــاتی ڕابــوردوی تیــادایە، هەر بــۆیەش نــاونراوە ســادە، ئەگەرنــا لە ڕۆنــان و دارشــتندا کــارەکە ناسادەیە.

[1] David Crystal. 2003. A Dictionary of Linguistics & Phonetics. $5^{th}$ ed. Blackwell Publishing. P459.

[2] منير البعلبكي. 2007. المورد قاموس إنكليزي - عربي. ط41. دار العلم للملايين - بيروت. ص958.

**٢-٢-١-١ــ لە كـاری تێـنەپەڕ:** شـێوەی داڕشـتن، یـان ڕۆنـانی دەمكـاتی ڕابـوردوی سـادە لە كـاری تێـنەپەڕدا بەم شـێوەیە: ((ڕەگـی كـار + مـۆرفیمی كـاتی ڕابـوردو(ا/ ی/ ت/ د/ و) + ڕاناوی لكاوی ڕێككەوتن (م، ی، ∅، ین، ن، ن))). وەک لەم خشتەیەدا دەردەكەوێ:

**خشتەی 2. 3 دەمكاتی ڕابوردوی سادە- تێنەپەڕ**

| ژ | دەمكاتی ڕابوردوی سادە | ڕەگی كار | مۆرفیمی كاتی ڕابوردو | ڕاناوی لكاو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ترسام | ترس | ا | م |
| ٢ | خزیی | خز | ی | ی |
| ٣ | خەوت | خەو | ت | ∅ |
| ٤ | مردین | مر | د | ین |
| ٥ | چوون | چ | و | ن |
| ٦ | كەوتن | كەو | ت | ن |

ڕانـاوی لكـاو لە كـاری تێـنەپەڕدا، یـان بـكەرە، یـان بەركـار. ئەگەر ڕانـاوەكە خـۆی كـارەكە ئەنجـام بـدا، ئەوا دەبێـتە بـكەر، چـونكە بـكەر ئەو تـوخمەیە، كارێـک ئەنجامـدەدا و دەتـوانێ، بیكـا، یـان نەیكـا، یـان هەر نەبـێ، دەتـوانێ پـێش و دوای بخـا. ئەگەر ڕانـاوەكەش خـۆی كـارەكە ئەنجـام نەدا و كـارەكەی بەسـەردا بـێ، دەبێـتە بەركـار، چـونكە بەركـار ئەو تـوخمەیە، كـارێكی بەسـەردا دێ و نـاتوانێ خـۆی لـێ لابـدا، یـان پـێش و دوای بخـا. بـۆیە؛ ڕانـاو لە ڕستەكانی (٣ و ٥) بكەرن و لە ڕستەكانی (١، ٢ و ٤) بەركارن.

**٢-٢-١-٢ــ لە كـاری تێـپەڕ:** شـێوەی داڕشـتن، یـان ڕۆنـانی دەمكـاتی ڕابـوردوی سـادە لە كـاری تێـپەڕدا بەم شـێوەیە: ((ڕەگـی كـار + مـۆرفیمی كـاتی ڕابـوردو(ا/ ی/ ت/ د/ و) + ڕانـاوی لكـاوی ڕێككەوتـن (م، ی، ∅، یـن، ن، ن)، بەركـار + ڕانـاوی لكـاوی خـاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان))). وەک لەم خشتەیەدا دەردەكەوێ:

**خشتەی 2. 4 دەمكاتی ڕابوردوی سادە/ تێپەڕ**

| ژ | دەمكاتی ڕابوردوی سادە | ڕەگی كار | مۆرفیمی كاتی ڕابوردو | ڕاناوی ڕێككەوتن | ڕاناوی خاوەنی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گرتمت | گر | ت | م | ت |
| ٢ | ترساندنی | ترسان | د | ن | ی |
| ٣ | نوسینیان | نوس | ی | ن | یان |
| ٤ | كوشتتان | كوش | ت | ∅ | تان |
| ٥ | هێنامیان | هێن | ا | م | یان |
| ٦ | بردتان | بر | د | ∅ | تان |

هەندێ جار ئاخێوەران یاسا بنەڕەتیەکەی سەرەوە دەشکێنن و هەردو ڕاناوی بکەر و بەرکار لە دەستەی خاوەنی وەردەگرن، وەک: گرتمانتان، کوشتمانیان، خستتم....

بواری کارکردنی دەمکاتی ڕابوردوی سادە، تەنیا لە ڕابوردودایە، واتە؛ پێش دەمی ئاخاوتن. واتە؛ بە شێوەیەکی گشتی کارەکە لە ڕابوردودا، پێش ئێستا (دەمی ئاخاوتن) ئەنجامدراوە. وەک لەم هێڵکاریەدا دیارە:




**هێڵکاری 2. 4 بواری ڕودانی ڕابوردوی سادە**

یاسای دارشتنی دەمکاتی ڕابوردوی سادە، لە کارە دارێژراو و لێکدراوەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە کارە دارێژراوە تێنەپەڕەکاندا: لەگەڵ ئەو جۆرە کارانە ، ڕاناوەکە دەکەوێتە کۆتایی کارەکە. وەکو: هەڵچو←پێشگر(هەڵ) + ڕەگ(چ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(و) + ڕاناو(Ø)). لە کارە دارێژراوە تێپەڕەکاندا: ڕاناوی لکاوی بکەر دەکەوێتە دوای پێشگر و ڕاناوی لکاوی بەرکار دەکەوێتە کۆتایی کارەکە. وەکو: دەرمانکردن← (پێشگر(دەر) + ڕاناو(مان) + ڕەگ(کر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(د)+ ڕاناو(ن)).

سەبارەت بە کاری لێکدراو لە کارە تێنەپەڕەکاندا، ڕاناوی لکاو دەکەوێتە کۆتایی کارەکە. بۆ نمونە: ڕزگاربوین [1]← (بەشی یەکەمی کارەکە(ڕزگار) + ڕەگ(ب) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(و) + ڕاناو(ین)). لەکارە تێپەڕەکاندا، یەکێك لە ڕاناوەکان دەکەوێتە دوای بەشی

[1] ئەم جۆرە چاوگە لە ڕوی وەرگرتنی ڕاناوە لکاوەکاندا، جیاوازییەکی تێدا بەدیدەکرێ کە سەرەڕای ئەوەی کارێکی تێنەپەڕە، ڕاناوی دەستەی خاوەنی وەردەگرێ. بۆ نمونە: ڕزگارمانبو. دەبینین لێرەدا (مان) ڕاناوێکە لە دەستەی خاوەنی و لەگەڵ کاری تێنەپەڕی (ڕزگاربون) هاتوە. لە بنەڕەتدا ئەمە شکاندنی یاساکانە و بوە بە هەڵەی باو:
ڕزگاربوین ← ڕزگارمان بو.
دەربازبوین ← دەربازمان بو

یەکـــەمی کارەکـــە و ڕاناوەکـــەی تـــر دەکەوێتـــە کۆتـــایی کارەکـــە، وەکـــو: دەســـتمان بەسەرداگرتن← (دەست + مان + بەسەردا + گر + ت + ن).

لـە نـاو ڕۆنـانی ئـەم دەمکاتـەدا، تـەنیا یـەك مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو پێویسـتە، واتـە؛ لـە ئـەنجامی هـاتنی یـەکێك لـە ئەلۆمۆرفـەکانی کـاتی ڕابـوردو، ئـەم دەمکاتـە دروسـتدەبێ. بـۆ نمونە:

مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ت):

سادەترین ڕستە: نوستـم. (تێنەپەڕ)     گرتـمت. (تێپەڕ)

ڕستەی ئاسایی: تۆ ڕۆیشتـی. (تێنەپەڕ)        تۆ ئەوت گرتـ. (تێپەڕ)

ڕستەی سادەی فراوانکراو: ئێمە دوێنی شەو لە ماڵی هاوڕێکەمان نوستـین. (تێنەپەڕ)

دێژین مێرولەکەی بە هۆی دەرمانی مێروکوژ کوشتـ. (تێپەڕ)

مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(د):

سادەترین ڕستە: مردـ. (تێنەپەڕ)   بردـمت. (تێپەڕ)

ڕستەی ئاسایی: تۆ مردـی. (تێنەپەڕ)     ئێوە نانەکەتان خواردـ. (تێپەڕ)

ڕسـتەی سـادەی فراوانکـراو: ژیلـە سـێ سـاڵ پـێش ئێسـتا بەنەخۆشـی مـردـ. (تێنەپـەڕ) ئێمـە بەخێرایی نانەکەمان خواردـ. (تێپەڕ)

مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا):

سادەترین ڕستە: سوتاـ. (تێنەپەڕ)    کوتـاـØ مان. (تێپەڕ)

ڕستەی ئاسایی: ئێوە سوتـاـن. (تێنەپەڕ)   تۆ بزمارەکەت کوتـاـ. (تێپەڕ)

ڕستەی سادەی فراوانکراو: ژنە بەتەمەنەکە لەبەر هەژاری گریـاـ. (تێنەپەڕ)

شەوبۆ دوێنێ ئێوارە بزمارەکەی بۆ لێدانی تابلۆکە کوتـاـ. (تێپەڕ)

مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و):

سادەترین ڕستە: چوـین. (تێنەپەڕ)  فەرموØ یان. (تێپەڕ)

ڕستەی ئاسایی: تۆ چوی.  (تێنەپەڕ)  ئێوە فەرموØتان.[1]

ڕستەی سادەی فراوانکراو: ئەو بەپێ چو بۆ ئەوبەری شەقامەکە. (تێنەپەڕ)

مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ی):

سادەترین ڕستە: پشمیم. (تێنەپەڕ)     کڕیØمان. (تێپەڕ)

ڕستەی ئاسایی: تۆ پشمی. (تێنەپەڕ)     ئێمە گوڵەکەمان کڕی. (تێپەڕ)

ڕستەی سادەی فراوانکراو: منداڵەکە لە سەرما لەرزی. (تێنەپەڕ)   من بە پارەیەکی زۆر تابلۆیەکی شێوەکاری گرانبەهام کڕی.  (تێپەڕ)

لەم ڕستانەی سەرەوەدا، هەر پێنج ئەلۆمۆرفەکەی کاتی ڕابوردو دەرکەوتون و بەشدارییانکردوە لە دروستبونی دەمکاتەکەدا، مۆرفیمی کاتی ڕابوردو کەوتوتە پێش ڕاناوی لکاو و لە ڕستەی ئاساییشدا (لە کارە تێنەپەڕەکاندا) مۆرفیمی کاتەکە دەکەوێتە پێش ڕاناوی لکاوی بکەر. لە کارە تێپەڕەکانیشدا، مۆرفیمی کات دەکەوێتە کۆتایی کارەکە و ڕاناوی بکەر بە دوای بەرکارەوە دەلکێ.

**٢ـ٢ـ٢ـ دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام:**

ئەم دەمکاتە، لە کۆمەڵەی دەمکاتە لێکدراوەکانە، لەبەرئەوەی دو مۆرفیمی کاتی تێدایە، مۆرفیمی کاتی ئێستا و مۆرفیمی کاتی ڕابوردو.

**2-2-2-1- لە کاری تێنەپەڕ:** ڕۆنانی دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام لە کاری تێنەپەڕدا بەم شێوەیە: [مۆرفیمی کاتی ئێستا(ە)[2] + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا/ ی/ ت/ د/ و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 5 دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام – تێنەپەڕ**

---

[1] چاوگی فەرمون بە واتای (وتن) دێ، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی لە ڕستەی ئاوێتەدا دێن: وت Øی/ فەرموØی، هێز لە یەکگرتندایە.
پێغەمبەر بە دەمی پیرۆزی خۆی ئەم فەرمودەیەی فەرمو.

[2] لە زمانی کوردیدا، کاتێ بزوێنی (ە) دەکەوێتە سەرەتای وشە، وەکو هەر فۆنیمێکی تر، دەنگی هەمزە(ئـ) بۆ خۆی دروستدەکا، بۆ گرتن و بەردانی هەوای سییەکان، لە هەندێ ناوچەدا فۆنیمی (د) لە بری دەنگی هەمزە بەکاردێ و هەمان ئەرك دەبینێ، بەڵام ڕۆلیان لە گەیاندنی واتای مۆرفیمەکە نیە.

| ژ | دەمكاتی ڕابوردوی بەردەوام | مۆرفیمی كاتی ئێستا | ڕەگی كار | مۆرفیمی كاتی ڕابوردو | ڕاناوی ڕێككەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەسوتام | ە | سوتـ | ا | م |
| ٢ | دەڕۆیشتی | ە | ڕۆیشـ | تـ | ی |
| ٣ | دەخەوت | ە | خەو | ت | Ø |
| ٤ | دەچوین | ە | چ | و | ین |
| ٥ | دەخزین | ە | خز | یـ | ن |
| ٦ | دەمردن | ە | مر | د | ن |


ڕاناو لە ڕستەكانی (2، 3 و 4) بكەرن و لە ڕستەكانی (1، 5 و 6) بەركارن.

**2-2-2-2- لە كـــاری تێـــپەڕ:** شـــێوەی داڕشـــتنی دەمكـــاتی ڕابـــوردوی بـــەردەوام لە كـــاری تێـــپەڕدا بەم شـــێوەیە: [مـــۆرفیمی كـــاتی ئێســـتا (د/ئ ە) + ڕانـــاوی لكـــاوی خـــاوەنی (م، ت، ی، مـــان، تـــان، یـــان)، بكـــەر + ڕەگـــی كـــار + مـــۆرفیمی كـــاتی ڕابـــوردو (ا/ ی/ ت/ د/ و) + ڕانـــــاوی لكـــــاوی ڕێككەوتـــــن (م، ی، Ø، یـــــن، ن، ن)، بـــــەركار]. وەک لەم خشـــــتەیەدا دەردەكەوێ:

**خشتەی 2. 6 دەمكاتی ڕابوردوی بەردەوام – تێپەڕ**

| ژ | دەمكاتی ڕابوردوی بەردەوام | مۆرفیمی كاتی ئێستا | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی كار | مۆرفیمی كاتی ڕابوردو | ڕاناوی ڕێككەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەیانگرتم | ە | یانـ | گر | تـ | م |
| ٢ | دەتبردین | ە | تـ | بر | د | ین |
| ٣ | دەیخوارد | ە | یـ | خوار | د | Ø |
| ٤ | دەمانلورین | ە | مانـ | دور | یـ | ن |
| ٥ | دەتانڕوخاندین | ە | تانـ | ڕوخانـ | د | ین |
| ٦ | دەمهێنای | ە | مـ | هێنـ | ا | ی |

بـــواری كـــاركردنی دەمكـــاتی ڕابـــوردوی بـــەردەوام، لەنێـــوان ڕابـــوردو و ئێســـتادایە، واتە؛ لـــە پـــێش دەمـــی ئاخاوتنـــەوە درێژدەبێتـــەوە تـــا دەمـــی ئاخـــاوتن. واتە؛ بە شـــێوەیەكی گشـــتی كـــارەكە لە ڕابوردودا، پێش ئێستا دەستپێكردوە و تەواو نەبوە تاكو ئێستا. وەک لەم هێڵكاریەدا دیارە:




**هێڵکاری 2. 5 بواری کارکردنی دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام**

یاسـای داڕشـتنی دەمکـاتی ڕابـوردوی بـەردەوام، لـە کـارە داڕێـژراو و لێکدراوەکانـدا بـەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لـە کـارە داڕێـژراوە تێنەپەڕەکانـدا: لەگـەڵ ئـەو جـۆرە کارانـە، ڕاناوەکـە دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە. وەکـو: هەڵـدەچوین ← پێشگر(هەڵـ) + مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا(د/ە) + ڕەگ(چـ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(و) + ڕانـاو(ین). لـە کـارە داڕێـژراوە تێپەڕەکانیشـدا، ڕانـاوی لکـاوی بکــەر دەکەوێتــە دوای پێشــگر ڕانــاوی لکــاوی بــەرکار دەکەوێتــە کۆتــایی کارەکــە. وەکــو: دەرمانـدەکردن ← پێشـگر(دەر) + ڕاناو(مـان) + مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا(د/ە) + ڕەگ(کـر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(د)+ ڕاناو(ن).

سـەبارەت بـە کـاری لێکـدراو لـە کـارە تێنەپەڕەکانـدا، ڕانـاوی لکـاو دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە. بـۆ نمونـە: ڕزگـاردەبوین← بەشـی یەکـەمی کارەکـە(ڕزگار) + مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا (ە) + ڕەگ(بـ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(و) + ڕانـاو(ین). لـەکارە تێپەڕەکانـدا، یـەکێك لـە ڕاناوەکــان دەکەوێتــە دوای بەشــی یەکــەمی کارەکــە و ڕاناوەکــەی تــر دەکەوێتــە کۆتــایی کارەکــە، وەکــو: دەســتمان بەســەرداگرتن← دەســت + مــان + بەســەردا + مــۆرفیمی کــاتی ئێستا(ە) + ڕەگ(گر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(تـ) + ڕاناو(ن).

لـەم دەمکاتـەدا، مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا وەکـو پێشـگر دەردەکـەوێ و دەکەوێتـە پـێش ڕەگـی کارەکـە لـە کـاری تێنەپـەڕ و دەکەوێتـە پـێش ڕانـاوی بکـەر لـە کـاری تێپـەڕدا، هـەروەها لـە کـاری داڕێـژراو دەکەوێتـە نێـوان ڕانـاوی بکـەر و ڕەگـی کارەکـە. مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا تـەنیا لـەم دەمکاتـەدا وەکـو پێشـگر دەردەکـەوێ. مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا لەگـەڵ مۆرفیمـەکانی کـاتی ڕابوردو بەم شێوەیە دەردەکەون:

**(ە، د):**

سادەترین ڕستە: دەمردی.   دەیانبردین.

ڕستەی ئاسایی: ئێوە دەمردن.    ئەوان نانەکەیان دەخوارد.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: جوجەڵە زەردە جوانەکان بە هۆکارێکی نادیار دەمردن. ئەو سەرکێشییەکی فراوانی بواری وەرزشی لە یانە جیاوازەکاندا دەکرد.

**(ە، ت):**

سادەترین ڕستە: دەهاتین.    دەمانشوشت.

ڕستەی ئاسایی: ئێوە دەنوستن.    من قاپەکانم دەشوشت.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: تۆ بە خێرایی بەرەو لای نەمامگەکە دەڕۆیشتی.  من هەمو جارێك کەوە جوانەکەم لە خوارەوەی شەقامەکەی ماڵی پورم دەگرت.

**(ە، ا):**

سادەترین ڕستە: دەپسان.

ڕستەی ئاسایی: پوشەکە دەسوتا.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: ئێمە بۆ نەخۆشی دایکە پیرە نەخۆشەکە دەگریاین.

**(ە، و):**

سادەترین ڕستە: دەچوین.

ڕستەی ئاسایی: تۆ دەچوی.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: ئێوە بۆ سەیرکردنی یارییە ئاگرینە سەیرەکانی سەری ساڵ دەچون.

**(ە، ی):**

سادەترین ڕستە: دەیانکڕی.

ڕستەی ئاسایی: تۆ پەنیرەکەت دەکڕی.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: ئەوان قوماشە جوانە ناوازەکەیان بە پەلە دەبڕی.

ئەم دەمكاتە بەكارهێنانێكی فراوانی لە ڕستە ئاوێتەكاندا هەیە، بە تایبەتی لەگەڵ دەمكاتی ڕابوردوی سادەدا دەردەكەوێ. بۆ نمونە:

كە تۆ هاتی، من نانم دەخوارد.

كاتێك میوانەكان گەیشتن، شەوین نانی دەخوارد.

لە ڕستەكانی سەرەوەدا دەردەكەوێ كە ئەو ڕستانەی كارەكەیان تێپەڕە، لە سادەترین ڕستەدا، ڕاناوی بكەر دەچێتە دوای مۆرفیمی كاتی ئێستا و لە ڕستەی ئاساییشدا، شوێنەكەی دەگۆڕێت لە دوای مۆرفیمی كاتی ئێستا دەچێتە دوای بەركارەكە[1].

**2–2-2-3- دەمكاتی ڕابوردوی دور:**

ئەم دەمكاتە لە كۆمەڵەی دەمكاتە لێكدراوەكانە، چونكە دو مۆرفیمی كاتی ڕابوردوی تیادایە، یەكێكیان مۆرفیمی كاتی ڕابوردوی كاری سەرەكی ڕستەكە، دوەمیان مۆرفیمی كاتی ڕابوردو(و)ی كاری(بون).

**2-2-2-3-1- لە كاری تێنەپەڕ:** شێوەی داڕشتنی دەمكاتی ڕابوردوی دور لە كاری تێنەپەڕدا بەم شێوەیە: [ڕەگی كار + مۆرفیمی كاتی ڕابوردو(ا/ ی/ ت/ د/ و) + ڕەگی(بـــ)[2] + مۆرفیمی كاتی ڕابوردو(و) + ڕاناوی لكاوی ڕێككەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەكەوێ:

**خشتەی 2. 7 دەمكاتی ڕابوردوی دور- تێنەپەڕ**

---

1 لە بنەڕەتدا، ڕاناوەكانی خاوەنی لە دەمكاتی ڕابوردودا، لە دواوەی ڕستە بەرەو ناوەڕاست بازدەدەن تاكو بە بەركارەوە دەلكێن، هەر كاتێ ئەم بوارەیان بۆ بڕەخسێ. بەم شێوەیەی خوارەوە:

1– گرتـ Øم. 2– دەمگرت 3– هەڵمدەگرت 4 – ئەوم هەڵدەگرتØ.

بازی یەكەم بازی دوەم بازی سێیەم بازی چوارەم

ئەمەش هۆی ئەوەیە، چونكە ڕاناوەكە خاوەنیە و كارەكەش ڕویداوە، دەیەوێ بگاتەوە سەر مولكەكەی خۆی كە بەركارەكەیە:

من زەویەك دەكڕم. (هێشتا من خاوەن نیم) ← من زەویەكم كڕی. (بوم بە خاوەنی).

2 چاوگی(بون) وەكو كارێكی یاریدەدەر لەم دەمكاتەدا دەردەكەوێ، ڕەگی(بـــ) و مۆرفیمی كاتی ڕابوردو(و) لەگەڵ ڕەگی كارە بنەڕەتییەكە و مۆرفیمی كاتی ڕابوردوی كارە بنەڕەتییەكە بەیەكەوە دەردەكەون و یاسای داڕشتنی دەمكاتی ڕابوردوی دور دروستدەكەن.

| ژ | دەمکاتی ڕابوردوی دور | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕەگی کار (بـ) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چوبوم | چـ | و | بـ | و | م |
| ٢ | هاتبوی | ها | تـ | بـ | و | ی |
| ٣ | سوتابو | سوتـ | ا | بـ | و | Ø |
| ٤ | نوستبوین | نوسـ | تـ | بـ | و | ین |
| ٥ | مردبون | مر | د | بـ | و | ن |
| ٦ | وەربیون | وەر | یـ | بـ | و | ن |

لــەم ڕســتانەی ســەرەوەدا، ڕانــاوی ڕێککــەوتن لە ڕســتەکانی (1، 2 و 4) بــکەرن و لە ڕستەکانی (3، 5 و 6) بەرکارن.

**2-2-2-3-2- لە کــاری تێــپەڕ:** ڕۆنــانی دەمکــاتی ڕابــوردوی دور لە کــاری تێــپەڕدا بەم شــێوەیە: [ڕەگــی کــار + مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو(ا/ ی/ ت/ د/ و) + ڕەگــی (بــون) + مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو(و) + ڕانــاوی لکــاوی ڕێککــەوتن (م، ی، Ø، یــن، ن، ن) بەرکــار + ڕانــاوی لکــاوی خــاوەنی (م، ت، ی، مــان، تــان، یــان) بکــەر]. وەک لەم خشــتەیەدا دەردەکەوێ:


**خشتەی 2. 8 دەمکاتی ڕابوردوی دور- تێپەڕ**

| ژ | دەمکاتی ڕابوردوی دور | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕەگی کار (بون) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) | ڕاناوی ڕێککەوتن | ڕاناوی خاوەنی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گرتبومان | گر | تـ | بـ | و | Ø | مان |
| ٢ | شوشتبومیان | شوشـ | تـ | بـ | و | مـ | یان |
| ٣ | بردبوتان | بر | د | بـ | و | Ø | تان |
| ٤ | نوسیبونت | نوسـ | یـ | بـ | و | نـ | ت |
| ٥ | گریاندبوی | گریانـ | د | بـ | و | Ø | ی |
| ٦ | هێنابوتتان | هێنـ | ا | بـ | و | تـ | تان |

ئەگــەر دو کــار لــە ڕابــوردو ڕویانــدابێ، ڕابــوردوی دور ئــەو کارەیــە کــە پێشــتر ڕویــداوە، واتــە؛ بــاس لــە ڕودانــی کارێــك لــە ڕابــوردو دەکــات کــە ڕودانەکــەی دورتــرە لــە کــاتی ئێســتا و پــێش ڕابــوردوی ئاســایی ڕویــداوە. کامیــل حەســەن بەســیر دەڵێــت: (ڕودانــی فرمانێــك

دەگەیەنێ، کە لە کاتی ڕابوردودا بەر لە فرمانێکی ڕابوردوی دی بەرپا بوە)[1]. بۆ نمونە، کە دەڵێین: (کاتێ چوین بۆ لای منداڵەکە، نوستبو)، واتە؛ کاتی ڕودانی (نوستن) پێش ڕودانی کاری (چون)ە.

بواری کارکردنی دەمکاتی ڕابوردوی دور، تەنیا لە ڕابوردودایە، واتە؛ پێش دەمی ئاخاوتن. واتە؛ کارەکە لە ڕابوردودا، پێش ئێستا (دەمی ئاخاوتن) ئەنجامدراوە. وەک لەم هێڵکاریەدا دیارە:




**هێڵکاری 2. 6 بواری کارکردنی دەمکاتی ڕابوردوی دور**

یاسای دارشتنی دەمکاتی ڕابوردوی دور، لە کارە دارێژراو و لێکدراوەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە کارە دارێژراوە تێنەپەڕەکاندا: لەگەڵ ئەو جۆرە کارانە، ڕاناوەکە دەکەوێتە کۆتایی کارەکە. وەکو: هەڵچوبوی ← پێشگر (هەڵ) + ڕەگ (چ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(و) + ڕەگی بون(بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) + ڕاناو (ی). لە کارە دارێژراوە تێپەڕەکانیشدا، ڕاناوی لکاوی بکەر دەکەوێتە دوای پێشگر، ڕاناوی لکاوی بەرکار دەکەوێتە کۆتایی کارەکە. وەکو: دەرمانکردبو← پێشگر (دەر) + ڕاناو (مان) + ڕەگ (کر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (د)+ ڕەگی بون (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) + ڕاناو (ن).

سەبارەت بە کاری لێکدراو لە کارە تێنەپەڕەکاندا، ڕاناوی لکاو دەکەوێتە کۆتایی کارەکە. بۆ نمونە: ڕزگاربوبوین ← بەشی یەکەمی کارەکە (ڕزگار) + ڕەگ (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) + ڕەگی بون (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) + ڕاناو (ین). لەکارە تێپەڕەکانیشدا، یەکێك لە ڕاناوەکان دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە و ڕاناوەکەی تر دەکەوێتە کۆتایی کارەکە، وەکو: دەستتان بەسەرداگرتبو← دەست + تان +

[1] کامیل حەسەن بەسیر،2013، بەراوردکارییەك لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، 48.

بەسەردا +ڕەگ (گر) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (تـ) + ڕەگی بون (بـ) + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (و) +ڕاناو(Ø).

ئەم دەمکاتە، لە ئەنجامی بەیەکەوە هاتنی دو مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو دروست دەبێ، یەکێکیان مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوی کارە سەرەکییەکە (د، ت، ا، و، ی)یە و ئەوی تریان مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (و)ی کاری (بون)ە. بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەون:

(ت، و):

سادەترین ڕستە: نوستبو. گرتبویان.

ڕستەی ئاسایی: تۆ نوستبوی. ئێمە گوڵەکەمان وەرگرتبو.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: شیلان لە باخەکە نوستبو. شنە گوڵە سورەکەی لە دایکی وەرگرتبو.

(د، و):

سادەترین ڕستە: مردبون. بردبویان.

ڕستەی ئاسایی: پیاوەکە مردبو. شەوین پارەکەی بردبو.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: پیاوەکە بەهۆی نەخۆشییەوە مردبو. تۆ پارە زۆرەکەت بە برای ئازاد بۆمن ناردبو.


(ا، و):

سادەترین ڕستە: گریابوی. هێنابومان.

ڕستەی ئاسایی: زیوەر گریابو. زەکەریا دیارییەکەی هێنابو.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: ئێوە دوێنێ ئێوارە گریابون. شیرین شیرینییەکی زۆر خۆشی بۆ هێنابوین.

دەمکاتی ڕابوردوی دور لە ڕستەدا، بە زۆری لەگەڵ دەمکاتی ڕابوردوی سادە دەردەکەوێت و بواری ڕودانەکەی دەکەوێتە پێش ڕودانی ڕابوردوی سادە. بۆ نمونە: کە تۆ هاتی ئەو نوستبو.




**هێڵکاری 2. 7 بواری ڕودانی ڕستەی (کە تۆ هاتی ئەو نوستبو)**

بـواری ڕودانــی کــاری ڕســتەی (ئــەو نوســتبو) دەکەوێتــە پــێش ڕودانــی کــاری ڕســتەی (تــۆ هــاتی)، واتــە؛ پێشــتر (نوســتن) ڕویــداوە و بــواری کارکردنەکــە دەســتیپێکردوە و دواتــر (هــات) بواری ڕودانەکەی دەستیپێکردوە.

لــە ســادەترین ڕســتەدا، لــە کــاری تێنەپــەڕ، ڕانــاو دەچێتــە دوای (و)ی مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو لەگــەڵ کــاری تێپــەڕ ڕانــاوی بکــەر و بــەرکار بــەدوای یەکــدا دەکەونــە دوای (و)ی مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو. لـە ڕسـتەی ئاسـاییدا (و)ی مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو دەکەوێتـە پـێش ڕاناوی لکاوەکە لە کاری تێنەپەڕ و دەکەوێتە کۆتایی کارەکە لە کاری تێپەڕدا.

**4-2-2-2- دەمکاتی ڕابوردوی تەواو:**

دەمکــاتی ڕابــوردوی تــەواو، لــە کۆمەڵــەی دەمکــاتە لێکدراوەکانــە، لەبەرئــەوەی دو مــۆرفیمی کــاتی تیــادایە، کــە لــە مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو و مــۆرفیمی کــاتی ئێســتا پێکهــاتون. ئــەم دەمکاتــە بــەوە دەناســرێ کــە ڕودانــی کارێکــە تــا کــاتی قســەکردن کاریگەرییەکــەی مابێتــەوە، واتــە؛ ((دەلالـەت لەسـەر ڕوداوێـك دەكـات كـە لـە ڕابـوردودا ڕویـداوە، بـەڵام شـوێنەوارەكەی تـا كـاتی قسـەكردن هـەر بەردەوامـە))[1]، وەك لـە ڕسـتەی (نانـت خـواردوە)، واتـە؛ لـە ڕابـوردودا نانـت خواردوە و ئێستا کاریگەری نانخواردنەکە بەسەرتەوە ماوە، تێری و برسیت نییە.

**2-2-2-4-1- لە کــاری تێــنەپەڕ:** شــێوەی دارشــتنی دەمکــاتی ڕابــوردوی تــەواو لە کــاری تێـــنەپەڕدا بەم شـــێوەیە: [ڕەگـــی کـــار + مـــۆرفیمی کـــاتی ڕابـــوردو (ا/ ی/ ت/ د/ و) + مـــۆرفیمی ئاوەڵنـــاوی کـــراو(و) + مـــۆرفیمی ئێســـتا+ ڕانـــاوی لکـــاوی ڕێککەوتـــن (م، ی، ø، ین، ن، ن)]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 9 دەمکاتی ڕابوردوی تەواو- تێنەپەڕ**

---

[1] کامیل حەسەن بەسیر، بەراوردکارییەك لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، 49.

| ژ | دەمکاتی ڕابوردوی تەواو | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چووم | چ | و | و | Ø | م |
| ٢ | هاتوی | ها | ت | و | Ø | ی |
| ٣ | نوستوە | نوس | ت | و | ە | Ø |
| ٤ | مردوین | مر | د | و | Ø | ین |
| ٥ | سوتاون | سوت | ا | و | Ø | ن |
| ٦ | وەریون | وەر | ی | و | Ø | ن |

لەم ڕستانەی سەرەوەدا، ڕاناوی ڕێککەوتن لە ڕستەکانی (1، 2 و3) بکەرن و لە ڕستەکانی (4، 5 و6) بەرکارن. مۆرفیمی کاتی ئێستا تەنیا لەو ڕستانە دەردەکەوێ کە بکەر یان بەرکارەکەی کەسی سێیەمی تاك بێ، لەبەرئەوەی ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن بۆ کەسی سێیەمی تاك مۆرفیمی سفرە و دەرناکەوێ، مۆرفیمی کاتی ئێستا کە بزوێنێکی کورتە دەتوانێت لەو دۆخەدا دەربکەوێ.

**2-2-2-4-2- لە کاری تێپەڕ:** ڕۆنانی دەمکاتی ڕابوردوی تەواو لە کاری تێپەڕدا بەم شێوەیە: [ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ ی/ ت/ د/ و) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) + ڕاناوی لکاوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) بکەر + مۆرفیمی ئێستا + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن) بەرکار]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 10 دەمکاتی ڕابوردوی تەواو- تێپەڕ**

| ژ | دەمکاتی ڕابوردوی تەواو | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) | ڕاناوی خاوەنی | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هێناومن | هێن | ا | و | م | Ø | ن |
| ٢ | کڕیوتە | کڕ | ی | و | ت | ە | Ø |
| ٣ | بردومانە | بر | د | و | مان | ە | Ø |
| ٤ | گرتویانن | گر | ت | و | یان | Ø | ن |
| ٥ | پساندوتانن | پسان | د | و | تان | Ø | ن |
| ٦ | کوشتوتین | کوش | ت | و | ت | Ø | ین |

مۆرفیمی کاتی ئێستا، لەکاتێکدا دەردەکەوێ کە بەرکارەکە کەسی سێیەمی تاك بێ، وەك لە ڕستەکانی (2 و3)دا دیارە، بەڵام لەگەڵ کەسەکانی تر دەرناکەوێ؛ وەك لە ڕستەکانی (1، 4، 5 و6)دا دیارە. ئەگەر بکەر و بەرکاری ڕستەکە هەردوکیان کەسی سێەمی تاك بن، ئەوا پێویستیی بە دو ناوبڕ دەبێ، ناوبڕی (ی) دەچێتە پێش مۆرفیمی کاتی ئێستا و ناوبڕی (ت) لە دوای ڕاناوی بەرکارەکە دێت (کە دەرنەکەوتوە)، لەبەرئەوەی ناوبڕی (ی)

دەچێتە شوێنی (ی)ی ڕاناوی کەسی سێیەم بۆیە ڕاناوەکە دەچێتە کۆتایی و دەکەوێتە دوای (ە)ی کاتی ئێستا بۆیە پێویستی بە ناوبڕی (تـ) دەبێ[1].

گـرتن: گـر + ت + و + نـاوبڕی (یـ) + م.ئێستا (ە) + نـاوبڕی (تـ) + ڕانـاو (ی) = گرتویەتی

بـردن: بـر + د + و + نـاوبڕی (یـ) + م.ئێستا (ە) + نـاوبڕی (تـ) + ڕانـاو (ی) = بردویەتی

کـردن : کـر + د + و + نـاوبڕی (یـ) + م.ئێستا (ە) + نـاوبڕی (تـ) + ڕانـاو (ی) = کردویەتی


هەندێ کـات مـۆرفیمی ئاوەڵنـاوی کـراو (و)، (یـ)ی بـۆ بـەکاردێ ئەمـەش بـەهۆی بارودۆخی دەنگسازی و شێوەزارەوە[2]:

کاری تێنەپەڕ:(نوستیمە، نوستی، نوستییە، نوستیینە، نوستینە/نوستونە)

کاری تێپەڕ:(نوسیتم، نوسیتت، نوسیتی، نوسیمانە، نوسیتانە، نوسیانە)

هەندێ جـار مـۆرفیمی کـاتی ئێستا لـە دوای مـۆرفیمی ئاوەڵنـاوی کـراو (و)ەکـە دەپەڕێتـە دوای ڕاناو، بۆ نمونە: نوستونە/ نوستینە، هاتوینە/ هاتینە، کردویانە...هتد.

بـواری کـارکردنی دەمکـاتی ڕابـوردوی تـەواو، لـەنێوان ڕابـوردو و ئێسـتادایە، واتە؛ پـێش دەمـی ئاخـاوتن کارەکـە ڕویـداوە، یـان تـا دەمـی ئاخـاوتن بەردەوامـە، یـاخود ئەگـەر تـەواویش بـوبێ، شـوێنەواری کارەکـە یـان کاریگەرییەکـەی تـا پـێش ئێسـتا (دەمـی ئاخـاوتن) مـاوە. وەک لەم هێڵکاریەدا دیارە:




**هێڵکاری 2. 8 بواری ڕودانی ڕابوردوی تەواو**

[1] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، 2023،ڕێزمانی بەراورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، 43.

[2] لە زاری باکور و شێوەزاری سۆرانی لە زاری ناوەڕاست (ی) لە بری (و) بەکاردێ و لە زاری خوارووی زمانی کوردیدا (گ) بەکاردێ. (نوستوە Ø/ خەوتوە Ø ← نڤستیە Ø ← خەفتگە Ø).

یاسای دارشتنی دەمکاتی ڕابوردوی تەواو، لە کارە دارێژراو و لێکدراوەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە کارە دارێژراوە تێنەپەڕەکاندا: لەگەڵ ئەو جۆرە کارانە، ڕاناوەکە دەکەوێتە کۆتایی کارەکە. وەکو: هەڵچووەـ پێشگر(هەڵ) + ڕەگ(چ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(و) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا(ە) + ڕاناو(Ø). لە کارە دارێژراوە تێپەڕەکانیشدا، ڕاناوی لکاوی بکەر دەکەوێتە دوای پێشگر، ڕاناوی لکاوی بەرکار دەکەوێتە کۆتایی کارەکە. وەکو: دەرمانکردونـ پێشگر(دەر) + ڕاناو(مانـ) + ڕەگ(کر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(د)+ مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا(ە) + ڕاناو(ن).

هەروەها لە کاری لێکدراو لە کارە تێنەپەڕەکانیشدا بە هەمان شێوە، ڕاناوی لکاو دەکەوێتە کۆتایی کارەکە، واتە؛ لە هەمو کارە تێنەپەڕەکاندا ڕاناو دەکەوێتە کۆتایی، تەنیا لە کارە ناوێزەکان نەبێ، وەك: غاردان، ڕاکردن،.... ئەویش هۆی ئەوەیە چاوگی (دان) و (کردن) خۆیان تێپەڕن. بۆ نمونە: ڕزگاربووینـ بەشی یەکەمی کارەکە(ڕزگار) + ڕەگ(بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(و) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا(Ø) + ڕاناو(ین)). لەکارە تێپەڕەکانیشدا، یەکێك لە ڕاناوەکان دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە و ڕاناوەکەی تر دەکەوێتە کۆتایی کارەکە، وەکو: دەستتان بەسەرداگرتوەـ دەست + تان + بەسەردا + ڕەگی کار(گر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ت) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا(ە) + ڕاناو(Ø).

(ت،ە)

سادەترین ڕستە: نوستوەØ. گرتومانن.

ڕستەی ئاسایی: ئەو نوستوە. ئێوە دزەکەتان گرتوە[1].

ڕستەی سادەی فراوانکراو: پەیمان لە سەر ڕایەخە کۆنەکە نوستوە.

بەیان هەمو شوشە بەتاڵەکانی بە ئاو و پاککەرەوەی تایبەت شوشتوە.

---

[1] لە نوسیندا بەپێی کەرتکردنی بڕگەسازی، دەشێ بە دو شێوە بنوسرێ: گرتووەØ← /گر/ تو/ وەØ/، لەم شێوازەدا (و)ی دوەم وەکو نەبزوێن، ناوبڕە لەنێوان دو بزوێن، بەڵام لە گرتوەØ ← /گر/ توەØ/، دەبێتە دو بڕگە و پێویست بە ناوبڕ ناکا. پێویستە ئەوانەی (و)ی بزوێن بە دو (وو) دەنوسن، ئەم دارشتنە بکەن بە سێ (ووو) و دەبێتە گرتوووەØ.

(د،ە)

سادەترین ڕستە: مردون.    بردویانن.

ڕستەی ئاسایی: ئەو مردوە.       میوانەکان تۆپەکەیان بردوە.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە جیهاندا بە هۆی پەتایەکی کوشندەی وەکو کۆڕۆنا مردون.  سێوە لاسورە خۆشەکەیان بۆ ناردوم.

(ا، ە)

سادەترین ڕستە: گریاوە.  کێشاویانە.

ڕستەی ئاسایی: پەنجەرەکە شکاوە.  تۆ بارەکەت کێشاوە.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: جانتای قوتابییە زیرەکە ژیرەکە لە پارەوە دڕاوە.

تۆ وێنەی سەرۆکە بەناوبانگەکانی جیهانت کێشاوە.

(و، ە)

سادەترین ڕستە: چووە.

ڕستەی ئاسایی: ئەو چووە. زەردەشت وای فەرمووە.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: بەفرین چووە بۆ کتێبخانەی گشتی شارەکەمان.

(یـ، ە)

سادەترین ڕستە: وەریون.    کڕیویانن.

ڕستەی ئاسایی: گەڵاکان وەریون.    تۆ دەستت بڕیوە.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: بەم وەرزی پاییزە گەڵاکان هەمو وەریون.

گشت خوێندکارانی پۆلەکەمان وانەکانیان نوسیوە.

ئەم دەمکاتە، ڕودانی کارێك لە کاتی دەستپێکردنییەوە لە ڕابوردو دەردەخا تاکو ئێستا. ئەگەر کارەکە تەواویش بوبێ؛ هێشتا کاریگەری و ئاسەواری ئەم ڕودانە هەر ماوە. ئەڵۆمۆرفەکانی کاتی ڕابوردو لە سادەترین ڕستەدا دەکەونە پێش مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو.

**5-2-2-2- دەمکاتی ڕابوردوی خۆزگەیی:**

دەمکـــاتی ڕابـــوردوی خۆزگـــەیی، لـــە کۆمەڵـــەی دەمکـــاتە لێکدراوەکانـــە، چونکـــە دو مـــۆڕفیمی کاتی تیادایە، مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو و مۆڕفیمی کاتی ئێستا پێکهاتون.

**1-5-2-2-2- دەمکاتی ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی:**

**1-1-5-2-2-2ــــ- لە کـــاری تێـــنەپەڕ:** شـــێوەی دارشـــتنی دەمکـــاتی ڕابـــوردوی ئاســـایی خۆزگـــەیی لە کـــاری تێـــنەپەڕدا بەم شـــێوەیە: [مـــۆڕفیمی ئارایی(بــ) + ڕەگـــی کـــار + مـــۆڕفیمی کـــاتی ڕابـــوردو(ا/ ی/ ت/ د/ و) + دوبـــارەی مـــۆڕفیمی ئـــارایی (بـــ) + مـــۆڕفیمی کـــاتی ڕابـــوردو(ا) + ڕانـــاوی لکـــاوی ڕێککەوتـــن (م، ی، Ø، یـــن، ن، ن)]. وەک لەم خشـــتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 11 دەمکاتی ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی- تێنەپەڕ**

| ژ | دەمکاتی ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی | مۆڕفیمی ئارایی(بـ) | ڕەگی کار | مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو | دوبارەی مۆڕفیمی(بـ) | مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ا) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بسوتابام/سوتابام | بـ | سوتـ | ا | بـ | ا | م |
| ٢ | بچوباین/چوباین | بـ | چ | و | بـ | ا | ین |
| ٣ | بهاتبای/هاتبای | بـ | ها | تـ | بـ | ا | ی |
| ٤ | بڕۆیشتبان/ڕۆیشتبان | بـ | ڕۆیشـ | تـ | بـ | ا | ن |
| ٥ | بومربیا/ومربیا | بـ | ومر | یـ | بـ | ا | Ø |
| ٦ | بمردبان/مردبان | بـ | مر | د | بـ | ا | ن |

لـــەم ڕســـتانەی ســـەرەوەدا، ڕانـــاوی ڕێککـــەوتن لە ڕســـتەکانی(2، 3 و4) بـــکەرن و لە ڕستەکانی (1، 5 و6) بەرکارن.


**2-1-5-2-2-2- لە کـــاری تێـــپەڕ:** ڕۆنـــانی دەمکـــاتی ڕابـــوردوی ئاســـایی خۆزگـــەیی لە کـــاری تێـــپەڕدا بەم شـــێوەیە: [مـــۆڕفیمی ئارایی(بــ) + ڕانـــاوی لکـــاوی خـــاوەنی (م، ت، ی، مـــان، تـــان، یـــان) بکـــەر + ڕەگـــی کـــار + مـــۆڕفیمی کـــاتی ڕابـــوردو(ا/ ی/ ت/ د/ و) + دوبـــارەی مـــۆڕفیمی ئـــارایی + مـــۆڕفیمی کـــاتی ڕابـــوردو(ا) + ڕانـــاوی لکـــاوی ڕێککەوتـــن (م، ی، Ø، یـــن، ن، ن) بەرکار]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 12 دەمکاتی ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی- تێپەڕ**

| ژ | دەمکاتی ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی | مۆرفیمی ئارایی (بـ) | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | دوبارەی مۆرفیمی (بـ) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بمناردبان | بـ | مـ | نار | د | بـ | ا | ن |
| ٢ | بتکێڵابا | بـ | تـ | کێڵ | ا | بـ | ا | Ø |
| ٣ | بیانگرتبای | بـ | یانـ | گر | تـ | بـ | ا | ی |
| ٤ | بتانسیبان | بـ | تانـ | ناس | یـ | بـ | ا | ن |
| ٥ | بیکرِیباین | بـ | یـ | کڕ | یـ | بـ | ا | ین |
| ٦ | بیانفرۆشتبا | بـ | یانـ | فرۆش | تـ | بـ | ا | Ø |

ئەگەر بەرکاری ڕستەکە، کەسی سێیەمی تاك بێ دەتوانرێ مۆرفیمی ئارایی یەکەم (بـ) لابدەین و ڕاناوی خاوەنی دەکەوێتە پێش ڕاناوی ڕێککەوتن، وەکو: ((بمناردبا، کێڵابات، گرتبایان، ناسیباتان، کڕیبامان، فرۆشتبایان)). کاتێك بەرکاری ڕستەکە کەسەکانی تری جگە لە کەسی سێیەمی تاك بێ، لادانی مۆرفیمی ئارایی و شوێنگۆڕکێی ڕاناوی خاوەنی لە دوای مۆرفیمی ئارایی بۆ پێش ڕاناوی ڕێککەوتن بارودۆخەکە ئاڵۆز دەبێ؛ قسەکەر و خوێنەر توشی سەرلێشێواندن دەکا، بەهۆی ئەوەی کە ڕاناوی ڕێککەوتن بۆ کەسی سێیەمی تاك دەرناکەوێ (Ø)، کارئاسانی بۆ ئەم شێوە دەربڕینە دەکا.

بواری کارکردنی دەمکاتی ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی، لەنێوان ڕابوردو و ئێستا دایە، واتە؛ لە ڕابوردو (پێش دەمی ئاخاوتن) تاوەکو ئێستا (دەمی ئاخاوتن)، کارەکە ڕوینەداوە و ڕوشنادا؛ بەڵکو قسەکەر لە دەمی ئاخاوتن خۆزگە بە ڕودانی ئەو کارە دەکات کە لە ڕابوردودا ڕویدابا، بەڵام ڕوینەداوە و لە ئێستاشدا ئەگەری ڕودانی نییە یان کەمە. ئەم جۆرەیان لەڕوی کارەکیەوە، کەمتر بەکاردێ و ڕێژەی بەکارهێنانی هەر جۆرێکیان بە پێی ناوچە و شێوەزارەکان دەگۆڕێ و ڕەنگە لە هەندێ ناوچەدا، هەندێ هاوشێوەی تر جگە لەمانە بەکاربێ. وەک لەم هێڵکاریەدا دیارە:




**هێڵکاری 2. 9 بواری ڕودانی ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی**

یاسـای دارشـتنی دەمکـاتی ڕابـوردوی ئاسـایی خۆزگـەیی، لـە کـارە دارێـژراو و لێکدراوەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لـە کـارە دارێـژراوە تێنەپەڕەکانـدا: لەگـەڵ ئـەو جـۆرە کارانـە، ڕاناوەکـە دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە. وەکـو: هـەڵچوبای← پێشگر(هەڵـ) + ڕەگ(چـ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(و) + مـۆرفیمی ئارایی(بـ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا) + ڕانـاو(ی). لـە کـارە دارێـژراوە تێپەڕەکانیشـدا، ڕانـاوی لکـاوی بکـەر دەکەوێتـە دوای پێشـگر، ڕانـاوی لکـاوی بـەرکار دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە. وەکـو: دەرمانکردبـان← پێشـگر(دەر) + ڕاناو(مـان) + ڕەگ(کـر) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(د)+ مـۆرفیمی ئارایی(بـ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا)+ ڕاناو(ن).

سـەبارەت بـە کـاری لێکـدراو لـە کـارە تێنەپەڕەکانـدا، ڕانـاوی لکـاو دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە. بـۆ نمونـە: ڕزگـاربووین← بەشـی یەکـەمی کارەکـە(ڕزگار) + ڕەگ(بـ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(و) + مـۆرفیمی ئارایی(بـ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا) + ڕانـاو(ین). لـەکارە تێپەڕەکانیشـدا، یـەکێك لـە ڕاناوەکـان دەکەوێتـە دوای بەشـی یەکـەمی کارەکـە و ڕاناوەکـەی تـر دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە، وەکـو: دەسـتتان بەسـەرداگرتبا← دەسـت + تـان + بەسـەردا + ڕەگـی کـار(گر) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابوردو(تـ) + مـۆرفیمی ئارایی(بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + ڕاناو(Ø).

لـە ئـەنجامی لێکـدانی دو مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو،(د، ت، ا، و، ی)ی کـاری سـەرەکی لەگـەڵ مـۆرفیمی(ا)ی کـاتی ڕابـوردو کـە وەکـو نیشـانەی خۆزگـەیی نـاوی ڕۆیشـتوە و دەکەوێتە دوای (بـ)ی ڕەگی (بون).

**(ت، ا):**

سادەترین ڕستە: کەوتبـاین. گرتبـات.

ڕستەی ئاسایی: خۆزگە کانی هاتبـا. خۆزگە بەیان تۆی دیتبـا.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: خۆزگە گەلی کورد بە هیوای خۆی گەیشتبـا.

خۆزگە هەمو خەون و حەزەکانت بە چاوی خۆت دیتبـا.

**(د، ا):**

سادەترین ڕستە: مردبـاِن.   بردبـاِی.

ڕستەی ئاسایی: خۆزگە دوژمنەکەت مردبـا. خۆزگە تۆ پێنوسەکەت بردبـا.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: خۆزگە دیلانی خوشکی پەروینی هاوڕێم نەمردبـا.

خۆزگە دینە ناسکەنانەکەی خواردبـا.

(ا، ا):

سادەترین ڕستە: گریـابـاِی.   هێنـابـامان.

ڕستەی ئاسایی: خۆزگە زیوەر گریـابـا. خۆزگە زەکەریا دیارییەکەی هێنـابـا.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: خۆزگە شەونم لەو ڕوبارە نەگریسە نەخنکـابـا.

خۆزگە تۆ دیارییە بەنرخەکەت هێنـابـا بۆمان.

(و، ا):

سادەترین ڕستە: چوبـاین.

ڕستەی ئاسایی: خۆزگە هەردی چوبـا.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: خۆزگە کانی چوبـا بۆ ئاهەنگەکەی دراوسێکەیان.

(یـ ، ا):

سادەترین ڕستە: وەرییـبـاِن.   کڕییـبـاِت.

ڕستەی ئاسایی: خۆزگە گەڵاکان وەرییـبـاِن. خۆزگە تۆ باخەکەت کڕییـبـا.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: خۆزگە لە پایزان گەڵای خەمەکانیش وەرییـبـاِن. خۆزگە شیلان وێنە جوانەکانی سەر مێزی دوکاندارەکەی کڕییـبـا.

**2-2-2-5-2- ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی:**

لە ڕابوردوی خۆزگەییدا دەتوانرێ بە دوبارەکردنەوەی مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ا) و زیادکردنی مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە)، جۆرێکی تری ڕابوردوی خۆزگەیی دروستبکرێ، ئەویش ڕابوردوی تەواوی خۆزگەییە. ئەم مۆڕفیمەی کاتی ئێستا(ە)، بواری چالاکی

کارەکـە لـە ڕابـوردوی سـادە درێـژ دەکاتـەوە تـا ئێسـتا. لـەم بـارەدا پێویسـتی بـە نـاوبڕی (یــ) دەبێ، کە دەکەوێتە نێوان دو بزوێنی (ا)ی ڕابوردو و (ە)ی کاتی ئێستا.

### 2-2-2-5-2-1- لە کاری تێنەپەڕ:

شـێوەی داڕشـتنی دەمکـاتی ڕابـوردوی تـەواوی خۆزگـەیی لە کـاری تێـنەپەڕدا بەم شـێوەیە: [مـۆرفیمی ئـارایی (بــ) + ڕەگـی کـار + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا/ ی/ ت/ د/ و) + ڕانـاوی لکــاوی ڕێککەوتــن (م، ی، ø، یــن، ن، ن) + مــۆرفیمی ڕابــوردو (ا) + ناوبڕی(یــــ) + مۆرفیمی ئێستا]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 13 دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی- تێنەپەڕ**

| ژ | دمکاتی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی | مۆرفیمی ئارایی (بـ) | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆرفیمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بسوتامایە/ سوتابامایە | بـ | سوتـ | ا | مـ | ا | یـ | ە |
| ٢ | بچوینایە/ چوبایینایە | بـ | چ | و | ینـ | ا | یـ | ە |
| ٣ | بهاتیایە/ هاتبایە | بـ | ها | تـ | یـ | ا | یـ | ە |
| ٤ | بڕۆیشتنایە/ ڕۆیشتبانایە | بـ | ڕۆیش | تـ | نـ | ا | یـ | ە |
| ٥ | بومرییایە/ ومربیایە | بـ | ومر | یـ | ø | ا | یـ | ە |
| ٦ | بمردنایە/ مردبانایە | بـ | مر | د | نـ | ا | یـ | ە |


لــەم ڕســتانەی ســەرەوەدا، ڕانــاوی ڕێککــەوتن لە ڕســتەکانی (2، 3 و4) بــکەرن و لە ڕستەکانی (1، 5 و6) بەرکارن.

**2-2-2-5-2-2- لە کــاری تێــپەڕ:** ڕۆنــانی دەمکــاتی ڕابــوردوی تــەواوی خۆزگــەیی لە کــاری تێپەڕدا بەم شـێوەیە: [مـۆرفیمی ئارایی(بــ) + ڕانـاوی لکـاوی خـاوەنی (م، ت، ی، مـان، تـان، یــان) بکــەر + ڕەگــی کــار + مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو(ا/ ی/ ت/ د/ و) + ڕانــاوی لکــاوی ڕێککەوتــن (م، ی، ø، یــن، ن، ن) بەرکــار + مــۆرفیمی ڕابــوردو(ا) + ناوبڕی(یــــ) + مۆرفیمی ئێستا]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 14 دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی- تێپەڕ**

| ژ | دمکاتی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی | مۆرفیمی خۆزگەیی(بـ) | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆرفیمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بتگرتمایە | بـ | تـ | گر | تـ | مـ | ا | یـ | ە |
| ٢ | بیانخوێندایە | بـ | یانـ | خوێنـ | د | ø | ا | یـ | ە |
| ٣ | بمناسییایە | بـ | مـ | ناسـ | یـ | ø | ا | یـ | ە |
| ٤ | بیانکڕیتایە | بـ | یانـ | کڕ | یـ | تـ | ا | یـ | ە |
| ٥ | بمانوسینایە | بـ | مانـ | نوسـ | یـ | نـ | ا | یـ | ە |
| ٦ | بتانکوشتینایە | بـ | تانـ | کوشـ | تـ | ینـ | ا | یـ | ە |

بـواری کـارکردنی دەمکـاتی ڕابـوردوی تـەواوی خۆزگـەیی، لـەنێوان ڕابـوردو و ئێسـتا دایـە، واتە؛ لـە پـێش دەمـی ئاخـاوتن تـاوەکو دەمـی ئاخـاوتن، کارەکـە لـە ڕابـوردو ڕوینـەداوە لـە دەمـی ئاخاوتنـدا قسـەکەر خۆزگـەی ڕودانـی بـۆ دەخـوازێ؛ قسـەکەر لـە دەمـی ئاخاوتنـدا خۆزگـە بـە ڕودانـی ئـەو کـارە دەکـات کـە لـە ڕابـوردودا دەکـرا ڕویـدابا، بـەڵام ڕوینـەداوە و ئەگـەری ڕودانـی کارەکـە نـەماوە، واتـە؛ دەکـرا کارەکـە لـە ڕابـوردو ڕوبـدا تـا کـاتی ئێسـتا، بـەڵام ماوەکـە تێپـەڕیکردوە و لـە دەمـی ئاخاوتنیشـدا بـواری ڕودانـی نـەماوە. چونکـە بـونی مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا (ە) بـواری خۆزگـەیی و ڕونـەدانی کارەکـە لـە ڕابـوردو دەردەخـا تـا ئێستا. وەک لەم هێڵکاریەدا دیارە:




**هێڵکاری 2. 10 بواری ڕودنی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی**

یاسـای دارشـتنی دەمکـاتی ڕابـوردوی تـەواوی خۆزگـەیی، لـە کـارە داڕێـژراو و لێکدراوەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لـە کـارە داڕێـژراوە تێنەپەڕەکانـدا: لەگـەڵ ئـەو جـۆرە کارانـە، ڕاناوەکـە دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە. وەکـو: هەڵچوباینایـە← پێشـگر(هەڵ) + ڕەگ(چ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(و) مـۆرفیمی ئارایی(بـ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا) + ڕاناو(ینـ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا) + ناوبری(یـ) + مۆرفیمی ئێسـتا(ە). لـە کـارە داڕێـژراوە تێپەڕەکانیشـدا، ڕانـاوی لکـاوی بکـەر دەکەوێتـە دوای پێشـگر، ڕانـاوی لکـاوی بـەرکار دەکەوێتـە پـێش مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردوی (ا). وەکـو: دەرمانکردبانایـە/ دەرمانبکردنایـە← پێشـگر (دەر) + ڕانـاو (مانـ) + ڕەگ (کـر) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو (د)+ مـۆرفیمی ئـارایی (بـ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو (ا) + ڕانـاو (نـ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا)+ ناوبری(یـ) + مـۆرفیمی ئێسـتا (ە).

سـەبارەت بـە کـاری لێکـدراو لـە کـارە تێنەپەڕەکانـدا، ڕانـاوی لکـاو دەکەوێتـە دوای مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردوی کارەکـە. بـۆ نمونـە: ڕزگاربوینایـە← بەشـی یەکـەمی کارەکـە(ڕزگار) + مـۆرفیمی ئارایی(بـ) + ڕەگ(بـ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(و) + ڕاناو(ینـ) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا) + ناوبری(یـ) + مـۆرفیمی ئێسـتا(ە). لـەکارە

تێپەڕەکانیشدا، یەکێك لە ڕاناوەکان دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە و ڕاناوەکەی تر دەکەوێتە پێش مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی(ا). وەکو: دەستتان بەسەرداگرتبایە← بەشی یەکەمی کارەکە (دەستـ) + تانـ + بەسەردا + ڕەگی کار(گر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(تـ) + مۆرفیمی ئارایی(بـ) + ڕاناو(Ø) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + ناوبڕی(یـ) + مۆرفیمی ئێستا(ە).

لە ڕوی دەرکەوتنی ئەلۆمۆرفەکانی ڕابوردو و مۆرفیمی کاتی ئێستا، بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەون:

(ت،ە)

سادەترین ڕستە: نوستبایە. کوشتبامایە/بمکوشتبایە، بمکوشتایە.

ڕستەی ئاسایی: ئێوە نوستبانایە. تۆ وێنەکت گرتبایە.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: خۆزگە ئەوان شەوێك بە ئاسودەیی نوستبانایە. خۆزگە من وێنەی باڵندەکەم بە خێرایی گرتبایە.

(د،ە)

سادەترین ڕستە: مردبایە. بردبایانایە/ بیانبردایە.

ڕستەی ئاسایی: خۆزگە ئەو مردبایە. خۆزگە تۆ خواردنەکەت بردبایە.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: خۆزگە دێوە دزێوەکە مردبایە. خۆزگە نامە دەنگییەکەم بۆ بەرپرسەکەی تۆ ناردبایە.

(ا،ە)

سادەترین ڕستە: خنکابایە. کێشابامایە/ بمکێشابایە.

ڕستەی ئاسایی: ئەو خنکابایە. ئێوە وێنەتان کێشابایە/ بمکێشابایە.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: خۆزگە ماڵی کەس نەسوتابایە. خۆزگە وێنەکێشەکە وێنەی سروشتی جوانی لادێکەی کێشابایە.

(و،ە)

سادەترین ڕستە: چوبایە.

ڕستەی ئاسایی: ئەو چوبایە.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: خۆزگە هێڵی شەمەندەفەرەکە چوبایە بۆ لادێکە.

(یـ ،ە)

سادەترین ڕستە: وەرپیبایە. دورپیایانایە/ بیاندورپیبایـە.

ڕستەی ئاسایی: خۆزگە گەڵاکە وەرپیبایـە. خۆزگە کراسەم دورپیبایـە.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: خۆزگە گەڵاکانی ئەو دارە هەموی وەرپیبانایـە. خۆزگە قوماشە سورە گەشە ئاڵەکەم لای ئەو کچە دورپیبایـە.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دەبینین کە دابەشبونی مۆرفیمەکانی کات بە شێوەیەکە کە ئەڵۆمۆرفەکانی کاتی ڕابوردو دەکەونە پێش مۆرفیمی خۆزگەیی و مۆرفیمی کاتی ئێستا هەمیشە دەکەوێتە کۆتایی.

### 3-5-2-2-2- ڕابوردوی دوری خۆزگەیی:

لە ڕابوردوی دوری خۆزگەییدا، مۆرفیمی (و)ی کاتی ڕابوردو دەخرێتە دوای (بـ)ی ڕەگی (هە)بون، واتە؛ ڕابوردوی دوری خۆزگەیی دروست دەکرێ بە خستنەسەری (بو) ی یاریدەدەر، بەڵام مۆرفیمی (بـ)ی ئارایی بەکارنایێ. شێوەی ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی دەگۆڕێ بۆ ڕابوردوی دور و بواری چالاکی کارەکە لە ڕابوردوی سادە بۆ ڕابوردوی دور درێژدەکاتەوە. لەم دۆخەدا، ناوبڕی (یـ) دەکەوێتە نێوان مۆرفیمی ڕابوردوی (ا) لەگەڵ مۆرفیمی کاتی ئێستا.

### 1-3-5-2-2-2- لە کاری تێنەپەڕ:

ڕۆنانی دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی لە کاری تێنەپەڕدا بەم شێوەیە: ((ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا/ ی/ ت/ د/ و) + ڕەگی بون(بـ) + مۆرفیمی ڕابوردو (و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن) + + مۆرفیمی ڕابوردو(ا) + ناوبڕی(یـ) + مۆرفیمی ئێستا)). وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 15 دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی- تێنەپەڕ**

| ژ | دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕەگی بون (بـ) | مۆرفیمی ڕابوردو(و) | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆرفیمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سوتابومایە | سوتـ | ا | بـ | و | مـ | ا | یـ | ە |
| ٢ | چوبوینایە | چـ | و | بـ | و | ینـ | ا | یـ | ە |
| ٣ | هاتبوایە | ها | تـ | بـ | و | Ø | ا | یـ | ە |
| ٤ | ڕۆیشتبونایە | ڕۆیشـ | تـ | بـ | و | نـ | ا | یـ | ە |
| ٥ | وەربیوایە | وەر | یـ | بـ | و | Ø | ا | یـ | ە |
| ٦ | مردبونایە | مر | د | بـ | و | نـ | ا | یـ | ە |


لەم ڕستانەی سەرەوەدا، ڕاناوی ڕێککەوتن لە ڕستەکانی (2، 3و4) بکەرن و لە ڕستەکانی (1، 5 و6) بەرکارن.

**2-2-2-5-3-2- لە کاری تێپەڕ:** ڕۆنانی دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی لە کاری تێپەڕدا بەم شێوەیە: [مۆرفیمی ئارایی(بـ) + ڕاناوی لکاوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) بکەر + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ ی/ ت/ د/ و) + ڕەگی بون (بـ) + مۆرفیمی ڕابوردو (و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن) بەرکار + مۆرفیمی ڕابوردو (ا) + ناوبڕی (یـ) + مۆرفیمی ئێستا]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 16 دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی- تێپەڕ**

| ژ | دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی | مۆرفیمی ئارایی (بـ) | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕەگی (بون) | مۆرفیمی ڕابوردو(و) | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆرفیمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بتگرتبوینایە | بـ | تـ | گر | تـ | بـ | و | ینـ | ا | یـ | ە |
| ٢ | بیانخوێندبوایە | بـ | یانـ | خوێنـ | د | بـ | و | Ø | ا | یـ | ە |
| ٣ | بمناناسیبونایە | بـ | مانـ | ناسـ | یـ | بـ | و | نـ | ا | یـ | ە |
| ٤ | بیانکڕیبوایە | بـ | یانـ | کڕ | یـ | بـ | و | Ø | ا | یـ | ە |
| ٥ | بینوسیبونایە | بـ | یـ | نوسـ | یـ | بـ | و | نـ | ا | یـ | ە |
| ٦ | بتانکوشتبومایە | بـ | تانـ | کوشـ | تـ | بـ | و | مـ | ا | یـ | ە |

بواری کارکردنی دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی، بواری خۆزگەیی ڕودانی کارەکە لە ڕابوردوی سادەوە بۆ ڕابوردوی دور درێژدەکاتەوە و ئەگەری ڕودانەکە دورتر دەخرێتەوە، واتە؛ قسەکەر لە دەمی ئاخاوتندا خۆزگە بە ڕودانی ئەو کارە دەکات کە لە ڕابوردویەکی دوردا دەکرا ڕویدابا، بەڵام ڕوینەداوە و ئەگەری ڕودانی کارەکەش نەماوە. بواری ڕودانی کارەکە دەکەوێتە نێوان ڕابوردو لەگەڵ ڕابوردوی دور (کاتێکی دورتر لە پێش دەمی ئاخاوتن). بەهۆی هەبونی سێ مۆرفیمی ڕابوردو (مۆرفیمی ڕابوردوی کارە سەرەکییەکە، مۆرفیمی ڕابوردوی کاری (بون)، مۆرفیمی ڕابوردوی تایبەت بە نیشاندانی خۆزگەیی). وەک لەم هێڵکارییەدا دیارە:




**هێڵکاری 2. 11 بواری ڕوودانی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی**

یاسای داڕشتنی دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی، لە کارە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە کارە داڕێژراوە تێنەپەڕەکاندا: لەگەڵ ئەو جۆرە کارانە، ڕاناوەکە دەکەوێتە پێش مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا). وەکو: هەڵچوبوینایە← پێشگر(هەڵ) + ڕەگ(چ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(و) مۆرفیمی ئارایی(بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(و) + ڕاناو(ینـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + ناوبری(یـ) + مۆرفیمی ئێستا(ە). لە کارە داڕێژراوە تێپەڕەکانیشدا، ڕاناوی لکاوی بکەر دەکەوێتە دوای پێشگر، ڕاناوی لکاوی بەرکار دەکەوێتە پێش مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی(ا). وەکو: دەرمانکردبونایە← پێشگر(دەر) + ڕاناو(مان) + ڕەگ (کر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(د)+ مۆرفیمی ئارایی(بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(و) + ڕاناو(نـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا)+ ناوبری(یـ) + مۆرفیمی ئێستا(ە).

سەبارەت بە کاری لێکدراو لە کارە تێنەپەڕەکاندا، ڕاناوی لکاو دەکەوێتە دوای مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(و). بۆ نمونە: ڕزگاربوبوینایە← بەشی یەکەمی کارەکە (ڕزگار) + ڕەگ(ب) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(و) + مۆرفیمی ئارایی(بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + ڕاناو(ینـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + ناوبری(یـ) + مۆرفیمی ئێستا(ە). لەکارە تێپەڕەکانیشدا، یەکێك لە ڕاناوەکان دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە و ڕاناوەکەی تر دەکەوێتە پێش مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی(ا). وەکو: دەستتان بەسەرداگرتبوایە← بەشی یەکەمی کارەکە (دەست) + ڕاناو(تان) + بەسەردا + ڕەگی کار(گر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ت) + مۆرفیمی ئارایی (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(و) + ڕاناو(Ø) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + ناوبری(یـ) + مۆرفیمی ئێستا(ە). ئەو مۆرفیمە کاتانەی لەم دەمکاتەدا بەیەکەوە دێن، هەریەکە لە ئەڵۆمۆرفەکانی

کــاتی ڕابــوردو و مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردوی(و) لەگــەڵ مــۆرفیمی کــاتی ئێســتان؛ بــەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەون:

(ت، و، ە): سادەترین ڕستە: هاتبـوایـە. وەریانگرتبـوایـە.

ڕستەی ئاسایی: تۆ هاتبـوای. ئەوان نوسراوەکەیان وەرگرتبوایـە.

ڕســـتەی ســـادەی فراوانکـــراو: خۆزگـــە وەرزی گەیشـــتنی هـــەمو ئاواتـــەکان هاتبـوایـە.

خۆزگە منداڵەکان ئامۆژگاری و قسەکانی دایك و باوکیان وەرگرتـبـوایـە.

(د، و، ە): سادەترین ڕستە: مردبـوایـە. بردبـویانایـە/ بیانبردبوایە.

ڕستەی ئاسایی: خۆزگە ئەو مردبـوایـە. خۆزگە ئەو نانەکەی بردبـوایـە.

ڕسـتەی سـادەی فراوانکـراو: خۆزگـە ویژدانـی کـوڕە باڵابەرزەکـە بەرامبـەر دایـك و بـاوکی هەرگیز نەمردبـوایـە.

خۆزگە هەورین نانی لە نانەواخانە خاوێنەکەی ئەوسەری کۆڵانەکە بردبـوایـە.

(ا، و، ە): سادەترین ڕستە: گریابـوایـە. کێشابـوایـــە.

ڕستەی ئاسایی: خۆزگە خانوەکە نەسوتـابوایە. خۆزگە دیلەکان نەگیرابونایە.

ڕســتەی ســادەی فراوانکــراو: خۆزگــە زنجیرەکــە پســابوایە. خۆزگــە بــەردی بناغــەی زانکۆکەیان دانـابـوایـە.

(و، و، ە): سادەترین ڕستە: چوبوایە.

ڕستەی ئاسایی: خۆزگە ئەوان چوبونایە.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: خۆزگە منداڵەکە پێش دەستپێکردنی شەڕەکە بوبوایە.

(یـ ، و، ە)

سادەترین ڕستە: وەریـبـوایە. بیانبڕیـبـوایە.

ڕستەی ئاسایی: خۆزگە گوڵەکە وەریـبـوایە. خۆزگە ئەوان کراسەکەیان بڕیـبـوایە.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: خۆزگە دوێنێ ئێوارە کۆترەکە لە باخچەکە دا فڕیـبـوایە.

خۆزگە زەوییە فراوانەکەی گەڕەکی سەرەوەمان کڕیبوایە.

جگە لەم سێ جۆرەی لەسەرەوە باسمانکرد، هەندێ لە ڕێزماننوسە کوردەکان ئاماژەیان بە ڕابوردوی بەردەوامی خۆزگەیی داوە؛ لەوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، مهاباد کامل عەبدوڵڵا، بێستون حەسەن ئەحمەد، لیژنەی کۆڕی زانیاری کورد، شەهاب شێخ تەیب تاهیر)، ڕۆنان و داڕشتنی ڕابوردوی بەردەوامی خۆزگەیی بەم شێوەیە دەردەخەن: ((مۆرفیمی ئارایی(بـ) + ڕاناوی لکاوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا/ ی/ ت/ د/ و) + دوبارەی مۆرفیمی ئارایی + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن))) بمان ناردبایە، بمان فرۆشتبایە، بهاتبام. بەڵام (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی - عاتف عەبدوڵڵا فەرهادی) جیاوازتر لەمانەی سەرەوە دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوامی خۆزگەییان باسکردوە و زیاتر پەیوەستیان کردوە بەو دەربڕینانەی لە ڕستەکەدا بەکاردێن، واتە؛ لەڕوی وشەسازییەوە هەر ڕابوردوی بەردەوام بەم دەمکاتە دادەنێن لەگەڵ بەکارهێنان و دانانی دەربڕینی تایبەت بە خۆزگەیی.

تێپەڕ: دەمکوشتن.

تێنەپەڕ (دە + ڕەگ + م.کات + جێناوی لکاو): دەچوم.[1]

دەربڕینەکانی (خۆزگە، بریا، کاشکی) لە ڕستەی خاوەن دەمکاتی خۆزگەیی دەردەکەون و زیاتر ئاماژە بە خۆزگەی ڕودان یان ڕونەدانی کارەکە دەکەن. کە دەکرێ زیاتر ڕستە خۆزگەییەکان دەربخەن و بناسرێنەوە.

**خۆزگە**
**کاشکی**
**بریا** — **+ ڕابوردوی بەردەوام/ تێپەڕ(دە + جێناوی لکاو + ڕەگ +م.کات + جێناوی لکاو)**
**خۆزی**

2

**هێڵکاری 2. 12 ڕستە خۆزگەییەکانی ڕابوردوی بەردەوام**

---

[1] ساجیدە عەبدوڵڵا، عاتف عەبدوڵڵا، شێوازی خۆزگەیی لە زمانی کوردیدا،2021، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 49، 24.
[2] هەمان سەرچاوەی پێشو، 24.

دەمکــاتی ڕابــوردوی خۆزگــەیی لای هەنــدێك لــە ڕێزماننوســەکان بــە یــەك شــێوە و یــەك ڕۆنــان باســکراوە، وەك ((دانیشــتبم، دانیشــتبیت، خــواردبم، خواردبــت)). ناونــانی مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو (ا) بــەم نــاوە، بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە کــە لــەدوای مــۆرفیمی ئــارایی (بـــ) دەردەکــەوێ، مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو (و) بــوە، بــەڵام گــۆڕاوە بــۆ (ا) لەبەرئــەوەی ئــەم ڕۆنــان و داڕشــتنە تێکــەڵ دەبــێ لەگــەڵ دەمکــاتی ڕابــوردوی دور. بــۆ نمونــە: (هاتبــام دەبێتــە هــاتبوم). کــە ســەیری ڕابــوردوی دوری خۆزگــەیی دەکــەین دەبینــین کــە کــاری یــاردەدەری (بــو) لــە نــاو ڕۆنــانی دەمکاتەکــە بــونی هەیــە و مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو (ا)یــش هــەر دەردەکــەوێ. ئــەم مۆرفیمــە نیشــانەیەکی تایبەتــە بــە خۆزگــەیی و دەکــرێ بــە نیشــانەی خۆزگــەیی یــان مــۆرفیمی ڕێــژەی خۆزگــەیی نــاوببرێ، چونکــە لەهــەر ســێ جۆرەکــەی ڕابــوردوی خۆزگــەیی مەرجــە دەرکــەوێ و ناتوانرێــت فەرامۆشــبکرێ یــان بــە مــۆرفیمێکی تری کاتی ڕابوردو بگۆڕدرێ. وەك:

هاتبام، بمناردبا، ناردبوبام، بهاتمایە، بمناردبایە، بمناردبوایە.

بەتایبــەتی لــە ڕابــوردوی دوری خۆزگــەیی، ئەگــەر (ا) بــە مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو دابنێــین لــە ڕۆنــان و داڕشــتنی شــێوەی ئــەم دەمکاتــەدا؛ دەبینــین ســێ مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو (مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردوی کــارە ســەرەکییەکە، مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردوی کــاری (بــون)- (و)، مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردوی تایبــەت بــە خۆزگــەیی (ا)) ســەرەڕای هــەبونی مــۆرفیمی کــاتی ئێسـتا (ە) بەیەکـەوەدێن. وەکـو: بــمناردبــوایــە. بـەڵام ئـەم مۆرفیمـە تایبەتـە بـە خۆزگـەیی و دەکــرێ وەکــو نیشــانەی خۆزگــەیی ناویببــەین، جیــای بکەینــەوە لــەو دو مۆرفیمــەی کــاتی ڕابــوردو کــە لــە دەمکــاتی ڕابــوردوی دوری خۆزگــەیی دەردەکــەون و هــەروەها لــە ڕابــوردوی ئاسـایی خۆزگـەیی و تـەواوی خۆزگـەییش مـۆرفیمێکی کـاتی ڕابـوردو و مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا دەردەکەون و ئەم مۆرفیمی(ا)ە شێوازی خۆزگەیی بە کارەکە دەبەخشێت.

لــە دەمکــاتی ڕابــوردودا، بــەپێی دورو نزیکــی کــاتی ڕودانــی کارەکــان لــە کــاتی ئێســتا – دەمــی ئاخــاوتن وەك لــە ســەرەوە باســمانکرد چەنــد دەمکاتێــك دروســتدەکا. ڕێــژەی دورونزیکــی ئەم کاتانە و بواری ڕودانی دەمکاتەکانی ڕابوردو لە هێڵکارییەکدا دەردەخەین:

شــێوەی جیــاواز لــە بــەکارهێنان و شــوێنگۆڕکێی ئارەزومەندانــەی مــۆرفیمی ئــارایی لــە دەمکاتــەکانی ڕابــوردوی خۆزگەییــدا بەدیــدەکرێ، ئەمــەش هۆیەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ ئاســانی لــە دەربڕینــدا، لەبەرئــەوەی بــەپێی هەنــدێ ناوچــە و شــێوەزار شــێوەی جیــاواز لــە بــەکارهێنان و ڕیزبەنــدی مۆرفیمــەکان هەیــە. هــەروەها قســەکەر بــۆ ئاســانی دەربــڕین، شــوێنی مــۆرفیمی

ئـارایی دەگـۆڕێ یـان لایـدەبا، دەربڕینــی (بمکوشـتایە) ئاسـانترە لـە دەربڕینــی (بمکوشـتبایە) و زۆر ئاسانتریشــە لــە دەربڕینــی (کوشــتبامایە). واتــە؛ ئــەو بەکارهێنانــە جیاوازانــە بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە، لــە زمــانی کوردیــدا، زۆربــەی کــات بــەکارهێنان و شــوێنگۆڕکێی مــۆرفیمی ئارایی لە دەمکاتە خۆزگەییەکاندا بەدیدەکرێ، بۆ نمونە:

بسـوتابام ← سـوتابام دەمکـاتی ڕابـوردوی خۆزگـەیی. (لێـرەدا، دو مـۆرفیمی ئـارایی بـونی هەیە و دەشێ مۆرفیمی سەرەتا لاببرێ)

بمناردبان ← ناردبامن

بیانفرۆشتبا ← فرۆشتبایان

بهاتبایە ← هاتبایە دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی.

بردبایانایە ← بیانبردایە

سوتابومایە ← بسوتابومایە/ سوتابومایە دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی

بردبویانایە ← بیانبردبوایە

وەریبوایە ← بوەرییایە.

لــە دەمکــاتی ڕابــودوی خۆزگەییــدا، بــە هــۆی ئاســانی دەربــڕین و کەمکردنــەوەی لایــەنی ئـاڵۆزی بـەکارهێنانی مـۆرفیمی ئـارایی، ئـەوە بـە پەسـەندتر دادەنـرێ کـە مـۆرفیمی ئـارایی لـە سـەرەتا نەیـەت، بـەڵکو بـەپێی (ئاسـایی، تـەواو، دور)ی دەمکاتـەکان، بکەوێتـە بەشـی کۆتـایی کارەکان. وەکو:

هاتبا، هاتبایە، هاتبوایە.

فرۆشتبای، فرۆشتبایە، فرۆشتبوایە.

### 6-2-2-2- دەمکاتی ئێستا/ ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا:

ئەم دەمکـاتە لە کـۆمەڵەی دەمکـاتە سـادەکانە، چـونکە تەنیـا یەک مـۆرفیمی کـاتی تێـدایە. ئــەم دەمکاتــە کارەکــانی لــە دەمــی ئاخاوتنــدا ڕودەدەن. مەبەســت لــەکاتی ئێســتا ئــەو ڕســتانەن، کــە تــەنیا مۆرفیمی کــاتی ئێستایان تیادایــە. بـواری ڕودانــی ئـەم جـۆرە کارانــە دەمــی ئاخاوتنــە، واتــە لــە دەمــی ئاخاوتنــدا ڕودانــی کارەکــە لــە ئارادایــە. ئــەم جــۆرە ڕســتانە تــەنیا لەگــەڵ ڕەگــی (هــە(بون))[1] دروســتدەبن، بــەڵام ئــەم ڕەگــە دەرناکــەوێ لەبەرئــەوەی لــەم بــارەدا ئەگــەر دەرکەوێ ڕستەکە دەگۆڕێ بۆ فەرماندان.

---

[1] لێرەدا، ئەمە ڕەگی (بون)ە، بەڵام (هەبون)یش ڕوێکی تری (بون)ە و پێشگری (هەیی) کەوتۆتە پێش (بون).

**2-2-2-6-1- لە کاری تێنەپەڕ:** ڕۆنانی دەمکاتی ئێستا لە کاری تێنەپەڕدا بەم شێوەیە: [فرێزی ناوی + ڕەگی هەبون + مۆرفیمی ئێستا + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 17 دەمکاتی ئێستا- تێنەپەڕ**

| ژ | دەمکاتی ئێستا | فرێزی ناوی | ڕەگی (بون) | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کوردم | کورد | Ø | Ø | م |
| ٢ | جوانی | جوان | Ø | Ø | ی |
| ٣ | پیاوە | پیاو | Ø | ە | Ø |
| ٤ | ئازاین | ئازا | Ø | Ø | ین |
| ٥ | ژیرن | ژیر | Ø | Ø | ن |
| ٦ | مەردن | مەرد | Ø | Ø | ن |

ڕاناو لە ڕستەکانی سەرەوەدا بەرکارن، لەبەرئەوەی ڕەگی هەبون تێنەپەڕێکی بەرکارییە.


**2-2-2-6-2- لە کاری تێپەڕ:** ڕستەی کاتی ئێستا لە کاری تێپەڕ دروستناکرێ، تەنیا بە شێوەی فەرماندان نەبێ. لەبەرئەوەی لە کاری تێنەپەڕ بە یارمەتی ڕەگی ((هە)بون) لەگەڵ فرێزی ناویدا شێوەی دەمکاتی ئێستا دروستدەبێ، بەڵام لە کاری تێپەڕدا؛ بەهیچ شێوەیەك ڕەگی کارە سەرەکییە و ڕەگی هەبون و مۆرفیمی کاتی ئێستا بەیەکەوە نایەن بەهۆی ئەوەی مۆرفیمی کاتی ئێستا مۆرفیمێکی کورتە و بەتەنیا ناتوانێ دو ڕەگی کاربەیەکەوە ببەستێتەوە لە شێوەی دەمکاتێکی سەربەخۆدا.

بواری کارکردنی دەمکاتی ئێستا، لەناو دەمی ئاخاوتن دایە. واتە؛ کارەکە لە ڕوداندایە لەمیانەی کاتی قسەکردنەکە و کاتێکی زۆر کورت خایەن و سرکە؛ هەر لەبەرئەوەشە مۆرفیمی کاتی ئێستا مۆرفیمێکی کورت و ناسکە. کارەکە نە لە ڕابوردو ڕویداوە و کۆتایی هاتبێ و بکەوێتە پێش دەمی ئاخاوتن؛ نە دەکەوێتە دوای دەمی ئاخاوتن. زۆر جار

---

خانوەکە هی منە. هی من بو.
خانوێکم هەیە. هەبو.
هەیە ← هە (پێشگر) + (ب ←Ø) + ە (ئێستا) + ڕاناو (Ø)
هە ـــــــ یـ ە
V ناوبڕ(C) V

ڕودانــی کارەکــە هاوتــەریب دەبــێ لەگــەڵ دەمــی ئاخــاوتن. دەمــی ئاخــاوتن ســنورە بــۆ دەستنیشــانکردنی کــات و پەیوەنــدی بــە بەشــداربوانی نــاو ئاخاوتنەکــەوە هەیــە، کاتێــك بەشــداربویەك قســەدەکات و بەشــداربویەکی تــر گوێــدەگرێت دواتــر بەشــداربوی دوەم قســە دەکــات و بەشــداربوی یەکــەم گوێــدەگرێت، واتــە؛ ئــەم ڕۆڵــی قســەکردن و گوێگرتنــە لــەنێوان هــەردو بەشــداربوی ئاخاوتنەکــە ئــاڵوگۆڕ دەبــێ لــە ماوەیــەکی زۆر کورتــدا. بــواری کــارکردنی ئەم دەمکاتە لەم هێڵکاریەدا دیارە:




**هێڵکاری 2. 13 بواری ڕودانی دەمکاتی ئێستا**

سادەترین ڕستە: ئەو جوانە.

ڕستەی ئاسایی: ژیر پیاوە.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: کچە پرچ زەردە چاو کاڵە بەژن درێژەکە ئامۆزامە.

لــە ڕســتەی هەواڵــدانی کــاتی ئێســتادا، دەبینــرێ کــە بەشــداربوی یەکــەم لــەناو قســەکردندایە، ئــەوە دەمکــاتی ئێســتا و کــاتی ئاخاوتنــە، بــۆ بەشــداربوی دوەمــیش بــە هــەمان شــێوە، بــەڵام کــاتی وەســتانی بەشــداربوی یەکــەم لــە قســە و دەســتپێکردنی ئاخــاوتن لای بەشــداربوی دوەم، ئــەوا دەربڕینــــەکانی بەشــــداربوی یەکــــەم دەبێتــــە ڕابــــوردو و ئاخــــاوتنی بەشــــداربوی دوەم دەربڕینــەکانی گوزارشــت لــە دەمــی ئاخــاوتن دەکــا، واتــە؛ قســەکەر و گــوێگر وەك دو ئاراســتە کاردەکەن بۆ دەستنیشانکردنی کات. وەك لەم نمونەی خوارەوە زیاتر ڕوندەبێتەوە.

ب. یەکەم: من پێم باشە خوێندنەکەمان بکەین و دواتر گەشت بکەین.

ب. دوەم: ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین، وا دەکەین کە تۆ تازە گوتت.

(گوتــت) ئامــاژە بــە کــاتی ڕابــوردو دەکــات کــە ئاخــاوتنی بەشــداربوی یەکــەم دەگرێتــەوە. کــاتی ئاخــاوتن ڕۆلێکــی ســەرەکی لــە گەیانــدنی مەبەســتی قســەکەر دەبینــێ، دەربڕینــەکان لــەکاتی خۆیاندا بەهاکەیان دەردەکەوێ، بۆ نمونە:

من پێم وایە یانەی هەولێر لەو یارییەدا دەیباتەوە.

بەهاکەی لە کاتی ئەنجامدانی یارییەکە دەردەکەوێت، کە یارییەکە تەواو بو و ئەنجامەکە ئاشکرا بو ئیتر بەهاکەی نامێنێ وەك ئەوەی لە کاتی قسەکردنەکەدا بەهاکەی دیارە. یان کاتێك لە ڕستەدا کاتی گوتنەکە و کاتی ڕوداوەکە لە هەمان ڕۆژە، بۆ نمونە کە دەڵێی: تۆ ئەمڕۆ چاوپێکەوتنت هەیە.

ئەگەر کاتی گوتنەکە لە ڕۆژی سێشەممەدا بێت، کەواتە کاتی ڕوداوەکەش (چاوپێکەوتنەکە) هەر لە ڕۆژی سێشەممە ئەنجام دەدرێ، ئەمەش لەڕێگەی وشەو دەربڕینی (ئەمڕۆ) کاتی ڕوداوەکە دەستنیشانکراوە. کاتی ئێستا لە ڕوی واتای ڕودانی کارەکان، دو واتای بنەڕەتی هەیە (یەکەم- ڕودانێك ڕادەگەیەنێ، کە لەگەڵ دەمی ئاخاوتندا یەك بکەوێ . دوەم- ڕودانێك، کە بەبەردەوامی جێبەجێ دەکرێ، لە گشت کاتێکدا و لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ دەمی ئاخاوتندا یەك دەکەوێ)[1] بۆ نمونە:

ئەو زیرەکە .

ئاسمان شینە.

لەڕستەی یەکەمدا، کاتی ئێستایە و لە گەڵ دەمی ئاخاوتن هاوتەریبە. ڕستەی دوەم (ئاسمان شینە) واتای ئەوەیە کە شینی ئاسمان لە هەمو کاتێکدا و لەگەڵ دەمی ئاخاوتندا یەکدەبێ. دەکرێ بوترێ ڕودانی ئەو کارانەی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، زیاتر لە دەمی ئاخاوتندا کاتی ڕودانەکە دەردەکەوێ، بەڵام ڕودانی ئەو کارانەی کە بە گشتی نەگۆڕن و بەردەوامییان هەیە (مەرج نییە هەمو کات لەو دۆخی ڕودانەدا بێ)، دەچنە خانەی جۆری دوەمەوە.

کاتی ئێستا، لەپاڵ ئەم دو واتا بنەڕەتییە، (گەلێ جاریش بۆ دەربڕینی ڕودانێك بەکاردێ، کە لە ڕابوردودا ڕوی دابێ، یان بۆ ڕودانێك کە لە ئایندەدا ڕوبدات. بەکارهێنانی کاتی ئێستا بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵێك، کە لە زودا ڕوی دابێ، زیندویەتییەکی گەورە بە گێڕانەوەی چیرۆك دەدات و لە لاتینیدا بۆ ئەم جۆرە دەربڕینە زاراوەی (کاتی ئێستای مێژویی) بەکاردەبرێ)[2] هەروەها کاتی ئێستا بۆ دەربڕینی کارێك بەکاردێ کە لە دەمی ئاخاوتن،

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف ،2014، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دوەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 229.

[2] ئەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی ، 229.

واته(ئـەو دەمـەی شـتێك دەوتـرێ یـان دەنوسـرێ و بـەپێی کـاتی ڕودان هـاوجوت دێـن و کـاتی ئێستا ڕادەگەیەنێ)[1].

**2-2-2-7- فەرمانــدان:** ئــەم دەمکاتــە لــە کۆمەڵــەی دەمکاتــە ســادەکانە، لەبەرئــەوەی یــەك مـۆڕفیمی کـاتی تێدایـە. لـە شـێوەی فەرماندانـدا، کارەکـان تـەنیا ڕاناوەکـانی تایبـەت بـە هـەردو کەسـی (دوەمـی تـاك، دوەمـی کـۆ) وەردەگـرن؛ لەبـەر ئامادەبونیـان لـە کـاتی قسـەکردن و دەمـی ئاخاوتنــدا. کەســەکانی تــری جگــە لــەم دو ڕانــاوە ئامادەییــان نییــە لــە دەمــی ئاخــاوتن و فەرمانـدانی ڕاسـتەوخۆ نایانگرێتـەوە بۆیـە ئـەوان شـێوەی تـر لـەخۆدەگرن، کـە دواتـر باسـیان لێوە دەکەین.

**2-2-2-7-1- لە کــاری تێنــەپەڕ:** ڕۆنــانی شــێوەی فەرمانــدان لــە کــاری تێنــەپەڕدا بەم شــێوەیە: [مــۆڕفیمی فەرماندان(بــ) + ڕەگــی کــار + مــۆرفیمی ئێســتا + ڕانــاوی لکــاوی ڕێککەوتــن ((کەســی دوەمــی تــاك(ø)، کەســی دوەمــی کــۆ(ن))]. وەک لەم خشــتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 18 فەرماندان- تێنەپەڕ**

| ژ | فەرماندان | مۆڕفیمی فەرماندان | ڕەگی کار | مۆڕفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بخەوە | بـ | خەو | ە | Ø |
| ٢ | بنون | بـ | نو | Ø | ن |
| ٣ | بفڕن | بـ | فڕ | Ø | ن |


**2-2-2-7-2- لە کــاری تێــپەڕ:** شـێوەی دارشــتنی فەرمانــدان لــە کــاری تێپــەڕدا بەم شـێوەیە: ((مـۆڕفیمی فەرماندان(بــ) + ڕانــاوی لکــاوی خــاوەنی (م، ت، ی، مــان، تــان، یــان) + ڕەگــی کــار + مــۆرفیمی ئێســتا + ڕانــاوی لکــاوی ڕێککەوتــن (کەســی دوەمــی تــاك(ø)، کەســی دوەمی کۆ(ن))). وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 19 فەرماندان- تێپەڕ**

[1] هەمان سەرچاوە، 229.

| ژ | فەرماندان | مۆرفیمی فەرماندان | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بینوسە | بـ | یـ | نوس | ە | Ø |
| ٢ | بیانبرن | بـ | یان | بر | Ø | ن |
| ٣ | بیکرە | بـ | یـ | کر | ە | Ø |
| ٤ | بمانکوژن | بـ | مان | کوژ | Ø | ن |

بـواری کـارکردنی دەمکـاتی ئێسـتا لـە شـێوەی فەرمانـدان، دەکەوێتـە نـاو دەمـی ئاخـاوتن، واتــە؛ لــە کــاتی قســەکردن فــەرمانی جێبــەجێکردن، یــان جێبەجێنــەکردنی کارێــك ئاراســتەی کەســی دوەمــی تــاك، یــان کەســی دوەمــی کــۆ دەکــرێ، کــە بەشــدارن لــەناو ئاخاوتنەکــە و فەرمانەکــە بــە شــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ لــە کــاتی ئاخاوتنــدا ئاراســتەیان دەکــرێ. وەک لەم هێڵکارییەدا دیارە:




**هێڵکاری 2. 14 بواری ڕودانی شێوەی فەرماندان**

یاســای دارِشــتنی شــێوەی فەرمانــدان، لــە کــارە دارِێــژراو و لێکدراوەکانــدا بــەم شــێوەیەی خوارەوەیـە: لـە کـارە دارِێـژراوە تێنەپەڕەکانـدا: لەگـەڵ ئـەو جـۆرە کارانـە، ڕاناوەکـە دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە. وەکـو: سـەربکەوە← پێشگر(سـەر) + مـۆرفیمی فەرمانـدان (بـ) + ڕەگ (کـەو) + مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا(ە) + ڕانـاو(Ø). لـە کـارە دارِێـژراوە تێپەڕەکانیشـدا، ڕانـاوی لکـاوی بـەرکار دەکەوێتـە دوای پێشـگر، ڕانـاوی لکـاوی بکـەر دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە. وەکـو: دەرمانبکــەن← پێشــگر (دەر) + ڕاناو(مــان) + مــۆرفیمی فەرمانــدان (بــ) + ڕەگ (کە) + مۆرفیمی کاتی ئێستا(Ø) + ڕاناو(ن).

سـەبارەت بـە کـاری لێکـدراو لـە کـارە تێنەپەڕەکانـدا، ڕانـاوی لکـاو دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە. بـۆ نمونــە: کاربکــە← بەشــی یەکــەمی کارەکــە (کــار) + مــۆرفیمی فەرماندان(بــ) + ڕەگــی کار(کــ)+ مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا(ە) + ڕانـاو(Ø). لـەکارە تێپەڕەکانیشـدا، یـەکێك لـە ڕاناوەکـان دەکەوێتــە دوای بەشــی یەکــەمی کارەکــە و ڕاناوەکــەی تــر دەکەوێتــە کۆتــایی کارەکــە و دوای مــۆرفیمی کاتەکــە. وەکــو: دەســتیان بەســەردابگرن← بەشــی یەکــەمی کارەکــە (دەستــ) +

ڕاناو(یانــ) + بەســەردا + مـۆڕفیمی فەرماندان(بــ) + ڕەگــی کــار(گر) + مـۆڕفیمی ئێســتا(Ø) + ڕاناو(ن).

لـەم دەمکاتـەدا، یـەك مۆڕفیمی کـات بـونی هەیـە و لـە ڕاناوەکـانیش تـەنیا کەسـی دوەمـی تـاك و کۆ وەردەگرێ.

سادەترین ڕستە: بڕۆ.   بکڕە.

ڕستەی ئاسایی: تۆ بخەوە.    تۆ کارەکەت بکە.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: تۆ بەهێواشی بۆ لای کۆترەکە بڕۆ.

ئێوە نامەیەکی سوپاسگوزاریی پڕ لە وشەی ناسك و جوان بۆ دایکتان بنوسن.

### 8-2-2-2- دەمکاتی ڕانەبوردو:

ئەم دەمکــاتە لە کــۆمەڵەی دەمکــاتە لێکدراوەکانــە، چــونکە دو مــۆڕفیمی کــاتی تیــادایە؛ مۆڕفیمی کاتی ئێستا و مۆڕفیمی کاتی داهاتو.

**٢-2-8-1- لە کــاری تێــنەپەڕ:** ڕۆنــانی دەمکــاتی ڕانــەبوردو لە کــاری تێــنەپەڕدا بەم شـێوەیە: [مـۆڕفیمی کـاتی ئێسـتا(ە) + ڕەگـی کـار + مـۆڕفیمی کـاتی داهـاتو(ێ،Ø) + ڕانـاوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 20 دەمکاتی ڕانەبوردو- تێنەپەڕ**

| ژ | دەمکاتی ڕانەبوردو | مۆڕفیمی کاتی ئێستا | ڕەگی کار | مۆڕفیمی کاتی داهاتو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەڕۆم | ە | ڕۆ | Ø | م |
| ٢ | دەچی | ە | چ | Ø | ی |
| ٣ | دەخەوێ | ە | خەو | ێ | Ø |
| ٤ | دەمرین | ە | مر | Ø | ین |
| ٥ | دەخنکێن | ە | خنک | ێ | ن |
| ٦ | دەکەون | ە | کەو | Ø | ن |

ڕانـاوی لکـاو لە کـاری تێـنەپەڕدا، یـان بـکەرە، یـان بەرکـار. ئەگەر ڕانـاوەکە خـۆی کـارەکە ئەنجامبــدا، ئەوا دەبێــتە بــکەر، ئەگەر ڕانــاوەکەش خــۆی کــارەکە ئەنجــام نەدا و کــارەکەی بەســەردا بــێ، دەبێـتە بەرکـار. بـۆیە، ڕانـاو لە ڕسـتەکانی (1، 2 و3) بـکەرن و لە ڕسـتەکانی (4، 5 و6) بەرکارن.


**٢-٢-1-8-2. لە کاری تێپەڕ:** شێوەی داڕشتنی دەمکاتی ڕانەبوردو لە کاری تێپەڕدا بەم شێوەیە: [مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان)بەرکار + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی داهاتو(ێ،Ø) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)بکەر]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 21 دەمکاتی ڕانەبوردو- تێپەڕ**

| ژ | دەمکاتی ڕانەبوردو | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی داهاتو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەیبەم | ە | یـ | بە | Ø | م |
| ٢ | دەتگرم | ە | تـ | گر | Ø | م |
| ٣ | دەیانکرێ | ە | یان | کر | ێ | Ø |
| ٤ | دەتانکوژین | ە | تان | کوژ | Ø | ین |
| ٥ | دەیانشۆم | ە | یان | شۆ | Ø | م |
| ٦ | دەمانبەخشێ | ە | مان | بەخش | ێ | Ø |

لە چاوگە تێنەپەڕە (ا)ییەکاندا، مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو لە هەمو کەسەکاندا دەردەکەوێ، بەڵام ئەم مۆرفیمە لە گشت چاوگە تێنەپەڕەکانی تردا تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێ، چونکە ڕاناوی لکاو سفرە. وەکو: ((هەژان – دەهەژێن، ڕوخان – دەڕوخێی، سوتان – دەسوتێم،......). شێوازی دەرکەوتنی مۆرفیمی کاتی داهاتو لە (داهاتو-مەرجی، شێوەی فەرماندان، داخوازی) بەهەمان شێوەی سەرەوەیە، وەکو: (بگەڕێم، بگرێین، بفرێنم).

بواری کارکردنی دەمکاتی ڕانەبوردو، لە دەسپێکی دەمی ئاخاوتن تا دوای دەمی ئاخاوتن دەگرێتەوە، واتە؛ دەمکاتی ڕانەبوردو لەڕوی بواری کارکردنەوە زۆر فراوانترە لە دەمکاتی ئێستا، بەڵکو دەمکاتی ئێستا و بەشێك لە داهاتو دەگرێتە خۆی، لەبەرئەوەی کارەکانی لە ئێستا و داهاتو ڕودەدەن وەک لەم هێڵکارییەدا دیارە:




**هێڵکاری 2. 15 بواری ڕودانی دەمکاتی ڕانەبوردو**

یاسای داڕشتنی دەمکاتی ڕانەبوردو، لە کارە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا بەم شێوەیە: لە کارە داڕێژراوە تێنەپەڕەکاندا: ڕاناوەکە دەکەوێتە کۆتایی کارەکە. وەکو: سەردەکەوم← پێشگر(سەر) + مۆرفیمی کاتی ئێستا(د/ە) + ڕەگ(کەو) + ڕاناو(م). لە کارە داڕێژراوە تێپەڕەکانیشدا، ڕاناوی لکاوی بەرکار دەکەوێتە دوای پێشگر، ڕاناوی لکاوی بکەر دەکەوێتە کۆتایی کارەکە. وەکو:دەرماندەکەن← پێشگر(دەر) + ڕاناو(مان) + مۆرفیمی کاتی ئێستا(د/ە) + ڕەگ (کە) + ڕاناو(ن).

سەبارەت بە کاری لێکدراو لە کارە تێنەپەڕەکاندا، ڕاناوی لکاو دەکەوێتە کۆتایی کارەکە . بۆ نمونە: کاردەکەن← بەشی یەکەمی کارەکە (کار) + مۆرفیمی کاتی ئێستا(د/ە) + ڕەگی کار(کە) + ڕاناو(ن). لەکارە تێپەڕەکانیشدا، یەکێك لە ڕاناوەکان دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە و ڕاناوەکەی تر دەکەوێتە کۆتایی کارەکە. وەکو: دەستیان بەسەردادەگرن← بەشی یەکەمی کارەکە (دەست) + ڕاناو(یان) + بەسەردا + مۆرفیمی کاتی ئێستا(د/ە) + ڕەگی کار(گر) + ڕاناو(ن).

لەبەرئەوەی بواری ڕودانی دەمکاتی ڕانەبوردو هەردو کاتی ئێستا و داهاتو دەگرێتەوە و ڕودانێك لە دەمی ئاخاوتن یاخود دوای ئاخاوتندا نیشاندەدا، بۆیە بواری ڕودانەکەی فراوانە و چەند شێوەیەکی هەیە و بۆ ئەو کارانە بەکاردێ کە:

1- بواری ڕودانی کارەکە لە دەمی ئاخاوتندایە. ئەم جۆرە، کاتی ئێستا دەگرێتەوە. بۆ نمونە:

من ئێستا نان دەخۆم.

ئەوان وا خەریکی خوێندنن.

لەم دو ڕستەیەدا، بە هۆی ئاوەڵکارەکانی کاتی ئێستا (ئێستا، وا ...) جەخت لەسەر مۆرفیمی کاتی ئێستا کراوەتەوە و بواری ڕودانەکەی لە کاتی ئێستا قەتیسکردوە.

2- بواری ڕودانەکەی لە کاتی داهاتو دایە: بۆ دەربڕینی بواری ڕودانی ئەو کارانەی لە داهاتودا ڕودەدەن، کە بواری ڕودانەکە لە دوای دەمی ئاخاوتن دەستپێدەکات تا کاتێکی نادیار و بێکۆتایی. بۆ نمونە: ئەو بەیانی دەچێ بۆ زانکۆ.

لە ڕستەی (ئەو بەیانی دەچێ بۆ زانکۆ)دا، بە هۆی ئاوەڵکاری بەیانی جەخت لەسەر مۆرفیمی کاتی داهاتو کراوەتەوە و بواری ڕودانەکەی لە داهاتودا قەتیسکراوە.

3ـ ئەو کارانەی بەردەوام لە دوبارە بونەوەدان و بەردەوامییان هەیە.

ڕۆژانە کتێب دەخوێنمەوە.

ژاڵە هەفتانە پێنج ڕۆژ دەچێتە زانکۆ.

4- ڕودانی کارێك کە ڕاستییەك دەردەخا. ئەو کارانەی کە دەرخستەی ڕودانی ڕاستیەکەن، لە ڕێی ئەم دەمکاتەوە دەردەبڕدرێن، بۆ نمونە:

ئاو لە پلەی سفری سەدی دەبەستێ و لە سەد پلەی سیلیزیدا دەکوڵێ.

زەوی بە دەوری خۆر دەسوڕێتەوە و مانگیش بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە.

گۆڕانی دەمکاتی ڕانەبوردو لەو خاڵانەدا، هۆکارەکەی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئاوەڵکارەکان و ڕەوتی ئاخاوتنی ڕستەکان و دەقەکانەوە، واتە؛ ئەو ئاوەڵکارانەی لەناو ڕستەکاندا دەردەکەون، بواری ڕودانی کارەکە لەم ڕوەوە زیاتر دەردەخەن.

بۆ جیاکردنەوەی کاتی ئێستا و ئاینده هیچ نیشانەیەکی وشەسازی نییە، بەڵکو (جیاکردنەوەیان بەڕێگەی لێکسیکی واتا بەیاریدەی هەندێك وشە بەتایبەتی ئاوەڵکردارەوە مەبەست دەردەبڕن)[1]. ئەم دو دەمکاتە بەهۆی ئاوەڵکارە کاتییەکان و چەند دەربڕین و وشەیەکی تایبەت لەیەکتر جیادەکرێنەوە (کاتی ئێستا لە داهاتو جیانەکراوەتەوە بە جیاکەرەوەی وشەسازی).[2] ئاوەڵکارەکان سەرەڕای ئەوەی کە کاتی ڕودانی کارەکان وردتر و نزیکتر دەکەنەوە، بەڵام بەتەنیا نابنە نیشانەی جیاکەرەوە بۆ کاتی ئێستا و داهاتو، بەڵکو لەگەڵ مۆرفیمەکانی کاتی ئێستا (ە) و کاتی داهاتو (ێ) بەیەکەوە ئەم ڕۆڵە دەبینن. بەبێ بەشداریکردنی مۆرفیمەکانی کات، نازانرێ کەی ئەو کاتە ڕویداوە؟ یان ڕودەدا؟ واتە؛ ئاوەڵکارەکانی کات بە وردتر کاتی ڕودانەکە ئاشکرا دەکەن، هیچ ڕستەیەك بەبێ بونی مۆرفیمەکانی کات نابێ. ئەو ئاوەڵکار و دەربڕینانەی بەکاردێن بۆ دەرخستن و نیشاندانی دەمکاتی ڕانەبوردو، وەکو: (بەیانی/ سبەی، دوسبەی، ساڵی داهاتو، هەفتەی داهاتو، دو ڕۆژی تر، ساڵی دابێت،.......) جگە لەم ئاوەڵکار و دەربڕینانە (هەندێك جار کاتی زمانیی لە ڕوی واتاوە، پەیوەستکراوە بە مەبەستێك یان بۆنەیەکی تایبەتی وەك

---

[1] ئەورەحمان،2000، 1397.

[2] سەربەست قادر حەمە، 2017، بەراوردی دو لە پۆلینکردنەکانی کردار لەنێوان زمانی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست) و فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان- سلێمانی، 46.

(بـەیانی بـاش، ئێوارەبـاش،..).[1] ئـەو جـۆرە کاتانـەی لـە ڕسـتەدا ئامـاژەی پێـدەکرێ بـە کـاتی ڕودان دادەنرێــت. هەنــدێ لــە ڕێزماننوســەکان، لــە زمــانی کــوردی دو جــۆر لــە دەمکــاتی ڕانــەبوردو جیادەکەنــەوە لــە ســەر بنــەمای ئــەو دەربــڕین و ئاوەڵکــارە کاتیەکانــەوە کــە لــە ڕســـتەدا دەردەکـــەون، ئـــەوانیش: (ڕانـــەبوردوی ســـادە، ڕانـــەبوردوی بـــەردەوام)ن. لـــە ڕانـەبوردوی بەردەوامـدا یاسـاکەی بـە هـەمان شـێوەی ڕانـەبوردوی سـادە دەردەکـەوێت، بـەڵام ئەو دەربڕین و ئاوەڵکارانەی لەگەڵی بەکاردێن جیای دەکاتەوە. بۆ نمونە:

وا دەچم بۆ قوتابخانە.

ئێستا نان دەخۆم.  وا نان دەخۆم.

بــۆ دیــاریکردنی ئــەو مۆرفیمانــەی لــەم دەمکاتــەدا دەردەکــەون، ژمــارە و شــوێنیان لــە ســـادەترین ڕســـتە، ڕســـتەی ئاســـایی، لەگـــەڵ ڕســـتەی ســـادەی فراوانکـــراودا دەردەخـــەین. بەمشێوەیە:

سادەترین ڕستە: دەچێ. دەیانکڕێ.

ڕستەی ئاسایی: ئەو دەنوێ.    ئەو ئێوە دەبینێ.

ڕسـتەی سـادەی فراوانکـراو: نـازە لـە لای پـوری خـۆی بـە ئـارامی دەنـوێ.  شـیلان نامەیـەکی پڕ وشەی جوان و ناسك بۆ بەنازی هاوڕێی دەنێرێ.

## 2-2-2-9- دەمکاتی داهاتو:

ئەم دەمکــاتە لە کــۆمەڵەی دەمکــاتە ســادەکانە، چــونکە تەنیــا یەک مــۆرفیمی کــاتی تێدایــە. کارەکانی دوای دەمی ئاخاوتن ڕودەدەن. تەنیا مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ، Ø)یان تێدایە.

**2-2-2-9-1- لە کـاری تێـنەپەڕ:** ڕۆنــانی دەمکــاتی داهــاتو لە کــاری تێــنەپەڕدا بەم شـێوەیە: [مـۆرفیمی ئارایی(بـ) + ڕەگـی کـار + مـۆرفیمی کـاتی داهـاتو + ڕانـاوی لکـاوی ڕێککەوتـن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

---

[1] نەزیرە سابیر مستەفا، 2021، پراگماتیك و شێوازگەری، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 234.

**خشتەی 2. 22 دەمکاتی داهاتو- تێنەپەڕ**

| ژ | دەمکاتی داهاتو | مۆرفیمی ئارایی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی داهاتو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بڕۆم | بـ | ڕۆ | Ø | م |
| ٢ | بچی | بـ | چ | Ø | ی |
| ٣ | بمرێ | بـ | مر | ێ | Ø |
| ٤ | بجەنگین | بـ | جەنگ | Ø | ین |
| ٥ | بخنکێن | بـ | خنک | ێـ | ن |
| ٦ | بسوتێن | بـ | سوتـ | ێـ | ن |

ڕانـــاو لە ڕســـتەکانی (1، 2 و4)بکـــەرن، چونکـــە کارەکـــان تێنەپـــەڕی بکـــەرین لـــە ڕســـتەکانی (3، 5 و6) بەرکارن، لەبەرئەوەی ئەم کارانە تێنەپەڕی بەرکارین.

**2-2-2-9-2- لە کـــاری تێـــپەڕ:** ڕۆنـــانی دەمکـــاتی داهـــاتو لە کـــاری تێـــپەڕدا بەم شـــێوەیە: [مـــۆڕفیمی ئارایی(بـــ) + ڕانـــاوی لکـــاوی خـــاوەنی (م، ت، ی، مـــان، تـــان، یان)بـــەرکار + ڕەگـــی کـــار + مـــۆرفیمی کـــاتی داهـــاتو + ڕانـــاوی لکـــاوی ڕێککەوتـــن (م، ی، Ø، یـــن، ن، ن)]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 23 دەمکاتی داهاتو- تێپەڕ**

| ژ | دەمکاتی داهاتو | مۆرفیمی ئارایی | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی داهاتو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بیخۆم | بـ | یـ | خۆ | Ø | م |
| ٢ | بیانگری | بـ | یانـ | گر | Ø | ی |
| ٣ | بتنێژێ | بـ | تـ | نێژ | ێ | Ø |
| ٤ | بیکڕین | بـ | یـ | کڕ | Ø | ین |
| ٥ | بیبەزێنن | بـ | یـ | بەزێنـ | Ø | ن |
| ٦ | بتانکوژن | بـ | تانـ | کوژ | Ø | ن |

مـــۆرفیمی کـــاتی داهـــاتو (ێ) تـــەنیا لەگـــەڵ کەســـی ســـێیەمی تـــاك دەردەکـــەوێ، لەگـــەڵ کەســـەکانی تـــر ئـــەم مۆرفیمـــە دەرناکـــەوێ، هۆکارەکـــەی بـــۆ ئـــەوە دەگەڕێتـــەوە کـــە لـــە کەســـی ســـێیەمی تـــاك ڕانـــاوە لکاوەکـــە دەرناکـــەوێ و لـــەڕوی دەنگســـازییەوە ڕێگەخۆشـــکەر دەبـــێ بـــۆ دەرکـــەوتنی مـــۆرفیمی کـــاتی داهـــاتو. بـــواری ڕودانـــی دەمکـــاتی داهـــاتو، دوای دەمـــی ئاخاوتنـــە، واتە؛ بواری ڕودانی کارێکە لە دوای کاتی ئێستا. وەک لەم هێڵکاریەدا دیارە:




**هێڵكاری 2. 16 بواری ڕودانی داهاتو**

ڕۆنـــانی دەمكـــاتی داهـــاتو، لـــە كـــارە دارێـــژراو و لێكدراوەكانـــدا بـــەم شـــێوەیە: لـــە كـــارە دارێـــژراوە تێنەپەڕەكانـــدا: ڕاناوەكـــە دەكەوێتـــە كۆتـــایی كارەكـــە. وەكـــو: ســـەربكەوم (پێشـــگر (ســـەر) + مـــۆرفیمی ئارایی(بـــ) + ڕەگ(كـــەو) + مـــۆرفیمی كـــاتی داهـــاتو(Ø) + ڕانـــاو(م). لـــە كـــارە دارێـــژراوە تێپەڕەكانیشـــدا، ڕانـــاوی لكـــاوی بـــەركار دەكەوێتـــە دوای پێشـــگر، ڕانـــاوی لكـــاوی بكـــەر دەكەوێتـــە كۆتـــایی كارەكـــە. وەكـــو: دەرمانبكـــەی← پێشـــگر(دەر) + ڕاناو(مانـــ) + مۆرفیمی ئارایی(بـ) + ڕەگ (كە) + مۆرفیمی كاتی داهاتو(Ø) + ڕاناو(ی).

سـەبارەت بـە كـاری لێكـدراو لـە كـارە تێنەپەڕەكانـدا، ڕانـاوی لكـاو دەكەوێتـە كۆتـایی كارەكـە . بـــۆ نمونە:كاربكـــەین← بەشـــی یەكـــەمی كارەكـــە (كـــار) + مـــۆرفیمی ئارایی(بـــ) + ڕەگـــی كار(كـــە) + مـــۆرفیمی كـــاتی داهـــاتو(Ø) + ڕانـــاو(ین). لـــەكارە تێپەڕەكانیشـــدا، یـــەكێك لـــە ڕاناوەكـــان دەكەوێتـــە دوای بەشـــی یەكـــەمی كارەكـــە و ڕاناوەكـــەی تـــر دەكەوێتـــە كۆتـــایی كارەكـــە. وەكـــو: دەســـتیان بەســـەردابگرێ← بەشـــی یەكـــەمی كارەكـــە (دەستـــ) + ڕاناو(یانـــ) + بەســـــەردا + مـــــۆرفیمی ئارایی(بـــــ) + ڕەگـــــی كـــــار(گر) + مـــــۆرفیمی كـــــاتی داهـــــاتو(ێ) ڕانـــاو(Ø). لـــە ڕۆنـــانی دەمكـــاتی داهـــاتودا، ئەگـــەر پێشـــگرێك لـــە پـــێش (بـــ)ی مـــۆرفیمی ئـــارایی هات، بەزۆری مۆرفیمی ئارایی دەسوێ. بۆ نمونە:

هەڵبفڕێ_ هەڵفڕێ. وەریانبگرێ_ وەریانگرێ....

مـــۆرفیمی (ێ)ی كـــاتی داهـــاتو، لـــە چاوگـــە تێنەپـــەڕە (ا)ییەكانـــدا، لـــە هـــەمو كەســـەكاندا دەردەكـــەوێ، بـــەڵام لـــە چاوگـــە تێنەپـــەڕەكانی تـــردا، مـــۆرفیمی (ێ)ی كـــاتی داهـــاتو، تـــەنیا لـــە كەســـی ســـێیەمی تاكـــدا دەردەكـــەوێ. هـــەروەها لـــە كـــارە تێپەڕێنراوەكانـــدا، ڕەگـــی كارەكـــان (یـــ)ێكی تێـــدا دەردەكـــەوێ كـــە (ا)ی چاوگـــە تێنەپـــەڕە ســـەرەكییەیە و گـــۆڕاوە بۆ(یـــ)؛ بـــەڵام ئەم(یـــ)یە مـــۆرفیمی كـــاتی داهـــاتو نییـــە و جگـــە لـــەو مۆرفیمـــە دەردەكـــەوێ. بـــۆ نمونـــە: گریانـــدن← بیانگریێنێ(بـــ+ یانـــ + گریێنـــ +یـــ + Ø). ئـــەم (یـــ)یە دەبێتـــە بەشـــێك لـــە ڕەگـــی كارەكـــە و لەبەرئـــەوەی (نـــونی چـــاوگی تێنەپـــەڕ) نـــونی كـــۆی بێلایـــەنی لـــەدوا هـــاتوە، بۆیـــە

چـەمکی کـات و مـۆڕفیمی کـات ناگەیـەنێ، هـەروەك چـۆن ئەلۆمۆڕفـەکانی کـاتی ڕابـوردو چـەمکی کـات نـابینن لـە نـاو بۆتـەی چاوگـدا و بـە هـەبونی نـونی چـاوگ، بـەڵکو بـە لابردنـی نـونی چـاوگ دەبنـە مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـوردو. لای هەنـدێ لـە ڕێزماننوسـە کوردەکـان، ئـەم دەمکاتـە بـە ڕانـەبوردوی دانـانیش نـاونراوە. ئـەو دەربڕینـە تایبەتیانـەی لەگـەڵ ئـەم دەمکاتـە دەردەکەون، وەکو دەربڕینەکانی (پێویستە، دەبێت، با، دەبا..).

تـەنیا یـەك مـۆڕفیم لـەم دەمکاتـەدا، کـە مـۆڕفیمی کـاتی داهاتو(ێـ)یە، لـە نـاو ڕسـتەکاندا دەردەکەوێ:

سادەترین ڕستە: بچ<u>ێ</u>. بنوسن.

ڕستەی ئاسایی: تۆ بخەوی. من دەرمانەکە بخۆم.

ڕسـتەی سـادەی فراوانکـراو: ئـەوان لـەدوای کـاتژمێر نـۆی شـەو لـە ژورەکـەی خۆیـان بخـەون. من هەمو ڕۆژێ سێ ژەم دەرمانە تایبەتەکەی خۆم بخۆم.

### 10-2-2-2- داخوازی:

لە کـۆمەڵەی دەمکـاتە سـادەکانە، چـونکە تەنیـا یەک مـۆڕفیمی کـاتی تیـادایە. کارەکـانی دوای دەمـی ئاخـاوتن ڕودەدەن. تـەنیا مـۆرفیمی کـاتی داهاتویـان تێدایـە. هـەمان دەمکـاتی سـەرەوە دەگرێتـەوە، بـەڵام لـە ڕوی ڕوکـار و دەرکـەوتنی دەمکـاتی داهـاتو لـە نـاو ڕسـتەدا شـێوەی داخوازی وەردەگرێ.

جیاوازیەکانی نێوان شێوەی داخوازی و فەرماندان، لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕو:

1- لـە شـێوەی داخوازیـدا، ئـەو مـۆڕفیمی کاتـەی لـە داڕشـتنی کارەکەدایـە، مـۆڕفیمی کـاتی داهاتوە. لە شێوەی فەرماندان، مۆڕفیمی کاتی ئێستا لە ڕۆنانی کارەکەدا هەیە.

داخوازی← بیانگرێ (بـ + یان + گر + ێـ + Ø).

فەرماندان← بیانگرە (بـ + یانـ + گر + ە +Ø).

2- بـواری ڕودانـی شـێوەی داخـوازی دوای دەمـی ئاخاوتنـە و کـاتی داهـاتوە، بـەڵام بـواری ڕودانی شێوەی فەرماندان، کاتی ئێستایە و ڕاستەوخۆیە.

3- ڕانــاو و کەســی بەشــداربوی شـێوەی داخــوازی، هــەمو ڕانــاو و کەســەکان وەردەگــرێ. لــە شـێوەی فەرماندانــدا، تــەنیا کــەس و ڕاناوەکــانی تایبــەت بــە کەســی دوەمــی تــاك و کەســی دوەمی کۆ وەردەگرێ.

داخوازی← بخۆم، بنوسین،....

فەرماندان← بخۆ- بخۆن، بنوسە - بنوسن،....

4- ڕانـاوی (کـارا/ نیهـاد) لـە داخوازیـدا، لـە کەسـی سـێیەمی تـاك دەرناکـەوێ (Ø)، بـەڵام لـە فەرماندان لە کەسی دوەمی تاك دەرناکەوێ (Ø)ە.

5- داخــوازی لــە هــەمو کارەکانــدا دادەڕێــژرێ، بــەڵام لــە فەرمانــدان لــە کــارە تێنەپــەڕە بەرکاریەکان بە هەمان واتا داناڕێژرێ.

**2-2-2-10-1- لە کــاری تێــنەپەڕ:** ڕۆنــانی شــێوەی داخــوازی لە کــاری تێــنەپەڕدا بەم شـێوەیە: [مـۆرفیمی ئارایی(بـ) + ڕەگــی کــار + مــۆرفیمی کــاتی داهاتو(ێــ/Ø) + ڕانــاوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 24 داخوازی/ دەمکاتی داهاتو - تێنەپەڕ**

| ژ | دەمکاتی داهاتو | مۆرفیمی ئارایی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی داهاتو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بڕۆم | بـ | ڕۆ | Ø | م |
| ٢ | بچی | بـ | چ | Ø | ی |
| ٣ | بمرێ | بـ | مر | ێ | Ø |
| ٤ | بجەنگین | بـ | جەنگ | Ø | ین |
| ٥ | بخنکێن | بـ | خنک | ێـ | ن |
| ٦ | بسوتێن | بـ | سوتـ | ێـ | ن |

ڕانــاو لە ڕســتەکانی (1، 2و4)بکــەرن، لــە ڕســتەکانی (3، 5 و6) بــەرکارن، لەبەرئــەوەی ئەم کارانە تێنەپەڕی بەرکارین.

**2-2-2-10-2- لە کــاری تێــپەڕ:** ڕۆنــانی دەمکــاتی داهــاتو لە کــاری تێــپەڕدا بەم شــێوەیە: [مــۆرفیمی ئارایی(بــ) + ڕانــاوی لکــاوی خــاوەنی (م، ت، ی، مــان، تــان، یان)بــەرکار + ڕەگــی کــار + مـۆرفیمی کــاتی داهــاتو + ڕانــاوی لکـاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن)]. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**خشتەی 2. 25 داخوازی/ دەمکاتی داهاتو- تێپەڕ**

| ژ | دەمکاتی داهاتو | مۆرفیمی ئارایی | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی داهاتو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بیخۆم | بـ | یـ | خۆ | Ø | م |
| ٢ | بیانگری | بـ | یانـ | گر | Ø | ی |
| ٣ | بتنێژێ | بـ | تـ | نێژ | ێ | Ø |
| ٤ | بیکڕین | بـ | یـ | کڕ | Ø | ین |
| ٥ | بیبەزێنن | بـ | یـ | بەزێنـ | Ø | ن |
| ٦ | بتانکوژن | بـ | تانـ | کوژ | Ø | ن |

مـۆرفیمی کـاتی داهـاتو (ێ) تـەنیا لەگـەڵ کەسـی سـێیەمی تـاك دەردەکـەوێ، لەگـەڵ کەسـەکانی تـر ئـەم مۆرفیمـە دەرناکـەوێ. بـواری ڕودانـی شـێوەی داخـوازی، دوای دەمـی ئاخاوتنە، واتە؛ بواری ڕودانی کارێکە لە دوای کاتی ئێستا. وەک لەم هێڵکاریەدا دیارە:




**هێڵکاری 2. 17 بواری ڕودانی داخوازی**

ڕۆنـانی شـێوەی داخـوازی، لـە کـارە دارێـژراو و لێکدراوەکانـدا بـە هـەمان شـێوەی دەمکـاتی داهـاتوە: لـە کـارە دارێـژراوە تێنەپەڕەکانـدا: ڕاناوەکـە دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە. وەکـو: هەڵبکـەوین← پێشگر(هەڵـ) + مـۆرفیمی ئارایی(بـ) + ڕەگ(کـەو) + مـۆرفیمی کـاتی داهـاتو(Ø) + ڕانـاو(یـن). لـە کـارە دارێـژراوە تێپەڕەکانیشـدا، ڕانـاوی لکـاوی بـەرکار دەکەوێتـە دوای پێشـگر، ڕانـاوی لکـاوی بکـەر دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە. وەکـو: دەرمانبکـەی ← پێشـگر(دەر) + ڕاناو(مانـ) + مـۆرفیمی ئارایی(بـ) + ڕەگ (کـە) + مـۆرفیمی کـاتی داهـاتو(Ø) + ڕانـاو(ی). لـە کـاری لێکـدراو لـە کـارە تێنەپەڕەکانـدا، ڕانـاوی لکـاو دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە. بـۆ نمونـە: کاربکـەین← بەشـی یەکـەمی کارەکـە (کـار) + مـۆرفیمی ئارایی(بــ) + ڕەگـی کار(کـە) + مـۆرفیمی کـاتی داهـاتو(Ø) + ڕانـاو(ین). لـەکارە

تێپەڕەکانیشـدا، یـەکێك لـە ڕاناوەکـان دەکەوێتـە دوای بەشـی یەکـەمی کارەکـە و ڕاناوەکـەی تـر دەکەوێتـە کۆتـایی کارەکـە. وەکـو: دەسـتتان بەسـەردابگرێ← بەشـی یەکـەمی کارەکـە (دەستــ) + ڕاناو(تانــ) + بەســەردا + مـۆرفیمی ئارایی(بـــ) + ڕەگـی کـار(گر) + مـۆرفیمی کـاتی داهاتو(Ø) + ڕاناو(ین)).

دەرکەوتنی مۆرفیمی کات بەپێی ڕستە سادەکان لەم دەمکاتەدا بەم شێوەیە:

سادەترین ڕستە: بچێ. بنوسین.

ڕستەی ئاسایی: تۆ بنوی. من نانەکە بخۆم.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: ئەوان لەدوای کاتژمێر نۆی شەو لە ژورەکەی خۆیان بخەون.

من هەمو ڕۆژێ سێ ژەم دەرمانە تایبەتیەکەی خۆم بخۆم.

کەواتـە؛ مۆرفیمـەکانی کـاتی ڕابـوردو و ئێسـتا و داهـاتو، جگـە لـەوەی کـە هەریەکـەیان بـە تــەنیا لــە هەنــدێ لــە دەمکاتەکانــدا هــەن و دەردەکــەون، بــەڵام ســەرەڕای ئــەوە زۆر جــار دو مـۆرفیمی کـاتیش بەیەکـەوە دێـن. مۆرفیمـەکانی کـاتی داهـاتو، بـە هـیچ شـێوەیەك لـە ڕۆنـانی یاسـاکانی دەمکاتـەکانی ڕابـوردو نـابینرێن، هـەروەها بـە هـیچ شـێوەیەکیش مۆرفیمـەکانی کـاتی داهـاتو لەگـەڵ مۆرفیمـەکانی کـاتی ڕابـوردو بەیەکـەوە نایـەن. بـەڵام مۆرفیمـەکانی کـاتی ئێسـتا لەگـەڵ مۆرفیمـەکانی کـاتی ڕابـوردو بەیەکـە دەردەکـەون و لـە چەنـد دەمکاتێکـدا ڕۆڵیـان هەیـە. مۆرفیمـــەکانی کـــاتی ئێســـتا، لەگـــەڵ مۆرفیمـــەکانی کـــاتی داهـــاتوش بەیەکـــەوە دێـــن وەك لـــە دەمکاتـــەکانی ڕانـــەبوردو و کـــاری فەرماندانـــدا. ئـــەوەی تێبینـــی دەکـــرێ لێـــرەدا، مۆرفیمـــەکانی کـاتی ئێسـتا وەکـو بازنەیـەکی پەیوەنـدین لـە نێـوان کاتـەکانی ڕابـوردو و داهـاتو، لەبەرئـەوەی کاتی ئێستا، هەردو کاتی ڕابوردو و داهاتو لێك جیادەکاتەوە.

### 3-2- دەمکاتەکانی ڕستەی بکەر نادیار:

#### 1-3-2- زاراوەی بکەرنادیار:

نادیـاری، دیاردەیـەکی ڕێزمانییـە، (لـە بکـەرنادیاردا، وەرگـر یـان ئامـانجی کردەکـە لـە ڕێـی کارەکــەوە دەردەخرێــت)[1] ، کــاری بکــەرنادیار، ئــەو کارەیــە کــە بکەرەکــەی بــە ئاشــکرا لــە

[1] David Crystal, 2008. A dictionary of Linguistics and phonetics, Blackwell publishing, sixth edition, 353.

سـەرەتای ڕسـتەدا دەرناکـەوێت، ڕسـتەی بکـەرنادیار، (بـەو ڕسـتانە دەگوترێـت کـە تێیـدا بـە هـەر هۆیەکـەوە بێـت، بکەرەکـەیان دیـار نیـە)[1]، واتـە؛ لـە ڕسـتەی بکـەرنادیاردا، بکەرەکـە وەك لـە ڕسـتەی بکـەردیاردا، لـە بـەر نەناسـراوی، یـان بـە لوتکـەکردنی بـەرکار، بـە ئاشـکرا دەرناکـەوێت، بـەڵام ئەمـە ئـەوە ناگـەیێنێت، کـە بکـەر لـە ڕسـتەکەدا نیـە، چونکـە ڕسـتەی بکـەرنادیار تـەنیا لـە کـاری تێپـەڕ دادەڕێژرێـت و کـاری تێپـەڕیش پێویسـتیی بـە بکـەر و بـەرکار هەیـە. لـە زاری ناوەڕاسـتی زمـانی کوردیـدا، مۆرفیمـە ڕەسـەنەکەی هینـدۆ- ئـەوروپی (ر) ئامـاژە بـە بکـەرە نادیارەکـە دەکـات، واتـە؛ گـوێگر یـان خوێنـەر کـە ڕسـتەیەکی بکـەرنادیار دەبیسـتێت، یـان دەبینێـت بـە هـۆی دەرکـەوتنی مـۆرفیمی بکـەرنادیار، ڕاسـتەوخۆ دەزانێـت کـە کارەکـە تێپـەڕە و بکەرەکـەش بـە هۆکارێـك لـە هۆکارەکـان لـە ڕسـتەکە لابـردراوە و ئـەو مۆرفیمی نادیاریە نوێنەرایەتی دەکات. بۆ نمونە:

مامۆسـتاکە نامەکـان دەنوسـێت ← نامـەکان دەنوسـرێن. (مامۆسـتاکە/ بـکەری دیـارە ← ر/ بکەری نادیارە).

مامۆسـتاکە نامـەکانی نوسـی ← نامـەکان نوسـران. (مامۆسـتاکە + ی/ بـکەری دیـار ← ر/ بکەری نادیار)

بکـەرنادیار، کردەیەکـە تـەنیا لەگـەڵ کـاری تێپـەڕ دەردەکـەوێت، واتـە؛ تـەنیا لـە کـاری تێپـەڕ دادەڕێژرێـت و هۆکـاری ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە دەبێـت دو تـوخم: (بـەرکار) و (بکـەر) لـە ڕسـتە بکەردیارەکـەدا بونیـان هـەبێت و لـە ڕسـتەی بکـەرنادیاردا بـەرکار بە دیـار دەمێنێـتەوە و هەر بەرکـارە، بەڵام دەچێتـە شـوێنی بکـەری ڕسـتەکە، (تەنیـا جیـاوازی لە نێـوان ڕسـتەکانی بکـەردیار و بکەرنادیـاردا، گـۆڕانی بـکەرە لە کەسـێکی دیـار و ئاشـکرا بـۆ تـوخمێکی نادیـار و دەستنیشـاننەکراو، واتە؛ لە هەردوکیـان بـکەر هەیە، بەڵام لە یەکەمـدا، دەستنیشـانکراوە و لە دوەمـدا، دەستنیشـاننەکراوە، شـتێکی ئاساییشـە کە بـکەر - نادیـار - بێـت، پێویسـت بە ڕانـاوی لکـاو ناکـا، بـۆیە ڕانـاوی لکـاوی سـەر بە بـکەر لە ڕسـتەی بکەرنادیـاردا نامێنێـت و ڕانـاو لەگەڵ بەرکـار ڕێکـدەکەوێت، بەرکـاریش وەکـو خـۆی هەر بە بەرکـاری دەمێنێتەوە)[2].

[1] فەرەیـدون عەبـدول محەمـەد، 1988، "نادیـاری"، نامـەی ماسـتەر، کـۆلیجی ئـاداب، زانکـۆی سـەلاحەدین، هەولێر، 46.

[2] عەبـدوڵڵا حوسـێن ڕەسـول، ١٩٩٥، مـۆرفیمە ڕێزمانیەکـانی کـار. نـامەی دکتـۆرا. زاکـۆی بەغـدا، کـۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد. بەشی کوردی، ١٧٠.

بکـەرنادیاری وەکـو مـەرجێکی جیاکـەرەوەی کـارە تێپـەڕ و تێنەپـەڕەکان دەردەکـەوێت، ئەگـەر کارێك نەبێتـە بکـەرنادیار، ئـەوە بـە کـارێکی تێنەپـەڕ دادەنرێـت و تەنیـا کـارە تێپەڕەکـان دەبن بە بکەرنادیار:

ــ شنە ئاوەکە دەخواتەوە. بکەردیار ــ ئاوەکە دەخورێتەوە. بکەرنادیار.

ــ شنە ئاوەکەی خواردەوە. بکەردیار ــ ئاوەکە خورایەوە. بکەرنادیار.

**2-3-2- مەبەستەکانی بەکارهێنانی بکەرنادیار:**

بکەرنادیار، بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بەکاردێت:

1- بکەرەکـە نەناسـرێت، واتە؛ نەزانرێـت، کـێ کـارەکەی ئەنجامـداوە، وەك: گەنجێـک کوژرا.

2- بکەرەکە ئەوەندە ئاشکرا بێت کە پێویست بە دەرخستن و ناوهێنانی نەبێت. وەکو:

تیرۆریستێک دەستگیرکرا. زۆربەی کات بکەرەکە ئاشکرایە کە (هێزی دژەتیرۆر)ە.

شەقامەکە قیرڕێژدەکرێت. زۆربەی کات بکەرەکە ئاشکرایە کە (شارەوانی ـ حکومەت)ە.

3- گرفـت، یـان تـرس، یـان هەر هۆکـارێکی تـر لە ناوهێنـانی بـکەردا هەبێـت، وەک: پەیامنێرێک ڕفێنرا.

4- بـە مەبەسـتی بەلوتکـەکردنی بـەرکار، واتـە؛ قسـەکەر بـە مەبەسـت بەرکارەکـە بێنێتـە پێشـەوە، یـاخود بەرکارەکـە زیـاتر جێـی سـەرنج، یـان مەبەسـت بێـت، وەک: پـارەی گەنمـی جوتیاران دەدرێت.

5- بە هۆی بەکارهێنانی بکەرنادیار، ڕستەکان زیاتر بەیەکەوە بلکێن، وەک:

بەڵێننامەکە واژۆکرا و درا بە خاوەن پرۆژەکە.

٦- لە دەقـی تـوێژینەوەی زانسـتی، یـان دەربڕینـی فەرمیـدا پتـر زانیـارییە باوەکـان دەگشـتێنرێن و بە بکەرنادیـاری دەردەبـڕدرێن، وەک: (دەتوانرێـت، بوترێـت....)، (لە تـوێژینەوەکەدا وتراوە.. یان ئەوە خراوەتە ڕو...)، (لە کۆبونەوەکەدا ئەم گرفتانە باسدەکرێن..).

**3-3-2- بکەرنادیار لە ڕوی وشەسازی و ڕستەسازییەوە:**

کاری بکەرنادیار، (لە ڕوی واتاوە هاوشانی کرداری کارا دیارە، بەڵام خاوەنی خاسیەتی وشەسازی و ڕستەسازیی خۆیەتی)[1]. لە ڕوی وشەسازییەوە هەندێ تایبەتمەندیی هەیە، وەك: مۆڕفیم و نیشانەی تایبەت بە بکەرنادیاریی تێدا دەردەکەوێت، کە بریتییە لە (ر)، هەروەها لە ڕوی دەمکاتەکانیشەوە بۆ ڕابوردو مۆڕفیمی (ا) و بۆ داهاتو مۆڕفیمی (ێ) وەردەگرێت.

بینرا: بین(ڕەگ) + (ر) ی بکەرنادیار + (ا) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + Ø بەرکار.

دەبینرێت: (د/ئـ) ە + بین (ڕەگ) + (ر) بکەرنادیار+ (ێ) مۆڕفیمی کاتی داهاتو + Ø بەرکار.

نادیاری تەنیا لە کاری تێپەڕەوە دروستدەکرێت، واتە؛ (بەبێ ڕەچاوکردنی تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندن بەڕێوەناچێت. وێڕای ئەوە ڕێژەی کارابزر هەر لە کرداری تێپەڕەوە پەیدادەبێت و پاشگری (- ر)یش نیشانەی ڕێزمانییەتی)[2].

لە ڕوی ڕستەسازیشەوە، ڕستەی بکەرنادیار بکەرەکەی دیار نیە و بەرکارەکە دێتە سەرەتای ڕستەکە، بەڵام ئەرکی بەرکاریەکەی نابێتە ئەرکی بکەری. ئەو ڕاناوەی دەگەڕێتەوە بۆ بکەر و پەیوەستە بە بکەر لە ڕستەکەدا نامێنن.

ـــ ڕابوردو: ئەوان گوڵەکانیان فرۆشت. (بکەردیار). ← گوڵەکان فرۆشران. (بکەرنادیار).

ـ ڕانەبردو: ئەوان گوڵەکان دەچێنن. (بکەردیار). ← گوڵەکان دەچێندرێن. (بکەرنادیار).

ڕێزماننوسە دێرینەکان، مۆڕفیمی (ر)ی بکەرنادیاریان لەگەڵ مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو و مۆڕفیمی کاتی داهاتو بەیەکەوە بۆ بکەرنادیار باسکردوە، واتە؛ مۆڕفیمی (ر) و مۆڕفیمەکانی کاتیان جیانەکردۆتەوە و (را) و (رێ)[3]. یان دەستنیشانکردوە بۆ دۆخی بکەرنادیاری. (نیشانەکانی کاری بزر لە ڕابوردودا (ڕا)یە وە لە ڕانەبوردودا (ڕێ))[4]. لە بنەڕەتدا، (ا، ێ) مۆڕفیمی کاتن، (ا) بۆ ڕابوردو و (ێ) بۆ داهاتو و دەکەونە دوای مۆڕفیمی (ر)ی بکەرنادیار، واتە؛ (بۆ دروستکردنی کاری نادیار، نیشانەی (ر) بە کۆتایی

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، 2014، ڕێزمانی کوردی ـ کردار، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر، 325.
[2] ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی ـ کردار، 325.
[3] وریا عمر امین، 1982، "ڕستەی بکەر نادیار"، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٩٥)، بەغدا، 34.
[4] کامیل حەسەن، کوردستانی موکریانی، سادق بهائەدین ئامێدی، حەمە ئەمین هەورامی، 1987، زارەکوردییەکان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 17.

بناغـــەی کـــاری تێپـــەڕەوە دەلکێنرێـــت)[1]. (ر) وەکـــو نیشـــانەیەکی تایبـــەتی بکـــەرنادیاری دەردەکـــەوێت و (دەشـــێ مـــۆرفیمی(- ر) بکـــەین بـــە نیشـــانەیەك بـــۆ ناســـینەوەی ئـــەم جـــۆرە کارە)[2].

بکەرنادیار،(یەکێکـە لـە چـالاکترینی ڕێگاکـانی گـۆڕینی هێـزی کـاری تێپـەڕ بـۆ کـاری تێنەپـەڕ، کـە بەشـی هـەرە زۆری کـارە تێپـەڕەکان بـە نادیـاریی دەکـرێن بـە کـاری تێنەپـەڕ)[3]، بـەڵام ئـەم بۆچونـە ڕاسـت نیـە، چونکـە هـەرگیز بکـەرنادیار لـە کـاری تێنەپـەڕ دروسـتناکرێت و دەبێـت کارەکـە تێپـەڕبێت، بۆیـە (سـوتان) دەکرێـت بـە (سـوتاندن) ئەوسـا دەکرێتـە بکـەرنادیار. وەکو:

خانوەکە سوتێنرا.

خانوەکە دەسوتێنرێت.

(سوتێنرا) و (دەسوتێنرێت) هەرگیز نەگۆڕاون بۆ تێنەپەڕ و هەر تێپەڕن.

ســـوتێنرا: ڕەگـــی (ســـوتاندن) + بکـــەر (ر) + م.کـــاتی ڕابـــوردو + ڕ.ك3تاك(خانوەکـــە) بەرکار.

واتـە؛ بکـەر و بـەرکار هـەر مـاون و لـەئارادان، بـەڵام بکەرەکـە لـە دیـارەوە گـۆڕاوە بـۆ نادیـار (ر) و دەشێت ئەم مۆرفیمە بە مۆرفیمی نادیاری دابنرێ.

لـــە ڕوی کـــەتوار و ڕەوتـــی ئاخاوتنـــەوە، ڕســـتەی بکـــەردیار و بکـــەرنادیار بـــەپێی خواســـت و پێویســـتیی ئـــاخێوەر دێنـــەئارا و لـــە ئـــەنجامی ڕێکـــاری گـــۆڕینی بکـــەردیار بـــۆ بکـــەرنادیار نەهاتۆتـــە دی، بـــەڵام لـــە ڕوی ڕێزمـــانی و فێرکاریـــەوە دەشـــێت هـــەنگاوەکانی ڕێکـــاری گۆڕینیان ڕاڤە و دەستنیشانبکرێن.

**2-3-4- هەنگاوەکانی گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ بکەرنادیار:**

دەتوانرێـت، لـە زاری ناوەڕاسـتی زمـانی کوردیـدا، کـرداری گـۆڕینی ڕسـتەی بکـەردیار بۆ بکەرنادیار لەم چەند هەنگاوەی خوارەوە پوختبکرێنەوە:

١- بکـەری ڕسـتەکە و ڕانـاوی پەیوەسـت بـە بکەرەکـە لە تـوخمێکی دیـارەوە دەگۆڕدرێـت بـۆ توخمێکی نادیار کە مۆرفیمی (ر)یە و دەبێتە ڕاناوی بکەرنادیار.

---

[1] زەری یوســـوپۆڤا، و. کوردســـتان موکریـــانی، 1988، "کـــار"، گۆڤـــاری ڕۆشـــنبیری نـــوێ، ژ(116)، وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق، بەغدا، 89.

[2] زەری یوسوپۆڤا، و. کوردستان موکریانی، 1988، "کار"، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(116)، وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق، بەغدا، 89.

[3] جەوهـەر ئەحمـەد، 2018، دووڕەیـی کـار لـە ڕووی هێـزەوە لـە زمـانی کوردیـدا ، چـاپی یەکـەم، چاپخانـەی هیشام ـ مەشهەد ـ ئێران، 113.

2- دوای ئــەوەی بکەردیارەکــە بــو بە بکەرێکــی نادیــار، بــەرکار دەکەوێتــە ســەرەتای ڕســتە و هەر بە بەرکاری دەمێنێتەوە. بۆ نمونە:

- من ئەم چێشتە ناخۆم.

- ئەم چێشتە ناخورێت.

3- مۆرفیمی بکەرنادیار (- ر) دەچێتە دوای ڕەگی کارەکە.

٤- ئەگــەر کارەکــە ڕابــوردو بــو (ا)ی مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو دەچێتــە دوای (ر)ی مــۆرفیمی بکــەرنادیار، ئەگــەر ڕانــەبوردو بــو مــۆرفیمی (ێ)ی داهــاتو دادەنرێــت، لەگــەڵ ئــەوەی مــۆرفیمی کــاتی ئێســتایەکەی ڕانــەبوردو هــەر لــە ســەرەتای کارەکــە دەمێنێتــەوە. بــە هــەمان شــێوە لــە دەمکاتــەکانی تــری ڕابــوردوش مۆرفیمــەکانی کــارە بکەردیارەکــە دەگوازێتــەوە بــۆ بکەرنادیارەکە.

5- بــەرکاری ڕســتەکە دەگوازرێتــەوە بــۆ ســەرەتای ڕســتە و ڕاناوەکــانی دەســتەی ڕێککــەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن) لەگەڵ بەرکارەکە لە ڕوی کەس و ژمارەوە ڕێکدەکەون.

بــۆ نمونــە: لــە ڕســتەیەکی بکــەردیاری وەك: (تنــۆك گوڵــەکانی فرۆشــت.) بــەم هەنگاوانــەی لەسەرەوە باسکرا، دەکرێتە ڕستەیەکی بکەرنادیار:

تنۆك گوڵەکانی فرۆشت.

بکەر بەرکار کار.

لــە هــەنگاوی یەکەمــدا، (تنــۆك) کــە بکــەری ڕســتەکەیە و تــوخمێکی دیــارە، دەکرێــت بە ڕانــاوێکی نادیــار (ر)، کــە (تنــۆك) بــو بــە بکــەرێکی نادیــار، پێویســتی بــە ڕانــاوی (ی) نامێنێــت کە بۆ تنۆك دەگەڕێتەوە، بۆیە لادەدرێت.

(تنۆک + ی) ← (- ر).

لە هەنگــاوی دوەمــدا، بەرکــار (گوڵەکــان) هەر بە بەرکــاری دەمێنێــتەوە، بەڵام هەڵدەکشــێت بۆ سەرەتای ڕستە.

لــە هــەنگاوی ســێیەمدا، مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو (ا)دەچیتــە دوای مــۆرفیمی بکــەرنادیاری (-ر). لەبەرئــەوەی کــاری ڕســتەکە ڕابــوردوە، بۆیــە پێویســت بــە (ا)ی مــۆرفیمی کــاتی ڕابوردو دەکات.

لــە هــەنگاوی دواتــردا، بــەپێی کــەس و ژمــارەی بەرکارەکــە، ڕانــاو بــۆ کارەکــە زیاددەکرێـت. لەبەر ئەوەی (گوڵـەکان)، کـۆیە، (ن)ی ڕانـاوی لکـاوی کەسـی سـێیەمی تـاک لە دەستەی ڕێککەوتن وەردەگرێت.

گوڵەکان فرۆش ر ا ن.

بەرکار ڕەگ م.بکەرنادیار م.کاتی ڕابوردو ڕاناو.

بـۆ کـاری ڕانـەبوردو، بـە هـەمان شـێوە و بـەپێی ئـەو هەنگاوانـە ڕستەکە، بـۆ ڕسـتەیەکی بکەرنادیار دەگۆڕێت. بۆ نمونە:

ـــ ئێمە ئاڵای کوردستان هەڵدەکەین. ڕستەی بکەردیار.

ـــ ئاڵای کوردستان هەڵدەکرێ. ڕستەی بکەرنادیار.

لــە ڕسـتەی بکــەرنادیاردا، ئەگــەر بــەرکاری ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ لــە ڕسـتەکەدا هــەبون، بــەرکارە ڕاسـتەوخۆکە کەسـی سـێیەم بێـت و ڕانـاو شـوێنی بگرێتـەوە، ڕاناوەکــە دەچێتــە کۆتــایی کارەکــە، بەمــەش بــەرکارە ناڕاسـتەوخۆکە دەکەوێتــە ســەرەتای ڕسـتە بکەرنادیارەکەوە، بۆ نمونە:

ئێمە تۆمان بە پیاو دانا. (بکەردیار) ← (تۆ) بە پیاو دانرای. (بکەرنادیار).

مامۆسـتا گزییەکـەی لـە قوتابییەکـە گـرت. (بکـەردیار) ← گزییەکـە لـە قوتابیەکـە گیـرا. (بکەرنادیار).

ئەو ئێوەی بەشەڕ دەهێنا. (بکەردیار) ← ئێوە بەشەڕ دەهێنران. (بکەرنادیار).

لـە بکـەرنادیاردا ئـەو جـۆرە چاوگانـەی وەك (کـردن، خـواردن، دان) ناوێـك بکەوێتـە پێشـیان، وەك: (یـــاریکردن، ســـوێندخواردن، جوێنـــدان)، ئـــەم داڕشـــتنانە ئەگـــەرچی لـــە ڕوی وشەسـازیەوە لـە شـێوەی چـاوگی لێکـدراو دەردەکـەون، بـەڵام لـە ڕستەسـازیدا، وەك دو پارچـە ڕەفتاردەکەن و ناوەکەی پێش چاوگەکە چاڵی بەرکاری پڕدەکەنەوە.

ئازاد یاریی کرد. ← یاری کرا.

تۆ سوێندت خوارد. ← سوێند خورا.

ئەوان جوێنیان دا. ← جوێن درا.

ئێوە ئێشکتان گرت. ← ئێشك گیرا.

**2-3-5- دەمکاتەکان لە ڕستەی بکەرنادیاردا:**

دۆخـــی بکــەرنادیار لـــە ڕوی دەمکاتەکانـــەوە، ڕابـــوردو و ڕانـــەبوردو وەردەگرێـــت. بـــە شـــێوەیەك، لـــە ڕابـــوردو هـــەمو دەمکاتـــەکانی (ڕابـــوردوی ســـادە، ڕابـــوردوی بـــەردەوام، ڕابـــوردوی تـــەواو، ڕابـــوردوی دور، ڕابـــوردوی نزیکـــی خۆزگـــەیی، ڕابـــوردوی تـــەواوی خۆزگـــەیی و ڕابـــوردوی دوری خۆزگـــەیی)، لەگـــەڵ ڕانـــەبوردو و داهـــاتو دەگرێتـــەوە. بـــەم شێوەیەی خوارەوە:

### 1-5-3-2- ڕابوردوی سادە:

ڕۆنـــانی دەمکـــاتی ڕابـــوردوی ســـادە لە ڕســـتەی بکـــەرنادیاردا بەم شـــێوەیە: {ڕەگـــی کـــار + مـــۆرفیمی بکـــەرنادیار + مـــۆرفیمی کـــاتی ڕابـــوردو(ا) + ڕانـــاوی لکـــاوی ڕێککەوتـــن بـــەرکار (م، ی، ø، ین، ن، ن)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

**خشتەی 2. 26 دەمکاتی ڕابوردوی سادە لە ڕستەی بکەرنادیاردا**

| ژ | دەمکاتی ڕابوردوی سادە | ڕەگی کار | مۆرفیمی بکەرنادیاری (ر) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هێنرام | هێنـ | ر | ا | م |
| ٢ | کوژرای | کوژ | ر | ا | ی |
| ٣ | کرِدرا | کرِ+ ناوبڕی(د) | ر | ا | ø |
| ٤ | شێوێنراین | شێوێنـ | ر | ا | ین |
| ٥ | ڕوخێنران | ڕوخێنـ | ر | ا | ن |
| ٦ | نوسران | نوسـ | ر | ا | ن |

ئـــەو ڕەگانـــەی کۆتاییـــان بـــە (ر، ڕ)هـــاتوە، لـــە کـــاتی زیـــادکردنی(ر)ی مـــۆرفیمی بکـــەرنادیار پێویســـتییان بـــە نـــاوبڕ دەبێـــت بـــۆ ئاســـانی دەربـــڕین. وەکـــو:(بر+ د + ر+ ا + ڕانـــاو)، هـــەروەها ئـــەو کارانـــەی خۆیـــان تێنەپـــەڕ و دواتـــر تێپـــەڕێنراون، لـــە کـــاتی وەرگرتنـــی ڕەگـــی کارەکـــان(ا)ی نـــاو کـــارە تێپەڕێنراوەکـــە دەگۆڕێـــت بـــۆ (ێ)، بـــەڵام ئـــەم (ێ)یـــە مـــۆرفیمی کـــاتی داهـــاتو نیـــە، بـــەڵکو نوێنەرایـــەتیی هـــەمان مـــۆرفیم دەکـــا لـــە چاوگـــە تێنەپـــەڕە بنەڕەتیەکـــە، بـــەڵام بـــە هـــۆی بـــونی (ن)ی چاوگـــە تێنەپـــەڕە بنەڕەتیەکـــە واتاکـــەی ســـڕکراوە و ئـــەرکی مۆرفیمی کاتی لەدەستداوە و بوەتە بەشێك لە چاوگە تێپەڕێنراوەکە.

شکان.......شـك، شکاندن.....شـكێن ← شـکێنران. بەڵگەیـەکـی تـر بۆئـەوەی کـە ئـەم (ێ)یـە مـۆرفیمی کـاتی داهـاتو نیـە لێـرەدا، کـە دەمکاتەکـەی دەگـۆڕین بـۆ ڕانـەبوردو جگـە لـەم (ێ) یـە (ێ)ی مۆرفیمی داهاتوش دەردەکەوێت:

شکێنـران← دەشـكێنـرێن.

**2-3-5-2- ڕابوردوی بەردەوام:**

شـێوەی داڕشـتنی دەمكـاتی ڕابـوردوی بـەردەوام لە ڕسـتەی بكـەرنادیاردا، بەم شـێوەیە: {مـۆرفیمی كـاتی ئێسـتا + ڕەگـی كـار + مـۆرفیمی بكـەرنادیار + مـۆرفیمی كـاتی ڕابـوردو(ا) + ڕاناوی لكاوی ڕێككەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەكەوێت:

**خشتەی 2. 27 دەمكاتی ڕابوردوی بەردەوام لە ڕستەی بكەرنادیاردا**

| ژ | دەمكاتی ڕابوردوی بەردەوام | مۆرفیمی كاتی ئێستا | ڕەگی كار | مۆرفیمی بكەرنادیاری(ر) | مۆرفیمی كاتی ڕابوردو(ا) | ڕاناوی ڕێككەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەهێنرام | ە | هێنـ | ر | ا | م |
| ٢ | دەبرای/ دەبردرای | ە | بر+ ناوبری(د) | ر | ا | ی |
| ٣ | دەكرا/ دەكردرا | ە | كر+ ناوبری(د) | ر | ا | Ø |
| ٤ | دەشێوێنراین | ە | شێوێنـ | ر | ا | ین |
| ٥ | دەڕوخێنران | ە | ڕوخێنـ | ر | ا | ن |
| ٦ | دەنوسران | ە | نوس | ر | ا | ن |

**3-3-5-2- ڕابوردوی تەواو:**

شـێوەی داڕشـتنی دەمكـاتی ڕابـوردوی تـەواو لە ڕسـتەی بكـەرنادیاردا بەم شـێوەیە: {ڕەگـی كـار + مـۆرفیمی بكـەرنادیار(ر) + مـۆرفیمی كـاتی ڕابـوردو(ا) + مـۆرفیمی ئاوەڵنـاوی كـراو(و) + مـۆرفیمی كـاتی ئێسـتا + ڕانـاوی لكـاوی ڕێككەوتـن (م، ی، Ø، یـن، ن، ن)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەكەوێت:

**خشتەی 2. 28 دەمكاتی ڕابوردوی تەواو لە ڕستەی بكەرنادیاردا**

| ژ | دەمكاتی ڕابوردوی تەواو | ڕەگی كار | مۆرفیمی بكەرنادیاری(ر) | مۆرفیمی كاتی ڕابوردو(ا) | مۆرفیمی ئاوەڵناوی كراو(و) | مۆرفیمی كاتی ئێستا(ە) | ڕاناوی ڕێككەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەخشراوم | بەخشـ | ر | ا | و | Ø | م |
| ٢ | خوراوی | خۆ(خو) | ر | ا | و | Ø | ی |
| ٣ | نوسراوە | نوسـ | ر | ا | و | ە | Ø |
| ٤ | ڕوخێنراوین | ڕوخێنـ | ر | ا | و | Ø | ین |
| ٥ | شۆراون | شۆ | ر | ا | و | Ø | ن |
| ٦ | كوژراون | كوژ | ر | ا | و | Ø | ن |

**4-3-5-2- ڕابوردوی دور:**

ڕۆنـــانی دەمکـــاتی ڕابـــوردوی دور لـــە ڕســـتەی بکـــەرنادیاردا، بـــەم شـــێوەیە: {ڕەگـــی کـــار + مـــۆرفیمی بکـــەرنادیار(ر) + مـــۆرفیمی کـــاتی ڕابـــوردو(ا) + ڕەگی(بـــون) + مـــۆرفیمی کـــاتی ڕابـــوردو(و) + ڕانـــاوی لکـــاوی ڕێککەوتـــن (م، ی، Ø، یـــن، ن، ن)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

**خشتەی 2. 29 دەمکاتی ڕابوردوی دور لە ڕستەی بکەرنادیاردا**

| ژ | دەمکاتی ڕابوردوی دور | ڕەگی کار | مۆرفیمی بکەرنادیاری(ر) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) | ڕەگی(بون) (بـ) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(و) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەخشرابوم | بەخش | ر | ا | بـ | و | م |
| ٢ | کردرابوی | کر+ ناوبڕی(د) | ر | ا | بـ | و | ی |
| ٣ | نوسرابو | نوس | ر | ا | بـ | و | Ø |
| ٤ | ڕوخێنرابوین | ڕوخێن | ر | ا | بـ | و | ین |
| ٥ | کێشرابون | کێش | ر | ا | بـ | و | ن |
| ٦ | کوژرابون | کوژ | ر | ا | بـ | و | ن |

### 2-3-5-5- ڕابوردوی نزیکی خۆزگەیی/ ئاسایی خۆزگەیی:

ڕۆنـانی دەمکـاتی ڕابـوردوی نزیکـی خۆزگـەیی لـە ڕسـتەی بکـەرنادیاردا بـەم شـێوەیە: {ڕەگـی کـار + مـۆرفیمی بکـەرنادیار(ر) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا) + مـۆرفیمی ئارایی(بـــ) + نیشـــانەی خۆزگـــەیی(ا) + ڕانـــاوی لکـــاوی ڕێککەوتـــن (م، ی، Ø، یـــن، ن، ن)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

**خشتەی ژمارە 2. 30 دەمکاتی ڕابوردوی نزیکی خۆزگەیی لە ڕستەی بکەرنادیاردا**

| ژ | دەمکاتی ڕابوردوی نزیکی خۆزگەیی | ڕەگی کار | مۆرفیمی بکەرنادیاری(ر) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) | مۆرفیمی ئارایی (بـ) | مۆرفیمی ڕابوردوی خۆزگەیی (ا) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کوژرابام | کوژ | ر | ا | بـ | ا | م |
| ٢ | بەخشرابای | بەخش | ر | ا | بـ | ا | ی |
| ٣ | نوسرابا | نوس | ر | ا | بـ | ا | Ø |
| ٤ | ڕوخێنرابایین | ڕوخێن | ر | ا | بـ | ا | ین |
| ٥ | کێشرابان | کێش | ر | ا | بـ | ا | ن |
| ٦ | بەزێنرابان | بەزێن | ر | ا | بـ | ا | ن |

### 2-3-5-6- ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی:

یاسـای داڕشـتنی دەمکـاتی ڕابـوردوی تـەواوی خۆزگـەیی لـە ڕسـتەی بکـەرنادیاردا بـەم شـێوەیە: {ڕەگـی کـار + مـۆرفیمی بکـەرنادیار(ر) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا) + مـۆرفیمی ئارایی(بـ) + ڕانـاوی لکـاوی ڕێککەوتـن (م، ی، Ø، یـن، ن، ن)+ مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا) + ناوبڕ(یـ) + مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا(ە)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

**خشتەی ژمارە 2. 31 دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی لە ڕستەی بکەرنادیاردا**

| ژ | دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی | ڕەگی کار | مۆرفیمی بکەرنادیاری (ر) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) | مۆرفیمی ئارایی (بـ) | مۆرفیمی ڕابوردوی خۆزگەیی (ا) | ڕاناوی ڕێککەوتن | دوبارەی مۆرفیمی ڕابوردوی خۆزگەیی (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆرفیمی کاتی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کوژرابامایە | کوژ | ر | ا | بـ | ا | مـ | ا | یـ | ە |
| ٢ | بەخشرابایتایە | بەخش | ر | ا | بـ | ا | یـ+ناوبڕی(تـ) | ا | یـ | ە |
| ٣ | نوسرابایە | نوس | ر | ا | بـ | ا | Ø | Ø | یـ | ە |
| ٤ | ڕوخێنرابابینایە | ڕوخێن | ر | ا | بـ | ا | ینـ | ا | یـ | ە |
| ٥ | کێشرابانایە | کێش | ر | ا | بـ | ا | نـ | ا | یـ | ە |
| ٦ | بەزێنرابانایە | بەزێن | ر | ا | بـ | ا | نـ | ا | یـ | ە |

لـە دەمکـاتی ڕابـوردوی تـەواوی خۆزگەییـدا، دەشـێت (بــ)ی مۆڕفیمی ئـارایی لـە پـێش ڕەگـی کارەکـەش دەربکـەوێت، بـۆ نمونـە: (ببەخشـرایتایە، بنوسـرایە، ببەزێنرانایـە...)، بـەپێی شـێوەزارە ناوچەییـەکان، جـۆرێکی تـری هەیـە، مـۆڕفیمی ئارایی(بــ) لـە پـێش و لـە دوا دوبـارە دەبێتەوە: (ببەخشرابایتایە، بنوسرابایە،...).

## 2-3-5-7- ڕابوردوی دوری خۆزگەیی:

یاسـای داڕشـتنی دەمکـاتی ڕابـوردوی دوری خۆزگـەیی لـە ڕسـتەی بکـەرنادیاردا بـەم شـێوەیە: {ڕەگـی کـار + مـۆرفیمی بکـەرنادیار(ر) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا) + ڕەگـی (بون(بــ)) + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(و) + ڕانـاوی لکـاوی ڕێککەوتـن (م، ی، Ø، یـن، ن، ن)+ مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا) + ناوبڕ(یـ) + مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا(ە)}. وەک لەم خشـتەیەدا دەردەکەوێت:

**خشتەی 2. 32 دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی لە ڕستەی بکەرنادیاردا**

| ژ | دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی | ڕەگی کار | مۆرفیمی بکەرنادیاری (ر) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) | ڕەگی بون (بـ) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(و) | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی ڕابوردوی خۆزگەیی (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆرفیمی کاتی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بینرابومایە | بینـ | ر | ا | بـ | و | مـ | ا | یـ | ە |
| ٢ | بەخشرابویتایە | بەخشـ | ر | ا | بـ | و | یـ+ناوبڕی(تـ) | ا | یـ | ە |
| ٣ | نوسرابوایە | نوسـ | ر | ا | بـ | و | Ø | ا | یـ | ە |
| ٤ | ڕوخێنرابوینایە | ڕوخێنـ | ر | ا | بـ | و | ینـ | ا | یـ | ە |
| ٥ | کێشرابونایە | کێشـ | ر | ا | بـ | و | نـ | ا | یـ | ە |
| ٦ | گەیێنرابونایە | گەیێنـ | ر | ا | بـ | و | نـ | ا | یـ | ە |

**2-3-5-8- ڕانەبوردو:**

ڕۆنـانی دەمکـاتی ڕانـەبوردو لـە ڕسـتەی بکـەرنادیاردا بـەم شـێوەیە: {مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا + ڕەگـی کـار + مـۆرفیمی بکـەرنادیار(ر) + مـۆرفیمی کـاتی داهاتو(ێــ) + ڕانــاوی لکـاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

**خشتەی 2. 33 دەمکاتی ڕانەبوردو لە ڕستەی بکەرنادیاردا**

| ژ | دەمکاتی ڕانەبوردو | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕەگی کار | مۆرفیمی بکەرنادیاری(ر) | مۆرفیمی کاتی داهاتو(ێ) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەبینرێم | ە | بینـ | ر | ێـ | م |
| ٢ | دەگیرێی | ە | گیر | ر | ێـ | ی |
| ٣ | دەنوسرێ | ە | نوسـ | ر | ێ | Ø |
| ٤ | دەکوژرێین | ە | کوژ | ر | ێـ | ین |
| ٥ | دەشۆرێن | ە | شۆ | ر | ێـ | ن |
| ٦ | دەبەخشرێن | ە | بەخشـ | ر | ێـ | ن |

**2-3-5-9- داهاتو:**

یاسـای داڕشـتنی دەمکـاتی داهـاتو لـە ڕسـتەی بکـەرنادیاردا بـەم شـێوەیە: {مـۆرفیمی ئارایی(بــ) + ڕەگـی کـار + مـۆرفیمی بکـەرنادیار(ر) + مـۆرفیمی کـاتی داهــاتو(ێ) + ڕانــاوی لکـاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)}. وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

**خشتەی 2. 34 دەمکاتی داهاتو لە ڕستەی بکەرنادیاردا**

| ژ | دەمکاتی داهاتو | مۆرفیمی ئارایی | ڕەگی کار | مۆرفیمی بکەرنادیاری(ر) | مۆرفیمی کاتی داهاتو(ێ) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ببینرێم | بـ | بین | ر | ێـ | م |
| ٢ | ببەخشرێی | بـ | بەخش | ر | ێـ | ی |
| ٣ | بنوسرێ | بـ | نوس | ر | ێ | Ø |
| ٤ | بروخێنرێین | بـ | ڕوخێن | ر | ێـ | ین |
| ٥ | بکێشرێن | بـ | کێش | ر | ێـ | ن |
| ٦ | بگەیێنرێن | بـ | گەیێن | ر | ێـ | ن |

لـە دەمکـاتی ڕانـەبوردو و داهـاتودا، بـەپێی ڕێسـای دەمکاتـەکان لـە بکـەرنادیاردا پێویسـتە مـۆرفیمی کـاتی داهـاتو (ێ) لـە دوای مـۆرفیمی بکـەرنادیار دەرکـەوێت، بـەڵام لـە چاوگـە تێپـەڕێنراوەکان و ئـەو چاوگـە دالییانـەی لـەپێش (د)ەکـە لـەناو چاوگەکـە (ا)ێـك بـونی هەیـە، ئـەوا ئـەم (ا)ە دەگۆڕێـت و دەبێتـە (ێ) و جگـە لەمـەش لـە دوای مـۆرفیمی (ر)ی بکـەرنادیار مـۆرفیمی کـاتی داهـاتو (ێ) دەردەکـەوێت. لـەو دو دەمکاتـە لـە دۆخـی بکـەردیاریش هـەمان دیاردە ڕودەدات. بۆ نمونە:

ناردن ← دەنێردرێن، بنێردرێن.

سوتاندن ← دەسوتێنرێن، بسوتێنرێن.

جێگـەی سـەرنجە ڕسـتەی بکـەرنادیار لـە ڕسـتەی هەواڵـدانی کـاتی ئێسـتا ڕسـتەی فەرمانـدان دروستناکرێت، بۆ نمونە:

ئازاد زیرەکە. (ڕستەی هەواڵدان).

نەوزاد مامۆستایە. (ڕستەی هەواڵدان).

ئـەم ڕسـتانە نـاکرێن بـە بکـەرنادیار، چونکـە چـاوگی (بـون) چـاوگێکی تێنەپـەڕە و ڕسـتەکان تـەنیا یـەك کەسـی کارایـان تێدایـە و ناشێت بکـرێن بـە نادیـار. ڕسـتەی فەرمانـدانیش ناکرێـت بـە بکەرنادیار، چونکە ناشێت فەرمان بە کەسێك یان بکەرێك بکرێت، کە نادیار بێت. وەك:

ئازاد نامەیەك بنوسە.

نەوزاد وانەکەت بخوێنە.

یاسـای داڕشـتنی دەمکاتـەکان لـە ڕسـتەی بکـەرنادیاردا، وەك لـە سـەرەوە باسـکراوە، لـە هـەر یـەکێك لــە دەمکاتەکانــدا بــەپێی ڕیزبەنــدیی وەرگرتنــی مۆرفیمــەکانی کــات و وەرگرتنــی

مـۆڕفیمی بکـەرنادیار شـێوەی تایبـەتیی خۆیـان وەردەگـرن. کـۆی یاسـای دەمکاتـەکانی ڕسـتەی بکەرنادیار لەم خشتەیەی خوارەوە دەخرێتەڕو:

**خشتەی 2. 35 دەمکاتەکان لە ڕستەی بکەرنادیاردا**

| دەمکاتەکان | | | ڕێسای دروستبونی | نمونە |
|---|---|---|---|---|
| ڕابوردو | | ڕابوردوی نزیک | ڕەگ(فرۆش)+م. بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابوردو(ا)+ڕاناوی بەرکار(ن). | فرۆشران |
| | | ڕابوردوی بەردەوام | م.ک.ئێستا(ە)+ڕەگ(فرۆش)+م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابوردو(ا)+ڕاناو. | دەفرۆشران |
| | | ڕابوردوی تەواو | ڕەگ(فرۆش)+ م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابوردو(ا)+م.ئاوەڵناوی کراو(و)+ م.ئێستا(ە)+ڕاناوی بەرکار(ن). | فرۆشراون |
| | | ڕابوردوی دور | ڕەگ(فرۆش)+م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابوردو(ا)+م.ئارایی(ب)+م.ک.ڕابوردو(و)+ڕاناوی بەرکار(ن). | فرۆشرابون |
| | ڕابوردوی خۆزگەیی | ئاسایی | ڕەگ(فرۆش)+م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابوردو(ا)+م.ئارایی(ب)+م.ک.ڕابوردو(ا)+ڕاناوی بەرکار(ن). | فرۆشرابان |
| | | تەواو | ڕەگ(فرۆش)+م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابوردو(ا)+م.ئارایی(ب)+م.ک.ڕابوردو(ا)+ ڕاناوی بەرکار(ن)+ م.ک.ڕابوردو(ا)+ناوبڕ(ی)+م.ک.ئێستا(ە). | فرۆشرابانایە |
| | | دور | ڕەگ(فرۆش)+م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.ڕابوردو(ا)+م.ئارایی(ب)+م.ک.ڕابوردو(و)+ڕاناوی بەرکار(ن)+ م.ک.ڕابوردو(ا)+ناوبڕ(ی)+م.ک.ئێستا(ە). | فرۆشرابوبانایە |
| ڕانەبردو | | ئێستا و داهاتو | م.ک.ئێستا(ە)+ڕەگ(فرۆش)+م.بکەرنادیار(ر)+م.ک.داهاتو(ێ)+ڕاناوی بەرکار(ن). | دەفرۆشرێن |

سـەبارەت بـە دەمکاتـەکان لـە ڕسـتەی بکـەرنادیاردا، هـەردو دەمکـاتی ڕابـوردو و ڕانەبوردو(ئێسـتا و داهـاتو) دەگرێتـەوە، ڕسـتەی بکـەرنادیار بـەپێی ڕسـتە بکەردیارەکـە لـە ڕوی دەمکاتەوە، هەمان شێوەی دەبێت، بۆ نمونە:

ڕابوردوی نزیك: منداڵەکە نانەکەی خوارد. ← نانەکە خورا.

ڕابوردوی بەردەوام: منداڵەکە نانەکەی دەخوارد. ← نانەکە دەخورا.

ڕابوردوی تەواو: منداڵەکە نانەکەی خواردوە. ← نانەکە خوراوە.

ڕابوردوی دور: منداڵەکە نانەکەی خواردبو. ← نانەکە خورابو.

ڕابـوردوی خۆزگـەیی نزیـك: خۆزگـە منداڵەکـە نانەکـەی خواردبـا. ← خۆزگـە نانەکـە خورابا.

ڕابـوردوی خۆزگـەیی تـەواو: خۆزگـە منداڵەکـە نانەکـەی خواردبایـە. ← خۆزگـە نانەکـە خورابایە.

ڕابـوردوی خۆزگـەیی دور: خۆزگـە منداڵەکـە نانەکـەی خواردبوایـە. ← خۆزگـە نانەکـە خورابوایە.

ڕانەبوردو: منداڵەکە نانەکە دەخوات. ← نانەکە دەخورێت.

داهاتو: نانەکان بخۆین. ← نانەکان بخورێن.

ڕستە بکەرنادیارەکان، لەڕوی شێوازی نەرێوە بە هەمان شێوەی دەمکاتی ڕستە بکەردیارەکە دەبن و مۆرفیمی نەرێ بەپێی دەمکاتەکان دەردەکەون لە ڕستەکاندا، بۆ نمونە:

ڕابوردوی سادە: زەوییەکان فرۆشران. ← زەوییەکان نەفرۆشران.

ڕابوردوی بەردەوام: زەوییەکان دەفرۆشران. ← زەوییەکان نەدەفرۆشران.

ڕابوردوی تەواو: زەوییەکان فرۆشراون. ← زەوییەکان نەفرۆشراون.

ڕابوردوی دور: زەوییەکان فرۆشرابون. ← زەوییەکان نەفرۆشرابون.

ڕابوردوی خۆزگەیی نزیك: زەوییەکان فرۆشرابان. ← زەوییەکان نەفرۆشرابان.

ڕابوردوی خۆزگەیی تەواو: زەوییەکان فرۆشرابانایە. ← زەوییەکان نەفرۆشرابانایە.

ڕابوردوی خۆزگەیی دور: زەوییەکان فرۆشرابونایە. ← زەوییەکان نەفرۆشرابونایە.

ڕانەبوردو: زەوییەکان دەفرۆشرێن. ← زەوییەکان نافرۆشرێن.

داهاتو: زەوییەکان بفرۆشرێن. ← زەوییەکان نەفرۆشرێن.

دەمکاتەکانی ڕستە بکەردیارەکان هاوتا دەبن لەگەڵ دەمکاتەکانی ڕستە بکەرنادیارەکانی بەرامبەریان بەپێی ئەو یاسا و ڕێسا تایبەتانەی ئەم دەمکاتانە هەیانە جیادەکرێنەوە.

### 2ـ 4ـ دۆخی نەرێکردن لە دەمکاتەکانی زمانی کوردیدا:

دۆخی نەرێکردن1 یان ناکردن (negation)، یەکێکە لە جۆرەکانی ڕستە لە ڕوی ڕوکارەوە و لەپاڵ هەواڵگەیاندن و پرسیاری و فەرماندان و داخوازیدا، ئەرکی ڕستە دەردەخەن. دۆخی نەرێ بابەتێکی گرنگی ناو ڕێسای دارشتنی دەمکاتەکان دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی لە کاتی قسەکردندا، ئەرکەکانی تری ڕستە چەند بەکاردێن، بە هەمان شێوە، ئەم لایەنەش لە ڕوی دەرکەوتنەوە هیچی لەوانی تر کەمتر نیە. دۆخی نەرێ، یاخود چەمکی نەرێ، بریتیە لە وشەیەك یان دەستەواژەیەك کە ڕەتکردنەوە و ناڕازیبون دەگەیەنێ، دۆخی نەرێ، واتای ڕونەدان و جێبەجێنەکردنی کردارێکە کە لە کەتواردا

1 لە زمانی کوردیدا، بۆ دۆخی نەرێ چەند زاراوەیەکی تری وەکو: ناکردن، نەرێتی، نەفی، (نەیاندن (نە ـ یاندن) = negation (to say no) دژەکەشی: ئایاندن (ئا ـ یاندن)، (to say yes)) (عومەر دزەیی، 1984، بەراوردکردنێکی (ڕابوردووی تەواو)ی کوردی لەگەڵ (perfect)ی زمانە ئەوروپاییەکان دا، گۆڤاری کاروان ژمارە 24، 8) بەکاردێ. زاراوەی (ناکردن) بەرامبەر (عملية النفى ـnegation) و (نەرێ) بەرامبەر (نفى ـnegative) هاتوە.

پێشـبینی و چـاوەڕێی ئەنجامـدانی دەکـرێ، واتە؛ (ئەرکێکـی واتاسـازیی ڕسـتەیە کە هەواڵـی ڕونەدانی کارێک دەدا، کە بڕیاربو ڕوبدا)[1].

لـە زمـانی کوردیـدا بـەهۆی چەنـد مـۆرفیمێکی تایبەتـەوە نـەرێ دێتـە ئـاراوە، (هەنـدێ جـار هـەڵبژاردنی ئەلۆمـۆرف لـە ژێـر کـاری ڕێزماندایـە. بـۆ نمونـە، نـاکردن لـە کوردیـدا بـە هـۆی یەکێـک لەم ئـامرازانەی نەرێ دەبـێ: (نـا، نـە، مـە) دادەڕێـژرێ: (نـا)2 لەگـەڵ ڕانـەبوردو دێ و (نـە) لەگـەڵ کارەکـانی تـر و (مـە) لەگـەڵ فەرمانـدا، واتـە ڕێـژەی کارەکـە بڕیـاردەدا، کـام ئـەلۆمۆرف هەڵـدەبژێرێ.)[3]. ئـەم بابەتـە پەیوەسـتە بـە کارەکـان و یەکێکـە (لـەو بابەتـە گەردانیانـەی کـە لـە پێکهاتـەی کـرداری زمـانی کوردیـدا ڕەنگیداوەتـەوە و گیرەکـی تایبـەتی بـۆ تـەرخانکراوە)[4]، سـەرەڕای ئـەوەی کـە لە(ئاوەڵناو)یشـدا چـەمکی نـەرێ بـونی هەیـە، وەکـو: (نـەخۆش، نـاخۆش.....)، بـەڵام ئـەوەی پەیوەسـتە بـەم بابەتـەوە، دەرخسـتنی دۆخـی نـەرێی کارەکانــە و لــەو چوارچێوەیەشــدا، ئــەو گۆڕانکاریانــەی لــە کــاتی نەرێکردنــدا دەردەکــەون، یاخود لەناو ڕێسای داڕشتنی دەمکاتی ڕستەکاندا چ گۆڕانکاریەك ڕودەدەن؟

دۆخـی ئـەرێ و نـەرێ دو چـەمکی دژبـەری یـەکترن، بۆیـە هـەرگیز بەیەکـەوە نایـەن، مۆرفیمـەکانی نـەرێش هـەر یـەکێکیان بـە جیـا دەردەکـەون و لـە ڕسـتەیەکدا (لـە سـنوری یـەك دەمکاتـدا) بەیەکـەوە دەرناکـەون. هـەر یـەکێك لـە دەمکاتـەکان، بـەپێی ڕێسـای تایبـەتیی خۆیـان لـە دۆخـی نەرێـدا، بەرامبـەر دۆخـی ئـەرێی دەمکاتەکانـدا، جیـاوازی و گۆڕانکارییـان تێـدا بەدیـدەکرێ، بۆیـە هـەمو دەمکاتـەکان لـەم ڕوەوە باسـدەکرێن و تایبەتمەنـدیی و یاسـاکانیان دەخرێنەڕو.

**1-4-2- دەمکاتەکانی ڕابوردو لە دۆخی نەرێدا:**

---

1 وریـا عومـەر ئـەمین، 2004، چەنـد ئاسـۆیەکی تـری زمانـەوانی، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، چـاپی یەکەم ـ هەولێر، 82.

2 ئامرازی نەرێی (نا) لە بنەڕەتدا پێکهاتوە لە ئامرازی نەرێی (نە) لەگەڵ (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستای سەرەتای کاری ڕانەبوردو و لە ئەنجامی تێکەڵبونی هەردو بزوێنە کورتەکە (ە+ە) بوەتە بزوێنی درێژ (ا). بۆ نمونە: (نە+ەخۆم—›ناخۆم).

3 محەمـەد مـەعروف فـەتاح، سـەباح ڕەشـید قـادر،2006، چەنـد لایـەنێکی مۆرفۆلـۆجیی کـوردی، چاپخانـەی ڕوون، سلێمانی، 20.

4 سەعید کەرەمی، 1396، وشەناسی زمانی کوردی، پەخشانگای زانستگای کوردستان، 112.

دۆخی نەرێ، لە دەمکاتەکانی ڕابوردودا بەپێی جۆری دەمکاتەکە شێوەی جیاواز وەردەگرێ، واتە؛ بەپێی هەریەك لە دەمکاتەکانی ڕابوردو: (سادە، بەردەوام، تەواو، دور، خۆزگەیی) لە ڕوی دۆخی نەرێوە جیاوازن، (بە گشتی بۆ ناکردنی تافی ڕابوردو بە هەمو شێوەکانیەوە نیشانەی (نە) بەکاردێ و ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش ڕەگی کارە ڕابوردوەکە)[1]، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**2-4-1-1- دەمکاتی ڕابوردوی سادە لە دۆخی نەرێدا:**

دۆخی نەرێ، لەم دەمکاتەدا ئەم شێوە داڕشتنەی هەیە:

1- لە کاری تێنەپەڕدا: [مۆرفیمی نەرێ + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ی/ت/د/و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)(کارا)2 ].

شێنێ نەچوø← نەچوø: (نە +چـ + و+ ø).

لەشکر نەشکاø← نەشکاø: (نە +شک + ا+ ø).

لەگەڵ کاری داڕێژراوی تێنەپەڕ، بە هۆی بونی پێشگرەوە جیاواز دەبێ، بۆ نمونە: [(هەڵنەفڕیین← پێشگر (هەڵ) + م. نەرێ (نە) + ڕەگی کار (فڕ)+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (یـ) + ڕاناوی ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ین) (کارا)].

---

[1] عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، 1991، ناکردن ل کوردیدا، چاپخانەی هێڤی/ هەولێر، 26.

2 مەبەست لە (کارا) نیهاد یاخود توخمی بەڕێوەبەری کارەکەیە، بکەر بێ، یان بەرکار، چونکە لە کارەکانی تێنەپەڕی بکەری توخمەکە (ئازاد) دەبێتە بکەر، وەک: ئازاد هات، چو، دانیشت، خەوت، ڕۆیشت، سوڕایەوە،....هتد، بەڵام لە کارەکانی تێنەپەڕی بەرکاری توخمەکە (ئازاد) دەبێتە بەرکار، وەک: ئازاد کەوت، مرد، خلیسکا، سوتا، بو،....هتد.

**خشتەی 2. 36 دەمکاتی ڕابوردوی سادە (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ڕاناوی لکاو | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕەگی کار | مۆرفیمی نەرێ | نەرێی دە. ڕابوردوی سادە | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| م | ا | ترس | نە | نەترسام | ١ |
| ی | یـ | خز | نە | نەخزیی | ٢ |
| Ø | ت | خەو | نە | نەخەوت | ٣ |
| ین | د | مر | نە | نەمردین | ٤ |
| ن | و | چ | نە | نەچون | ٥ |
| ن | تـ | کەو | نە | نەکەوتن | ٦ |

2- لە کاری تێپەڕدا: [مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕاناوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان)(بکەر) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ی/ت/د/و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)(بەرکار)].

ـــ شیلان نانەکەی نەبرد. ← نەیبرد: (نە+ یـ+ بر+ د+ ø).

ـــ ئێوە ئێمەتان نەگرت. ← نەتانگرتین: نە+ تانـ+ گر+ تـ+ ین).

لەگەڵ کاری دارێژراوی تێپەڕدا، بۆ نمونە: [(هەڵتاننەخستن← پێشگر(هەڵـــ) + ڕاناوی خاوەنی (تانـــ)(بکەر) + م. نەرێ (نـە) + ڕەگی کار(خســـ)+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (تـــ) + ڕاناوی ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ن)(بەرکار)].

**خشتەی 2. 37 دەمکاتی ڕابوردوی سادە (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕەگی کار | ڕاناوی خاوەنی | مۆرفیمی نەرێ | نەرێی دە. دەمکاتی ڕابوردوی سادە | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| م | تـ | گر | تـ | نە | نەتگرتم | ١ |
| ن | د | ترسان | یـ | نە | نەیترساندن | ٢ |
| ن | یـ | نوس | یان | نە | نەیاننوسین | ٣ |
| ø | تـ | کوش | تان | نە | نەتانکوشت | ٤ |
| م | ا | هێن | یان | نە | نەیانهێنام | ٥ |
| ø | د | بر | تان | نە | نەتانبرد | ٦ |

### 2-1-4-2- دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام لە دۆخی نەرێدا:

دۆخی نەرێ لە دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوامدا، بەم شێوەیە:

1ـ لە کاری تێنەپەڕدا: [مۆرفیمی نەرێ (نە) + مۆرفیمی کاتی ئێستا د/ئـ (ە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ یـ/ تـ/ د/ و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)(کارا)].

گۆشتەکە نەدەبرژاø← نەدەبرژاø: (نە+ دە+ برژ+ ا+ ø).

لەگەڵ کاری داڕێژراوی تێنەپەڕدا، بۆ نمونە: [(هەڵنەدەفڕین← پێشگر(هەڵ) + م. نەرێ(نە) + مۆرفیمی کاتی ئێستا د/ئـ (ە) + ڕەگی کار(فڕ)+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (یـ) + ڕاناوی ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ن)].

**خشتەی 2. 38 دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێی دە. دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام | مۆرفیمی نەرێ | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەدەسوتام | نە | د/ ئـ ە | سوتـ | ا | م |
| ٢ | نەدەڕۆیشتی | نە | د/ ئـ ە | ڕۆیشـ | تـ | ی |
| ٣ | نەدەخەوت | نە | د/ ئـ ە | خەو | ت | Ø |
| ٤ | نەدەچوین | نە | د/ ئـ ە | چ | و | ین |
| ٥ | نەدەخزین | نە | د/ ئـ ە | خز | یـ | ن |
| ٦ | نەدەمردن | نە | د/ ئـ ە | مر | د | ن |

2ـ لە کاری تێپەڕدا: [مۆرفیمی نەرێ + ڕاناوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان)(بکەر) + مۆرفیمی کاتی ئێستا د/ئـ (ە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ی/ت/د/و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)(بەرکار)].

تۆ ئێمەت نەدەبرد← نەتدەبردین: (نە+ تـ+ دە+ بر+ د+ ین).

ئێمە تۆمان نەدەبرد← نەماندەبردی: (نە+ مانـ+ دە+ بر+ د+ ی).

لەگەڵ کاری داڕێژراوی تێپەڕدا، بۆ نمونە: [(هەڵتاننەدەخستن← پێشگر(هەڵ) + ڕاناوی خاوەنی (تانـ) م. نەرێ (نە) + مۆرفیمی کاتی ئێستا د/ئـ (ە) + ڕەگی کار(خسـ)+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (تـ) + ڕاناوی ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ن)]. واتە؛ لەم دەمکاتەدا، لە دۆخی نەرێ (ڕاناوی لکاو ـ بەرکار بە مۆرفیمی کاتی ڕابوردوەوە دەلکێ و ڕاناوی لکاو ـ بکەر بە پێشگری وشەسازیەوە دەلکێ. ڕایدەگرت ـ ڕاینەدەگرت)[1].

**خشتەی 2. 39 دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

[1] خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو، 2008، بەرکار لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕێبازی فۆڕمی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر، 163.

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردوی بەردەوام | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەیاندەگرتم | نە | یانـ | د/ ئـ ە | گر | تـ | م |
| ٢ | نەتدەبردین | نە | تـ | د/ ئـ ە | بر | د | ین |
| ٣ | نەیدەخوارد | نە | یـ | د/ ئـ ە | خوار | د | Ø |
| ٤ | نەماندەدورین | نە | مانـ | د/ ئـ ە | دور | ی | ن |
| ٥ | نەتاندەڕوخاندین | نە | تانـ | د/ ئـ ە | ڕوخانـ | د | ین |
| ٦ | نەمدەهێنای | نە | مـ | د/ ئـ ە | هێنـ | ا | ی |

### 3-1-4-2- دەمکاتی ڕابوردوی دور لە دۆخی نەرێدا:

دەمکاتی ڕابوردوی دور لە دۆخی نەرێدا، بەم شێوەیە:

1ـــ لە کـاری تێنەپـەڕدا: [مـۆڕفیمی نـەرێ + ڕەگـی کـار + مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـوردو (ا/ یـــ/ تـــ/ د/ و) + ڕەگـی (بـون) + مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـوردو (و) + ڕانـاوی لکـاوی ڕێککـەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)(کارا)].

منداڵەکان نەنوستبون← نەنوستبون: (نە+ نوسـ+ تـ+ بـ+ و+ ن).

خانوەکان نەڕوخابون ← نەڕوخابون: (نە+ ڕوخـ + ا+ بـ + و+ ن).

لەگـەڵ کـاری داڕێـژراوی تێنەپـەڕدا، بـۆ نمونـە: [(هەڵنـەفڕیبـون← پێشـگر(هەڵ) + م. نەرێ(نـە) + ڕەگـی کـار(فڕ)+ مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـوردو (یـ) + ڕەگـی (بـون) + مـۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ن)].

**خشتەی 2. 40 دەمکاتی ڕابوردوی دور (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێی دە. دەمکاتی ڕابوردوی دور | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕەگی کار (ب) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەچوبوم | نە | چ | و | بـ | و | م |
| ٢ | نەهاتبوی | نە | ها | تـ | بـ | و | ی |
| ٣ | نەسوتابو | نە | سوتـ | ا | بـ | و | Ø |
| ٤ | نەنوستبوین | نە | نوسـ | تـ | بـ | و | ین |
| ٥ | نەمردبون | نە | مر | د | بـ | و | ن |
| ٦ | نەوەریبون | نە | وەر | یـ | بـ | و | ن |

2- لە کـــاری تێپـــەڕدا: [مـــۆڕفیمی نـــەرێ + ڕانـــاوی خـــاوەنی (م، ت، ی، مـــان، تـــان، یـــان)(بکەر) + ڕەگـــی کـــار + مـــۆڕفیمی کـــاتی ڕابـــوردو (ا/ یـــ/ تـــ/ د/ و) + ڕەگـــی (بـــون) + مـــــۆڕفیمی کـــــاتی ڕابـــــوردو (و) + ڕانـــــاوی لکـــــاوی ڕێککـــــەوتن (م، ی، Ø، یـــــن، ن، ن)(بەرکار)].

شنە داڕشتنەکەی نەنوسیبوø← نەینوسیبوø: (نە+ یـ+ نوسـ+ یـ+ بـ+ و+ ø).

لەگـەڵ کـاری داڕێـژراوی تێپـەڕ، بـۆ نمونـە: [(هەڵتاننـەخسـتبوø ← پێشگر(هەڵـ) + ڕانـاوی خـاوەنی (تانـ) م. نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کار(خسـ) + مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـوردو (تـ) + ڕەگـی (بـون) + مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـوردو (و) +ڕانـاوی ڕانـاوی لکـاوی ڕێککـەوتن (ø)]. لـە کـاری تێـپەڕی دەمکـاتی دوردا، (لـە ڕسـتەی ئـەرێ و نەرێـدا، کۆمەڵـەی (B) ڕۆڵـی بـەرکاری ڕاسـتەوخۆ دەگێـڕێ و بـە کـاری یاریـدەدەری (بـو)ەوە دەلکـێ. کۆمەڵـەی (A)یـش، ڕۆڵـی بکـەر دەگێڕێ و بە پێشگری وشەسازیەوە دەلکێ. ڕایگرتبو ــ ڕاینەگرتبو)[1].

[1] خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو، بەرکار لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕێبازی فۆرمی، 164.

**خشتەی 2. 41 دەمکاتی ڕابوردوی دور (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردوی دور | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕەگی کار (بـون) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەمانگرتبو | نە | مان | گر | تـ | بـ | و | Ø |
| ٢ | نەیانشوشتبوم | نە | یان | شوشـ | تـ | بـ | و | مـ |
| ٣ | نەتانبردبو | نە | تان | بر | د | بـ | و | Ø |
| ٤ | نەتنوسیبون | نە | ت | نوسـ | یـ | بـ | و | نـ |
| ٥ | نەیگریاندبو | نە | ی | گریانـ | د | بـ | و | Ø |
| ٦ | نەمهێنابوی | نە | م | هێنـ | ا | بـ | و | ی |

### 4-1-4-2- دەمکاتی ڕابوردوی تەواو لە دۆخی نەرێدا:

نەرێکردن لە دەمکاتی ڕابوردوی تەواودا، بەم شێوەیە:

1- لە کاری تێنەپەڕدا: [مۆرفیمی نەرێ + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ یـ/ تـ/ د/ و) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە/ ø) ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)(کارا)].

ڤاری دو ڕۆژە نەنوستوەø ⟵ نەنوستوەø: (نە+ نوسـ+ تـ+ و+ ە+ ø).

ژنەکە هێشتا منداڵی نەبووەø ⟵ نەبووەø: ( نە+ بـ+ و+ و+ ە+ ø).

شاندەکە تا ئێستا نەچووەø بۆ بەغدا ⟵ نەچووەø: ( نە+چـ+ و+ و+ ە+ ø).

لەگەڵ کاری دارێژراوی تێنەپەڕدا، بەم شێوەیە: [(هەڵنەفڕیوەø⟵ پێشگر(هەڵـ) + م. نەرێ(نـە) + ڕەگی کار(فڕ)+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (یـ) + + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (Ø)].

**خشتەی 2. 42 دەمکاتی ڕابوردوی تەواو (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێ دە. ڕابوردوی تەواو | مۆڕفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو | مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) | مۆڕفیمی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەچووم | نە | چـ | و | و | Ø | م |
| ٢ | نەهاتوی | نە | ها | تـ | و | Ø | ی |
| ٣ | نەنوستوە | نە | نوسـ | تـ | و | ە | Ø |
| ٤ | نەمردوین | نە | مر | د | و | Ø | ین |
| ٥ | نەسوتاون | نە | سوتـ | ا | و | Ø | ن |
| ٦ | نەومریون | نە | ومر | یـ | و | Ø | ن |

2- لە کـــاری تێپـــەڕدا: [مـــۆڕفیمی نـــەرێ + ڕانـــاوی خـــاوەنی (م، ت، ی، مـــان، تـــان، یـــان)(بکەر) + ڕەگـــی کـــار + مـــۆڕفیمی کـــاتی ڕابـــوردو (ا/ یـــ/ تـــ/ د/ و) + مـــۆڕفیمی ئاوەڵنـــاوی کـــراو (و) + مـــۆڕفیمی کـــاتی ئێســـتا (ە/ ø) + ڕانـــاوی لکـــاوی ڕێککـــەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)(کارا)].

تۆ گوڵەکانت نەهێناون ← نەتهێناون: (نە+ تـ+ هێنـ+ ا+ و+ ø+ ن).

ئەوان گوڵیان نەهێناوەø ← نەیانهێناوەø: (نە+ یانـ+ هێنـ+ ا+ و+ ە+ ø).

لەگـەڵ کـاری داڕێـژراوی تێپـەڕدا، بـۆ نمونـە: [(هەڵتاننـەخسـتون← پێشگر(هەڵـ) + ڕانـاوی خـاوەنی (تانـ) + م. نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کار(خسـ) + مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـوردو (تـ) + مـۆڕفیمی ئاوەڵنـاوی کـراو (و) + مـۆڕفیمی کـاتی ئێسـتا (ø) + ڕانـاوی ڕانـاوی لکـاوی ڕێککەوتن (ن)].

**خشتەی 2. 43 دەمکاتی ڕابوردوی تەواو (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردوی تەواو | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەمهێناون | نە | م | هێنـ | ا | و | Ø | ن |
| ٢ | نەتکڕیوە | نە | تـ | کڕ | یـ | و | ە | Ø |
| ٣ | نەمانبردوە | نە | مانـ | بر | د | و | ە | Ø |
| ٤ | نەیانگرتون | نە | یانـ | گر | تـ | و | Ø | ن |
| ٥ | نەتانپساندون | نە | تانـ | پسانـ | د | و | Ø | ن |
| ٦ | نەتکوشتوین | نە | تـ | کوشـ | تـ | و | Ø | ین |

## 2-4-1-5- دەمکاتی ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی لە دۆخی نەرێدا:

نەرێی دەمکاتی ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی، بەم شێوەیە:

1ــ لە کاری تێنەپەڕدا: [مۆرفیمی نەرێ + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ یـ/ تـ/ د/ و) + مۆرفیمی ئارایی (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)(کارا)].

خۆزگە نەچوبام بۆ ئاهەنگەکە ← نەچوبایـن: (نە + چـ + و+ بـ + ا + م).

بریا نەکەوتبان ← نەکەوتبان: (نە + کەو + تـ + بـ + ا + ن).

لەگەڵ کاری داڕێژراوی تێنەپەڕدا، بەم شێوەیە: [(هەڵنەفڕیبا ø ← پێشگر(هەڵـ) + م. نەرێ(نە) + ڕەگی کار(فڕ)+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (یـ) + مۆرفیمی ئارایی (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا)+ ڕاناوی ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (Ø)].

**خشتەی 2. 44 دەمکاتی ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | مۆرفیمی ئارایی (بـ) | مۆرفیمی کاتی ڕابردو (ا) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەسوتابام | نە | سوتـ | ا | بـ | ا | م |
| ٢ | نەچوباین | نە | چ | و | بـ | ا | ین |
| ٣ | نەهاتبای | نە | ها | تـ | بـ | ا | ی |
| ٤ | نەڕۆیشتبان | نە | ڕۆیشـ | تـ | بـ | ا | ن |
| ٥ | نەوەریبا | نە | وەر | یـ | بـ | ا | Ø |
| ٦ | نەمردبان | نە | مر | د | بـ | ا | ن |

2- لە کــاری تێپــەڕدا: [مــۆرفیمی نــەرێ + ڕانــاوی خــاوەنی (م، ت، ی، مــان، تــان، یــان)(بکەر) + ڕەگـی کـار + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو (ا/ یـ/ تـ/ د/ و) + مـۆرفیمی ئـارایی (بــ) + مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو (ا) + ڕانــاوی لکــاوی ڕێککــەوتن (م، ی، Ø، یــن، ن، ن)(بەرکار)].

خۆزگە زەویەکەت نەکێڵاباø ← نەتکێڵاباø: (نە+ تـ+ کێڵـ+ ا+ بـ+ ا+ ø).

لەگـەڵ کـاری داڕێـژراوی تێپـەڕدا، بـۆ نمونـە: [(هەڵتنــەخســتبان← پێشگر(هەڵــ) + ڕانــاوی خــاوەنی (م، ت، ی، مــان، تــان، یــان)(بکەر) + م. نــەرێ (نــە) + ڕەگــی کار(خســـ) + مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو (ا/ یــ/ تــ/ د/ و) + مــۆرفیمی ئــارایی (بــ) + مــۆرفیمی کــاتی ڕابوردو (ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)(بەرکار)].

**خشتەی 2. 45 دەمکاتی ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | مۆرفیمی ئارایی (بـ) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەمناردبان | نە | مـ | نار | د | بـ | ا | ن |
| ٢ | نەتکێڵابا | نە | تـ | کێڵ | ا | بـ | ا | Ø |
| ٣ | نەیانگرتبای | نە | یانـ | گر | تـ | بـ | ا | ی |
| ٤ | نەتانناسیبان | نە | تانـ | ناسـ | یـ | بـ | ا | ن |
| ٥ | نەیکڕیباین | نە | یـ | کڕ | یـ | بـ | ا | ین |
| ٦ | نەیانفرۆشتبا | نە | یانـ | فرۆشـ | تـ | بـ | ا | Ø |

### 2-4-1-6- دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی لە دۆخی نەرێدا:

نەرێی دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی، بەم شێوەیە:

1ــ له كاری تێنەپەڕدا: [مۆرفیمی نەرێ + ڕەگی كار + مۆرفیمی كاتی ڕابوردو (ا/ یـ/ تـ/ د/ و) + ڕاناوی لكاوی ڕێككەوتن (م، ی، ø، یـن، ن، ن) (كارا) + مۆرفیمی كاتی ڕابوردو (ا) + ناوبڕی (یـ) + مۆرفیمی كاتی ئێستا(ە)].

خۆزگە نەچوینایە بۆ دەزگاكە ← نەچوینایە: (نە+ چـ+ و+ ینـ+ ا+ یـ+ ە).

لە هەندێ شێوەی ئاخاوتندا ئامرازی (با) كە پێكدێ لە (بـ)ی ڕەگی بون و (ا)ی مۆرفیمی كاتی ڕابوردو، دەكەوێتە دوای مۆرفیمی كاتی ڕابوردوی كارەكە و شێوەی دارشتنی بەم شێوەیە دەگۆڕێ:

[مۆرفیمی نەرێ + ڕەگی كار + مۆرفیمی كاتی ڕابوردو (ا/ یـ/ تـ/ د/ و) + ڕەگی (بون) + مۆرفیمی كاتی ڕابوردو (ا) + ڕاناوی لكاوی ڕێككەوتن (م، ی، ø، یـن، ن، ن) (كارا) + مۆرفیمی كاتی ڕابوردو (ا) + ناوبڕی (یـ) + مۆرفیمی كاتی ئێستا(ە)].

خۆزگە نەچوبانایە بۆ دەزگاكە ← نەچوبانایە: (نە+ چـ+ و+ بـ+ ا+ ینـ+ ا+ یـ+ ە).

لەگەڵ كاری دارێژراوی تێنەپەڕدا، بەم شێوەیە: [(هەڵنەفڕینایە ← پێشگر(هەڵـ) + م. نەرێ(نـە) + ڕەگی كار(فڕ)+ مۆرفیمی كاتی ڕابوردو (ا/ یـ/ تـ/ د/ و) + ڕاناوی لكاوی ڕێككەوتن (م، ی، ø، یـن، ن، ن)(كارا) + مۆرفیمی كاتی ڕابوردو (ا) + ناوبڕی (یـ) + مۆرفیمی كاتی ئێستا(ە)].

**خشتەی 2. 46 دەمكاتی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی كار | مۆرفیمی كاتی ڕابوردو | ڕاناوی ڕێككەوتن | مۆرفیمی كاتی ڕابوردو (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆرفیمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەسوتامایە | نە | سوتـ | ا | مـ | ا | یـ | ە |
| ٢ | نەچوینایە | نە | چـ | و | ینـ | ا | یـ | ە |
| ٣ | نەهاتیایە | نە | ها | تـ | یـ | ا | یـ | ە |
| ٤ | نەڕۆیشتنایە | نە | ڕۆیشـ | تـ | نـ | ا | یـ | ە |
| ٥ | نەوەڕییایە | نە | وەڕ | یـ | ø | ا | یـ | ە |
| ٦ | نەمردنایە | نە | مر | د | نـ | ا | یـ | ە |

2- لە كاری تێپەڕدا: [مۆرفیمی نەرێ + ڕاناوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان)(بكەر) + ڕەگی كار + مۆرفیمی كاتی ڕابوردو (ا/ یـ/ تـ/ د/ و) + ڕاناوی لكاوی ڕێككەوتن (م، ی، ø، یـن، ن، ن) + مۆرفیمی كاتی ڕابوردو (ا) + ناوبڕی (یـ) + مۆرفیمی كاتی ئێستا(ە)(بەركار)].

خۆزگە كەسانی دوڕوم نەمناسینایە. نەناسیایە: (نە+ مـ+ ناسـ+ یـ+ نـ+ ا+ یـ + ە).

لەگەڵ كاری دارێژراوی تێپەڕدا، بۆ نمونە: [(هەڵتنەگرتنایە← پێشگر(هەڵـ) + ڕاناوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان)(بكەر) + م. نەرێ (نـە) + ڕەگی كار(گر) +

مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو (ا/ یــ/ تــ/ د/ و) + ڕانـاوی ڕانـاوی لکـاوی ڕێککـەوتن (م، ی، ø، یــن، ن، ن)(بەرکــار) + مــۆرفیمی کــاتی ڕابــوردو (ا) + نــاوبڕی (یــ) + مــۆرفیمی کــاتی ئێستا(ە)].

**خشتەی 2. 47 دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆرفیمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەتگرتمایە | نە | تـ | گر | تـ | مـ | ا | یـ | ە |
| ٢ | نەیانخوێندایە | نە | یانـ | خوێنـ | د | Ø | ا | یـ | ە |
| ٣ | نەمناسییایە | نە | مـ | ناسـ | یـ | Ø | ا | یـ | ە |
| ٤ | نەیانکڕیتایە | نە | یانـ | کڕ | یـ | تـ | ا | یـ | ە |
| ٥ | نەمانوسیتایە | نە | مانـ | نوسـ | یـ | نـ | ا | یـ | ە |
| ٦ | نەتانکوشتینایە | نە | تانـ | کوشـ | تـ | ینـ | ا | یـ | ە |

**2-4-1-7- دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی لە دۆخی نەرێدا:**

نەرێی دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی، بەم شێوەیە:

1ـــ لە کـاری تێنەپـەڕدا: [مـۆرفیمی نـەرێ + ڕەگـی کـار + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو (ا/ یــ/ تــ/ د/ و) + ڕەگــی (بــون) + مــۆرفیمی ڕابــوردو(و) + ڕانــاوی لکــاوی ڕێککــەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) + ناوبڕی(یـ) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە)].

خۆزگە ڕۆژی نەهاتبوایە بۆ زانکۆ ← نەهاتبوایە: (نە+ ها+ تـ+ بـ+ و+ ø+ ا+ یـ+ ە).

لەگــەڵ کــاری داڕێــژراوی تێنەپــەڕدا، بــەم شــێوەیە: [(هەڵنــەفڕیبونایــە ← [ پێشــگر + مـۆرفیمی نـەرێ + ڕەگـی کـار + مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو (یــ) + ڕەگــی (بـون) + مـۆرفیمی ڕابـــوردو(و) + ڕانــــاوی لکــــاوی ڕێککــــەوتن (ن) + مــــۆرفیمی کــــاتی ڕابــــوردو (ا) + ناوبڕی(یـ) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە)].

**خشتەی 2. 48 دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردوی دوری خۆزگەیی | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕەگی بون (بـ) | مۆرفیمی ڕابوردو(و) | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆرفیمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەسوتابومایە | نە | سوتـ | ا | بـ | و | مـ | ا | یـ | ە |
| ٢ | نەچوبوینایە | نە | چ | و | بـ | و | ینـ | ا | یـ | ە |
| ٣ | نەهاتبوایە | نە | ها | تـ | بـ | و | Ø | ا | یـ | ە |
| ٤ | نەڕۆیشتبونایە | نە | ڕۆیشـ | تـ | بـ | و | نـ | ا | یـ | ە |
| ٥ | نەومریبوایە | نە | ومر | یـ | بـ | و | Ø | ا | یـ | ە |
| ٦ | نەمردبونایە | نە | مر | د | بـ | و | نـ | ا | یـ | ە |

2- لە کـاری تێپــەڕدا: [مـۆڕفیمی نــەرێ + ڕانــاوی خــاوەنی (م، ت، ی، مــان، تــان، یــان) + ڕەگــی کــار + مـۆڕفیمی کــاتی ڕابــوردو (ا/ یــا/ تــا/ د/ و) + ڕەگــی (بــون) + مــۆڕفیمی ڕابـــوردو(و) + ڕانـــاوی لکـــاوی ڕێککـــەوتن (م، ی، ø، یـــن، ن، ن) + مـــۆڕفیمی کـــاتی ڕابوردو (ا) + ناوبڕی(یـ) + مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە)].

خۆزگـە ئـەو خانوەتـان نەکڕیبوایـە ← نەتانکڕیبوایـە: (نـە+ تانــ+ کـڕ+ یـــ+ بـــ+ و+ ø+ ا+ یـ+ ە).

لەگـــەڵ کـــاری دارێـــژراوی تێپـــەڕدا، بـــۆ نمونـــە: [(هەڵتنەگرتبونایـــە ← پێشـــگر(هەڵ) + ڕانـاوی خـاوەنی (تـان) + م. نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کـار(گر) + مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـوردو (تــ) + ڕەگــی (بــون) + مــۆڕفیمی ڕابــوردو(و) + ڕانــاوی لکــاوی ڕێککــەوتن (ن) + مــۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ا) + ناوبڕی(یـ) + مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە)].

**خشتەی 2. 49 دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەیی (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردوی دوری خۆزگەیی | مۆڕفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو | ڕەگی (بون) | مۆڕفیمی ڕابوردو(و) | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆڕفیمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەتگرتبونایە | نە | تـ | گر | تـ | بـ | و | ینـ | ا | یـ | ە |
| ٢ | نەیانخوێندبوایە | نە | یانـ | خوێنـ | د | بـ | و | ø | ا | یـ | ە |
| ٣ | نەمناناسیبونایە | نە | مانـ | ناسـ | یـ | بـ | و | نـ | ا | یـ | ە |
| ٤ | نەیانکڕیبوایە | نە | یانـ | کڕ | یـ | بـ | و | ø | ا | یـ | ە |
| ٥ | نەینوسیبونایە | نە | یـ | نوسـ | یـ | بـ | و | نـ | ا | یـ | ە |
| ٦ | نەتانکوشتبومایە | نە | تانـ | کوشـ | تـ | بـ | و | مـ | ا | یـ | ە |

## 2-4-2- دەمکاتی ئێستا/ ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا لە دۆخی نەرێدا:

دەمکـــاتی ئێســـتا/ ڕســـتەی هەواڵـــدانی کـــاتی ئێســـتا لـــە دۆخـــی نەرێـــدا، بـــە زیـــادکردنی (نـــی) دروسـتدەبێ و (هـەردەم دەکەوێتـە پـێش کـاتی ئێسـتای چـاوگی (هـە)بون و وشـەی پـێش خـۆی نەرێ دەکا)[1]. بەم شێوەیە:

ئەو کورد نیە ← نیە: (نیـ + ø+ ە + ø)[2].

ئەوان کورد نین← نین: (نیـ + ø + ø + ن).

**خشتەی 2. 50 دەمکاتی ئێستا لە دۆخی نەرێدا**

---

1 عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، ناکردن ل کوردیدا، 24.

2 لە زمـانی کوردیـدا وشـەی (نـیە) یەک بـڕگەیە و پێکهـاتوە لە (مـۆڕفیمی نەرێ (نـی) + ڕەگـی بـون (ø) + م. کـاتی ئێسـتا (ە) + ڕانـاوی لکـاوی کەسـی سـێیەمی تـاک (ø)، بەڵام هەنـدێ نوسـەر دەیـکەن بە دو بـڕگە و دەینوسن (نییە)، بە پاساوی ئەوەی (یـ) دومم ناوبڕە لە نێوان (یـ)ی یەکەم و بزوێنی (ە).

| ژ | نەرێی دە. ئێستا | فرێزی ناوی | مۆرفیمی نەرێ (نی) | ڕەگی (بون) | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کوردنیم | کورد | نی | Ø | Ø | م |
| ٢ | جوانني | جوان | نی | Ø | Ø | ی |
| ٣ | پیاونییە | پیاو | نیـ | Ø | ناوبڕ(یـ) + ە | Ø |
| ٤ | ئازانین | ئازا | نی | Ø | Ø | ین |
| ٥ | ژیرنین | ژیر | نی | Ø | Ø | ن |
| ٦ | مەردنین | مەرد | نی | Ø | Ø | ن |

**3-4-2- فەرماندان[1] لە دۆخی نەرێدا:**

1- لە کاری تێنەپەڕدا: [مۆرفیمی نەرێ (مە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (کەسی دوەمی تاك(ø)، کەسی دوەمی کۆ(ن)]. لەگەڵ کاری فەرماندانەدا، مۆرفیمی نەرێ (مە) بەکاردێ و شوێنی (بـ)ی مۆرفیمی فەرماندان دەگرێتەوە.

ئێوە لە ژێر پلیکانەکە مەخەون. مەخەون: (مە+ خەو+ ø+ ن).

لەگەڵ کاری داڕێژراوی تێنەپەڕدا، بەم شێوەیە: [(هەڵمەفڕەø ← پێشگر(هەڵ) + م. نەرێ(مە) + ڕەگی کار(فڕ)+ مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك (Ø)].

**خشتەی 2. 51 فەرمانداندن (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێی دە. فەرماندان | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەخەوە | مە | خەو | ە | Ø |
| ٢ | مەنون | مە | نو | Ø | ن |

2- لە کاری تێپەڕدا: [مۆرفیمی نەرێ (مە) + ڕاناوی خاوەنی (م، ی، مان، یان) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (کەسی دوەمی تاك(ø)، کەسی دوەمی کۆ(ن))].

ئێوە قوماشەکان مەکڕن ← مەیانکڕن: (مە+ یانـ+ کڕ+ ø+ ن).

[1] فەرماندان، لە ڕوی دەمکاتەوە دەچێتە خانەی دەمکاتی ئێستا، بەڵام شێوازی ڕستەکە و شوێنی بەکارهێنانی مۆرفیمەکان جیاوازییان هەیە.

لەگەڵ کاری دارێژراوی تێپەڕدا، بۆ نمونە: [(هەڵیانمەگرن ← پێشگر(هەڵ) + ڕاناوی خاوەنی (یان) + م. نەرێ (مە) + ڕەگی کار(گر) + مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ø) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ڕاناوی کەسی دوەمی کۆ(ن)]. لێرەدا، مۆڕفیمی نەرێ دەچێتە دوای پێشگر و ڕاناوە خاوەنیەکە، نەك لە سەرەتا بێ، بە هۆی هەبونی پێشگر بەم شێوەیە دەردەکەوێ.

**خشتەی 2. 52 فەرماندان (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێی دە.فەرماندان | مۆڕفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆڕفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەینوسە | مە | یـ | نوسـ | ە | Ø |
| ٢ | مەیانبڕن | مە | یانـ | بڕ | Ø | ن |
| ٣ | مەیکرە | مە | یـ | کر | ە | Ø |
| ٤ | مەمانکوژن | مە | مانـ | کوژ | Ø | ن |

### 2-4-4- دەمکاتی ڕانەبوردو لە دۆخی نەرێدا:

نەرێی دەمکاتی ڕانەبوردو، بەم شێوەیە:

1- لە کاری تێنەپەڕدا: [مۆڕفیمی نەرێ (نا)[1] + ڕەگی کار + مۆڕفیمی کاتی داهاتو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)].

ئەوان ناخنکێن ← ناخنکێن: (نا+ خنکـ + یـ + ø + ن).

لەگەڵ کاری دارێژراوی تێنەپەڕدا، بەم شێوەیە: [(هەڵنافڕێ← پێشگر(هەڵ) + م. نەرێ(نا) + ڕەگی کار(فڕ)+ مۆڕفیمی کاتی داهاتو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (Ø)].

**خشتەی 2. 53 دەمکاتی ڕانەبوردو (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

1 مۆڕفیمی نەرێکردنی ڕانەبوردو (نا) لە بنەڕەتدا مۆڕفیمی (نە)ی نەرێیە و تێکەڵبووە لەگەڵ (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا کە لە سەرەتای کارە ڕانەبوردوەکاندا دێ، واتە؛ (نە + ە ← نا)، بۆ نمونە: (نە + ەخۆم ← ناخۆم، نە + ەنوسم ← نانوسم،....)، چونکە دو بزوێنی هاوشێوە دەکەونە تەنشت یەکتر و لە هەردوکیان دەمکراوەیە و هەوا بێ بەربەست دێتە دەرەوە، لە ئەنجامدا بە لێکدان (إدغام/diphthong) تێکەڵدەبن. ئەم دیاردەیە لە هەندێ شێوەزاری وەک (سۆرانی) لە کاری ڕابوردوی بەردەوامیش ڕودەدا، وەک: (نە + ە + م + خوارد ← نامخوارد، نە + ە + نوستم ← نانوستم،.....).

| ژ | نەرێی دە. ڕانەبوردو | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی داهاتو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناڕۆم | نا | ڕۆ | Ø | م |
| ٢ | ناچی | نا | چ | Ø | ی |
| ٣ | ناخەوێ | نا | خەو | ێ | Ø |
| ٤ | نامرین | نا | مر | Ø | ین |
| ٥ | ناخنکێن | نا | خنک | ێ | ن |
| ٦ | ناکەون | نا | کەو | Ø | ن |

2- لە کاری تێپەڕدا: [مۆرفیمی نەرێ (نا) + ڕاناوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ/ø) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)].

ڕاوکەرەکە ئاسکەکان ناگرێ ← نایانگرێ: (نا+ یانـ + گر+ ێـ + ø).

لەگەڵ کاری داڕێژراوی تێپەڕدا، بۆ نمونە: [(هەڵیناگرن← پێشگر(هەڵ) + ڕاناوی خاوەنی (یـ) + م. نەرێ (نا) + ڕەگی کار(گر) + مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (Ø)].

مۆرفیمی نەرێ (نا)، تەنیا مۆرفیمێکە لە مۆرفیمەکانی نەرێ کە شوێنی مۆرفیمی کات بگرێ، لە دەمکاتی ڕانەبوردودا ئەم مۆرفیمە دەچێتە شوێنی مۆرفیمی کاتی ئێستا، چونکە لە بنەڕەتدا مۆرفیمی (نە)ی نەرێیە و تێکەڵبووە لەگەڵ (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا کە لە سەرەتای کارە ڕانەبوردوەکاندا دێ، واتە؛ (نە + ە ← نا)، بۆ نمونە: (نە + ەخۆم ← ناخۆم، نە + ەنوسم ← نانوسم،....)، لێرەدا دو بزوێنی هاوشێوە دەکەونە تەنشت یەکتر و لە هەردوکیان دەمکراوەیە و هەوا بێ بەربەست دێتە دەرەوە، لە ئەنجامدا بە لێکدان (إدغام/diphthong) تێکەڵدەبن.

دەچم ← ناچم. (نە + ە + چـ + ø + م ← ناچم).

دەخۆن ← ناخۆن. (نە + ە + خۆ + ø + ن ← ناخۆن).

دەڕۆین ← ناڕۆین. (نە + ە + ڕۆ + ø + ین ← ناڕۆین).

**خشتەی 2. 54 دەمکاتی ڕانەبوردو (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی کاتی داهاتو | ڕەگی کار | ڕاناوی خاوەنی | مۆرفیمی نەرێ | نەرێی دە. ڕانەبوردو | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| م | Ø | بە | یـ | نا | نابیەم | ١ |
| م | Ø | گر | تـ | نا | ناتگرم | ٢ |
| Ø | ێ | کڕ | یانـ | نا | نایانکڕێ | ٣ |
| ین | Ø | کوژ | تانـ | نا | ناتانکوژین | ٤ |
| م | Ø | شۆ | یانـ | نا | نایانشۆم | ٥ |
| Ø | ێ | بەخش | مانـ | نا | نامانبەخشێ | ٦ |

(دە/ئـە) [1] لــە زمــانی کوردیــدا مــۆڕفیمی کــاتی ئێســتایە، (کــاتی ڕانــەبوردو لــە ئــەنجامی بەیەکــەوە هــاتنی دو مــۆڕفیمی کــات، مــۆڕفیمی کــاتی ئێســتا(ە) و مــۆڕفیمی کــاتی داهــاتو(ێ، ø)دروســـتەبێ)[2] ، هــەروەها ڕابــوردوی بـــەردەوام (لـــە ئـــەنجامی بەیەکـــەوە هـــاتنی (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا و مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (ە، د، ت، ی، و) دروستبوە)[3].
بــە شـێوەیەکی گشــتی (دە) کــە لــە دەمکــاتی ڕانــەبوردودا، (لــە کــاتی دەرنەکــەوتنی بــەرکاری ڕسـتە بــە شـێوەیەکی ســەربەخۆ لــە کــاری ڕانــەبوردوی (+- نــەرێ) ڕانــاوی لکــاوی بــەرکار دەچێتــە ســەر مــۆڕفیمی بــەردەوامی یــان مــۆڕفیمی نــەرێ پــێش ڕەگــی کارەکــە. مــن کتێــب دەکــڕم، دەیکــڕم، نــایکڕم)[4]، مــۆڕفیمی کــاتی ئێســتا، لەگــەڵ دەمکــاتی ڕابــوردوی بــەردەوام - نــەرێ، مەرجــە یــەکێك لــەم دو دەنگــە (د/ ئــ)ی لەگــەڵ دەرکــەوێ، چونکــە مــۆڕفیمی نــەرێ کۆتاییەکــەی بزوێنێکــی کورتــە و دەکەوێتــە تەنیشــت مــۆڕفیمی کــاتی ئێســتا کــە ئــەویش بزوێنێکــی کورتــە، بۆیــە ئەگــەر دەنگــی (د/ ئــ) لــە پــێش مــۆڕفیمی کــاتی ئێسـتا دەرنەکــەوێ، ئــەوا مۆڕفیمەکــەی کــاتی ئێســتا دەســوێ و بەمــەش کارەکــە لــە ڕوی دەمکاتــەوە لەگــەڵ دەمکاتی ڕابوردوی سادە هاوتا دەبێ.

## 5-4-2- دەمکاتی داهاتو (داخوازی) لە دۆخی نەرێدا:

1 بـۆ وەرگرتنــی زانیــاری لــەبارەی هۆکــاری دەرکــەوتنی (ئــ/د) لەگــەڵ مــۆڕفیمی کــاتی ئێســتا، بڕوانــە: عەبــدوڵڵا حوســێن ڕەســول، 2014، مۆرفیمــە ڕێزمانییــەکانی کــار، چاپخانــەی حــاجی هاشــم ـ هــەولێر، 109.

2 عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، 108.

3 هەمان سەرچاوە، 109.

4 تاڵیــب حوســێن عــەلی، 2020، زانســتی زمــان و زمــانی کــوردی (بەشــی دوەم)، چاپخانــەی هێڤــی ــــ هەولێر، 63.

دەمکاتی داهاتو (کە داخوازیشی پێ دەوترێ) لە دۆخی نەرێدا، بە هۆی لابردنی (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی و دانانی (نە)ی مۆرفیمی نەرێ لە شوێنی مۆرفیمە ئاراییەکە دروستدەبێ، بەم شێوەیە:

1ـ لە کاری تێنەپەڕدا: [مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)].

ئەوان نەسوتێی ← نەسوتێی: (نە + سوتـ + ێـ + ی).

(مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو، لە چاوگە تێنەپەڕە(ا)یەکاندا، لە هەمو کەسەکاندا دەردەکەوێ، بەڵام لە چاوگە تێنەپەڕەکانی تردا، مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێ، چونکە ڕاناوی لکاو سفر(ø)[1] ە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

نەسوتێم: (نە + سوتـ + ێـ + م).نەچم: (نە + چـ + ø + م).

نەسوتێی: (نە + سوتـ + ێـ + ی). نەچی: (نە + چـ + ø + ی).

نەسوتێ: (نە + سوتـ + ێ + ø). نەچێ: (نە + چـ + ێ + ø).

نەسوتێین: (نە + سوتـ + ێـ + ین). نەچین: (نە + چـ + ø + ین).

نەسوتێن: (نە + سوتـ + ێـ + ن). نەچن: (نە + چـ + ø + ن).

نەسوتێن: (نە + سوتـ + ێـ + ن). نەچن: (نە + چـ + ø + ن).

لەگەڵ کاری داڕێژراوی تێنەپەڕ، بەم شێوەیە: [(هەڵنەفڕێ← پێشگر(هەڵ) + م. نەرێ(نە) + ڕەگی کار(فڕ)+ مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (Ø)].

**خشتەی 2. 55 دەمکاتی داهاتو (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا**

| ژ | نەرێی دە. داهاتو | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی داهاتو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەڕۆم | نە | ڕۆ | Ø | م |
| ٢ | نەچی | نە | چ | Ø | ی |
| ٣ | نەمرێ | نە | مر | ێ | Ø |
| ٤ | نەجەنگین | نە | جەنگ | Ø | ین |
| ٥ | نەخنکێن | نە | خنک | ێـ | ن |
| ٦ | نەسوتێن | نە | سوتـ | ێـ | ن |

[1] عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، 2023، ڕێزمانی بەراورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، 130.

2ــ لە کــاری تێپــەڕدا: [مــۆرفیمی نــەرێ (نــە) + ڕانــاوی خــاوەنی (م، ت، ی، مــان، تــان، یــان) + ڕەگــی کــار + مــۆرفیمی کــاتی داهــاتو (ێ/ ø) + ڕانــاوی لکــاوی ڕێککــەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)].

سبەی میوەکان نەکڕین ← نەیانکڕین: (نە+ یانـ + کڕ+ ø + ین).

لەگــەڵ کــاری داڕێــژراوی تێپــەڕ، بــۆ نمونــە: [(هەڵیاننــەگرێ← پێشــگر(هەڵ) + ڕانــاوی خــاوەنی (یــان) + م. نــەرێ (نــە) + ڕەگــی کــار(گر) + مــۆرفیمی کــاتی داهــاتو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (Ø)].

خشتەی 2. 56 دەمکاتی داهاتو (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

| ژ | نەرێی دە. داهاتو | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی داهاتو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەیخۆم | نە | یـ | خۆ | Ø | م |
| ٢ | نەیانگری | نە | یان | گر | Ø | ی |
| ٣ | نەتنێژێ | نە | تـ | نێژ | ێ | Ø |
| ٤ | نەیکڕین | نە | یـ | کڕ | Ø | ین |
| ٥ | نەیبەزێنن | نە | یـ | بەزێن | Ø | ن |
| ٦ | نەتانکوژن | نە | تان | کوژ | Ø | ن |

**6-4-2- ڕستەی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا:**

دۆخی بکەرنادیار لە ڕوی دەمکاتەکانەوە، ڕابوردو و ڕانەبوردو وەردەگرێ. بە شێوەیەك، لە ڕابوردو هەمو دەمکاتەکانی (ڕابوردوی سادە، ڕابوردوی بەردەوام، ڕابوردوی تەواو، ڕابوردوی دور، ڕابوردوی نزیکی خۆزگەیی، ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی و ڕابوردوی دوری خۆزگەیی)، لەگەڵ ڕانەبوردو و داهاتو دەگرێتەوە. لێرەدا دۆخی نەرێی ئەم دەمکاتانە لە ڕستە بکەرنادیارەکان دەخرێنەڕو بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **دەمکاتی ڕابوردوی سادەی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا:**

[مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەرنادیار(ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن) (بەرکار)].

نەنوسران ← [مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار (نوس) + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ن)].

- **دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوامی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا:**

[مۆرفیمی نەرێ (نە) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (د/ئە ە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەرنادیار(ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن)(بەرکار)].

نەدەنوسران← [مۆرفیمی نەرێ (نە) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (د/ئە ە) + ڕەگی کار (نوس) + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ن)].

- **دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا:**

[مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەرنادیار(ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا(ە) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)(بەرکار)].

نەنوسراوە ← [مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار (نوس) + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا(ە) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (Ø)].

- **دەمکاتی ڕابوردوی دوری بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا:**

[مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەرنادیار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + ڕەگی (بون) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)(بەرکار)].

نەنوسرابو ← [مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار (نوس) + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + ڕەگی (بون) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (Ø)].

- **دەمکاتی ڕابوردوی نزیکی خۆزگەییی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا:**

[مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + مۆرفیمی ئارایی (بـ) + مۆرفیمی (ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)(بەرکار)].

نەنوسراباø ← [مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار (نوس) + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + مۆرفیمی ئارایی (بـ) + مۆرفیمی (ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ø)(بەرکار)].

- **دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەییی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا:**

[مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەرنادیار(ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + مۆرفیمی ئارایی (بـ) + مۆرفیمی ڕابوردو (ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)(بەرکار) + مۆرفیمی ڕابوردو (ا) + ناوبڕی (یـ) + مۆرفیمی کاتی ئێستا(ە)].

نەنوسرابانایە ← [مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار (نوس) + مۆرفیمی بکەرنادیار(ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ا) + مۆرفیمی ئارایی (بـ) + مۆرفیمی (ا) + ڕاناوی لکاوی

ڕێککــــەوتن (ین)(بەرکـــار) + مـــۆڕفیمی ڕابـــوردو (ا) + نـــاوبڕ (یـــ) + مـــۆڕفیمی کـــاتی ئێستا(ە)].

یـــان نەنوســـرابینایە ← [مـــۆڕفیمی نـــەرێ (نـــە) + ڕەگـــی کـــار (نوســـ) + مـــۆڕفیمی بکـــەرنادیار(ر) + مـــۆڕفیمی کـــاتی ڕابـــوردو(ا) + ڕانـــاوی لکـــاوی ڕێککـــەوتن (ین)(بەرکـــار) + مۆڕفیمی ڕابوردو (ا) + ناوبڕ (ی) + مۆڕفیمی کاتی ئێستا(ە)].

• **دەمکاتی ڕابوردوی دوری خۆزگەییی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا:**

[مـــۆڕفیمی نـــەرێ (نـــە) + ڕەگـــی کـــار + مـــۆڕفیمی بکـــەرنادیار (ر) + مـــۆڕفیمی کـــاتی ڕابـــوردو(ا) + ڕەگـــی (بـــون) + مـــۆڕفیمی کـــاتی ڕابـــوردو(و) + ڕانـــاوی لکـــاوی ڕێککـــەوتن (م، ی، ø، یـــن، ن، ن)(بەرکـــار) + مـــۆڕفیمی (ا) + نـــاوبڕی (یـــ) + مـــۆڕفیمی کـــاتی ئێستا(ە)].

نەنوسـرابوایە ← [مـۆڕفیمی نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کـار (نوسـ) + مـۆڕفیمی بکـەرنادیار (ر) + مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـوردو(ا) + ڕەگـی بـون (بـ) + مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـوردو(و) + ڕانـاوی لکـــاوی ڕێککـــەوتن (ø)(بەرکـــار) + مـــۆڕفیمی (ا) + نـــاوبڕی (یـــ) + مـــۆڕفیمی کـــاتی ئێستا(ە)].

• **دەمکاتی ڕانەبوردوی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا:**

[مـۆڕفیمی نـەرێ (نـا) + ڕەگـی کـار + مـۆڕفیمی بکـەرنادیار (ر) + مـۆڕفیمی کـاتی داهـاتو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)(بەرکار)].

نانوسـرێ ← [مـۆڕفیمی نـەرێ (نـا) + ڕەگـی کـار (نوسـ) + مـۆڕفیمی بکـەرنادیار (ر) + مۆڕفیمی کاتی داهاتو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ø)(بەرکار)].

• **دەمکاتی داهاتوی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا:**

[مـۆڕفیمی نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کـار + مـۆڕفیمی بکـەرنادیار (ر) + مـۆڕفیمی کـاتی داهـاتو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)(بەرکار)].

نەنوسـرێ ← [مـۆڕفیمی نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کـار (نوسـ) + مـۆڕفیمی بکـەرنادیار (ر) + مۆڕفیمی کاتی داهاتو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ø)(بەرکار)].

## 2ـ 5ـ دۆخی پرسیاری لە زمانی کوردیدا:

ئەگـــەر لـــە ڕوی ڕوکـــار(mood)ەوە، لـــە زمـــانی کوردیـــدا، ســـەیری ڕســـتەکان بکـــرێن، دەبینـرێ دۆخـی پرسـیاری یەکێکـە لـە جۆرەکـانی ڕسـتە لـە ڕوی دەرخسـتنی ڕوکـارەوە و هـەر

ڕستەیەکی پرسیاریش خاوەن دەمکاتی تایبەت بە خۆیتی، وەك چۆن لە ڕستەی هەواڵگەیاندن و ڕستەکانی تردا، دەمکاتەکان دەردەکەون. دۆخی پرسیاری، کە مەبەست لێی دەسکەوتنی زانیارییە و (بەو ڕستەیە دەگوترێ، کە قسەکەر/ یان نوسەر ئاڕاستەی گوێگر/ یان خوێنەری دەکات. بە مەبەستی بەدەستخستنی ڕاستییەك، بیر و باوەڕێك، بیرۆچکەیەك، یان وروژاندنی هەستێك. ئاسایی ڕستەی پرسیار جۆرێکە لە داواکردنی زانیاری تایبەتی یان گشتی، لەبەر ئەمە پرسیار دەبێ لەنێوان دو کەسدا بێت، بەلای کەمەوە "قسەکەر و گوێگر")[1] بۆ نمونە:

کێ هات؟ ڤیان

شەوبۆ نوست؟ بەڵێ

بێ دەنگی، خۆ خواردنەوە، تا کەی؟

لە هەردو ڕستەی یەکەم و دوەم، مەبەست دەسکەوتنی زانیارییە و لە ڕستەی سێیەم، هەست وروژاندن و خستنەڕوی پرسیارە.

لە زمانی کوردیدا، دۆخی پرسیاری لە ڕستەدا بە چەند شێوەیەك دەردەکەوێ:

1ـ بە هۆی ئامرازەوە:

بە زۆری بە هۆی ئامرازەکانی (ئایا، ئەرێ)ەوە دروستدەبێ، وەکو:

ئایا نانت خواردیە؟

ئەرێ دەچیە بازاڕ؟

ئەو جۆرە پرسیارانە بە (بەڵێ، نەخێر) وەڵامدەدرێنەوە.

2ـ بە هۆی ئاوازەوە:

لێرەدا، ڕستەکە ڕستەیەکی ڕاگەیاندن/ هەواڵدانە لە ڕوی ڕێزمانەوە، بەڵام لە ڕوی دەنگسازییەوە جیاوازە، (گۆڕینی گوتەیەکی هەواڵگەیاندن کە ئاوازەی (1) کەوت وەردەگرێت، بۆ گوتەیەکی پرسیارکردن، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاوازەیەکی جیاواز، کە

[1] ابوبکر عومەر قادر،1993، پرسیار لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیجی ئاداب، 3.

ئـاوازەی (2) بــەرز- هەڵســە، یــان ئــاوازەی (3) نــزم- هەڵســە، واتــە گــۆڕینی ئاوازەکــە لــە کەوتەوە بۆ هەڵس وەك ئەرکێکی ڕێزمانی جۆری کردە قسەییەکە دیاریدەکات)[1]بۆ نمونە:

1ـ باوکم لێرەیە. ئاوازی (1) کەوت

2ـ باوکم لێرەیە؟ ئاوازی (2) بەرز- هەڵس

3ـ ئایا باوکم لێرەیە؟ ئاوازی (3) نزم- هەڵس

3ـــ بـە هـۆی ئامرازەکـانی پرســەوە: ئـەم ڕێگەیــە زیــاتر بــە پرسـیاری تایبــەتی ناسـراوە، (لــەم جۆرەیانــدا پرســیار لــەبارەی یــەکێك یــان زیــاتر لــە کەرەســتەکانی ڕســتەکە دەکــرێ)[2]، لــە ڕێگـەی هـەر یـەکێك لـە ئامرازەکـانی پرسـەوە، پرسـیار لـە کەرەسـتەیەکی نـاو ڕسـتە دەکـرێ، بەم شێوەیە:

کێ هات؟

کەی هاوڕێکەت بینی؟

کام کتێبت خوێندۆتەوە؟

دەچی بۆ کوێ؟

چ دەخۆی؟

دوێنێ چەندت فرۆشت؟

دەمکاتــەکان گرنگــی بــەرچاویان لــەناو ڕســتە پرســیارییەکاندا هەیــە، بــەڵام بــە شــێوەیەکی گشــتی لــە کــاتی گــۆڕینی ڕســتەیەکی هەواڵگەیانــدن بــۆ ڕســتەیەکی پرســیاری لــە ڕوی دەمکاتــەوە گۆڕانکارییــەکی بــەرچاو ڕونــادا و ڕســتەکە لــە ڕوی دەمکاتــەوە وەکــو خــۆی دەمێنێتەوە، بۆیە هەر یەکێکیان بە کورتی باسدەکەین و دەیانخەینەڕو:

- دەمکاتی ڕابوردوی سادە:

تێپەڕ: ئایا ئەوان نانیان خوارد ؟ ئایا نانیان خوارد؟ ئایا خواردیان ؟

تێنەپەڕ: ئایا ئەو کەوت؟ ئایا کەوت؟

[1] تاڵیب حوسێن عەلی، 2014، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر، 248.

[2] ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، شلێر ڕەسول بەرزنجی، 2020، ڕێزمانی بەراورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، 150.

- دەمكاتی ڕابوردوی بەردەوام:

تێپەڕ: ئایا ئەوان نانیان دەخوارد ؟   ئایا نانیان دەخوارد؟   ئایا دەیانخوارد؟

تێنەپەڕ: ئایا ئەو دەکەوت؟   ئایا دەکەوت؟

- دەمكاتی ڕابوردوی تەواو:

تێپەڕ: ئایا ئەوان نانیان خواردوە ؟   ئایا نانیان خواردوە؟   ئایا خواردویانە ؟

تێنەپەڕ: ئایا ئەو کەوتوە؟   ئایا کەوتوە؟

- دەمكاتی ڕابوردوی دور:

تێپەڕ: ئایا ئەوان نانیان خواردبو ؟   ئایا نانیان خواردبو؟   ئایا خواردبویان ؟

تێنەپەڕ: ئایا ئەو کەوتبو؟   ئایا کەوتبو؟

- دەمكاتی ڕانەبوردو:

تێپەڕ: ئایا ئەوان نان دەخۆن ؟   ئایا نان دەخۆن؟   ئایا دەخۆن ؟

تێنەپەڕ: ئایا ئەو دەکەوێ؟   ئایا دەکەوێ؟

- دەمكاتی داهاتو:

تێپەڕ: ئایا ئەوان نان بخۆن ؟   ئایا نان بخۆن؟   ئایا بخۆن ؟

تێنەپەڕ: ئایا ئەو بکەوێ؟   ئایا بکەوێ؟

## بەشی سێیەم

### دەمكاتەكان لە زمانی ئینگلیزیدا:

لە هەمو زمانێکدا دەمکات وابەستەی کارەکانە، چونکە لە هەر ڕستەیەکدا پێویستە سێ شت (توخم) لە ئارادا بن: کارێکی گەردانکراو (واتە؛ ڕەگی کارێك)، ڕەگی کارەکە ئەو گۆڕانکارییە دەردەخا، کە ڕودەدا،یان ڕونادا. توخمی دوەم:کەسێك (شتێك) یان پتر کە بەڕێوەچونی کارەکەیان دەکەوێتە ئەستۆ. توخمی سێیەم: هەر کارێك پێویستی بە کاتێکە، کە تیایدا ڕودان یان ڕونەدانی ئەو کارە دەستنیشان دەکرێ.

کار لە زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:

1- کاری سەرەکی (main verb): دەکرێن بە دو جۆر:

أ- کاری پێوانەیی (regular)، ئەو کارانەن کە لە ڕابوردوی تەواو و ڕابوردوی سادەدا (ed)ی بۆ زیاددەکرێ، وەکو: ( helped, washed, watched, asked, learned,...).

ب- کاری ناپێوانەیی (irregular): ئەو کارانەن کە پابەندی پەیڕەوێکی زیادکردن نین لە ڕابوردو و ڕابوردوی تەواو. وەکو: (go- went- gone, beat- beat- beaten, cut- cut- cut, breed- bred- bred…).

2- کاری بەیاریدە (ناسەرەکی) (auxiliary verb):

ئەم جۆرە کارانە بەم شێوەیە دابەش دەبن:


1- verb to be: (am, is, are, was, were)

2- verb to do: (do, does, did)

3- verb to have: (has, have, had)

4- modal verbs: (will- would, shall-should, can- could, may- might….)

بە شێوەیەکی گشتی دەمکاتەکانی زمانی ئینگلیزی بۆ سێ کۆمەڵە دابەش دەبن: سادەکان، بەردەوامەکان و تەواوەکان. هەریەک لەو کۆمەڵانەش دابەشی دەمکاتەکانی: ڕانەبوردو، ڕابوردو و داهاتو دەبن. سەرباری ئەمەش زۆربەی ئەم دەمکاتانە بە پێتر لە شێوە ڕۆنانێک گوزارشت لە دۆخەکە دەکەن. لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا، دەمکاتە سەرەکیەکانی زمانی ئینگلیزی خراونەتەڕو، بە پێی ئەم هێڵکاریەش دەمکاتەکان ڕیزدەکرێن و ڕوندەکرێنەوە:




**هێڵکاری 3. 1 دەمکاتەکانی ئینگلیزی**

لە پێناو ڕەچاوکردنی ڕەوتی زانستی و پوختیی توێژینەوەکە، لە هەر دەمکاتێکدا، ئاماژە بە پێنج بڕگە دەدرێ:

بڕگەی یەکەم: ناساندنی دەمکاتەکە و ئەو دۆخ و کەتوارانەی تیایاندا بەکاردێ.

بڕگەی دوەم: ئەو دارشتنانەی ڕۆنانی دەمکاتەکە دەیانگرێتەخۆی.

بڕگەی سێیەم: بواری کارکردنی دەمکاتەکە و هێڵکاریی بواری کارکردنەکەی.

بڕگەی چوارەم: ئەو ئاوەڵکار و دەستەواژە نەرێتیانەی لەگەڵیدا بەکاردێن.

بـــڕگەی پێـــنجەم: هەر زانیـــارییەکی تـــری پێویســـت دەربـــارەی گۆڕانکـــاری و نـــاوێزەیی و گەردانکردنی کارەکان.

## 3-1ــ کۆمەڵەی یەکەم ــ دەمکاتە سادەکان Simple Tenses:

هەمـــو دەمکـــاتە ســـادەکان دەربـــارەی ئەنجامـــدانی تەواوی ڕوداوێـــک (کردارێـــک) دەدوێـــن. کـــاری دەمکـــاتە ســـادەکان بە زۆری ڕوداوی ئاســـایی و کـــرداری ســـادەن، یـــان ڕوداوێکـــن ئـــێمە بە ڕێکوپێکی دوبارەیاندەکەینەوە.

### 3-1-1ـ ڕانەبوردوی سادە (Present Simple):

وشـــەی (present) لە زمـــانی ئینگلیزیـــدا بەرانـــبەر واتـــای (ئێســـتا)[1] لە زمـــانی کـــوردی و (الـــزمن حاضـــر)[2] لە زمـــانی عەرەبیـــدا هـــاتوە، لەبەرئەوەی دەمکـــاتی ئێســـتا دەمکـــاتێکی ڕانەبـــوردوە، بە زۆری لە پەڕتـــوکە ڕێزمانیەکـــان بە ڕانەبـــوردو وەرگێـــڕدراوە. زمانەوانـــە کـــوردە دێرینـــەکان لەبـــەر دو هـــۆ بـــە ڕانـــەبوردویان دانـــاوە: یەکـــەم ـــــ بـــە لاســـاییکردنەوەی زمـــانی عـــەرەبی، کـــە (present)یـــان بەرانبـــەر (مضـــارع) دانـــاوە. دوەم ـــــ لەبەرئـــەوەی لـــە زمـــانی کوردیـدا، دەمکـاتی ئێسـتا تـەنیا بـۆ ڕسـتەی هەواڵـدانی کـاتی ئێسـتا بـەکارهاتوە و کـاری ڕانـــەبوردو کـــارێکی تێکەڵـــە لـــە دەمکـــاتی ئێســـتا و داهـــاتو. لـــەم توێژینەوەیەشـــدا، بـــۆ تێکنـــەدانی ڕێچکـــەی زاراوەســـــازی هـــــەر زاراوەی ڕانـــــەبوردو لـــــەبری زاراوەی دەمکـــــاتی ئێســـــتا بەکارهاتوە.

بە شـــێوەیەکی گشـــتی دەمکـــاتی ڕانەبـــوردوی ســـادە بـــۆ گوزارشـــتکردن لەم بارودۆخـــانە بەکاردێ:

---

[1] پرشنگ حەمەئەمین ئەحمەد. ٢٠٠٥. فەرهەنگی یاد، ئینگلیزی ــ عەرەبی ــ کوردی. سلێمانی. ل٧٨٤.
[2] منير البعلبكی. ٢٠٠٧. المورد، قاموس انكليزی ــ عربی. دار العلم للملايين. بيروت. الطبعة ٤١. ص٧٢٠.

- کـــرداری دوبـــارەبوی ڕێکوپێـــک، یـــان ڕوداوی نەرێتـــی و ئاســـایی کە دەشـــێ بەردەوام دەمـدەمە، ڕۆژانە، هەفتــانە،... چەنــدبارە ببـنەوە، هەروەهــا ئەو کــردارانەی ڕێکخــراون، یــان ساتی ڕودانیان دەستنیشانکراوە.

My mom gets up at 7 AM every day دایکم هەمو ڕۆژێک کاتژمێر ٧ ی بەیانی لەخەو هەڵدەستێ.

My father usually drinks tea without sugar باوکم زۆربەی جار چا بەبێ شەکر دەخواتەوە.

I always study in the library. من هەمو کات لە کتێبخانە دەخوێنم.

- بۆ ڕاڤەکردن، یان گوزارشتکردن لە بابەتێکی زانستی، یان بیرکاری:

Air pollution causes lung cancer. پیسبونی هەوا دەبێتە هۆی توشبون بە شێرپەنجەی سینگ.

Two times three equals six. دو کەڕەتی سێ یەکسانە بە شەش.

The earth revolves around the sun. زەوی بە دەوری خۆر دەخولێتەوە.

ـــ ئەو بابەتانەی گوزارشت لە هەست و بیر دەکەن:

They envy my successful. ئیرەیی بە سەرکەوتنم دەبەن.

She is afraid of cockroach. ئەو لە سیسرک دەترسێ.

Employees worry about their salaries. فەرمانبەران نیگەرانی موچەکانیانن.

بە شێوەیەکی گشتی، ڕانەبوردوی سادە سێ شێوەی داڕشتن لەخۆدەگرێ:

شـێوەی یەکەم: بە بـونی کـارێکی ئاسـایی دەرکەوتـو لە ڕسـتەدا کە گـەردانی یەکـەمی کـارە لە ئینگلیزیدا)[1] کە بە ڕانەبوردو (present) یان بە چاوگ (infinitive) ناسراوە:

I work in a farm. من لە کێڵگەیەك کار دەکەم.

she drives a car. ئەو/ کچە ئۆتۆمبێل لێدخوڕێ.

He goes to school. ئەو بۆ قوتابخانە دەچێ.

شێوەی دوەم: بە بونی کاری بون (been) کە لە شێوەی مۆرفیمی سفردایە (ø) و دەرنەکەوتوە، چونکە دەرکەوتنی دەبێتە هۆی گۆڕینی دەمکاتەکە، (وەک لە دەمکاتەکانی دواتر دەردەکەوێ)، ئەم

1 کار لە زمانی ئینگلیزیدا سێ شێوەی هەیە، گەردانی یەکەمی کە بە ڕانەبوردو (present) یان بە چاوگ (infinitive) ناسراوە، گەردانی دوەمی ڕابوردوە (past) و گەردانی سێیەمی ناوی کارا (past-participle).


شێوەیە بە هۆی مۆرفیمە سەربەخۆکانی کاتی ئێستا بۆ لەئارادابونی تاک و کۆ (am, is, are) کە بە کاری یاریدەدەری بون (Verb to be) ناسراون، لەگەڵ ئەندامێکی گروپی ناوی: (ناو، ئاوەڵناو، ڕاناو..) دادەڕێژرێ:

- من مامۆستام. I am a teacher.
- ئەو ئازایە. He is brave.
- ئەو پەرتوکانە هی منن. Those books are mine.

شێوەی سێیەم: بە بونی کاری بون (been) کە لە شێوەی مۆرفیمی سفردایە (ø) و دەرنەکەوتوە، چونکە دەرکەوتنی دەبێتە هۆی گۆڕینی دەمکاتەکە، (وەک لە دەمکاتەکانی دواتر دەردەکەوێ)، ئەم شێوەیە بە هۆی مۆرفیمە سەربەخۆکانی کاتی ئێستا بۆ خاوەندارێتی تاک و کۆ (has, have) کە بە کاری یاریدەدەری هەبون (Verb to have) ناسراون، لەگەڵ ئەندامێکی گروپی ناوی: (ناو، ئاوەڵناو، ڕاناو..) دادەڕێژرێ:

- ئەو ئۆتۆمبێلی هەیە. She has a car.
- ئەوان پارەیان هەیە. They have money.
- من ئەو پەرتوکانەم هەیە. I have those books.

ڕوبەری کاتی ڕودانی دەمکاتی ڕانەبوردوی سادە لە زەمینەی ئێستادایە، ئەگەر بواری ڕودانی کارەکە سنوری ئەم ڕوبەرەش ببەزێنێ، هەر لە بواری واتایی دەمکاتی ئێستای هەژماردەکا. واتە؛ بوارە واتاییەکەی ئێستای بە ڕانەبوردوی ئێستایی فراوان دەکا، وەک لە بارودۆخەکانی سەرەوە ئاماژەی پێدرا. ئەم هێڵکاریەی خوارەوە بواری ڕوبەری کاتیی ڕانەبوردوی سادە نیشاندەدا:




**هێڵکاری 3. 2 بواری ڕوبەری کاتیی ڕانەبوردوی سادە**

لەبەر ئەوەی ئەو دەمکاتە گوزارشت لە کار و ڕوداوەکانی دەوروبەری دەمی ئاخاوتن (ڕانەبوردو) دەکا، هەر ئەو دەستەواژە و ئاوەڵکارانەش بەکاردێن کە لەگەڵ ئەو ڕوبەری کاتە دەگونجێن. وەک: ( sometimes, every time, every day, daily, every week, every month, every year, every season,… twice a day, once a week, several times a

month, three times a year,… usually, very often, always, normally, generally, frequently, occasionally, seldom, hardly, rarely, carefully,…). بۆ نمونە:

- ئەو هەمو کۆتایی هەفتەیەك گەشت ئەنجامدەدا. He goes to picnic every weekend.
- فرۆکەوانەکە هەفتەی دو جار گەشتی بەغدا دەکا. The pilot flies to Baghdad twice a week.
- من ڕۆژێ پێنج جار نوێژ دەکەم. I pray five times a day.

لە دەمکاتی ڕانەبوردوی سادەدا، هەندێ جار گەردانکردنی کارەکان گۆڕانکارییان بەسەردادێ، بە تایبەتی ئەگەر توخمی کارا (subject) کەسی سێیەمی تاک بێ (third person singular)، کە جگە لە ناوە تاکەکان، ڕاناوی (he) بۆ تاکی نێر، ڕاناوی (she) بۆ تاکی مێ و ڕاناوی (it) بۆ تاکی گیانەوەر و نازیندو بەکاردێن، لەم کاتەدا کاری سەرەکیی ڕستەکە پاشگری (s—) وەردەگرێ. لە هەندێ کاردا ئەم پاشگرە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی پیتەکانی پێش خۆی، واتە؛ پیتەکانی کۆتایی کارەکە و چەند ئەلۆمۆرفێکی وەک (es ، z، ez) دروستدەبن، بۆ نمونە:

ــــ لە هەندێ کاری ڕانەبوردودا، تەنیا (s-) دەخرێتە دوای کارەکە و هیچ گۆڕانکارییێک ڕونادا. وەک:

- مانگا شیر دەدات. A cow gives milk.
- منداڵە ساواکە شیر دەخوات. The baby drinks milk.
- لە هەولێر کەم باران دەبارێت. It rarely rains in Erbil.

ــــ پاشگری (es) دەخرێتە دوای کارە ڕانەبوردوەکە، ئەگەر کارەکە کۆتایی بەیەکێك لەم پیتانە هاتبێت: (sh, ch, o, s, x, z)، وەکو:

- ئەو بە تەنیا بۆ ماڵەوە دەچێ. He goes home alone.
- ڕازاو هەرگیز سەیری تەلەفزیۆن ناکا. Razaw never watches television.
- ئەو ڕاهێنانەکانی خۆی تەواو دەکا دواتر قاپەکان دەشوا. She finishes her homework then she washes the dishes.

ــــ ئەگەر کارەکە کۆتایی بە پیتی (y) هاتبێ و پیتێکی نەبزوێنی لە پێش هاتبێ، پیتی (y) دەگۆڕێ بۆ (i)، پاشان (es)ی بۆ زیاددەکرێ. وەك:

- ئازاد ئینگلیزی دەخوێنێ. Azad studies English.

- منداڵەکەی زۆر دەگرییَ.                    Her baby cries a lot.
- هەمو کەسێك لە کۆتاییدا دەمرێ.    Everyone eventually dies.

کاتێـک (s یـان es) دەچـنە سـەر کارێـک کە بـکەرەکەی کەسـی سـێیەمی تـاکە، هـیچ واتـایەکی زیـادە نـاخەنە سـەر خـودی واتـای کـارەکە و هەمـان ئەو واتایـای هەیە کە لەگەڵ بکەرەکـانی تـر (I, you, we, they) (مـن، تۆ/ئێـوە، ئـێمە، ئەوان) هەیانـە. هەر بـۆیە، دروسـتکردنی دەنگەکـانی (s, z, iz) لە گۆکردنـدا تەنیـا بە گـۆڕاوێکی مـۆرفیمی هەژمـاردەکرێن کە لەگەڵ بـکەری کەسـی سـێیەمی تـاکی دەمکـاتی ڕانـەبوردو دەردەکەون، لە کـاتی هەبـونی بکەرەکـانی دیـکە ئەم دەنگـانە نـامێنن و دەرنـاکەون. بۆیە لەم ڕسـتانەدا ( we eat cheese ئـێمە پەنیـر دەخـۆین/ پەنیـر دەخـۆین) و (he eats cheese ئەو پەنیـر دەخـوات/ پەنیـر دەخـوا) هەردو کـاری (eat و eats) لەڕوی مۆرفۆلـۆژییەوە شـیکاردەکرێن و هەردوکیان بە گۆڕاوی جێگرەوەی کاری (eat) دادەنرێن.

دەمکـاتی ڕانـەبوردوی سـادە بـۆ دەربڕینـی ئـەو کـارەی ئێسـتا ڕودەدات بەکارنایـەت، چونکە لەو دۆخەدا دەمکاتی ڕانەبوردوی بەردەوام بەکاردێ.

دەمکـاتی ڕانـەبوردوی سـادە، یاسـای ڕۆنانەکـەی بـەم شـێوەیە: (بکـەر + گـەردانی یەکـەمی کار(چاوگ) + پاشگری(s, es, ies) یان (verb to be).

**Table 3.1 Present Simple Tense**

| N. | Pro. Subject | base | s, es, ies | C. |
|---|---|---|---|---|
| ١ | I | live | – | in Hewler |
| ٢ | You | | | |
| ٣ | He | live | s | |
| ٤ | She | | | |
| ٥ | It | | | |
| ٦ | We | live | – | |
| ٧ | They | | | |

### 3-1-2- ڕابوردوی سادە Past Simple:

دەمکـاتی ڕابـوردوی سـادە، بـۆ خسـتنەڕوی ڕودانـی کردارێـك بـەکاردێ کـە لـە کـاتی ڕابـوردو دەسـتپێکردوە و هـەر لـە کـاتی ڕابـوردوش تـەواوبووە. وشـەی (past) لە زمـانی ئینگلیزیـدا بەرانـبەر واتـای (ڕابـوردو) لە زمـانی کـوردی و (مـاض) لە زمـانی عەرەبیـدا هاتوە.

به شێوەیەکی گشتی دەمکاتی ڕابوردوی سادە بۆ ڕوداوێکی ڕابوردوی کورتخایەنی ئاسایی بەکاردێ، کە بەشێوەیەکی ئاسایی ڕودەدەن و تا ڕادەیەک لە کەتواردا دوبارەدەبنەوە.

ڕابوردوی سادە بە زۆری بۆ گوزارشتکردن لەم بارودۆخانە بەکاردێ:

ــ کردەیەکی تەواو بو لە ڕابوردو، لە کاتێکدا کە وشەکانی تایبەت بە کۆتاییهاتن و تەواوبونی کردەیەکی لەگەڵ دەردەکەوێ، وەك: ( yesterday, last week, in 2020, (at 3 o' clock.

- تۆ لە 2021 کاتێکی زۆرت لە هیندستان بەسەربرد. You spent a lot of time in India in 2021.
- من دوێنێ یاری تێنسم کرد. I played tennis yesterday.
- ئێمە پشوی هەفتەی ڕابوردو چوین بۆ دهۆك. We went to Duhok last weekend.

- لەگەڵ ئەو کــــردار و ڕوداوانەی کە دەزانــــرێ، تەواوکــــراون، وەک گێــــڕانەوەی ڕوداوەکانی مێژو، بەسەرهاتی چیرۆکەکان، یان بەرهەم و کاردەستی زانا و ناودار و کەسانی ڕابوردو:

لیۆناردۆ تابلۆی مۆنالیزای کێشا. Leonardo painted the Mona Lisa.

گۆران شاعیرێکی گەورەی کوردبو. Goran was a great Kurdish poet.

ئاینی ئیسلام 1445ساڵ پێش ئێستا دەرکەوت. The Islamic religion appeared 1445 years ago.

به شێوەیەکی گشتی، ڕابوردوی سادە سێ شێوەی داڕشتن دەگرێتە خۆی:

شێوەی یەکەم: بە بونی کارێکی ئاسایی دەرکەوتو لە ڕستەدا کە گەردانی دومەی کارە کە بە ڕابوردوە (past):

- من لە کێڵگە کارم کرد. I worked in a farm.
- ئەو بۆ قوتابخانە چو. He went to school.

من دوێنێ ئەو ئۆتۆمبێلەم کڕی. I bought this car yesterday.

شــێوەی دوەم: بە بــونی کــاری بــون (been) کە لە شــێوەی مــۆرفیمی ســفردایە (ø) و دەرنەکەوتوە، ئەم شێوەیە بە هۆی مۆرفیمە سەربەخۆکانی کاتی ڕابوردو: (was) بۆ تاک و (were) بۆ کۆ کە بە کاری یاریدەدەری بون (Verb to be) ناسراون، لەگەڵ ئەندامێکی گروپی ناوی: (ناو، ئاوەڵناو، ڕاناو..) دادەڕێژرێ:

- من مامۆستای کوردی بوم. I was a Kurdish teacher.
- ئەو ئازابو. He was brave.
- ئەو پەرتوکانە هی من بون. Those books were mine.

شـێوەی سـێیەم: بە بـونی کـاری بـون (been) کە لە شـێوەی مـۆرفیمی سـفردایە (ø) و دەرنەکەوتـوە، چـونکە دەرکەوتنـی دەبێـتە هـۆی گـۆڕینی دەمکـاتەکە، (وەک لە دەمکاتەکـانی دواتـر دەردەکەوێ)، ئەم شـێوەیە بە هـۆی مـۆرفیمە سـەربەخۆکانی کـاتی ڕابـوردو بـۆ خاوەنـدارێتی تـاک و کـۆ (had) کە بە کـاری یاریـدەدەری هەبـون (Verb to have) ناسراون، لەگەڵ ئەندامێکی گروپی ناوی: (ناو، ئاوەڵناو، ڕاناو..) دادەڕێژرێ:


- ئەو ئۆتۆمبێلێکی سوری هەبو. She had a red car.
- ئەوان پارەیەکی زۆریان هەبو. They had a lot of money.
- من ئەو کتێبانەم هەبو. I had those books.

ڕوبەری کـاتی ڕودانـی دەمکـاتی ڕابـوردوی سـادە لە زەمیـنەی ڕابوردودایـە، یاسـای دارشـتنی دەمکـاتی ڕابـوردوی سـادە بـەم شـێوەیە: (کـارا + کـاری سـەرەکی (ڕابـوردو + تەواوکەری ڕستەکە) وەك لەم خشتەیەی خوارەوە دەخرێتەڕو:

**Table 3.2 past Simple tense**

| N. | Pro. Subject | Verb in past | C. |
|---|---|---|---|
| ١ | I | wrote | a book |
| ٢ | You | | |
| ٣ | He | | |
| ٤ | She | | |
| ٥ | It | | |
| ٦ | We | | |
| ٧ | They | | |

بواری کارکردنی ڕابوردوی سادە لەم هێلکاریەدا دەردەکەوێ:




**هێڵکاری 3 .3 بواری کارکردنی ڕابوردوی سادە**

ئەم دەمکـاتە گوزارشـت لە کـار و ڕوداوەکـانی ڕابـوردو دەکـا، ئەو دەسـتەواژە و ئاوەڵکـارانە لەگـەڵی بەکـاردێن کە لەگەڵ ئەو ڕوبەری کـاتە دەگـونجێن. وەک: ( last night,

last year/ week, a month/ year ago, after that, yesterday, in the past, once,.....، بۆ نمونە:

- ئەو هەفتەی ڕابوردو چو بۆ زانکۆ. He went to university last week.

لە دەمکاتی ڕابوردوی سادەدا، لەبەرئەوەی گەردانی دوەمی کار (past) دەردەکەوێ و لە دۆخی ئەرێ پێویستیی بە کاری یاریدەدەر نیە، بۆیە کارەکە بۆ هەمو کەسەکان، یان ڕاناوەکان، تاک و کۆ (singular, plural) هەمان شێوەی دەبێ.

- ئەوان کراسی خۆیان شوشت. They washed their dress.
- ئەو کراسی خۆی شوشت. He washed his dress.

گەردانی دوەمی کارەکان لە هەر کارێکی ئاسایی بە دو شێوە دروستدەبن، واتە؛ کار لە زمانی ئینگلیزیدا بە دو شێوە دەکرێتە دۆخی ڕابوردو، یەکەمیان:

ـ کارە ئاساییەکان بە هۆی پاشگری (ed-) دەکرێنە ڕابوردو، وەک لە کارەکانی: ( play → played, work → worked, move → moved, love → loved,…..):

(ئەو دوێنێ یاری تۆپێنی کرد). He played football yesterday.

(ئەوان دەرگاکەیان بۆ من کردەوە). They opened the door for me .

(ئێمە شەوی ڕابوردو چاوەڕێی تۆمان کرد). We waited for you last night.

ـ کارە ناوێزەکان بە هۆی پاشگری (ed-) ناکرێنە ڕابوردو، بەڵکو هەندێکیان گۆڕانکاری بەسەر شێوەکانیاندا نایێ و وەکو خۆیان دەمێننەوە، وەک: ( bet → bet, cut → cut, hit → hit, let → let, put → put, shut → shut,…).

ـ هەندێ کار گۆڕانکاریی جیاواز بەسەر شێوەکانیاندا دێ، دوای ئەوەی دەگۆڕین بۆ ڕابوردو، بۆنمونە:

هەندێکیان تەنیا پیتێکیان دەگۆڕێ، وەک: ( bend → bent, come → came, dig → dug, make → made, send → sent, win → won)، یان پیتێکیان دەکەوێ، وەک ( bleed → bled, breed → bred, feed → fed, lead → led, meet → met, shoot → shot)، بەڵام هەندێکی تریان پتر گۆڕانیان بەسەردادێ، وەک: ( bring → brought, catch → caught, freeze → froze, mistake → mistook, steal → stole, do → did, go → went,…).

### 3-1-3- داهاتوی ساده future simple :

وشەی (future) لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەر واتای (داهاتو) لە زمانی کوردی و (الزمن المستقبل) لە زمانی عەرەبیدا هاتوە، ئەم دەمکاتە، بە مەبەستی دەربڕینی کاتی ڕودانی کارێك لە دوای کاتی ئێستا بەرەو داهاتو/ئاینده بەکاردێ، کاتی ڕودانەکە و مەودای دورییەکەی لە ڕستەدا بە پێی وشەی تایبەت و ئاوەڵکاری تایبەت بە داهاتو دیاردەکرێ، بۆ نمونە (next week، next moment، next summer، .....)، ئەگەر ئاوەڵکار و وشەکانی تایبەت بە دەربڕینی کاتی خایانراوی کارەکە لە ڕستەدا بەکارنەهێنرێن، بۆ گوێگر یان خوێنەر ڕون نابێ کە لە دوای کاتی ئێستا، کاتی ڕودانی ئەو کارە مەوداکەی دەکەوێتە چ کاتەك لەسەر هێڵی دیاریکراوی کات لە داهاتودا، واتە؛ داهاتویەکی نزیکە یان زۆر دورە یان مەودای کاتەکەی دوریەکی بێکۆتای هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی دەمکاتی داهاتو بۆ گوزارشتکردن لەم بارودۆخانە بەکاردێ:

1- بۆ نیشاندانی ڕودانی کارێك لە کاتێکی دیاریکراو لە داهاتودا بەکاردێ.

2- بۆ قسەکردن دەربارەی خوەکانی داهاتو و گشتاندنەکانی داهاتو بەکاردێ، لە زۆر ڕوەوە وەکو ڕابوردوی سادە ڕەفتاردەکا.

3- بۆ پێشبینی و ڕودانی کردارێك لە داهاتودا بەکاردێ.

ئەم دەمکاتە لە زمانی ئینگلیزیدا بە دو شێوە ڕۆنان دەردەکەوێ، بەم شێوەیە:

شێوەی یەکەم: ڕۆنانی دەمکاتی داهاتوی سادە بە هۆی مۆرفیمی کاتی داهاتو will, (shall) دروستدەبێ. وەکو:

She will help her mother. ئەو یارمەتی دایکی دەدا.

They will check their passports. ئەوان گەشتنامەکەیان دەپشکنن.

We shall work. ئێمە دەبێت کار بکەین.

شێوەی دوەم: بەهۆی زیادکردنی (going to) بۆ کاری ڕانەبوردو، دروستدەبێ، بەڵام کارە ڕانەبوردوەکە لەم دۆخەدا پێویستیی بە (is, are) دەبێ و دەکەوێتە پێش (going to)، وەکو:

- من دەمەوێ خۆم ئامادە بکەم بۆ تاقیکردنەوەکە. I am going to prepare myself for the exam.
- تۆ ئەمشەو دەتەوێ بچی چاوت بە ڕۆزا بکەوێ. You are going to meet Roza tonight.
- ئەو دەیەوێ یارمەتی برای بدا. She is going to help her brother.

شێوەی یەکەم و دوەم کوتومت هەمان شت نین، لەڕوی گەیاندنی واتا جیاوازییان هەیە، شێوەی دوەم زیاتر پەیوەستە بە پلاندانان بۆ کردنی کارێك.

بواری کارکردنی دەمکاتی داهاتوی سادە دوای کاتی ئێستایە بەرەو داهاتو، یاسای دروستبونی ئەم دەمکاتە بە هۆی مۆرفیمی(will) بەم شێوەیە: (will + verb):

**Table 3.3 future simple tense (will/ shall)**


| N. | Pro. Subject | will | base | c. |
|---|---|---|---|---|
| ١ | I | will | arrive | on time |
| ٢ | You | | | |
| ٣ | He | | | |
| ٤ | She | | | |
| ٥ | It | | | |
| ٦ | We | | | |
| ٧ | They | | | |

هەروەها یاسای دروستبونی ئەم دەمکاتە، لە شێوە ڕۆنانی (going to + verb) بەم شێوەیە دەردەکەوێ:

**Table 3.4 future simple tense (going to)**

| N | subject | v.be | going to | v. | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I | am | going to | Meet | Roza |
| ٢ | He, she, it | Is | | | |
| ٣ | you, we, they | are | | | |

هێڵکاریی بواری کارکردن و کاتی ڕودانی دەمکاتی داهاتوی سادە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:




**هێڵکاری 3. 4 بواری ڕودانی داهاتوی سادە**

ئەو ئاوەڵکار و دەستەواژانەی لەگەڵ دەمکاتی داهاتوی سادە دەردەکەون، ئەمانەن: ( think, expect, be sure, believe, certainly, perhaps, probably,….).

- لەوانەیە ئەو سبەی براکەی خۆی ببینێ. Perhaps she will see her brother tomorrow.
- من دڵنیام ئەوان دڵخۆش دەبن ئەگەر بچنە دەرێ. I'm sure they will be happy if they go out.
- پێشبینی دەکەم ئەو بۆ نانی ئێوارێ لێرە بێ. I expect he will be here for dinner today.

دەمکاتی داهاتو، سەرەڕای ئەوەی یەکێك لە شێوەکانی بە هۆی (going to) دەبێ، بەڵام لێرەدا ئەم (ing)یە واتای بەردەوامی نادات. زۆرجار بە هۆی دەمکاتی شارستەوە دەمکاتی پارستەش دەردەکەوێ، بۆ نمونە (دەتوانرێ، بە پارستەی بەردەوامی (ing) لە زمانی ئینگلیزی بخەینەڕو، لەبەرئەوەی زۆربەی جار ئەم پارستەیە لێکدانەوەی دەمکاتی پەیوەست بە دەمکاتی ڕستە سەرەکییەکە وەردەگرێت.

جیاوازیی نێوان هەردو فۆڕمەکەی دەمکاتی داهاتوی سادە لەوە دایە کە فۆڕمی (will)، (لەو کاتە بەکاردەهێنرێ کە لە کاتی قسەکردندا بڕیار بدرێ شتێك یەکسەر بکرێ)[1]، بەڵام فۆڕمی ( going to) (لەو کاتە بەکاردەهێنرێ کە لە پێش کاتی قسەکردندا بڕیارمانداوە کارێك بکەین)[2]، واتە؛ لەگەڵ (shall, will) بڕیاردراوە و بەدڵنیایی کارەکە لە داهاتو دەکرێ، وەکو:

- دەبێ بچمە قوتابخانە. I shall go to school.
- منداڵەکان دەچنە سەر جێگاکانیان. The children shall go to their beds.
- ئەو دڵخۆش دەبێ. She will be happy.

بەڵام لە (going to) بڕیارەکە و خۆئامادەکردنەکە لە کاتی ئاخاوتندا دەدرێ یان ڕادەگەیێنرێ کە کارێك لە دوای ئاخاوتن (داهاتو) ئەنجامدەدرێ، وەکو:

- دەمەوێ بچم بۆ قوتابخانە. I'm going to go to school.
- خەریکە شەمەندەفەرەکە لەدەستبدەین. We are going to miss our train.
- ئەو دەیەوێ ئوتۆمبێلێکی نوێ بکڕێ. She is going to buy a new car.

---

[1] عەبدوڵڵا حوسێن، 2023، ڕێزمانی بەراورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 165.
[2] هەمان سەرچاوە، 165.

## ٣ـ2ــ1 کۆمەڵەی دوەم ــ دەمکاتە بەردەوامەکان (continuous tenses):

هەمو دەمکاتە بەردەوامەکان دەربارەی ئەنجامدانی ڕوداوێک (کردارێک) دەدوێن، لەو کاتەی کە بەردەوامی هەیە و لەناو کاتی خایانراوای ڕودانی کارەکە دایە، واتە؛ ڕودانی کار لە دەمکاتەکانی بەردەوامیدا، لەنێوان دو خاڵدایە، خاڵی سەرەتا (دەسپێکی کارەکە) و خاڵی کۆتا (تەواوبونی کارەکە)، ڕودانی کارەکە بەردەوامە لەنێوان ئەو دو خاڵەدا، ئینجا دەشێ ماوەی نێوان ئەم دو خاڵە، لە ئێستا، ڕابوردو، یان داهاتودا بێ. لەم دەمکاتەدا، سەرەڕای کاری سەرەکی بۆ دەربڕینی بەردەوامیی ڕودانی کارەکە ( v.be) و نیشانەی بەردەوامی (-ing) پێویستە. لەم دۆخەدا، بە هەبونی (v. be) و زیادکردنی(ing) بۆ کاری سەرەکی ڕستە ئەم (ing)یە نیشانەی بەردەوامی دەگەیەنێ، بەڵام ئەگەر جگە لە کاری سەرەکی چوە سەر کارێکی تر و کاری یاریدەریش دەرکەوت، ئەوا نیشانەی بەردەوامی لەدەستدەدا.

### 3ـ2ـ1ـ1ـ ڕانەبوردوی بەردەوام (یان ئێستای بەردەوام) Present Continuous:

ئەم دەمکاتە گوزارشت لەو ڕوداوانە دەکا، کە کارەکە دەستی پێکردوە و لە دەمی ئاخاوتندا بەردەوامە و هێشتا نەگەیشتۆتە خاڵی کۆتایی. دەمکاتی ڕانەبوردوی بەردەوام یان ئێستای بەردەوام بەشێوەیەکی گشتی پێکدێ لە کارا(ناو بێ یان ڕاناو) لەگەڵ مۆرفیمەکانی کاتی ئێستا (is) بۆ تاك و (are) بۆ کۆ، هەرچەندە (are) بۆ کەسی دوەمی تاکیش وەك ڕێزدانان بەکاردێ و بووە بە باو لەگەڵ کاری سەرەکی کە پاشگری (ing) وەردەگرێ، لەگەڵ تەواوکەر ئەگەر هەبێ. وەك:

من وا کاردەکەم. I am working.

- تۆ ئینگلیزی دەخوێنی. You are studying English.
- ئەو دەنوێ. He is sleeping.

دەتوانرێ بۆ گوزارشتکردن لەم دۆخانەدا، ڕانەبوردوی بەردەوام بەکاربهێنرێ:

1ـ گوزارشتکردن لە کارێك کە دەستپێکردوە و لە ڕوداندا بەردەوامە:

- منداڵەکان دەچنە قوتابخانە. Children are going to school.
- منداڵە ساواکە بە دەنگ دەگریێ. The baby is crying out loudly.
- تکایە بێدەنگبە. منداڵەکان خەوتون. Please be quite. The children are sleeping.

2ـ بۆ باسکردنی زنجیرەیەکی بەردەوام لە کارە دوبارەکان کە بە شێوەیەکی گشتی و بەردەوام وەکو ئێستا لە دوبارەبونەوەدان.

- منداڵەکان بە خێرایی گەشە دەکەن. The children are growing up quickly.

- من هەمو هەفتەیەك دۆڵمە لێدەنێم.          I am cooking dolma every week.
- شنۆ هەمو ڕۆژێ دەچێ بۆ کارەکەی.  Shino is going to her job every day.

ئەو داڕشتنانەی ڕۆنانی دەمکاتەکە دەیانگرێتەخۆی، بەم شێوەیە: (بکەر + مۆرفیمی کاتی ئێستا(am) بۆ تاك و (are) بۆ کۆ + کاری سەرەکی + پاشگری (ing-).


- تۆ ئەمڕۆ بەرژدی/ جدی کاردەکەی.          You are working hard today.
- ئەوان ئێستا سەیری تیڤی دەکەن.          They are watching T.V now.
- ئەو گوێ لە میوزیك ڕادەگرێ.          She is listening to music.

یاسای داڕشتنی دەمکاتی ڕانەبوردوی بەردەوام لەم خشتەیەی خوارەوە نیشاندراوە:

**Table 3.5 present continuous tense**

| N. | Pro. Subject | v. to be | base-ing | C. |
|---|---|---|---|---|
| ١ | I | am | speaking | loudly |
| ٢ | You | are | | |
| ٣ | He | is | | |
| ٤ | She | is | | |
| ٥ | It | is | | |
| ٦ | We | are | | |
| ٧ | They | are | | |

بـواری کـارکردنی دەمکـاتەکە لـە ئێسـتادایە و بەردەوامـە، ڕودانـی کارەکـە لـە کـاتی قسـەکردندا بـەردەوامی هەیـە و کردارەکـە لـە چوارچێـوەی ڕودانەدایـە. هێڵکـاریی بـواری کارکردنی دەمکاتی ڕانەبوردوی بەردەوام بەم شێوەیە:




**هێڵکاری 3. 5 بواری ڕودانی ڕانەبوردوی بەردەوام**

بەشـێوەیەکی گشـتی هەنـدێ لـەو ئاوەڵکـار و دەسـتەواژانەی لەگـەڵ دەمکـاتی ڕانـەبوردوی بـەردەوام بـەکاردێن ئەمانـەن: (already, at the moment, just, still, at now, present,....).

هەنـدێ کـار لـە دەمکـاتی ڕانـەبوردوی بەردەوامـدا بەکارنایـەن، بـواری ڕودانیـان کورتـە و بەردەوامییان تیادا نیە، وەك:

- باوەڕم وایە تۆ ڕاست دەکەی/ تۆ ڕاستی.          I believe you’re right.

- ئایا دەزانی چی ڕویداوە/ چی ڕودەدا؟ Do you know what happen? (Not: Are you knowing …)
- ئەو تێنەگەیشت تۆ چیت گوت. She didn’t understand what you said.

دەمکاتە بەردەوامەکان زیاتر بەوە دەناسرێنەوە کە لەپاڵ کاری یاریدەدەری ڕستە، کاری سەرەکی پاشگری (ing)ی لەگەڵ دێ و ئەم پاشگرەش هیچ شێوە و گۆڕاویەکی نییە جگە لەوەی کە لە کاتی قسەکردندا دەنگی (g) گۆ ناکرێ.کاتێك (ing) بۆ کارەکە زیاددەکرێ، هەندێ گۆڕانی دەنگسازی ڕودەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە[1]:

ئەگەر کارەکە کۆتایی بە پیتی (e) هاتبێ و لەپێشی پیتی نەبزوێن هاتبێ، ئەوا پیتی (e) نامێنێ و (ing) ی بۆ زیاددەکرێ، جگە لە: (see- seeing, agree- agreeing, be- being) وەك: ( Write - writing, live- living)

ئەگەر وشەکە یەك بڕگەیی بێ و کۆتایی بە بزوێنێك و نەبزوێنێك هاتبێ، نەبزوێنەکەی کۆتایی دوپاتدەکرێتەوە: (sit – sitting, stop- stopping)

ئەگەر وشەکە دو بڕگەیی یان پتر بێ و کۆتایی بە بزوێنێك و نەبزوێنێك هاتبێ و هێز لەسەر کۆتا بڕگە بێ، نەبزوێنی کۆتایی دوپاتدەبێتەوە:( begin- beginning, prefer- preferring, admit- admitting….)، بەڵام ئەگەر دوا بڕگە هێزدار نەبێ، دوا پیت دوپاتنابێتەوە: ( open- opening, listen- listening…) تەنیا لەو وشانەدا نەبێ کە کۆتاییان بە پیتی (L) هاتوە: ( travel- travelling, cancel- cancelling…)(دو پیتی بزوێن + یەك پیتی نەبزوێن) ڕاستەوخۆ (ing-) ی بۆ زیاددەکرێ:(read – reading,)

(دو پیتی نەبزوێن) ← ڕاستەوخۆ (ing-) ی بۆ زیاددەکرێ: (pushing)–Push

ئەگەر کارەکە بە یەکێك لەم پیتانە (w, x, y) کۆتایی هاتبێ، ئەوا دوا پیت دو ئەوەندە ناکرێ و ڕاستەوخۆ (ing-) ی بۆ زیاددەکرێ.fixing __ fix .

### 3-2-1-2- ڕابوردوی بەردەوام past continuous:

ئــەم دەمکاتــە بــۆ دەرخســتنی ڕودانــی کارێــك بــەکاردێ، کــە لــە خاڵێــك لــە کــاتی ڕابــوردو ڕویـداوە و تـا خـاڵێکی تـر بـەردەوام بـوە، واتـە؛ خـاڵی دەسـپێکی ڕوداوەکـە و کۆتـایی کارەکـە هـەردوکیان لــە ڕابــوردودان، ئەمــەش ئــەوە دەگــەیێنێ، کــە کارێــك لــە خاڵێــك لــە ڕابــوردودا

[1] Betty Schrampfer Azar, Stacy A. Hagen. 2012, Basic English Grammar, third edition, Tehran, 97.

دەستپێکردوە، بەڵام لەهەمان کاتدا و لەهەمان خاڵدا کۆتایی نەهاتوە، بەڵکو ماوەیەکی خایاندوە و بەردەوام بوە تا خاڵی کۆتایی، هەرچەندە خاڵی کۆتاییش هەر لە ڕابوردودایە.

ڕۆنانی دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام بەم شێوەیە: (بکەر + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو ( was, were) + کاری سەرەکی + پاشگری (_ing) + تەواوکەری ڕستەکە)، واتە؛ ئەم دەمکاتە بەوە دەناسرێتەوە کە سەرەڕای بونی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو، پاشگری (ing) یشی تێدایە و بەردەوامبونی کاتی کارکردنی کردەکە لە ڕابوردو دەردەخا.

- ئینگلیزییەکەی پێشدەکەوت/ بەرەو باشتر دەچو. His English was improving.
- ئەوان سەیری یارییان دەکرد. They were watching the matches.
- من وتارێکم دەنوسی. I was writing an article.

ئەم دەمکاتە لەم کەتوار و بوارانەی خوارەوە بەکاردێ:

1- ئەم دەمکاتە بۆ دەرخستنی کردەیەکی ڕابوردو کە پێشتر بەردەوام بوە لە ڕودان بەکاردێ.

- دوێنێ بەفر دەباری. It was snowing yesterday.
- منداڵەکان هاواریان دەکرد کە مامۆستا هات. The children were shouting when the teacher came in.
- شەوی ڕابوردو کە ئازادم دیت، ئۆتۆمبێلەکەی دەشوشت. When I saw Azad last night, he was washing his car.

2- لە ڕستەی ئاوێتەدا، دەبێتە کاتێکی بەردەوامی ڕابوردو، بۆ دەرخستنی کارێکی تر کە لەو دەمەدا ڕودەدا، واتە؛ دەبێتە ڕستەی دەرخەری کاتی ڕودانی کاری دوەم. وەك:

- ئێمە لە پۆلەکە دادەنیشتین کە بومەلەرزەکە ڕویدا. We were sitting in the class, when the earthquake happened.
- مامۆستاکە ڕێزمانی شیدەکردەوە کە مۆبایلەکەی لێیدا. The teacher was explaining the grammar, when his phone rang.
- باران دەباری بۆیە نەچوینە دەرێ. It was raining, so we didn’t go out.

3- لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆک یان باسکردنی لیستی ڕوداوەکان، زۆرجار دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام بۆ باسکردنی پاشخانی چیرۆکەکە بەکاردێ.

Before the chemical bombing, Halabja was thriving. پێشی بۆردومانە کیمیاوییەکە هەڵەبجە بە جوانی گەشەی دەکرد/ نەشونمای دەکرد.

The birds were singing, children were playing. باڵندەکان دەیانخوێند، مندالەکان یارییان دەکرد.

The sun was shining, and people were working. خۆر دەدرەوشاوە و خەڵك کاریان دەکرد.

4- ڕابــوردوی بــەردەوام بــەکاردەهێنرێ، بــۆ باســکردنی ئــەو خــوە کاتیانــەی کــە چەنــد جارێـك لــە ڕابــوردودا ڕویانــداوە، ئەمــەش لەگــەڵ هەنــدێ دەربڕینــی تایبــەت بــە ڕابــوردو بــەکاردێ کــە دەرخســتەی کــاتێکی بــەردەوام لــە ڕابــوردو دەکــەن، وەکــو: ( all evening, for (all day,…. hours

- ئەو بەردەوام گۆرانی دەگوت. She was constantly singing.
- ئەو ئێواران دەیخوێند. He was reading all evening.

یاسای داڕشتنی دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام لەم خشتەیەی خوارەوە دەخەینەڕو:


**Table 3.6 past continuous**

| N. | Pro. Subject | was/ were | Verb –ing | C. |
|---|---|---|---|---|
| ١ | I | was | studying | hard. |
| ٢ | You | were | | |
| ٣ | He | was | | |
| ٤ | She | | | |
| ٥ | It | | | |
| ٦ | We | were | | |
| ٧ | They | | | |

لە ڕستەی کارە تێپەڕەکاندا، بەرکار دەکەوێتە نێوان کاری سەرەکی و تەواوکەر، بەم شێوەیە: (بکەر + (was, were) + کاری سەرەکی + پاشگری (_ing) + بەرکار + تەواوکەر- ئاوەڵکار).


I was drinking milk last night. من دوێنێ شەو شیرم دەخواردەوە.

کاتی ڕودان و سنوری کاتی کارکردنی ئەم دەمکاتە لەم هێڵکاریەدا دەردەکەوێ:




**هێڵکاری 3. 6 بواری ڕودانی ڕابوردوی بەردەوام**

جیــاوازی دەمکــاتی ڕابــوردوی ســادە و بــەردەوام لــە ڕوی ڕودانــەوە، لەوەدایــە کــە لــە ڕابــوردوی ســادە تیشــکی ڕودانــی کارەکــە لەســەر ســەرەتا و دەســپێکی کارەکەیــە، لــە ڕابوردوی بەردەوام تیشك لەسەر ناوەڕاستی کارەکەیە، لەم خشتەیەدا زیاتر ڕوندەبێتەوە:




**هێڵکاری 3. 7 جیاوازی ڕابوردوی بەردەوام و ڕابوردوی سادە**

لـە بـەکارهێنانی ڕابـوردوی سـادەدا، تیشـکۆی ڕودانـی کـاری ڕسـتەکە لەسـەر کۆتـایی کارەکەیـە (the end of the action)، بـەڵام لـە دەمکـاتی ڕابـوردوی بـەردەوام تیشـکۆی ڕودانـی کارەکـە لەسـەر ناوەڕاسـتی کارەکەیـە ( the focus on going the action/ middle/ proses)، واتـە؛ ئـەم دەمکاتـە دەرخـەری مـاوەی خـایێنراوی ڕودانـی کارەکـە لـە نێوان دەسپێك و کۆتاییەکەدایە، بۆ نمونە: کە دەوترێ:

- من چوم بۆ سلێمانی I traveled to Sulaimany

گـوێگر بیـری بـۆ ئـەوە دەچـێ کـە مـن چـوم بـۆ سـلێمانی (لـەوێم، یـان هاتیمـەوە)، بـەڵام (کـارە کاتییـەکان لـە شـێوەی بەردەوامـدا دەتـوانن ئامـاژە بـە ئەنجامـدانی چەنـد چالاکییـەکی نـاو کردەیەك بکەن)[1]، هەروەها کە دەوترێ:

- من دەچوم بۆ سلێمانی I was traveling to Sulaimany

تیشـك لەسـەر بـەردەوامی ڕودانـی کارەکـە (ناوەڕاسـتی ڕودانـی کارەکـە) و تیشـك لەسـەر پرۆسەی (چون بۆ سلێمانی) دەکات.

### 3-2-1-3– داهاتوی بەردەوام future continuous :

دەمکـاتی داهـاتوی بـەردەوام گوزارشـت لـە ڕودانـی کارێـك دەکـا کـە لـە داهـاتودا (دوای دەمـی ئاخـاوتن) لـە خاڵێـك دەسـتپێدەکا و بەردەوامـدەبێ، تـا لـە خاڵێـك کۆتـایی دێ. واتـە؛ لـە ئاینـدەدا کارێـك دەسـتپێدەکا و بـۆ ماوەیـەك بـەردەوام دەبـێ و هـەر لـە ئایندەشـدا کۆتـایی دێ، وەك:

[1] Carl R. Whitehead, 1991, tense, aspect, mood and modality, verbal morphology in Menya, 266.

- هەفتەی داهاتو وۆرکشۆپم دەبێ. I shall be having workshop next week.
- ئەو لە 7 بۆ 9ی بەیانی ئەرکیماڵەوەی جێبەجێدەکا. He well be doing his homework at 7:00 to 9:00 AM.
- ئەو سبەی ئەو کاتانە ڕێزمانی کوردی دەخوێنێ. At these times tomorrow she will be studying Kurdish grammar.

لەم بوارانەی خوارەوە بەکاردێ:

1-بۆ دەرخستنی ئەو کردارانە بەکاردێ کە لە داهاتودا بەشێوەی پچڕ پچڕ ڕودەدەن.

When you come tomorrow, they will be playing tennis. سبەی کە تۆ دێی ئەوان یاری تێنس دەکەن.

2-بۆ دەربڕینی ئەو کردارانەی کە لە کاتێکی دیاریکراودا لە داهاتو لە گەشەسەندندان.

At 12 o'clock tomorrow, we will be having lunch at school. ئێمە سبەی کاتژمێر 12 لە قوتابخانە نانی نیوەڕۆ دەخۆین.

3- بۆ ئاماژەدان بەو کردارانەی کە ئێستا ڕودەدەن و پێشبینی دەکرێت لە داهاتودا ماوەیەک بەردەوام بن بەکاردێ.

Unfortunately, sea levels will still be rising in 20 years. بەداخەوە، ئاستی دەریا لە 20 ساڵ بەرزدەبێتەوە.

4- ئەگەر داوای شتێك لە کەسێك بکەی، بێ ئەوەی پلانی داهاتوی تێکبدەی، وەك:

- ئایا لە وانەی داهاتو ژمێرەرەکەت بەکاردێنی؟ ئەگەر بتوانم وەریبگرم. Will you be using your calculator next class? I wondered if I could borrow it.

5- بۆ جەختکردنەوە لەسەر پلان و مەبەستەکانی داهاتو بەکاردێ.

He 'll be coming to visit us next week. ئەوهەفتەی داهاتو دێ بۆ سەردانی ئێمە.

6- بۆ وەسفکردنی بارودۆخ لە داهاتودا بەکاردێ.

When I arrive at the party everybody will be celebrating, some will be dancing, other will be talking. کە گەیشتمە ئاهەنگەکە هەمو پیرۆزبایی دەکەن. هەندێکیان سەما دەکەن، ئەوانی تر قسە دەکەن.

7— بۆ دەربڕینی کردارە هاوتەریبەکان یان زنجیرەیەک کرداری هاوتەریب لە داهاتودا.

She will be watching TV, and he will be cooking dinner. ئەو سەیری تیڤی دەکا، و ئەو نانی ئێوارە لێدەنێ.

ئەو دارشتنانەی ڕۆنانی دەمکاتی داهاتوی بەردەوام دەیانگرێتەخۆی؛ بەوە جیادەکرێنەوە کە جگە لە بونی مۆرفیمی کاتی داهاتو، (be) لەگەڵ مۆرفیمی بەردەوامی لە یاسای دروستبونی ئەم دەمکاتەدا هەن، بەم شێوەیە: [بکەر + will +be +ing .v]. ڕۆنانی دەمکاتی داهاتوی بەردەوام لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

**Table 3.7 future continuous**

| N. | Pro. Subject | will | be | verb | –ing |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I | will | be | stay | ing |
| ٢ | You | | | | |
| ٣ | He | | | | |
| ٤ | She | | | | |
| ٥ | It | | | | |
| ٦ | We | | | | |
| ٧ | They | | | | |


زۆرجار ئەو کارە یاریدەدەرەی لە دوای (will, shall) دێ کاریگەری ئەوان کپ دەکا و کارەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەوان نامێنێ:

- دەبێ بچمە ماڵەوە. I shall be going home.
- ئەو دەبێ چێشتخانەکە بڕوا. He will be going to resturant.
- من تا کاتژمێر دە ئەرکەکەم تەواودەکەم. I will have be finishing my homework in 10 pm.

بە واتای ئەوە دێ هەر کارێك لەدوای (be) یان (been) بێ، دەبێ (ing) وەربگرێ، ئەگەر ڕستەکە لە باری بکەردیار دابو.

بە شێوەیەکی گشتی لە نوسینی پێوەربەندی زمانی ئینگلیزی (standard) بۆ ڕاناوەکانی (I) و (we) (shall) بەکاردێ، بەڵام لەبەرئەوەی کورتکراوەی (shall) و (will) دەبن بە (ll'-)، وەك (I'll, you'll, He'll, We'll, They'll,..) لە ئێستادا و بەتایبەتی لە ئاخاوتندا (shall) بە دەگمەن بەکاردێ.

بواری کارکردن و هێڵکاریی کاتی کارکردنی دەمکاتی داهاتوی بەردەوام بەم شێوەیە دەردەکەوێ:





**هێڵكاری 3. 8 بواری ڕودانی داهاتوی بەردەوام**

دەمكاتی داهاتو، لەبەرئەوەی بە دو شێوە دروستدەبێ، بە هۆی (will) و(going to)، بەڵام لە دەمكاتی داهاتوی بەردەوامدا، (going to) وەكو كاری یاریدەدەر دەرناكەوێ بۆ دەرخستنی دەمكاتی داهاتو، بەڵكو كاری سەرەكی ڕستەكە (ing) وەردەگرێ و كاری یاریدەدەری (will) بۆ دەرخستنی كارەكە لە ڕوی دەمكاتەوە دەردەكەوێ و دەكەوێتە پێش كاری یاریدەدەری (be)، واتە؛ لەم دەمكاتەدا، ئەگەر لە دوای (will) كاری (be) و دواتر كاری سەرەكی ئینجا (ing) بەیەكەوە دەركەوتن ئەوا ئەم (ing)یە بەردەوامی دەگەیەنێ، ئەگەر (ing) لە چوارچێوەی (going to) دەركەوت و كاری سەرەكی ڕستەكە بەدوایدا هات، ئەوا ناكەوێتە سنوری دەمكاتی داهاتوی بەردەوام و چەمكی بەردەوامیش ناگەیەنێ. وەكو:

- ئەو دەیەوێ یارمەتی باوكی بدا. She is going to help her father.

دەمكاتە بەردەوامەكان، لە هەر سێ دەمكاتەكانی (ڕانەبوردو، ڕابوردو، داهاتو) یەك چەمك دەگەیێنێ كە بەردەوامی لە ڕودانی كارەكەیە، بەڵام لە ڕانەبوردوی بەردەوامدا، خاڵی دەسپێك لە ئێستادایە و خاڵی كۆتایی ڕودانی كارەكە دەكرێ لە ئێستا یان داهاتو بێ، لە دەمكاتی ڕابوردوی بەردەوام، خاڵی دەسپێك و كۆتایی ڕودانی كارەكە لە ڕابوردودایە، لە دەمكاتی داهاتوی بەردەوامیشدا، خاڵی دەسپێك و كۆتایی لە كاتی داهاتودایە. دەتوانرێ هەر سێ دەمكاتە بەردەوامەكان لەم هێڵكاریەدا زیاتر ڕونبكرێتەوە:




**هێڵكاری 3. 9 بواری ڕودانی دەمكاتە بەردەوامەكان**

### 3- 3- 1- كۆمەڵەی دەمكاتە تەواوەكان perfect tenses:

هەمو دەمكاتە تەواوەكان دەربارەی ئەنجامدانی ڕوداوێک (كارێك) دەدوێن كە كاریگەریی ڕودانەكە لە كاتی قسەكردندا هێشتا ماوە. لە دەمكاتە تەواوەكاندا بەوە لە دو كۆمەڵەكەی تر جیادەكرێتەوە كە (have, has, had) و (pp.) لە پێكهاتەكانیان بەدیدەكرێن.

**3- 3- 1- 2- ڕانەبوردوی تەواوی سادە present perfect simple:**

ئەم دەمكاتە بۆ دەرخستنی ڕودانی كارێكە لە كاتی ڕابوردو دەستپێكردوە و لە كاتی ئێستادا لە ڕودان بەردەوامە. واتە، گوزارشت لە ڕوداوێك یان كردەیەك دەكا پێشتر دەستپێكردوە و هێشتا بەردەوامە و تا كاتی قسەكردن تەواو نەبووە.

I have lived in Hewler all my life. من لە هەمو ژیانم هەر لە هەولێر ژیاوم. (واتە؛ هێشتا لە هەولێرم).

He has gone to Duhok for two weeks. ئەو بۆ ماوەی دو هەفتە چوە بۆ دهۆك. (واتە؛ هێشتا لە دهۆكە).

ئەم دەمكاتە لەم بوار و كەتوارانەی خوارەوە بەكاردێن:

1- بەكاردێ بۆ قسەكردن لەبارەی كردەیەك كە تەواو نەبوە یان ئەو قۆناغ و ئاواتانەی كە لە ڕابوردو دەستیانپێكردوە و تا ئێستا بەردەوامن.

I have liked chocolate since I was a child من لە منداڵیمەوە حەزم لە چوكلێتە.

I have known Bana since 2020. من لە 2020 بانەم ناسیوە.

He has gone to Italy. ئەو ڕۆیشتوە بۆ ئیتاڵیا.

2- بەكاردێ بۆ باسكردنی ئەو كردە و پێشهاتانەی كە هەندێ جار لە ماوەی ژیانی كەسەكان ڕودەدەن، بەڵام لە كاتی قسەكردن كاتی دەستپێكی كردەكە ناگوترێ و ئەو كەسەی كە باسی لێوە دەكرێ دەبێ لە ژیاندا مابێ.

My friend is a writer; He has written many books. هاوڕێكەم نوسەرە، چەندین كتێبی نوسیوە.

3- كردەیەكی تەواو بو كە ئەنجامەكەی لە ڕانەبوردو (ئێستا)یە، تیشك دەخرێتە سەر ئەنجام. واتە، دەمكاتی ڕانەبوردوی تەواو، بەكاردێ بۆ باسكردنی ئەو شتانەی لە ڕابوردو ڕویانداوە، بەڵام كاریگەری یان گرنگیەكەیان تا ئێستا ماوە.

I have lost my keys. (so I can't get into my house). كلیلەكانم بزركردوە (بۆیە ناتوانم بچمە ماڵەكەم).

He's hurt his leg. (so he can't play tennis today). قاچی ئازاری پێگەیشتوە (بۆیە ناتوانێ یاری تێنس بكا ئەمڕ).

ئێمە ئۆتۆمبێلەکەمان شوشتوە (بۆیە ئێستا .We have washed our car. (so it is clean now) خاوێنە).

4- بەکاردێ بۆ باسکردنی ئەو شتانەی بەم دواییانە ڕویانداوە، تەنانەت ئەگەر ئەنجامێکی ڕونی لە ئێستادا نەبێ.

من تازە ڕەوام دیتوە. I have just seen Rawa.

سەرۆکی شارەوانی پلانێکی .The mayor has announced a new plan for railways نوێی هێڵی ئاسنینی بۆ گوندەکان ڕاگەیاندوە.

من هێشتا ئیمێڵەکەم نەناردوە. .I haven't sent the email yet

یاسای داڕشتنی دەمکاتی ڕانەبوردوی تەواوی سادە بەم شێوەیە: (کاری یاریدەدەری (has[1], have) + کاری ڕستەکە لە دۆخی ناوی بەرکار[2] (past participle). ئەم دەمکاتە بەوە دەناسرێتەوە، کە لە (بکەر + (has, have) + (past participle) پێکهاتوە و ناوی بەرکارەکە دەسپێکی ڕوداوەکە لە ڕابوردو دەردەخا و کارە یاریدەدەرەکەش لایەنی تەواو (perfect) ی کارەکە دەردەخا، کە هێشتا کۆتایی بە کارەکە نەهاتوە، یان ئەگەر کارەکە تەواو بوبێ کاریگەریەکەی ماوە و تەواونەبووە. بۆ نمونە کە دەوترێ (.I have eaten breakfast) واتە؛ (نانی بەیانیم خواردوە، کردەی نان خواردنەکە تەواوبووە، بەڵام هێشتا کاریگەری ماوە و برسیم نیە).

یاسای داڕشتنی دەمکاتی ڕانەبوردوی تەواوی سادە لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتەڕو:


**Table 3.8 present perfect**

[1] (has) تەنیا بۆ کەسی سێیەمی تاك بەکاردێ، واتە؛ ناوێك یان ڕاناوەکانی (It, He, She).

[2] (past participle) لە زمانی ئینگلیزیدا واتای ناوی بکەر (إسم فاعل) یان ناوی بەرکار (إسم مفعول) دەگەیەنێ. بەپێی جۆری کاریگەریی کارەکە لەسەر کەسەکە، ئەگەر کەسەکە کارەکەی ئەنجامدابێ، فۆڕمی (participle) دەبێتە ناوی بکەر و ئەگەر کەسەکە کارەکەی بەسەردا هاتبێ، دەبێتە ناوی بەرکار، بۆیە ناومانننا (ناوی کارا). (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول،2023، ڕێزمانی بەراورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،146).

| N. | Pro. Subject | have/ has | p. p | C. |
|---|---|---|---|---|
| ١ | I | have | painted | the wall |
| ٢ | You | have | | |
| ٣ | He | has | | |
| ٤ | She | has | | |
| ٥ | It | has | | |
| ٦ | We | have | | |
| ٧ | They | have | | |

بـواری کـارکردنی دەمکـاتەکە و سـنوری کـاتی کـارکردنی کارکردنەکـەی لـەم هێڵکاریـەدا دەردەکەوێ:




**هێڵکاری 3. 10 بواری ڕودانی ڕانەبوردوی تەواو**

ئەو ئاوەڵکـار و دەسـتەواژانە یـان ئـەو وشـانەی کـە تایبـەتن بـە کـات و هێشـتا مـاوەی ڕودانیان ماوە لەگەڵی بەکاردێ، وەکو: (this month, this week, today).

ئەو هەفتەیە خوشکەکەم نەبینیوە. I haven’t seen my sister this week.

ئەو ئەمڕۆ سێ کوپ قاوەخواردۆتەوە. She has drunk three cups of coffee today

ئەوان ئەو مانگەی دکتۆریان نەبینیوە. They haven’t seen the doctor this month.

بە بەراورد بەو ڕوداوانەی کە لە کاتەکـــانی دیـــکە ڕودەدەن یـــان ڕویانـــداوە، (کـــاتی قســەکردن و دوان لەســـەر ڕوداوەکە دەبێـــتە کـــات و خـــاڵی ئاماژەپێـــدان. هەبـــونی ئەم جـــۆرە دیـــارخەرە لە پـــەیرەوی دەمکـــات پێـــی دەگـــوترێ پـــەیرەوی دەمکـــاتی تەواو. لەو کـــاتەی لە پـــەیرەوی دەمکـــاتی ڕێژەییـــدا، دەرخەری خـــاڵ و کـــاتی ئاماژەپێـــدانی جیـــاوازتر بەکـــاردێ، بەجۆرێـــک دەرخەری دەمکـــات بـــۆ دیـــاریکردنی کـــاتی بارودۆخێـــک/ ڕوداوێـــک بەکـــاردێ بە نزیکراوەیـــی و ڕێژەیـــی و پەیوەســـت بە دۆخێـــک یـــان ڕوداوێکـــی دیـــکەوە، نەک بیبەســـتێتەوە بە کاتی قسەکردن لەسەر ڕوداوەکە)[1].

[1] Paul. R. K. Analyzing Grammar: An Introduction. 166-183.

ناوی کارا لە زمانی ئینگلیزیدا بە دو شێوە دروستدەکرێ، یەکەمیان ئەو کارە یاساییانە دەگرێتەوە کە بە شێوەی ڕابوردو بە زیادکردنی پاشگری (ed-) دەبنە ناوی کارا، وەکو: (play- played, move- moved) دوەم جۆر ئەو کارانە دەگرێتەوە کە ناوێزەن، وەکو: (sit __ sat, cut __ cut).

**3- 3- 1- 3- ڕابوردوی تەواوی سادە past perfect simple :**

دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی سادە ئاماژە بە ڕودانی کارێك دەکا، کە پێش کارێکی تر لە ڕابوردودا ڕویداوە، واتە؛ پتر لە ڕستەی ئاوێتە (تێکەڵ)دا بەکاردێ، کە کارێك لە ڕابوردویەکی نزیکتر ڕویداوە (واتە؛ ڕابوردوی سادە)، بەڵام پێش ئەو کارەی ڕابوردوی سادە، کارێکی دورتر ڕویداوە، کە بە (ڕابوردوی تەواوی سادە) ئاماژەی پێدەدرێ.

After Sofie had finished her work, she went to lunch. (First she finished her work and then she went to eat lunch.) پاش ئەوەی سۆفیا کارەکانی تەواوکردبو، چو نانی نیوەڕۆ بخوا.

I washed the floor when the painter had gone. (First the painter left and then I washed the floor.) بۆیەچیەکە ڕۆیشتبو کە زەوییەکەم شوشت

Harold had known about it for a while. (First he knew about it, then others knew about it) هاڕۆڵد پێش ئەوانی تر زانیبوی.

واتە، کردەی ڕودانی ڕۆیشتنی بۆیەچیەکە سەرەتا بوە و پاشان کردەی شۆردنی زەوییەکە ڕویداوە. کەواتە لە ڕوی کاتەوە ڕابوردوی تەواوی سادە دورترە لە ڕابوردوی سادە.

ئەم دەمکاتە لەم بوارانەی خوارەوە بەکاردێ:

1- بۆ باسکردنی کاتی کارکردنی کارێك، کە تا خاڵێکی دیاریکراو لە ڕابوردودا بەردەوام بوە، واتە کردەیەکی تەواوبو لە پێش خاڵی دوەم (دەستپێکی کاتی کردەی دوەم) لە ڕابوردودا بەکاردێ.

When we arrived, the film had started. کاتێك ئێمە گەیشتین، فیلمەکە دەستیپێکردبو.

2- بۆ باسکردنی ڕوداوێکە، لە ڕابوردو دەستیپێکردبو و تا کردارێك یان کاتێکی تر لە ڕابوردودا بەردەوام بو.

She didn't want to move. She had lived in London all her life. ئەو نەیدەویست باربکا/ بڕوا، بە هەمو ژیانی لە لەندەن ژیابو.

3- بۆ باسکردنی شتی ناڕاستەقینە و خەیاڵی لە ڕابوردو بەکاردێ.

they had broken huge stones. ئەوان بەردە زەبەلاح/ قەبەکانیان شکاندبو.

4- بۆ ڕاپۆرتە قسە بەکاردێ، بۆ گێڕانەوەی ڕوداوێکی ڕابوردو لەسەر زاری کەسێکەوە، وەکو:

Mom said she had not finished cleaning the house before the guests arrived .

دایکەکە گوتی ئەو ماڵی خاوێن نەکردبو پێش گەیشتنی میوانەکان.

5- بۆ ڕستەی مەرجی بەکاردێ.

ئەگەرئەو بەیانییە زەنگەکە If the alarm had rung this morning, I would not be late لێیدابا، من درەنگ نەدەکەوتم.

یاسای داڕشتنی دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی سادە بەم شێوەیە: (بکەر + had + (past participle)). ئەم دەمکاتە بە یارمەتی کاری ڕابوردوی (had)ەوە دروستدەبێ.

I couldn't get into the house; I had lost my keys. نەمتوانی بچمە ماڵەکە، کلیلەکانم بزر کردبو.

یاسای داڕشتنی دەمکاتی ڕابوردوی تەواو لەم خشتەیەی خوارەوە دەخرێتەڕو:

**Table 3. 9 past perfect simple**


| N. | Pro. Subject | had | pp. |
|---|---|---|---|
| ١ | I | had | gone |
| ٢ | You | | |
| ٣ | He | | |
| ٤ | She | | |
| ٥ | It | | |
| ٦ | We | | |
| ٧ | They | | |

ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێ، پێویستیی بە کەرەسەیەکی زیاترە و بۆیە بەرکار لە ڕستەکەدا شوێنی دەبێ و دەکەوێتە دوای کارەکەوە(pp.)، هەروەك لەم خشتەی خوارەوەدا دیارە:

**Table 3. 10 past perfect simple- trasative**

| N. | Pro. Subject | had | pp. | o. |
|---|---|---|---|---|
| ١ | I | had | finished | the work |
| ٢ | You | | | |
| ٣ | He | | | |
| ٤ | She | | | |
| ٥ | It | | | |
| ٦ | We | | | |
| ٧ | They | | | |

بواری ڕودان و سنوری کاتی کارکردنی ئەم دەمکاتە لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێ:




**هێڵکاری 3. 11 بواری ڕودانی ڕابوردوی نزیك**

سەبارەت بە گەردانی سێیەمی کار کە زیاتر بە پاشگری (en) ناسراوە لە زمانی ئینگلیزییدا، لەبەرئەوەی زۆربەی کارە ناوێزەکان، بە پاشگری ed نابنە ڕابوردو، بەڵکو بە دەنگی (n، ن) کۆتاییان دێت، وەکو (write, wrote, written go, went, gone, take, took, taken) ئەو کارانەی لە شێوەی ڕابوردوی ڕابوردو دان گۆڕانی دەنگی تێیاندا لە دەنگێکی بزوێن یان زیاتری کارەکە ڕودەدا.

بۆ نمونە بەراوردی ئەم دو ڕستەیە دەکەین (He lived there, he has lived there) بەرانبەر بە (he went there, he has gone there). لەبەرئەوەی کاری (lived) لە هەردو ڕستە دا وەک یەکە، بەڵام کاری (go) لە رستە ڕابوردوەکە بوەتە (went) لە ڕستەی ڕانەبوردوی تەواو بوەتە (gone). بۆیە کاری (Lived) لە ڕستەی (he has lived there) هەمان ئەرکی (gone)ی ڕستەی (he has gone there) بینیوە. کارە سەرەکیەکان کە لە دوای (has, have, had) دێن، دەکرێنە ناوی کارا (.pp) و ئیتر بەپێی جۆری کارەکان (یاسایی و نایاسایی و ناوێزەکان) گۆڕان بەسەر کارەکاندا دێ.

دەمکـــاتی ڕابـــوردوی تـــەواو جیـــاوازی لەگـــەڵ ڕابـــوردوی ســـادە و ڕابـــوردوی بـــەردەوام لەوەدایـە کـە ئـەم دەمکاتـە تیشـکۆی لەسـەر ئـەو ڕوداوەیـە کـە زوتـر ڕویـداوە، بـۆ نمونـە: (کـە مـن هـاتم تـۆ نوسـتبوی When I came you was sleeping)، خـاڵێکی تـری جیـاوازی

نێوانیان لەوەدایە کە ڕابوردوی بەردەوام پتر لەگەڵ ڕابوردوی سادە بەکاردێ، هەروەها بە هۆی دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام پاشخانێك دەدرێتە ڕوودانی کارەکە ناوەڕاستی کارەکە دەخرێتەڕو، بەڵام لە ڕابوردوی سادە کردەکە لە خاڵێکی ماوەی خایێنراوی ڕابوردوە بەردەوامەکە ڕودەدا، (کە ئەو نانی دەخوارد منداڵەکە نوست)، ڕابوردوی تەواو و سادەش بەیەکەوە دەردەکەون.

کە پۆلیس گەیشت دزەکە ڕۆیشتبو. When the police arrived, the thief had gone.

واتە، ڕابوردوی تەواو پتر ڕابوردوی سادەی لەگەڵ دێ. دەمکاتی ڕابوردوی سادە سەربەخۆییەکی فراوان و زۆری هەیە، بەڵام بون و جێگیری هەردو دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام و ڕابوردوی تەواو بە بونی ڕابوردوی سادەوە بەندە.

لە دەمکاتی ڕابوردوی تەواو، ئەگەر دو کار لە ڕابوردو هەبن، کامەیان زوتر ڕویداوە ڕابوردوی تەواوی بۆ بەکاردێ و کامەیان درەنگتر ڕویداوە ڕابوردوی سادەی بۆ بەکاردێ، واتە ڕابوردوی تەواو ئەرکی ڕیزکردنی کارەکانە بەپێی کات (لە ڕابوردو). ئەم دەمکاتە لە زمانی ئینگلیزیدا لە ڕوی بەکارهێنانەوە بەرەو لاوازی دەچێ، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قسەکەر و گوێگر دەتوانن ڕیزبەندی کاتی ڕودانی کارەکان لە ڕابوردو بکەن، چەند کار ڕویدابێ بە هۆی ڕابوردوی سادەوە قسەکەر دەتوانێ ڕیزیان بکا و دەریان بخا، واتە؛ پلەبەندی ڕودانی کارەکان بەپێی لۆجیکی ڕودانی کارەکانیش دەبێ، نەك تەنیا بە بەکارهێنانی ئاوەڵکارەکان، خوێنەر/ گوێگر بەپێی لۆجیکی بیرکردنەوەی خۆی دەتوانێ کاتی ڕودانی کارەکان جیابکاتەوە و بزانێ کام کار لەپێش کامە ڕویداوە:

نانیان <u>خوارد</u> و <u>چون</u> بۆ بازاڕ و کەلوپەلەکانیان <u>کڕی</u>، دواتر <u>گەڕانەوە</u> ماڵەوە.

یاخود، لە ڕستەی (چوم بۆ بازاڕ و کەلوپەلم کڕی و هاتمەوە بۆ ماڵەوە)، گوێگر دەزانێ کام کار سەرەتا ڕویداوە و کامیان دواتر ڕویداوە. هەروەها ئاوەڵکارەکانیش کارئاسانی باش دەکەن لەم بارەیەوە بۆ دەرخستنی ڕیزبەندیی ڕودانی کارەکان، بۆ نمونە (ئینجا، دواتر، پاشان، پێشتر،...).

### 3-3-1- 4- داهاتوی تەواو future perfect :

ئـەم دەمكاتـە بـۆ دەربڕینـی كـاتی كـاركردنی كارێـك بـەكاردێ كـە لـە كـاتێكی دیـاریكراو لـە داهـاتودا تـەواو بـوە، واتـە؛ باسـی كـاتێكی دیـاریكراو لـە داهـاتودا دەكـرێ كـە ئـەو ڕوداوە تـا ئەو كاتە ڕویداوە و تەواوبووە. بۆ نمونە:

- (The guests are coming at 8 p.m. I'll have finished cooking by then.)

(میوانەكان كاتژمێر ٨ی ئێوارە دێن. تا ئەو كاتە چێشت لێنانەكەم تەواوكردوە).

دەمكـاتی داهـاتوی تـەواو، بـەكاردێ بـۆ دەربڕینـی كردەیـەكی تـەواوبو لـە داهـاتودا، بـۆ پـڕۆژە دانـان و پلانـدانان بـۆ داهـاتو، ئـاوڕ لە كردارێـك دەدەیـنەوە كە مـاوەیەک دواتـر لە ئێستا تەواو دەبێت. زۆرترین جار لەگەڵ دەربڕینەكانی كات بەكاردێ.

By the time we arrive, the kids will have gone to bed.

لەو كاتەی ئێمە دەگەین، منداڵەكان چونەتە ناو پێخەفەكانیان

The scientists will have studied environment. زانایان لەبارەی ژینگەوە لێكۆڵینەوە دەكەن.


ئەو داڕشتنانەی ڕۆنانی دەمكاتەكە دەیانگرێتەخۆی.

یاسای دروستبونی دەمكاتی داهاتوی تەواو بەم شێوەیە: [بكەر + مۆرفیمی كاتی داهاتو( will/ (shall) + (have) + pp.]. لەم هێڵكارییەی خوارەوەدا ئەم دەمكاتە زیاتر ڕوندەكرێتەوە:

**Table 3.11 future perfect**

| N. | Pro. Subject | will/ shall | have | Verb (pp.) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | I | shall | | |
| ٢ | You | | | |
| ٣ | He | will | | |
| ٤ | She | | have | gone |
| ٥ | It | | | |
| ٦ | They | | | |
| ٧ | We | shall | | |

هێڵكاریی كاتی كاركردنی دەمكاتی داهاتوی بەردەوام بەم شێوەیە دەردەكەوێ:




**هێڵكاری 3. 12 بواری ڕودانی داهاتوی بەردەوام**

### 3-2-1- ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام present perfect continuous:

باس لە کردەیەك یان بارودۆخێك دەکا کە لە پێش کاتی قسەکردن کارەکە دەستپێکردوە و لە ئێستادا بەردەوامە یان کارەکە تەواو بوە، بەڵام کاریگەریەکەی ماوە و بەردەوامە تا کاتی قسەکردن. واتە، یاسای داڕشتنی دەمکاتی ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام بەم شێوەیە: [بکەر + (have/ has) + (been) + کار + نیشانەی بەردەوامی (ing-)]. بەهۆی بونی (have/has) ئەوە دەردەخا کە ڕودانی کارەکە یان کاریگەریەکەی تەواو نەبوە و بە هۆی بونی (past participle) ئاماژە بە دەسپێکی کارەکە لە ڕابوردو دەکا، هەروەها بەهۆی بونی نیشانەی بەردەوامی (- ing) بەردەوامی کارەکە دەردەخا. وەکو:

They’ve been waiting for hours ئەوان بۆ چەند کاتژمێرێك خەریکی چاوەڕێکردن دەبن.

I have been working as a doctor for two years. من وەکو دکتۆر بۆ ماوەی دو ساڵ خەریکی کارکردن دەبم.


Manu has been thinking of sending in his resignation letter. مانو خەریکی بیرکردنەوە دەبێ لە ناردنی نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەی.

یاسای داڕشتنی دەمکاتی ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام لەم خشتەیەی خوارەوە دەخرێتەڕو:

**Table 3.12 present perfect continuous**

| N. | Pro. Subject | have/ has | (been) | V + (-ing) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | I | have | been | Working |
| ٢ | You | have | | |
| ٣ | He | has | | |
| ٤ | She | has | | |
| ٥ | It | has | | |
| ٦ | We | have | | |
| ٧ | They | have | | |

بواری کارکردنی دەمکاتی ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام و هێڵکاریی بواری کارکردنەکەی لەم هێڵکاریەدا دەخرێنەڕو:




**هێڵكاری 3. 13 بواری ڕودانی ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام**

ئــەو جیاوازیــەی لــە نێــوان هــەردو دەمكــاتی ڕانــەبوردوی تــەواوی ســادە و ڕانــەبوردوی تەواوی بەردەوام لەوە دایە كە:

1- دەمكــاتی ڕانــەبوردوی تــەواوی ســادە تیشــك دەخاتــە ســەر ئــەنجامی كردەكــە، لــە كاتێكــدا ڕانــەبوردوی تــەواوی بــەردەوام تیشــك دەخاتــە ســەر خــودی كردەكــە، واتــە؛ یەكــەمیان بایــەخ بــە ئەنجام دەدا و دوەم دەمكاتیش بایەخ بە چالاكی كردەكە دەكا.

You’ve washed your car! It looks lovely! تۆ ئۆتۆمبێلەت شوشتوە. جوان دیارە.

I ’ve been gardening. It’s so nice out there خەریكم باخداری دەكەم. بۆیە لە دەرەوە ڕا جوان دیارە.

She’s been washing her car. . ئەو خەریكی شوشتنی ئۆتۆمبێلەكەی خۆی دەبێ.

2- دەربڕینی (how many) لەگەڵ دەمكاتی ڕانەبوردوی تەواوی ســـادە و دەربڕینی ( how long) لەگەڵ دەمكاتی ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام بەكاردێن.

How many books have you read this summer? لەم هاوینە چەند پەرتوكت خوێندۆتەوە؟

How long have you been working here? تۆ ماوەی چەندە خەریكی كاركردنی لێرە؟

3- دەمكــاتی ڕانــەبوردوی تــەواوی ســادە، باســی كردەیــەكی تــەواوبو دەكــا و دەمكــاتی ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام باسی كردە یان چالاكیەك دەكا كە لەوانەیە بەردەوام بێ.


I’ve written you an email. من ئیمێڵێكم بۆ تۆ نوسیوە.

I’ve been writing emails. من خەریكم ئیمێڵێك بۆ تۆ دەنوسم.

لەم دو ڕستەی سەرەوە، لە ڕوی دەمكاتەوە هەردوكیان ڕانەبوردوی تەواون، بەڵام ڕستەی یەكەم باس لە نوسینی ئیمێڵەكە دەكا كە نوسراوە و تەواو بوە، بەڵام لە ڕستەی دوەم بەردەوامی هەیە و لەناو پرۆسەی نوسینەكەدایە.

دەمكاتــەكانی ڕانــەبوردوی تــەواوی ســادە و ڕانــەبوردوی تــەواوی بــەردەوام لــەوەدا جیــاوازن كــە دەمكــاتی یەكــەم جەخت/تیشــكی لەســەر ڕودانــی كارێكــە لــە ڕابــوردو ڕویــداوە و تــا ئێستا بەردەوامــە یــان ئەنجامەكــەی لــە ئێســتادا گرنگــە، واتــە مەوداكــەی درێــژە و ســەرەنجی

لەســەر دو دەمكاتــە كــە (ڕابــوردو و ڕانــەبوردو)ن، لــە ڕانــەبوردوی تــەواوی بــەردەوام كارەكـە لـە ڕابـوردو ڕویـداوە و تـا ئێسـتا بـەردەوام بـوە و سـەرەداو یـان ئاماژەیـەك دەردەخـا كـە لـە داهـاتوش بـەردەوام بـێ، واتـە سـەرنجی لەسـەر سـێ دەمكاتـە كـە (ڕابـوردو و ڕانـەبوردوە و ئەگەریشی هەیە بۆ داهاتو).




**هێڵكاری 3. 14 جیاوازی ڕانەبوردوی تەواوی سادە و بەردەوام**

ئەو هێڵە شـكاوە ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی كـە ئەگـەری هەیـە بـەردەوام بـێ لـە داهـاتودا. بـۆ نمونـە (I have studied computer) واتـە لـە ڕابـوردو دەسـتم بـە خوێنـدنی كۆمپیوتـەر كـردوە تـا ئێسـتا، ماوەكــەی درێــژە واتــە ئەنجامەكــەی ئێســتا گرنگــە. ( I have been studying computer) واتــە لــە ڕابــوردو دەســتم بــە خوێنــدنی كۆمپیوتــەر كــردوە و تــا ئێســتا بــەردەوام بومـە و ئەگـەری هەیـە لـە داهاتوشـدا درێژەبكێشـێ و بـەردەوام بـم)، ئـەو جیاوازییـەی سـەرەوە بەدیدەكرێ جگە لەوەی لە پێكهاتە ڕێزمانیەكانیشیان جیاوازن.

**2-2-3- ڕابوردوی تەواوی بەردەوام past perfect continuous :**

كردەیــەك یــان ڕوداوێــك، كە لە ڕابــوردودا دەســتی پێكــردوە و تــا كــاتێكی دیــاریكراو لە ڕابــوردودا بەردەوام بــوە لــە خــاڵێكی دیــاریكراوی ڕابــوردودا كۆتــایی هــاتوە، واتــە پەیوەندییــەكی كــاتی نــەپچڕاوی نێــوان دو خــاڵی ڕابــوردوە. ئــەم دەمكاتــە دەرخــەری كــاتی كــاركردنی كارێكــە لــە نێــوان ڕابوردویــەكی دور و ڕابوردویــەكی ســادە یــان نزیكــدا بەردەوامی هەبوە، واتە باسی بەردەوامبونی ڕودانی كارەكە دەكات لە ڕابوردودا.

لەو بیست ساڵەی دواییەوە ئەو خەریكبو دەیخوێند. She had been studying since last 20 years.

من بۆ ماوەی یەك كاتژمێر خەریكبوم پێدەكەنیم. I had been laughing for an hour.

من خەریكبوم كارمدەكرد پێش ئەوەی تۆ ببینم و هەر بۆیەش وا ماندوم I’d been

working before I saw you and that’s why I was really tired

دو کـاری ڕابـوردو هەیـە، یـەکێکیان ڕابـوردوی سـادەیە، یـەکێکی تـر ڕابـوردوێکی پـێش ئـەو ڕابـوردوە سـادەیە، واتـە؛ ڕابـوردوێکی دورە، بـەڵام ئـەو ڕابـوردوە دورە بـۆ ماوەیـەك بەردەوام بووە. بۆ نمونە:

باوانەکانمان خەریکبون بە قورسی هەوڵیان دەدا بۆ پێگەیاندنی ئێمە، بۆیە ئێمە دڵخۆشین. Our parents had been trying hard into raising us, so we become happy.

جیـاوازی نێـوان ئـەم سـێ ڕسـتەی خـوارەوە، جیـاوازی نێـوان هـەر سـێ دەمکاتـەکانی (ڕابـوردوی بـەردەوام، ڕانـەبوردوی تـەواوی بـەردەوام، ڕابـوردوی تـەواوی بـەردەوام) دەخاتەڕو:

| | |
|---|---|
| کاتژمێرێك بو پێدەکەنیم. | I was laughing one hour. |
| کاتژمێرێکە خەریکە پێدەکەنم. | I have been laughing one hour. |
| کاتژمێرێك خەریکبوم پێدەکەنیم. | I had been laughing one hour. |

ئەم دەمکاتە لەم بوارانەی خوارەوە بەکاردێ:

1- بۆ باسـکردنی شـتێک کە لە ڕابوردوەوە دەسـتی پێکردوە و تا کردارێک یان کاتێکی تر لە ڕابوردودا بەردەوام بووە. ڕابوردوی تـەواوی بـەردەوام، (بۆ مـاوەی چـەند) دەردەخـا، هـەروەکو ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام، بەڵام کردارەکە تا خاڵێک لە ڕابوردودا نەک ئێستا بەردەوام دەبێ. بەزۆری (for + time) بەکاردێ.

She had been working at that company for a year when she met James ئەو کە جەیمسی بینی ماوەی ساڵێك بو لە کۆمپانیاکە کاریدەکرد.

2- بـۆ باسـکردنی شـتێک کە تەنیـا پـێش ڕوداوێکـی تـر لە ڕابـوردودا تەواو بـووە. ئەمە بە زۆری بۆ نیشاندانی ئەنجامێکە کە کاتەکەی لە ڕابوردوی دوردایە.

The pavement was wet; it had been raining. (The rain had finished before. the time I'm describing in the past. We could see the result of the rain. شۆستەکە تەڕبو؛ باران باریبو. (بارانەکە پێشتر تەواوبوبو. ئەو کاتەی من باسی دەکەم لە ڕابوردوە و ئەنجامی بارانەکە توانراوە ببینرێ).

یاسـای داڕشـتنی دەمکـاتی ڕابـوردوی تـەواوی بـەردەوام بـەم شـێوەیە: (بکـەر + had + (been) + verb + (-ing)). ئـەم دەمکاتـە بـە یارمـەتی کـاری ڕابـوردوی (had) و چـاوگی (been) و پاشـگری (-ing) ەوە دروسـتدەبێ. هـەروەها ئاوەڵکـاری کـاتی تایبـەت بـەکاردێن، ئەوانیش (since, for)ن.

ڕۆنانی دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی بەردەوام لەم خشتەیەی خوارەوە دەخەینەڕو:

**Table 3. 13 past perfect continuous**


| N. | Pro. Subject | had | been | verb | -ing |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I | had | been | lough | ing |
| ٢ | You | | | | |
| ٣ | He | | | | |
| ٤ | She | | | | |
| ٥ | It | | | | |
| ٦ | We | | | | |
| ٧ | They | | | | |

لەگەڵ کاری تێپەڕ، بەرکار لە ڕستەکەدا شوێنی دەبێ و دەکەوێتە دوای کارەکەوە، هەروەك لەم خشتەی خوارەوەدا دیارە:

**Table 3. 14 past perfect continuous- transitive**

| N. | Pro. Subject | had | been | Verb | -ing | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I | had | been | make | ing | noises |
| ٢ | You | | | | | |
| ٣ | He | | | | | |
| ٤ | She | | | | | |
| ٥ | It | | | | | |
| ٦ | We | | | | | |
| ٧ | They | | | | | |

بواری کارکردنی ئەم دەمکاتە و هێڵکاریی بواری کارکردنەکەی بەم شێوەیە: (had + been + present participle)




**هێڵکاری 3. 15 بواری ڕودانی ڕابوردوی تەواوی بەردەوام**

سەبارەت بە دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی بەردەوام، لە زمانی ئینگلیزی وەك پێکهاتەیەکی مردو(dead structure) سەیردەکرێ، ئەگەر دو کار لە ڕابوردو ڕویاندابێ، ئەو کارەی زوتر ڕویداوە (past perfect) ە و کارەکەی تر (past simple) ە. ئەگەر لەو کارەی سەرەتا ڕویداوە تیشك بخرێتە سەر سیناریۆکەی و ڕودانەکەی خاوبکرێتەوە ئەوا (past perfect continuous) بەکاردێ، واتە؛ لە نێوان ڕابوردوە دورەکە/ ڕابوردوی تەوا و ڕابوردوە سادەکە باسی ڕودانی کارەکە دەکرێ و بە ڕابوردوی تەواوی بەردەوام دەردەبڕدرێ.

**3-2-3- داهاتوی تەواوی بەردەوام future perfect continuous :**

ئەم دەمکاتە باسی ئەو ڕودانی ئەو کارانە دەکا کە تا خاڵێك لە داهاتودا بەردەوام دەبن، لەو کاتەدا بەرنامەڕێژی و پرۆژەبەندی دەکرێ و ئاوڕێک لە ماوەی ئەو چالاکییە دەدرێتەوە. واتە چالاکییەک دەردەبڕێ کە لە کاتێک لە ڕابوردو، لە ئێستا، دەستپێکردوە یان لە داهاتو دەستی پێدەکا و چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتودا هەر بەردەوام بێت تا خاڵێکی دیاریکراو لە داهاتو، بۆ نمونە:

I think my brother will be exhausted when he gets here as he will have been working out for two hours continuously.

پێم وایە براکەم کاتێک دەگاتە ئێرە ماندو دەبێت چونکە دەبێتە دو کاتژمێر کە بە بەردەوامی وەرزش دەکات. واتە ئەم دەمکاتە دەربڕی کاتی ڕودانی کارێك دەبێ کە بەشێکی ڕویداوە و تا ئێستاش بەردەوامە لە ڕودان و ئەنجامەکەی ڕودانی شتێکی ترە کە لە داهاتودا بە دڵنیاییەوە ڕودەدا.

By 3:00, they will have been studying for four hours. تا کاتژمێر سێ دەبێتە چوار کاتژمێر ئەوان خەریکی خوێندنن.

By the end of the summer, I will have been saving money for five months. کۆتایی ئەم هاوینە دەبێتە پێنج مانگ خەریکی کۆکردنەوەی پارە دەبم.

ئەم دەمکاتە لەم بوار و کەتوارانەی خوارەوە بەکاردێ:

1ـ بۆ ئاماژەدان بە کارێك یان ڕوداوێک، کە تا کاتێکی دیاریکراو یان ڕوداوێکی تر لە داهاتودا بەردەوام دەبێ.

By the time we finish the race, we will have been running for two hours. تا کاتی تەواوبونی پێشبڕکێکە، دەبێتە دو کاتژمێر ئێمە خەریکین ڕادەکەین.

2- بۆ وێناکردنی کارێك یان ڕوداوێک، کە هۆکاری کار یان ڕوداوێکی ترە کە لە داهاتودا ڕودەدا.

Rema will have been working at the company for twelve years in 2022.

ماوەی کارکردنی ڕێما لە کۆمپانیاکە لە ساڵی 2022 دەبێتە دوازدە ساڵ.


ڕۆنانی دەمکاتی داهاتوی تەواوی بەردەوام بەم شێوەیە:[ بکەر + (will) + (have) + (been) + (v. ing)].

چۆنیەتی ڕۆنانی دەمکاتی داهاتوی تەواوی بەردەوام لەم خشتەیەی خوارەوە زیاتر دەردەکەوێ:

**Table 3.15 future perfect continuous**

| N. | Pro. Subject | will | have | been | V. ing |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I | will | have | been | working |
| ٢ | You | | | | |
| ٣ | He | | | | |
| ٤ | She | | | | |
| ٥ | It | | | | |
| ٦ | We | | | | |
| ٧ | They | | | | |

بواری کارکردن و هێڵکاریی بواری کارکردنەکەی بەم شێوەیە:




**هێڵکاری 3. 16 بواری ڕودانی داهاتوی تەواوی بەردەوام**

جیاوازی داهاتوی سادە و داهاتوی بەردەوام لە زمانی ئینگلیزی لەوەدایە کە دەمکاتی داهاتوی سادە تیشکی لەسەر سەرەتای ڕودانی کارەکەیە لە داهاتو، لە داهاتوی بەردەوام تیشك لەسەر ناوەڕاستی ڕودانی کارەکەیە لە داهاتو:

I will study English. من ئینگلیزی بخوێنم.

I will be studying. من ئینگلیزی دەخوێنم.

بــەپێی ڕێزمــانی نــوێ، لــە ڕســتەی یەکــەم هــیچ هێزێکــی ناچــارکردنی تێــدا نیــە، ئارەزومەندایــە جێبــەجێکردن یــان نــەکردنی کارەکــە، بــەڵام لــە ڕســتەی دوەم جۆرێــك ناچــاری لەســەر کردنــی کارەکــە هەیــە. ئــەم جیاوازییــە لــە زمــانی کــوردی بــەدیناکرێ، لەبەرئــەوەی لــە زمانی کوردی یەك جۆر دەمکاتی داهاتو هەیە.

**3ـ 3ـ دەمکاتەکانی ڕستەی بکەرنادیار لە زمانی ئینگلیزیدا:**

هەرچەنــدە لــە ڕســتەی بکــەرنادیاری زمــانی ئینگلیــزی بەڕواڵــەت وا دەردەکــەوێ کــە بکــەر لادەدرێ و تــەنیا بــەرکار ڕۆڵــی ئەنجامــدانی ڕســتەکە دەگێــڕێ، بــەڵام شــێوەی داڕشـتنەکەی بـە شـێوەیەك دەگـۆڕێ کـە ئامـاژە بـە بـونی بکـەرێکی نادیـار دەکـا کـە کارەکـەی ئەنجامـداوە، بـە تایبـەتی چونکـە کارەکـە تێپـەڕە و هـەردەم پێویسـتیی بـە بـەرکار و بکـەرێك هەیـە (ئەگـەر بکەرەکـە دیـار بـێ، یـان نادیـار)، وەك لـە داڕشـتنی ڕسـتەی بکـەرنادیار لـە زاری باکوری زمانی کوردیدا.

گۆرانی هۆزانەك نڤیسی. Goran wrote a poem.

هۆزانەك هاتە نڤیسینێ. A poem was written.

هەروەك لە زاری باکوری زمانی کوردیدا، گەردانکراوێکی چاوگی (هاتن) بەپێی دەمکاتی ڕستەی بکەرنادیار وەك کارێکی یاریدەدەر بەکاردێ و کارە سەرەکیەکەش دەکرێتە چاوگ، بە هەمان شێوە لە ئینگلیزیدا گەردانکراوەکانی چاوگێکی یاریدەدەر وەك (been) و مۆرفیمە یاریدەدەرەکانی کات وەك کاری یاریدەدەر بەکاردێن و کاری سەرەکیش دەگۆڕی بۆ گەردانی سێیەم (pp.).

لەم شێوەی داڕشتنانەشدا کەرەسەی بەرکار بە ئاشکرا دەردەکەوێ، بەڵام بکەر لە ئاستی سەرەوەدا نادیار دەبێ و دەشێ لە کرداری بەلوتکەکردندا (topicalization) لە کۆتایی ڕستەکەشدا ئاماژەی پێ بکرێ، وەك:

شیعرێك لەلایەن گۆرانەوە نوسرا. A poem was written by Goran.

**3ـ3ـ1ـ کۆمەڵەی دەمکاتە سادەکان:**

**3ـ3ـ1ـ1ـ ڕانەبوردوی سادە لە ڕستەی بکەرنادیاردا present simple passive:**

یاسای دارشتنی دەمکاتی ڕانەبوردوی سادە لە ڕستەی بکەرنادیاردا بەم شێوەیە: [بەرکار[1] + c. +pp. +v.be]. دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ، ئەگەر بەرکاری ڕستەکە تاك بو (is) وەردەگرێ و کۆ بێ(are) وەردەگرێ.

They make shoes in that factory. (active voice) ئەوان پێلاوەکان لەو کارگەیە دروستدەکەن.

Shoes are made in that factory. (passive voice) پێلاوەکان لەو کارگەیە دروستدەکرێن.

They clean the house every day. (active voice) ئەوان هەمو ڕۆژێ ماڵەکە پاکدەکەنەوە.

The house is cleaned every day. (passive voice) ماڵەکە هەمو ڕۆژێ پاکدەکرێتەوە.

لەم دو ڕستەی سەرەوەدا، وەك دەبینرێ هەردوکیان لە ڕوی کاتەوە ڕانەبوردوی سادەن. بۆ گۆڕینی ڕستەیەکی ڕانەبوردوی سادە لە بکەردیارەوە بۆ بکەرنادیار، کاری یاریدەدەر(v.be) بەکاردێ و دەکەوێتە دوای بەرکارەکە و لە ڕوی کاتەوە دەرخەری کاتی ڕانەبوردوە (pp.)یەکەش دەرخەری ئەوەیە کە ڕستەکە بکەرنادیارە. واتە، یاسای دارشتنەکەی بەم شێوەیە:

**Table 3.16 present simple passive**

| N. | object | is/are | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|
| ١ | Singular | is | made | in that factory |
| ٢ | plural | are | made | in that factory |

(verb to be) هیچ کاتێك لەگەڵ گەردانی سێیەمی کار دەرناکەوێ، جگە لە دۆخی بکەرنادیاردا، واتە هەر کاتێك ئەم کارە یاریدەدەرانە (am, is, are, was, were) لەگەڵ گەردانی سێیەمی کارەکان بەیەکەوە هاتن ئەوا گومانی تێدا نیە ئەو ڕستەیە ڕستەیەکی بکەرنادیارە.

**3-3-1-2- ڕابوردوی سادە لە ڕستەی بکەرنادیاردا past simple passive:**

ڕستەی بکەرنادیار لە دەمکاتی ڕابوردوی سادەدا، تێیدا کاری یاریدەدەر(v.be) - (was, were) بەکاردێ و دەکەوێتە دوای بەرکارەکە، دواتر کارە سەرەکییەکە لە شێوەی (pp.)ی لە دوای دێ. واتە، یاسای دارشتنەکەی بەم شێوەیە: [بەرکار+ c. +pp. +v.be]. دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە ئەگەر بەرکاری ڕستەکە تاك بو (was) وەردەگرێ و کۆ بێ (were) وەردەگرێ. بەم شێوەیە:

The spider scared her. (Active voice) جاڵجاڵۆکە ئەوی ترساند.

---

[1] لە هەندێ لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا، لە ڕستەی بکەرنادیاردا بکەر بە دەسپێك دادەنێن و دواتر کاری یاریدەدەر و کاری سەرەکی دێن، واتە لەبەرئەوەی بەرکارەکە دێتە سەرەتای ڕستە و لە ڕوی شوێنەوە لە شوێنی بکەرە بۆیە بە بکەر ناوی دەبەن.

She was scared by the spider. (Passive Voice)ئەو ترسێنرا لە لایەن جاڵجاڵۆکەوە

She showed her relatives the new house. کاتژمێرە نوێیەکەی پیشانی خزمەکانی دا. (Active voice)

Her relatives were shown the new house. (Passive Voice) خزمەکانی کاتژمێرە نوێیەکەیان پیشان درا.

**Table 3.17 past simple passive**

| N. | object | was/were | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|
| ١ | Singular | was | shown | the new house |
| ٢ | plural | were | shown | the new house |

**3-3-1-3- داهاتوی سادە لە ڕستەی بکەرنادیاردا simple future passive :**

یاسای داڕشتنی ڕستەی بکەرنادیاری داهاتوی سادە بەم شێوەیە: [بەرکار+ will+ be+ pp + c.].

The delegation will meet the visitors at the airport. (Active voice) شاندێك سەردانکەرەکان دەبینن لە فڕۆکەخانە.

The visitors will be met at the airport. (Passive Voice) سەردانکەرەکان لە فڕۆکەخانە دەبینرێن.

The visitor will be met at the airport. (Passive Voice) سەردانکەرەکە لە فڕۆکەخانە دەبینرێ.

**Table 3.18 Table 3.17 past simple passive**

| N. | object | will | be | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Singular/ plural | will | be | read | by all workers |

لە یاسای داڕشتنی دەمکاتی داهاتوی سادەدا لە ڕستەی بکەرنادیار، (will) بۆ دەرخستنی دەمکاتی داهاتوی ڕستەکە دێ و مەرجە (base) لەدوای بێ، بۆیە (be) وەردەگرێ و دواتر گەردانی سێیەمی کارەکە بۆ دەرخستنی ڕستەکە لە دۆخی بکەرنادیاری لەدوای دێ.

**3-3-2- کۆمەڵەی دەمکاتە بەردەوامەکان:**

**3-3-2-1- ڕانەبوردوی بەردەوام لە ڕستەی بکەرنادیارداpresent continuous passive :**

ڕستەیەکی ڕانەبوردوی بەردەوام، کە لە بکەردیارەوە بۆ بکەرنادیار دەگۆڕرێ، کاری یاریدەدەر(v.be) بەکاردێ و دەکەوێتە دوای بەرکارەکە و لەدوای ئەوە (being) دەردەکەوێ، کە نیشاندەری بەردەوامی کارەکە دەبێ و دواتر (pp.) ی کاری ڕستەکە دێ. یاسای داڕشتنی دەمکاتی ڕانەبوردوی بەردەوام لە ڕستەی بکەرنادیار بەم شێوەیە: [بەرکار+ v.be+ being +pp.+ c.+]. دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە ئەگەر بەرکاری ڕستەکە تاك بو (is) وەردەگرێ و کۆ بێ(are) وەردەگرێ و دواتر (being) دەردەکەوێ.

The dentist is cleaning the woman's teeth. (active voice) دکتۆرەکەی ددان ددانەکانی ئافرەتەکە پاکدەکاتەوە.

The woman's teeth are being cleaned. (passive voice) ددانەکانی ئافرەتەکە پاکدەکرێتەوە.

The woman's tooth is being cleaned. (passive voice) ددانی ئافرەتەکە پاکدەکرێتەوە

.

**Table3.19 present continuous passive**

| N. | object | is/are | being | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Singular | is | being | cleaned | by the dentist |
| ٢ | plural | are | being | cleaned | by the dentist |

لێرەدا بۆ دەرخستنی دەمکاتی ڕانەبوردو لە ڕستەکەدا پێویستە (v.be) هەبێ و هەروەها پێویستە کارێکی یاریدەدەر هەبێ بۆ دەرخستنی بەردەوامی کارەکە، ئەویش لەڕێی(being)ەوە ئەم بەردەوامیە دەردەخرێ، پاشان کاری سەرەکی ڕستەکەش مەرجە لە شێوەی گەردانی سێیەم دەرکەوێ بۆ ئەوەی دۆخی بکەرنادیاری ڕستەکە دەربخا.

**3-3-2-2- ڕابوردوی بەردەوام لە ڕستەی بکەرنادیارداpast continuous passive :**

لە ڕستەی بکەرنادیار لە دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوامدا دەبێ کاری یاریدەدەر(v.be) - ( was, were) بێ و بکەوێتە دوای بەرکارەکە، دواتر (being) وەردەگرێ بۆ دەرخستنی بەردەوامی و ئینجا

کارە سەرەکییەکە لە شێوەی (.pp) وەردەگرێ. واتە، یاسای داڕشتنەکەی بەم شێوەیە دەبێ: [بەرکار+ (was, were) + being +.pp + .c].

The boy was throwing the stone. (Active voice) کوڕەکە بەردەکەی دەهاویشت.

The stone was being thrown by the boy. بەردەکە لە لایەن کوڕەکەوە هاوێژرا. (Passive Voice)

The stones were being thrown by the boy. (Passive Voice) بەردەکان لەلایەن کوڕەکەوە هاوێژران.

**Table 3.20 past continuous passive**

| N. | object | was/were | being | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Singular | was | being | thrown | by the boy |
| ٢ | plural | were | being | thrown | by the boy |

### 3-3-2-3- داهاتوی بەردەوام لە ڕستەی بکەرنادیاردا future continuous passive:

بە شێوەیەکی کاتی دەپرژێتە سەر ڕودانی کردارێك کە بە درێژایی ماوەیەک لە داهاتوودا ڕوودەدەن. ئەم دەمکاتە لە دۆخی بکەرنادیاردا، لە ڕوی بەکارهێنانەوە بەربڵاو نیە و کەم بەکاردێ. لە ڕستەی بکەرنادیار لە دەمکاتی داهاتوی بەردەوامدا دەبێ (will) هەبێ بۆ دەرخستنی کاتی داهاتو، لەبەرئەوەی لە دوای (will) پێویستە چاوگ بێ بۆیە (be) دێ و دواتر بۆ دەرخستنی بەردەوامیی (being) دێ، کاری سەرەکیش لە شێوەی گەردانی سێیەمی بەدوادادێ بۆ دەرخستنی نادیاری واتە، یاسای داڕشتنەکەی بەم شێوەیە دەبێ: [بەرکار+will + be + being +.pp + .c]. یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە:

the manager will sign the contact tomorrow. (Active voice) سبەی بەڕێوەبەرەکە بەڵێننامەکە واژودەکا.

the contact will be being signed. (Passive Voice) بەڵێننامەکە واژو دەکرێ.

the contacts will be being signed. (Passive Voice) بەڵێننامەکان واژو دەکرێن.

**Table 3.21 future continuous passive**

| N. | object | will | be | being | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Singular/plural | will | be | being | signed | by the manager |

**3- 3-3- کۆمەڵەی دەمکاتە تەواوەکان:**

**3-3-3-1- ڕانەبوردوی تەواوی سادە لە ڕستەی بکەرنادیاردا present simple passive :perfect**

ڕستەیەکی بکەرنادیاری ڕانەبوردوی تەواوی سادە لە ڕوی دەمکاتەوە دەبێ چەند پێکهێنەرێکی تێدابێ بەم شێوەیە: (جگە لە بەرکارەکە، (have, has) بۆ دیارکردنی (perfect) دێ و (been)ی لەدوا دێ لەبەرئەوەی لە دوای (have, has ) دەبێ (been) هەبێ، دواتر گەردانی سێیەمی کاری سەرەکی ڕستەکەش پێویستە، لەبەرئەوەی لە دوای (v. have) لە ڕستەی دەمکات تەواودا دەبێ (pp.) هەبێ. بۆ نمونە:

The office has sent her a message. (Active voice) ئەفسەرەکە نامەیەکی بۆ کچەکە ناردوە.

A message has been sent to her. (Passive Voice). نامەیەك بۆ ئەو نێردراوە.

Messages have been sent to her. (Passive Voice). نامـەکان بـۆ ئـەو نێـردراون.

لەبەرئەوەی ئەم ڕستە بکەردیارەی سەرەوە دو بەرکاری هەیە، بۆیە دەتوانرێ دو ڕستەی بکەرنادیاری هەبێ، بەپێی تاك و کۆی بەرکاری ڕستەکە (has) بۆ تاك و (have) بۆ کۆ دێ. یاسای داڕشتنەکەی بەم شێوەیە: [بەرکار+ (has, have)+been+ .pp+ .c].

**Table 3. 22 present perfect simple passive**

| N. | object | has/have | been | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Singular | has | been | sent | to her by the office |
| ٢ | plural | have | been | sent | to her by the office |

**3-3-3-2- ڕابوردوی تەواو لە ڕستەی بکەرنادیاردا past perfect simple passive :**

لەبەرئەوەی دەمکاتی ڕابوردوی تەواو، (had) ی تێدایە، بۆیە ڕێسای داڕشتنی ڕستەیەکی بکەرنادیار کە هەمان ئەو دەمکاتەی هەبێت، یاسای داڕشتنەکەی بەم شێوەیە دەبێ: [بەرکار+ had + been+ .pp+ .c]. ئەگەر بەرکاری ڕستەکە تاك بێ یاخود کۆ بێ هەر (had) وەردەگرێ.

They had finished preparations by the time the guests arrived. (Active voice) ئەوان ئامادەکارییان تەواو کردبو تا کاتی گەیشتنی میوانەکان.

Preparations had been finished by the time the guests arrived. (Passive Voice). ئامادەکارییەکان تەواوکرابون تا کاتی گەیشتنی میوانەکان.

Preparation had been finished by ئامادەکاری تەواو کرابو تا کاتی گەیشتنی میوانەکان.
the time the guests arrived. (Passive Voice)

**Table 3.23 past perfect simple passive**

| N. | object | had | been | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Singular/plural | had | been | finished | by the …. |

**3-3-3-3- داهاتوی تەواو لە ڕستەی بکەرنادیاردا future perfect passive :**

داهاتوی بەردەوام لە ڕستەیەکی بکەرنادیاردا، جگە لە کاری سەرەکی ڕستەکە سێ کاری یاریدەدەریش لە خۆدەگرێ، (will) بۆ داهاتو و (have) بۆ دەرخستنی (تەواو) دەردەکەوێ و (been) وەکو گەردانی سێیەمی کاری (v.be) دێ، چونکە لە دوای (have) پێویستە (pp.) بێ و دواتر کاری سەرەکی لە شێوەی گەردانی سێیەم دەردەکەوێ. یاسای داڕشتنی ئەم دەمکاتە لە ڕستەیەکی بکەربەم شێوەیە: [بەرکار+ will+ have + been + pp+ .c].

دەرمانە نوێیەکە خەریکە لای کۆمپانیاکانی دەرمانسازی بۆ ئەمساڵ جێبەجێدەکرێ.

The new drug will have been implemented within the pharmaceutical companies by this year. (Passive Voice)

دەرمانە نوێیەکە لای کۆمپانیاکانی دەرمانسازی بۆ ئەمساڵ خەریکە جێبەجێبکرێ. The new drugs will have been implemented within the pharmaceutical companies by this year. (Passive Voice)

**Table 3. 24 future perfect passive**

| N. | object | will | have | been | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Singular/plural | will | have | been | implemented | within the …. |

**4-3-3-3- ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام لە ڕستەی بکەرنادیاردا continuous passive present perfect:**

لەم دەمکاتەدا، دوای بەرکاری ڕستەکە (has, have) دێ و پاشان (been) و دواتریش (being) دێ، ئینجا کارە سەرەکییەکە لە شێوەی (pp.) دێ. لە زمانی ئینگلیزیدا، ئەم دەمکاتە کەم بەکاردێ و بەربڵاو نییە، بە شێوەیەك تەنیا لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی کارەکان دەردەکەوێ، وەکو (achieve) یاسای داڕشتنەکەی بەم شێوەیە: [بەرکار+ (has, have)+ (been) + (being) + pp.+ .c].

Dogs have been being looked after by humans for thousands of years.

سەگەکان هەزاران ساڵە لە لایەن مرۆڤەوە چاودێری دەکرێن (Passive Voice)

not a lot has been being کەمێکیان بەدەست دەهێنران وەك ئەوەی نیگەران بوم.
achieved as far as I’m concerned. (Passive Voice)

**Table 3. 25 present perfect continuous passive**

| N. | object | has/have | been | being | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Singular | has | been | being | achieved | as far ... |
| ٢ | plural | have | been | being | achieved | as far ... |

### 3-3-3-5- ڕابوردوی تەواوی بەردەوام لە ڕستەی بکەرنادیاردا past perfect continuous passive:

ڕستەیەکی بکەرنادیاری ڕابوردوی تەواوی بەردەوام، مەرجە (had) ی تێدابێ بۆ دەرخستنی ڕابوردوی تەواو و لە دوای (had) مەرجە been دەرکەوێ ئینجا (being) دێ و دواتر کاری سەرەکی ڕستەکە لە شێوەی (.pp) دێ، بۆیە ڕێسای دارِشتنی ڕستەیەکی بکەرنادیار کە دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوام بێ بەم شێوەیە: [بەرکار+ had +been+ being+ .pp+ .c]. ئەگەر بەرکاری ڕستەکە تاك بێ یاخود کۆ بێ هەر (had) وەردەگرێ.

A flying object had been being observed for over two hours last Friday night Passive Voice). شەوی هەینی ڕابوردو بۆ ماوەی زیاتر لە دو کاتژمێر تەنێکی فڕیو بینرا.

A flying objects had been being observed for over two hours last Friday night. شەوی هەینی ڕابوردو بۆ ماوەی زیاتر لە دو کاتژمێر تەنە فڕیوەکان بینران. (Passive Voice)

**Table 3. 26 past perfect continuous passive**

| N. | object | had | been | being | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Singular/plural | had | been | being | observed | for over two.... |

### 3-3-3 -6- داهاتوی تەواوی بەردەوام لە ڕستەی بکەرنادیاردا future perfect continuous passive:

ڕستەی بکەرنادیاری داهاتوی تەواوی بەردەوام، زۆر بە کەمی بەکاردێ و بەربڵاو نییە، تا ڕادەیەك لە ناو زمانەوانەکان بە بەسەرچو هەژمارکراوە. ئەم شێوە بکەرنادیارە، دەتوانرێ بە زۆر کۆن و تەنانەت بەسەرچو هەژماربکرێ، هەرچەندە هێشتا دەتوانرێ بەکاربهێنرێ و واتای تەواوی هەیە.

**Table 3. 27 future perfect continuous passive**

| N. | object | will | have | been | being | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Singular/plural | will | have | been | being | kept on | a constant spin for…. |

The earth will have been being kept on a constant spin for over 4.5 billion years by this year yet once again. (Passive Voice) زەوی تا ئەمساڵ جارێکی تر بۆ زیاتر لە ٤.٥ ملیار ساڵ لە خولگەیەکی بەردەوامدا دەهێڵرێتەوە

The apples will have been being eaten by him (Passive Voice). سێوەکان لە لایەن ئەوەوە دەخورێن.

لە وەڵامی ئەوەدا کە بۆچی داهاتووی تەواوی بەردەوام هیچ بکەرنادیارێکی نییە، دەوترێ، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوەیە تا لە ڕستەکاندا چەقبەستوو نەبێ، ئەمەش بۆ باڵادەستی مۆداڵەکان دەگەڕێتەوە.

**4-3-3- شێوازەکانی بەکارهێنانی بکەرنادیار لەناو ڕستەدا:**

بکــەرنادیار لــە زمــانی ئینگلیزیــدا، لــەناو ڕســتەدا بــەپێی بــەکارهێنانی چەنــد شــێوازێکی هەیە:

1ـ لەگەڵ ئەو کارانەی یەك بەرکاریان هەیە:

لـە کـاتی گـۆڕینی ڕسـتە بـۆ بکـەرنادیار، بەرکارەکـە لـە سـەرەتای ڕسـتە بکەرنادیارەکـە دێ و پاشــان بــە گــوێرەی (ئــەو بــەرکارە لــە ڕوی کــەس و ژمــارەوە و دەمکــاتی ڕســتە بکەردیارەکە) ڕێکدەخرێ.

New projects are begun in January. (Passive Voice) لە کانونی دوەم دەست بە پرۆژە نوێیەکان دەکرێن.

2ـ لەگەڵ ئەو کارانەی دو بەرکاریان هەیە:

ئــەو کارانــەی دو بــەرکار (ڕاســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆ)یان هەیــە، ئــەوا لــەکاتی گــۆڕینی ڕســتەکە بــۆ ڕســتەیەکی بکــەرنادیار دوای لابردنــی بکەرەکــە هــەردو بەرکارەکــە دەبــێ لــە ڕستە بکەر نادیارەکەدا دەرکەون.

I gave him two dollars. (Active voice) من دو دۆلارم پێیدا.

Two dollars were given to him by me. (Passive Voice) دو دۆلاری پێدرا لە لایەن منەوە.

He was given two dollars by me. (Passive Voice) ئەو لە لایەن منەوە دو دۆلاری پێدرا.

واتــە، ڕســتەیەکی بکــەردیاری خــاوەن دو بــەرکار، دەتــوانرێ دو ڕســتەی بکــەرنادیاری لێدروســتبکرێ، هــەر یــەکێکیان بــەپێی یــەکێك لــە بــەرکارەکان بەرهەمــدێن و لــەڕوی دەمکاتیشــەوە، بــەپێی ئــەو بــەرکارەی کــە ســەرەتا دەردەکــەوێ کــاری یاریــدەدەری(v.be) وەردەگرێ و دەمکاتی ڕستە دیارەکە وەکو خۆی وەردەگرێ.

The Government has sent him a message. (Active voice) میری نامەیەکی بۆ ئەو نارد.

He was sent a message by the government. (Passive Voice) ئەو لە لایەن میرییەوە نامەی بۆ نێردرا.

A message was sent to him by the government. (Passive Voice) نامەیەك لە لایەن میرییەوە بۆ ئەو نێردرا.

3ـ لەگەڵ (modal verbs):

ئەم کارانە، (can, could, may, might, and must) بە کارە (مۆدەڵەکان) ناسراون، ئەو ڕستانەی ئەو جۆرە کارانەیان تێدایە، دەتوانن بۆ بکەرنادیار بگۆڕێن.

You can take the book. (Active voice) دەتوانی کتێبەکە ببەی.

The book can be taken by you. (Passive Voice). کتێبەکە لە لایەن تووە دەتوانرێ ببردرێ.

Everybody must obey the rules. (Active voice) دەبێ هەمو کەسێ گوێڕایەڵی یاساکان بێ.

The rules must be obeyed by everybody. (Passive Voice). یاساکان دەبێ لە لایەن هەمو کەسێکەوە پەیڕەوبکرێن.

4ـ لەگەڵ گرێی کاری:

هەندێ لە کارەکان، کە واتایەکی دڵنیاییان هەیە هەمیشە پێشبەندیان لەگەڵ دێ. لەم دۆخەدا پێشبەندەکان نابێ لاببرێن.

The Government will set up a factory. (Active voice) میری کارگەیەك دادەمەزرێنێ.

A factory will be set up by the government. (Passive Voice). کارگەیەك لە لایەن میرییەوە دادەمەزرێ.

5ـ ڕستەی بکەرنادیار لەگەڵ پاڕستە:

لە هەندێ لە ڕستەکان، لە بری ئەوەی وشە یان گرێیەك ببێتە بەرکار دەشێ پارستەیەك بەرکاری ڕستەکە بێ. لەم دۆخەدا ڕستەکە بە دو ڕێگە دەگۆڕێ بۆ ڕستەیەکی بکەرنادیار:

1ـ پاڕستەکە لە ناو ڕستە بکەرنادیارەکەدا وەکو خۆی لە شوێنی بکەر دابنرێت:

I expected that they would take up the matter. (Active voice) من پێشبینی دەکەم کە ئەوان بابەتەکە بەرزبکەنەوە.

the matter would be taken up by them was expected by me. (Passive Voice).. بابەتەکە بەرزدەکرێتەوە لە لایەن ئەوان کە پێشبینی کرا لە لایەن منەوە.

2 ـ جێگیرکردنی پاڕستەکە بە ڕاناو:

We have learned that you have secured the first rank. (Active voice) ئێمە زانیومانە کە تۆ بۆ پلەی یەکەم بەرزکرایتەوە.

It has been learned by us that the first rank has been secured by you. (Passive Voice). زانیویانە کە تۆ لە لایەن ئێمەوە بۆ پلەی یەکەم بەرزکرایتەوە.

7ـ لەگەڵ ڕستەی پرسیاری:

لەبەرئەوەی ڕستە بکەرنادیارەکان بەپێی دەمکاتی ڕستەکان دەردەکەون، واتە هەر دەمکاتێك بەپێی یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی دەردەکەوێ، بەڵام لە شێوازی پرسیاری شوێنی بەرکارەکە و کارە یاریدەدەرەکە ئاڵوگۆڕ دەبێ و بۆ دەربڕینی لایەنە پرسیارییەکە هەمیشە کاری یاریدەدەر دەکەوێتە سەرەتای ڕستە پرسیارییەکە.

Has he given you back the book yet? ئەو هێشتا پەرتوکەکەی بۆ تۆ نەگەڕاندیتەوە؟

Has the book been given back to you yet? هێشتا پەرتوکەکە بۆ تۆ نەگەڕێندراوەتەوە؟

Have you been given back the book yet? هێشتا پەرتوکەکە بۆت نەگەڕێندراوەتەوە ؟

دەتوانرێ هەموو دەمکاتەکانی ڕستە بکەرنادیارەکان لە زمانی ئینگلیزیدا لەم خشتەیەی خوارەوە بخرێتەڕوو:

**Table 3. 28 all passive tenses**

| | ACTIVE VOICE | PASSIVE VOICE |
|---|---|---|
| Present Simple | *He **delivers** the letters.* | *The letters **are delivered**.* |
| Past Simple | *He **delivered** the letters.* | *The letters **were delivered**.* |
| Future Simple | *He **will deliver** the letters.* | *The letters **will be delivered**.* |
| Present Continuous | *He **is delivering** the letters.* | *The letters **are being delivered**.* |
| Past Continuous | *He **was delivering** the letters.* | *The letters **were being delivered**.* |
| Going to | *He **is going to deliver** the letters.* | *The letters **are going to be delivered**.* |
| Present Perfect | *He **has delivered** the letters.* | *The letters **have been delivered**.* |
| Past Perfect | *He **had delivered** the letters.* | *The letters **had been delivered**.* |
| Infinitive | *He **has to deliver** the letters.* | *The letters **have to be delivered**.* |
| Modals | *He **must deliver** the letters.* | *The letters **must be delivered**.* |

### 3ـ4ـ دەمکاتەکان لە دۆخی نەرێ لە زمانی ئینگلیزیدا:

دۆخی نەرێ، لە زمانی ئینگلیزیدا، وەك هەر زمانێکی تر دەرخەری لایەنی نەرێنی ڕستە و ڕونەدانی کردارێک دەگەیەنێ کە پێشبینی ڕودانی بکرێ، چەمکی نەرێ لە زمانی ئینگلیزیدا بە هۆی زیادکردنی ئامرازی نەرێ (n't /not–)ەوە دەبێ.

لەم تەوەرەدا، هەموو دەمکاتەکان باسدەکرێن، کە چۆن هەر یەکەیان ئامرازی نەرێ وەردەگرن؟ و لە کاتی نەرێکردنیاندا چ گۆڕانکارییەك لە ڕوی دەمکاتەوە بەسەر ڕستەکاندا دێ؟ بە تایبەتی شوێنی ئامرازە نەرێکە لە ناو کەوتگەی کارەکە و گونجان و بەیەکەوە هاتنیان لەگەڵ مۆرفیمی کات و کارە یاریدەدەرەکان. لەبەرئەوەی (دەمکاتەکان سەرچاوەی شوێنی دۆخێکن لە کاتی ڕابوردو، ئێستا یان داهاتودا، یان دو بارودۆخی بەراورد بە یەکترن لە کاتدا، کە لە وشەی فەرەنسی(temps- کات)ەوە

وەرگیراوە)[1]، واتە؛ کەوتگەی بارودۆخی کاتی ڕابورد و ڕانەبوردو و داهاتو، یان دو بارودۆخی پەیوەست بە یەکتر لە کاتدا لە دەمکاتەوە سەرهەڵدەدەن، بۆیە لە دۆخی نەرێشدا، ئەو دەمکاتانە دیار و دەستنیشاندەکرێن.

### 3-4-1- کۆمەڵەی دەمکاتە سادەکان:

### 3-4-1-1- ڕانەبوردوی سادە present simple:

لە زمانی ئینگلیزیدا، لە دەمکاتی ڕانەبوردوی سادەدا، سەرەڕای کاری سەرەکیی ڕستەکە، کارێکی یاریدەدەریش دەردەکەوێ، بۆ ئەوەی دۆخی نەرێ دروستببێ. واتە؛ بۆ ڕۆنانی ڕستەیەکی نەرێی ڕانەبوردو لە زمانی ئینگلیزیدا، سەرباری کارە سەرەکیەکەی هەمان ڕستە کە لە دۆخی ئەرێدا هەیە، پێویستیمان بە کارێکی تری یاریدەدەر دەبێ، بۆ ئەوەی ئامرازی نەرێکە (n't /not–) هەڵبگرێ، وەک لەم ڕێسایە خراوەتەڕو: [بکەر(s) + کاری یاریدەدەر[2] (auxiliary verb) + not + کاری سەرەکی(main verb) + تەواوکەری ڕستەکە(c.)].

I don't drink coffee. من قاوە ناخۆمەوە.

She doesn't wash her hands. ئەو دەستەکانی ناشوات.

تێبینی ئەوە دەکرێ، (s)ی کەسی سێیەمی تاک (he, she, it) کە دەکەوێتە دوای کاری ڕانەبوردو لە دۆخی ئەرێدا، دەگوازرێتەوە و دەچێتە دوای کاری یاریدەدەری (do) و لە کەسی سێیەمی تاکدا دەبێتە (does)[3] .

They don't get salary. ئەوان موچە وەرناگرن.

She doesn't drink coffee.. ئەو قاوە ناخواتەوە

**Table 3. 29 present simple -negative**

| N | subject | do/ does | not/ n't | Main verb | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they | do | not/ n't | drink | Coffee |
| ٢ | He, she, it | does | not/ n't | drink | Coffee |

### 3-4-1-2- ڕابوردوی سادە past simple:

[1] Jim Miller, 2002, An Introduction to English Syntax, Edinburgh University Press, 143.

[2] لە نەرێکردنی کاری ڕانەبوردودا، کارە یاریدەدەرەکە بەپێی بکەر هەڵدەبژێردرێ، بۆ هەمو کەسەکان تاک بن یان کۆ، کاری یاریدەدەری (do) وەردەگرێ، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەبێتە (does) و پاشان ئامرازی نەرێ (n't /not–)ی دەخرێتە دوا.

Rice doesn't grow in cold climates. برنج لە کەشی سارد گەشەناکات.
I don't drink coffee. من قاوە ناخۆمەوە.

[3] Betty Schrampfer Azar, Stacy A. Hagen. 2012, Basic English Grammar, third edition, Tehran, 69.

بۆ نەرێکردنی ڕستەی ڕابوردوی سادە، پێویستە کاری یاریدەدەری (did)10[1] بخرێتە پێش ئامرازی نەرێ (n't /not–) و کاری سەرەکیی ڕستەکە کە لە دۆخی ئەرێدا ڕابوردوە، بگۆڕێ و بکرێتە ڕانەبوردو، چونکە کارە یاریدەدەرەکە (did) ڕۆڵی دەمکاتی ڕابوردوەکەی بینیوە. ڕێسای دروستبونی بەم شێوەیە: [بکەر(s) + کاری یاریدەدەر(did) + (n't /not–) + کاری سەرەکی (main verb) + تەواوکەری ڕستە (c.)].

We didn't come because it was raining. ئێمە نەهاتین، چونکە باران دەباری.

He didn't play tennis. ئەو یاری تێنسی نەکرد.

**Table 3. 30 past simple - negative**

| N | subject | did | not/ n't | Main verb | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, He, she, it, you, we, they | did | not/ n't | come | because it was.... |

### 3-4-1-3- داهاتوی سادە future simple:

ڕێسای دروستبونی ڕستەی نەرێی داهاتوی سادە بەم شێوەیە: [بکەر(s) + (will) + not + کاری سەرەکی (main verb) + تەواوکەری ڕستەکە (c.)].

Shadan and Rawan won't attend the lodge meeting tomorrow.

شادان و ڕەوان سبەی بەشداری کۆبونەوەی کۆشکەکە ناکەن.

She will not visit her parents. ئەو سەردانی دایك و باوکی ناکا.

**Table 3. 31 future simple - negative**

| N | subject | will | not | Main verb | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they, He, she, it | will | not | attend | the lodge meeting... |

## 3-4-2- کۆمەڵەی دەمکاتە بەردەوامەکان:

### 3-4-2-1- ڕانەبوردوی بەردەوام present continuous:

[1] کاری یاریدەدەری (did) لە بنەڕەتدا لە (do + ed ← did) پێکهاتوە، بۆیە لە کاتێکدا ڕستەیەکی ڕابوردوی سادە لە ئەرێدا دەکرێتە نەرێ، ئەو (ed)ەی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو دەگوازرێتەوە بۆ سەر کارە یاریدەدەرەکە و کارە سەرەکیەکە دەگەڕێتەوە دۆخی ڕانەبوردو. بۆ نمونە:
He finished his duty. → He didn't finish his duty.

بۆ بەرهەمهێنان، یان دروستکردنی ڕستەیەکی نەرێی ڕانەبوردوی بەردەوام، بە هەمان شێوەی ڕستەیەکی ئەرێی هەمان دەمکات دەبێ، تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە ئامرازی نەرێ (not) دەکەوێتە نێوان کاری یاریدەدەر و کاری سەرەکیی ڕستەکە، واتە؛ (not) دەکەوێتە دوای (is, are, am). ڕێسای دروستبونی بەم شێوەیە دەبێ: [بکەر(s) + کاری یاریدەدەر (auxiliary verb) + not + کاری سەرەکی (main verb) + (ing) + تەواوکەری ڕستەکە (c.)].

The baby isn't crying out loud. کۆرپەکە بە دەنگی بەرز ناگریێ.
I'm not leaving library till I finish my study. من کتێبخانە جێناهێڵم تا خوێندنەکەم تەواونەکەم.

**Table 3. 32 present continuous - negative**

| N | subject | Auxiliary verb | not/ n't | Main verb | –ing | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I | am | not/ n't | go | ing | home… |
| ٢ | He, she, it | is | not/ n't | go | ing | home… |
| ٣ | you, we, they | are | not/ n't | go | ing | home… |

### 3-4-2-2- ڕابوردوی بەردەوام past continuous:

بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی نەرێی ڕابوردوی بەردەوام، بە هەمان شێوەی ڕستەیەکی ئەرێی هەمان دەمکات دەبێ، تەنیا جیاوازیی ئەوەیە کە ئامرازی نەرێ (not) دەکەوێتە نێوان کاری یاریدەدەر و کاری سەرەکیی ڕستەکە، واتە؛ (not) دەکەوێتە دوای (was, were). ڕێسای دروستبونی بەم شێوەیە دەبێ: [بکەر (s) + کاری یاریدەدەر+ not + کاری سەرەکی (main verb) + (-ing) + تەواوکەری ڕستەکە (c.)].

They were not working hard. ئەوان بە ڕژدی/ جدی کاریان نەدەکرد.
He wasn't doing his homework last week. ئەو هەفتەی ڕابوردو ئەرکیماڵەوەی جێبەجێ نەدەکرد.

**Table 3. 33 past continuous - negative**

| N | subject | Auxiliary verb | not/ n't | Main verb | –ing | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they | were | not/ n't | work | ing | hard |
| ٢ | He, she, it | was | not/ n't | work | ing | hard |

### 3-4-2-3- داهاتوی بەردەوام future continuous:

دەمکاتی داهاتوی بەردەوام لە دۆخی نەرێدا، پێویستیی بە ئامرازی نەرێ (not) دەبێ و دەکەوێتە دوای (will) و پێش (be)، ڕێسای دروستبونی بەم شێوەیە دەبێ: [بکەر(s) + (will) + not + (be) + کاری سەرەکی (main verb) + ing + تەواوکەری ڕستەکە (c.)].

She won't be sleeping when you telephone her. تا تۆ پەیوەندی دەکەی، ئەو نانوێ.
They won't be watching the movie this night. ئەوان ئەم شەو سەیری فیلمەکە ناکەن.
They won't be winning the game unless they score another goal. ئەوان لە یاریەکە نابەنەوە تا گۆڵێکی تر تۆمارنەکەن.

**Table 3. 34 future continuous - negative**

| N | subject | will | not | be | Main verb | ing | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they, He, she, it | will | not | be | sleep | ing | when you ….. |

### 3-4-3- کۆمەڵەی دەمکاتە تەواوەکان:

#### 3-4-3-1- ڕانەبوردوی تەواوی سادە present perfect simple :

لە ڕستەی نەرێی ڕانەبوردوی تەواوی سادە، ئامرازی نەرێ (not) دەکەوێتە نێوان (have) و کاری سەرەکیی ڕستەکە، واتە؛ (not) دەکەوێتە دوای (have/has) و دوای کارەکە کە (pp.)یە. ڕێسای دروستبونی بەم شێوەیە: [بکەر(s) + (have /has) + not + کاری سەرەکی ( main verb) + تەواوکەری ڕستەکە (c.)].

I have written the email, but I haven't sent yet. من ئیمێلەکەم نوسیوە، بەڵام هێشتا نەمناردوە.
She hasn't done her exam. ئەو تاقیکردنەوەکەی تەواو نەکردوە.
She has made the cake but she hasn't bake it yet. ئەو کێکەکەی دروستکردوە بەڵام هێشتا نەی برژاندوە.

**Table 3. 35 present perfect simple - negative**

| N | subject | had | not/ n't | Main verb (pp.) | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they, He, she, it | had | not/ n't | gone | To France |

#### 3-4-3-2- ڕابوردوی تەواوی سادە past perfect simple:

ڕستەی نەرێی ڕابوردوی تەواو، ڕێسای دروستبونی بەم شێوەیە: [بکەر(s) + (had) + not + کاری سەرەکی (pp.) + تەواوکەری ڕستەکە (c.)].

My friends hadn’t ever gone to France. هاوڕێکانم هەرگیز نەچوبوون بۆ فەرەنسا.
He hadn’t ever eaten pizza. ئەو هەرگیز پیتزای نەخواردبو.
We hadn't gone to the museum. ئێمە نەچوبوین بۆ مۆزەخانە.

**Table 3. 36 past perfect simple - negative**

| N | subject | have | not/ n’t | Main verb(pp.) | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they | have | not/ n’t | sent | yet |
| ٢ | He, she, it | has | not/ n’t | sent | yet |

### 3-4-3-3- داهاتوی تەواو future perfect:

دەمکاتی داهاتوی تەواو لە دۆخی نەرێدا، پێویستیی بە ئامرازی نەرێ (not) دەبێ و دەکەوێتە دوای (will) و پێش (have)، ڕێسای دروستبونی بەم شێوەیەیە: [بکەر (s) + (will) + not + (have) + کاری سەرەکی (pp.)+ تەواوکەری ڕستەکە (c.)].

دەشێ لەژێر کاریگەریی ئابوریی زمان (will) و (not) یەکبگرن و ببن بە (won’t).

The kids won’t have eaten the food until tomorrow morning
منداڵەکان هەتا سبەی بەیانیەکەی، خواردنەکە ناخۆن.

She won’t have achieved our aim. ئەو ئامانجەکەی ئێمە بەدیناهێنێ.

**Table 3. 37 future perfect simple – negative**

| N. | subject | will | not | have | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | he, she, it, I, you, we, they | will | not | have | achieved | our aim |

### 3-4-4- ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام present perfect continuous:

بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی نەرێی ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام، ئامرازی نەرێ (not) دەچێتە دوای (have/has) و پێش (been). ڕێسای دروستبونی بەم شێوەیەیە: [بکەر (s) + (have/has)+ not + (been) + کاری سەرەکی (main verb ) + (-ing) + تەواوکەری ڕستەکە (c.)].

We haven’t been skating on the frozen river. ئێمە لەسەر ڕوبارە بەستوەکە یاری خلیسکانێ ناکەین.
Chris hasn’t been feeling well recently. کریس بەم دواییانە باری تەندروستی باش نیە.

**Table 3. 38 present perfect continuous – negative**

| N | subject | have/has | not/ n't | been | Main verb | –ing | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they | have | not/ n't | been | Fill | ing | Well recently |
| ٢ | He, she, it | has | not/ n't | been | Fill | ing | well recently |

### 3-4-5- ڕابوردوی تەواوی بەردەوام past perfect continuous:

ڕستەیەکی نەرێی ڕابوردوی تەواوی بەردەوام، جیاوازیی لەگەڵ ڕستەیەکی نەرێی ڕابوردوی تەواوی سادە لەوەدایە، کە لە ڕستەی نەرێی ڕابوردوی تەواوی بەردەوام، (ing-) بە کارە سەرەکیەکەوە دەلکێ و (been) دەکەوێتە دوای ئامرازە نەرێکەوە. واتە؛ ڕێسای دروستبونی بەم شێوەیە: [بکەر (s) + had not + been + کاری سەرەکی (main verb) + (ing-) + تەواوکەری ڕستەکە (c.)].

They had not been eating. ئەوان خەریکی نانخواردن نەدەبون.
She hadn't been studying for the exam. ئەو خەریکی خوێندن نەدەبو بۆ تاقیکردنەوەکە.

**Table 3. 39 past perfect continuous - negative**

| N | subject | had | not/ n't | been | Main verb | – ing | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they, He, she, it | had | not/ n't | been | eat | ing | ——— |

### 3-4-6- داهاتوی تەواوی بەردەوام future perfect continuous:

ڕستەی نەرێی داهاتوی تەواوی بەردەوام، بە پترکردنی ئامرازی نەرێ (not) بۆ ڕستەیەکی ئەرێی داهاتوی تەواوی بەردەوام دروستدەبێ، کە دەکەوێتە دوای (will) و پێش (have) پاشان کاری سەرەکی و نیشانەی بەردەوامی (ing-) لە دوای دێ، ڕێسای داڕشتنەکەی بەم شێوەیە: [بکەر (s) + (will) + not + (have) + (been) + کاری سەرەکی (main verb)+ ing + تەواوکەری ڕستەکە (c.)].

You won't have been learning English long enough when you move to Australia.

تۆ خەریکی فێربونی ئینگلیزی نابی کە دەچی بۆ ئوستورالیا.

It won't have been crushing the cubes. شەشپاڵوەکە خەریکە وردوخاش نابێ.

**Table 3. 40 future perfect continuous - negative**

| N | subject | will | not | have | been | Main verb | ing | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they, He, she, it | will | not | have | been | learn | ing | English long .... |

### 3-5- دەمکاتەکانی دۆخی پرسیاری لە زمانی ئینگلیزیدا:

لەڕوی شێوازی کار(mood)ەوە، شێوازی پرسیاری، یەکێکی ترە لە شێوازەکانی کار کە جیاوازییەکی زۆری تێدا بەدیناکرێ لە ڕوی دەمکاتەوە. ڕستە سەرەکییەکان لە شێوەی ڕاگەیاندن لە ڕوی دەمکاتەوە لە چ دەمکات و ڕێژەیەکدا بن، کە بگۆڕێن بۆ ڕستەی پرسیارییش هەر هەمان دەمکاتیان دەبێ، بەڵام یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆیان هەیە لە ڕوی چۆنیەتیی دەرکەوتنی کارە یاریدەدەرەکان و مۆرفیمەکانی کات، بە تایبەتی لە شوێنی ئەم کەرەسانە جیاوازن، بە پێی هەر یەکێك لە دەمکاتەکان، شێوەی پرسیارییەکانیان لە خوارەوە ڕوندەکەینەوە:

#### 3-5-1- کۆمەڵەی دەمکاتە سادەکان:

#### 3-5-1-1- ڕانەبوردوی سادە لە ڕستەی پرسیاریدا present simple:

ڕستەی ڕانەبوردوی سادە لە شێوەی پرسیاریدا، پێویستی بە زیادکردنی کارێکی یاریدەدەرە (does/do)، کارە یاریدەدەرەکە دەکەوێتە سەرەتای ڕستە پرسیارییەکە و دواتر بکەر بە شوێنیدا دێ، ئینجا کارە سەرەکییەکە دێ. یاسای داڕشتنەکەی بەم شێوەیە:[Do/Does + بکەر+ کاری سەرەکی(base)+ c. +Question mark]. دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە ئەگەر بەرکاری ڕستەکە (He, she, it) بێ (Does) وەردەگرێ و جگە لە کەسی سێیەمی تاك بێ(Do) وەردەگرێ.

Do you understand what I mean? ئایا تۆ تێدەگەی مەبەستم چیە؟
Does she help you? ئایا ئەو یارمەتی تۆ دەدا؟

**Table 3. 41 present simple -question**

| N. | Do/Does | s. | Main verb | c. | Q. mark |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Does | he, she, it | understand | what I mean | ? |
| ٢ | Do | I, you, we, they | understand | what I mean | ? |

#### 3-5-1-2- ڕابوردوی سادە لە ڕستەی پرسیاریدا past simple :

دەمکــاتی ڕابــوردوی ســادە لــە ڕســتەی پرســیاریدا، دو شــێوەی دەبــێ، ئەگــەر ڕســتەکە کــاری ســەرەکی تێــدابێ ئــەوا بــە هــۆی (did)ەوە دەکرێتــە شــیوەی پرســیاری، بــەم شــێوەیە: [ Did+ بکەر+ کاری سەرەکی+ .c +Question mark].

Did you go out last night? ئایا تۆ دوێنێ شەو چویە دەرەوە ؟
Did he come here? ئایا ئەو هاتیتە ئێرە؟

**Table 3. 42 past simple1 -question**

| N. | Did | s. | Main verb | c. | Q. mark |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Did | I, you, we, they he, she, it | go | last night | ? |

ئەگــەر دەمکــاتی ڕابــوردوی ســادە، بــە هــۆی کــاری یاریــدەدەر و نــاو/ ئاوەڵنــاو دروســت بــوبێ، ڕۆنــانی یاســاکەی بــەم شــێوەیە دەبــێ: [was/were+ بکــەر+ .c+ Question mark].

Was the weather good when you were on holiday? ئایا کەش و هەوا باش بو کاتێ تۆ لە پشودا بوی؟

Were they mention you to take salary? ئایا ئەوان ناوی تۆیان بردبو بۆ وەرگرتنی موچە؟

**Table 3. 43 past simple 2 -question**

| N. | was/were | s. | Main verb | c. | Q. mark |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | was | he, she, it | good | When you…. | ? |
| ٢ | were | I, you, we, they | good | When you…. | ? |

### 3-5-1- 3- داهاتوی سادە لە ڕستەی پرسیاریدا future simple :

داهــاتوی ســادە لــە ڕســتەیەکی پرســیاریدا، بــەوە دەناســرێتەوە کــە کــاری یاریــدەدەری تایبــەت بــە کــاتی داهــاتو (will) وەك زۆربــەی کــارە یاریــدەدەرەکانی تــر لــە ســەرەتای ڕســتەکە دەردەکــەوێ، ڕێســای داڕشــتنەکەی بــەم شــێوەیە: [ (will) + بکــەر+ کــاری ســەرەکی+ .c+ Question mark].

Will he arrive soon? ئایا ئەو زو دەگا؟

Shall I write an essay? ئایا من داڕشتنێك بنوسم؟

**Table 3. 44 future simple -question**

| N. | Will | s. | Main verb | c. | Q. mark |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Will | I, you, we, they he, she, it | arrive | soon | ? |

### 3-5-2- کۆمەڵەی دەمکاتە بەردەوامەکان:

#### 3-5-2-1- ڕانەبوردوی بەردەوام لە ڕستەی پرسیاریدا present continuous:

لە ڕستەی ڕانەبوردوی بەردەوام لە شێوەی پرسیاریدا، کاری یاریدەدەر(is/are/am) دەکەوێتە سەرەتای ڕستە پرسیارییەکە و دواتر بکەر بە شوێنیدا دێ، ئینجا کارە سەرەکییەکە و (ing) دێن. یاسای داڕشتنەکەی بەم شێوەیە: [Is/Are/Am + بکەر + کاری سەرەکی+ing+ c. +Question mark].

Are you taking a math course this semester? ئایا تۆ لەو وەرزی خوێندنە کۆرسی بیرکاری وەردەگری؟

Is it raining? ئایا باران دەبارێ؟

**Table 3. 45 present continuous -question**

| N. | Am/Is/Are | s. | Main verb | ing | c. | Q. mark |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Am | I | take | ing | a math course…. | ? |
| ٢ | Is | he, she, it | take | ing | a math course…. | ? |
| ٣ | Are | you, we, they | take | ing | a math course…. | ? |

#### 3-5-2-2- ڕابوردوی بەردەوام لە ڕستەی پرسیاریدا past continuous:

لە دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوامدا، ڕستەیەکی پرسیاری کاری یاریدەدەر (was, were)ی بۆ بەکاردێ و دەکەوێتە سەرەتای ڕستە پرسیارییەکەوە، دواتر کاری سەرەکی و (ing) دێن. یاسای داڕشتنەکەی بەم شێوەیە: [ (was, were) + بکەر+ کاری سەرەکی + ing + c. + Question mark].

Was Maily watching TV when we arrived? ئایا مەیلی سەیری تیڤی دەکرد کاتێ ئێمە گەیشتین؟

Were we traveling to Tehran? ئایا ئێمە گەشتمان بۆ تاران دەکرد؟

**Table 3. 46 past continuous -question**

| N. | was/were | s. | Main verb | ing | c. | Q. mark |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | was | he, she, it | watch | ing | TV …. | ? |
| ٢ | were | I, you, we, they | watch | ing | TV …. | ? |

#### 3-5-2-3- داهاتوی بەردەوام لە ڕستەی پرسیاریدا future continuous :

لە ڕستەی پرسیاریی داهاتوی بەردەوامدا لە ڕوی دەمکاتەوە، کاری یاریدەدەری (will) لە سەرەتای ڕستە پرسیاریەکە دەبێ و بکەر لە دوای دێ، دواتر پێویستی بە کارێکی تری یاریدەدەر(be) دەبێ لە پێش کاری سەرەکییەکەوە و لە دوای کاری سەرەکیش مۆرفیمی بەردەوامی(ing) پێویستە، کە دەرخەری ڕێژەی بەردەوامی دەمکاتەکەیە لە ناو ڕستە پرسیاریەکەدا. یاسای داڕشتنەکەی بەم شێوەیە: [(will) + بکەر + (be) + کاری سەرەکی+(ing)+ c.+ Question mark].

Will you be traveling this summer? ئایا ئەو هاوینە تۆ گەشت دەکەی؟

**Table 3. 47 future continuous -question**

| N. | Will | s. | be | Main verb | ing | c. | Q. mark |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Will | I, you, we, they he, she, it | be | travel | ing | this summer | ? |

### 3-5-3- کۆمەڵەی دەمکاتە تەواوەکان:

### 3-5-3- 1- ڕانەبوردوی تەواوی سادە لە ڕستەی پرسیاریدا present perfect :

ڕستەی ڕانەبوردوی تەواوی سادە لە شێوەی پرسیاریدا، (Have/Has) لە سەرەتای ڕستە دێن و دواتر بکەر دێ، کارە سەرەکییەکە لە شێوەی (pp.) بەدوایدا دێ. یاسای داڕشتنەکەی بەم شێوەیە: [ Have/Has + بکەر+ کاری سەرەکی(pp.)+ c. +Question mark].

Has it stopped raining yet? ئایا باران بارینەکە وەستاوە؟

Have they knoked the door? ئایا ئەوان لە دەرگایان داوە؟

**Table 3. 48 present perfect -question**

| N. | Have/Has | s. | Main verb | c. | Q. mark |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Has | he, she, it | stopped | raining yet | ? |
| ٢ | Have | I, you, we, they | stopped | raining yet | ? |

### 3-5-3- 2- ڕابوردوی تەواو لە ڕستەی پرسیاریدا past perfect simple :

دەمکاتی ڕابوردوی تەواو لە ڕستەی پرسیاریدا، بە هۆی جێگۆڕکێی کاری یاریدەدەر(had) و بکەری ڕستەیەکی ڕابوردوی تەواو دروست دەبێ، کارە یاریدەدەرەکە (had)، لە سەرەتای ڕستە پرسیارییەکە دێ و دواتر بکەر و ئینجا کار لە شێوەی

ســــێیەم(.pp) دێ. یاســــای داڕشــــتنەکەی بــــەم شــــێوەیە: [ (had) + بکــــەر+ کــــاری سەرەکی(.pp)+ .c+ Question mark].

Had you played? ئایا تۆ یاریت کردبو؟

**Table 3. 49 past perfect simple -question**

| N. | Had | s. | Main verb | c. | Q. mark |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Had | I, you, we, they, he, she, it | played | …. | ? |

### 3-5-3- 3- داهاتوی تەواو لە ڕستەی پرسیاریدا future perfect :

ڕســتەی داهــاتوی تــەواو لــە ڕوی پرســیارییەوە، بــە هــۆی کــاری یاریــدەدەری (will) لــە ســەرەتای ڕســتە پرســیارییەکە و پــێش بکــەر، هــەروەها بــونی کــاری یاریــدەدەری (have) لــە دوای بکەرەکــە دروســتدەبێ، دوای ئــەو کەرەســتانەش کــاری ڕســتەکە لــە شــێوەی (.pp) دێ. واتــە یاســای داڕشــتنی ڕســتەیەکی داهــاتوی تــەواو لــە ڕســتەی پرســیاریدا بــەم شــێوەیە: [ (will) + بکەر+ (have) + کاری سەرەکی (.pp)+ .c+ Question mark].

will they have left their jobs? ئایا ئەوان کاری خۆیان جێدەهێڵن؟

**Table 3. 50 future perfect -question**

| N. | will | s. | have | Main verb | c. | Q. mark |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | will | I, you, we, they, he, she, it | have | left | their jobs | ? |

### 3-5- 4- ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام لە ڕستەی پرسیاریدا present perfect :continuous

لە هەر ڕستەیەکی ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام لە شێوەی پرسیاریدا، (Have/Has) لە سەرەتادا دەبێ و دواتر بکەری ڕستەکە دێ، دوای بکەر (been) دێ و دواتر کارە سەرەکییەکە و (ing) دێن. یاسای داڕشتنەکەی بەم شێوەیە: [Have/Has + بکەر+(been)+ کاری سەرەکی+ (ing) + .c +Question mark].

You're out of breath. Have you been raining? تۆ هەناسەت تەنگە. ئایا باران خەریکە دەبارێ؟

Has he been washing his car? ئایا ئەو خەریکە ئۆتۆمبێلەکەی دەشوا؟

**Table 3. 51 present perfect continuous -question**

| N. | Have/Has | s. | been | Main verb | ing | c. | Q. mark |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Has | he, she, it | been | rain | ing | ….. | ? |
| ٢ | Have | I, you, we, they | been | rain | ing | ….. | ? |

### 3-5-5- ڕابوردوی تەواوی بەردەوام لە ڕستەی پرسیاریدا past perfect continuous :

لە ڕستەی پرسیاری دەمکات ڕابوردوی تەواوی بەردەوامدا، (Had) لە سەرەتای ڕستە دەردەکەوێ و بکەر بەدوایدا دێ، دوای بکەر کاری یاریدەدەری (been) دێ، ئینجا کاری سەرەکی و مۆرفیمی بەردەوامی (ing) دێ. واتە ڕێسای دارشتنەکەی بەم شێوەیە:

[ (had) + بکەر+(been)+ کاری سەرەکی( ing )+ c.+ Question mark].

Had you ever been going ice skating? ئایا تۆ هەرگیز خەریکی خلیسکانی سەر سەهۆڵ دەبوی؟

**Table 3. 52 past perfect continuous -question**

| N. | Had | s. | been | Main verb | ing | c. | Q. mark |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | Had | I, you, we, they, he, she, it | been | go | ing | ice skating | ? |

### 3-5-6- داهاتوی تەواوی بەردەوام لە ڕستەی پرسیاریدا future perfect continuous :

لە ڕستەی پرسیاریی داهاتوی تەواوی بەردەوام، جگە لە کاری سەرەکی، سێ کاری یاریدەدەر و مۆرفیمی بەردەوامیش لە پێکهاتەکەیدا بونی هەیە. واتە، کاری یاریدەدەری (will) لە سەرەتای ڕستە و کاری یاریدەدەری (have) لە دوای بکەرەکە و کاری یاریدەدەری (been) و کاری ڕستەکەش لەگەڵ (ing) بە دوای یەکدا دێن. ڕێسای دارشتن و دەرکەوتنی ئەم جۆرە ڕستەیە بەم شێوەیە: [

(will) + بکەر+ (have) + (been)+کاری سەرەکی +(ing) + c.+ Question mark].

Will he have been living here? ئایا ئەو دەبێ لێرە بژیێ؟

**Table 3. 53 future perfect continuous -question**

| N. | will | s. | have | been | Main verb | c. | Q.mark |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | will | I, you, we, they, he, she, it | have | been | live | …. | ? |

لە ڕوی دەمکاتەوە، ئەوەی لە دۆخی پرسیاری لە زمانی ئینگلیزیدا بەدیدەکرێ ، زۆربەی جار لە زۆربەی دەمکاتەکان شوێنی بکەر و کاری یاریدەدەری ڕستە بکەردیارەکە ئاڵوگۆڕ دەکرێ و ڕستەیەکی بکەرنادیاری هەمان دەمکاتی ڕستە بکەر

دیارەکـە دروسـت دەبـێ، ئەمـە سـەرەڕای هەنـدێ یاسـا و ڕێسـای تایبـەتی ڕسـتەکان لـە ڕوی تـاك و كـۆی بكـەرەکان و گونجانیـان لەگـەڵ كـارە یاریـدەدەرەکان. هـەروەها جگـە لـە ئـاڵوگۆڕی شـوێنی كـارە یاریـدەدەرەکان و بكـەرەکان لـە هەنـدێ لـە دەمكاتـە ئاڵۆزەکانـدا، كـاری یاریدەدەری تر بۆ ڕێکخستن و گونجانی دەمکاتەکە زیاد دەکرێ.

## بەشی چوارەم

### بەراوردكردنی دەمكاتەكان لەنێوان زمانی كوردی و ئینگلیزیدا:


هەرچەندە زمانی كوردی و ئینگلیزی هەردوكیان سەر بە كۆمەڵە زمانی خێزانی هیندۆڕوپین، بەڵام لە ڕوی داڕشتەی وشەسازیەوە جیاوازییان لەوەدایە، بە شێوەیەكی گشتی، زمانی كوردی لە جۆری زمانە مۆرفیم لكاوەكانە و زمانی ئینگلیزی لە جۆری زمانە تێكچڕژاوەكانە[1]، بۆیە لە ڕوی ڕۆنانی دەمكاتەكاندا سەرباری هەندێ باری لێكچون، ژمارەیەكی بەرچاو جیاوازیشیان هەیە.

لەم بەشەدا، بۆ ڕەچاوكردنی پێوەرێك لە بەراوردكردنی ناوەڕۆكدا، جۆر و ژمارەی دەمكاتەكانی زمانی كوردی كراونەتە پێوەری پلەبەندیی بەراوردكردنی دەمكاتەكان. هەر دەمكاتێك لە زمانی كوردیدا بەراوردكراوە بە دەمكاتەكانی زمانی ئینگلیزی و لە بەرامبەردا، چ دەمكاتێكی ئینگلیزی كوتومت هاوشێوەی دەمكاتە كوردیەكەیە، بەرامبەری دانراوە و ئاماژەی پێكراوە، ئەو دەمكاتانەی ئینگلیزیش كە لە سنوری دەمكاتە كوردیەكەن و كوتومت لە كوردیدا نین، یان بە پێچەوانە ئاماژەیان پێكراوە. پلەبەندیی دەمكاتە كوردیەكانیش بەم شێوەیە ڕیزبەند كراون:

---

1 بە پێی بیردۆزی دابەشـكردنی مۆرفیمیی شـلیگل، مەبەسـت لە زمانە تێكچڕژاوەكان، بونی ڕێژەیەكی بەرچاو لە هەرسـێ جۆری مۆرفیمبەندیی وشـەكان (دابڕاو، لكاو و تواوە) لە زمانەكەدا، واتە؛ ئەو زمانانەن كە وشـەكانیان ناسادەن.

یەکەم ـ دەمکاتی ئێستا. دوەم ــ دەمکاتی ڕابوردو. سێیەم ــ دەمکاتی داهاتو. چوارەم ــ دەمکاتی ڕانەبوردو.




**هێڵکاری 4. 1 مۆڕفیمەکانی کات لە زمانی کوردی**

وەك لەم هێڵکاریەی سەرەوە نیشاندراوە، لە زمانی کوردیدا مۆڕفیمەکانی کات داڕێژەری کاتی گشتیی دەمکاتەکانن، بۆ وردکردنەوەی کاتی تایبەتیی دەمکاتەکان پشت بە ئاوەڵکارەکان دەبەسترێ. لەسەر ئەم بنەڕەتە و بە پێی دەمکاتەکان، دەتوانرێ، 10 جۆر ڕستەی دیار و باو لە زمانی کوردی جیابکرێنەوە، کە ئەمانەن:

## 1-4- دەمکاتەکانی ئێستا (Present tenses):

مەبەست لە کاتی ئێستا لە ڕێزماندا، ئەو ڕستانەن کە بواری ڕودانیان لە دەمی ئاخاوتندایە و لە کارەکانیاندا ئاماژە بە کاتی ئێستا دەکەن، لە زمانی کوردیدا، تەنیا (ە/ø)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا لە داڕشتنیاندا هەیە. ئەو دەمکاتەش لە سێ جۆر ڕستەدا دەردەکەوێ: ڕستەکانی هەواڵدانی کاتی ئێستای چاوگی (بون)، ڕستەکانی هەواڵدانی کاتی ئێستای چاوگی (هەبون) و ڕستەکانی کاتی ئێستای فەرماندان:

**1-1-4- ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستای چاوگی (بون):** لە زمانی کوردیدا، ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا تەنیا لە جمکە چاوگی[1] (بون) و (هەبون)دا دادەڕێژرێ و لە هیچ چاوگێکی تر دانارێژرێ، وەك:

• من زیرەکم. ← (من) نیهاد + زیرەك (ئاوەڵناو) تەواوکەری بون + (بــø) (ڕەگی بون) + (ەــø) مۆڕفیمی ئێستا + (م) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد. (I am clever.).

1 بۆیە ئەو چاوگی بون و هەبون بە یەك چاوگ، یان جمکە چاوگ دادەنرێن، چونکە ڕەگە بنەڕەتیەکە مۆڕفیمی (بــ)ــە و واتای هاتنە ئارایی دەدا، پێشگری (هە) تەنیا واتای ئارایی دەدا، وەك (هەیە ← نەیە/نیە، هەبو ← نەبو، هەبێ ← نەبێ،....). لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر چاوگی (بون) (verb to be) و بەرامبەر (هەبون)، ( verb to have) دانراون.

• تۆ زیرەکی. ← (تۆ) نیهاد + زیرەك (ئاوەڵناو) تەواوکەری بون + (بـ←ø) (ڕەگی بون) + (ە←ø) مۆرفیمی ئێستا + (ی) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد. (You are clever.).

• ئەو زیرەکە. ← (ئەو) نیهاد + زیرەك (ئاوەڵناو) تەواوکەری بون + (بـ←ø) (ڕەگی بون) + (ە) مۆرفیمی ئێستا + (ø) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد. (He is clever.).

• ئێمە زیرەکین. ← (ئێمە) نیهاد + زیرەك (ئاوەڵناو) تەواوکەری بون + (بـ←ø) (ڕەگی بون) + (ø) مۆرفیمی ئێستا + (ین) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد. (we are clever.).


• ئێوە زیرەکن. ← (ئێمە) نیهاد + زیرەك (ئاوەڵناو) تەواوکەری بون + (بـ←ø) (ڕەگی بون) + (ø) مۆرفیمی ئێستا + (ن) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد. (You are clever.).

• ئەوان زیرەکن. ← (ئێمە) نیهاد + زیرەك (ئاوەڵناو) تەواوکەری بون + (بـ←ø) (ڕەگی بون) + (ø) مۆرفیمی ئێستا + (ن) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد. (They are clever.).

**ـ بەراورد:**

ڕستەی هەواڵدان (The declarative sentence) لە دەمکاتی ئێستادا (Present tense) تا ڕادەیەکی زۆر لە نێوان کوردی و ئینگلیزیدا هاوـ واتا و هاوشێوەن. لە بەراوردکردنی ئەم دەمکاتەی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا، دەردەکەوێ، لە کوردیدا چاوگی بون، هیچ پەیوەندیێکی بە مۆرفیمەکانی کاتەوە نیە، تەنیا ئەوەندەیە، لەم دەمکاتەدا ڕەگی بون دەرناکەوێ و ئەگەر دەرکەوێ، واتای ڕستەکە لە هەواڵدانی کاتی ئێستا دەگۆڕێ بۆ ڕستەی مەرجی، لە کەسی سێیەمیشدا بۆ فەرماندان.

لە زمانی ئینگلیزیدا، ئەم دەمکاتە کوتومت بە هەمان شێوەی زمانی کوردی لە چاوگی (بون/been) دروستدەبێ، بەڵام ئەوەی جیاوازیە، لە ئینگلیزیدا، چاوگی (been) لەگەڵ مۆرفیمەکانی کات تێکەڵکراوە و بەم شێوەیە گەردانکراوە:




**هێڵکاری 4. 2 دەمکاتەکانی (بون)**

بە سەرنجدانێکی ورد دەردەکەوێ، ئەم دەمکاتە لە هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزی تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەن و چەند خاڵێکی لێکچو و هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە کە ئەمانەن:

1ــ له هەردو زمانەکەدا تەنیا لە چاوگەکانی (بون/to be) و (هەبون/to have) دەتوانرێ، ئەم جۆرە دەمکاتە دروستبکرێ. لە هەردوکیان سەرباری نیهاد (subject) و مۆرفیمی کاتی ئێستا، ڕەگی چاوگی بون هەیە کە دەرنەکەوتوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر ئەو ڕەگە دەرکەوێ، یان ڕستەکە دەبێتە فەرماندان، یان دەمکاتەکەی دەگۆڕێ:

• ئازاد زیرەکـø‍ـەø. ← ئازاد زیرەکبـەø. • Azad is clever. ← Azad be clever.

2ــ ئەگەر ڕێکاری (بەردەوامبون/being) بدەینە ڕستەکە، دیسان ڕەگی (بون/to be)، واتە؛ (بـ/be) سەرباری مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە/is) دەردەکەوێتەوە:

• ئازاد لە کردەی زیرەکبونداپە./ ئازاد خەریکی زیرەکبونە. • Azad is being clever.

لە زۆر دەمکاتی تریشدا، ڕەگی (بـ/be) لە مۆرفیمی کات جیا دەبێتەوە، بۆ نمونە لە داهاتو (ێ/will)

• ئەو دێ زیرەك بێ/ ئەو زیرەکەبێ[1]. • Azad will be clever.

لەم بەراوردەدا دو شتمان بۆ دەردەکەون:

یەکەمیان ــ لە زمانی ئینگلیزیشدا، وەکو زمانی کوردی چاوگی (بون/been) هیچ پەیوەندییەکی بە مۆرفیمەکانی کاتی ئێستا و ڕابوردوەوە نیە و مۆرفیمەکانی (is, are) و (was, were) مۆرفیمی کاتن و ناگەڕێنەوە بۆ چاوگی (بون/been)، بەڵام وەکو ڕێزمانی نەرێتی دێرینی کوردی، لەبەر دەرنەکەوتنی ڕەگی ئەو چاوگە لەو دەمکاتەدا، ئەو مۆرفیمانەیان بە گەردانێکی ئەو چاوگە داناوە.

دوەمیان ــ لە ناو ئەو مۆرفیمانەی کاتی ئینگلیزیدا، دو واتا تواونەتەوە، لە (is و was)دا واتای کات و کەسی تاك و لە (are و were)دا واتای کات و کەسی کۆ تواونەتەوە.

**4-1-2- ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستای چاوگی (هەبون):** چاوگی (هەبون) لە زمانی کوردیدا جمکێکی چاوگی (بون)ـە و تەنیا جیاوازیی لەوەدایە، پێشگری (هە) واتای ئەرێیی دەدا و پێچەوانەی واتای (نەبون)ـە، (بون) واتە؛ لەئارادابون و (هەبون) واتە؛ لە ئارادا هەیە، (نەبون) واتە؛ لە ئارادا نیە.

• پارەم هەیە. ← (پارە) نیهاد + (م) دیارخەر[2] + (هە) مۆرفیمی ئەرێییە + (بـ ـø) (ڕەگی بون) + (یـ) ناوبڕە + (ە ـø) مۆرفیمی ئێستا + (ø) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد. (.I have money).

1 لە زاری باکوردا دەمکاتی داهاتو هاوشێوەی (future)ی زمانی ئینگلیزیە.

2 لەم جۆرە نمونانەدا: (هیوام هەیە، خانوت هەیە، پارەی هەیە، ماڵمان هەیە، مناڵتان هەیە، کاریان هەیە)، لە هەمویان ڕاناوەکانی دەستەی خاوەنیی (م، ت، ی، مان، تان، یان) تەنیا ئەرکیان دیارخەریە و هیچ ڕۆڵێکی بکەری و بەرکاری نابینن.

• پارەت هەیە. ← (پارە) نیهاد + (ت) دیارخەر + (هە) مۆرفیمی ئەرێییە + (بـ←ø) (ڕەگی بون) + (یـ) ناوبڕە + (ە←ø) مۆرفیمی ئێستا + (ø) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد. (.You have money).

• پارەی هەیە. ← (پارە) نیهاد + (ی) دیارخەر + (هە) مۆرفیمی ئەرێییە + (بـ←ø) (ڕەگی بون) + (یـ) ناوبڕە + (ە←ø) مۆرفیمی ئێستا + (ø) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد. (He/She/It has money.).

**ـ بەراورد:**

لە بەراوردکردنی ئەم نمونانەی سەرەوە لە نێوان کوردی و ئینگلیزیدا، دەبینین، لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ دەمکاتی هەواڵدانی کاتی ئێستا (has و have) وەکو کار (verb to have) بەرامبەر (هەبون) دانراون، بەڵام ڕەنگە (has و have)[1] تەنیا مۆرفیمی کاتی ئێستای هەبون بن، بۆ تاك و کۆ، وەکو (is و are)، چونکە لە هەندێ دەمکاتدا، وەك دەمکاتە تەواوەکان (perfect) چاوگی (been) لەگەڵ (have) دەردەکەوێتەوە.

**3-1-4- ڕستەی فەرماندان:** ڕستەی فەرماندان (Imperative sentence) لە کوردی و ئینگلیزیدا، بە هەمان شێوەی ڕستەکانی سەرەوە، ڕادەی لێکچونیان زۆرە، وەك لەم ڕستانەی خوارەوە:

• زیرەك ببە/بە. ← زیرەك (ئاوەڵناو) تەواوکەری بون + (بـ/ø) مۆرفیمی ئارایی[2] + (بـ) ڕەگی کار + (ە) مۆرفیمی ئێستا + (ø) ڕاناوی ڕێککەوتنی بکەر (تۆ). (.Be clever).

• زیرەك ببن/بن. ← زیرەك (ئاوەڵناو) تەواوکەری بون + (بـ/ø) مۆرفیمی ئارایی + (بـ) ڕەگی کار + (ø) مۆرفیمی ئێستا + (ن) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد (ئێوە). (.Be clever).

• زو بخەوە. ← زو (ئاوەڵکار) + (بـ) مۆرفیمی ئارایی + (خەو) ڕەگی کار + (ە) مۆرفیمی ئێستا + (ø) ڕاناوی ڕێککەوتنی بکەر (تۆ). (.Sleep early).

• زو بخەون. ← زو (ئاوەڵگوزارە) + (بـ) مۆرفیمی ئارایی + (خەو) ڕەگی کار + (ø) مۆرفیمی ئێستا + (ن) ڕاناوی ڕێککەوتنی بکەر (ئێوە). (.Sleep early).

---

1 لێرەدا گومانێك پەیدا دەبێ، (ha) لە (has و have)دا، لەگەڵ (هە)ی (هەبون) بگەڕێنەوە بۆ هەمان بنچینە، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نیە بۆ سەلماندنیان، جگە لەوەی هاوشێوە و هاو- واتان.

2 ڕەگی چاوگی (بون) واتای هاتنە ئارایی دەدا و ڕەگەکەی (بـ) دەبێتە مۆرفیمی ئارایی، کاری فەرماندان لە زمانی کوردیدا، بە یارمەتی ئەو (بـ)ی مۆرفیمی ئاراییە دادەڕێژرێ و بە واتای ئەوەی پێویستە ئەوەی داواکراوە، واتە؛ فەرمانەکە بێتە ئارا، بەڵام ئەگەر (بون) کاری سەرەکیی ڕستە بێ، دەشێ، ئەو مۆرفیمی ئاراییە بسوێ، لەبەر ئەوەی هەمان واتای ڕەگی کارەکە دەدا.

• وانەکە بنوسە. ← وانە (بەرکار) + (بـ) مۆرفیمی ئارایی + (نوسـ) ڕەگی کار + (ە) مۆرفیمی ئێستا + (ø) ڕاناوی ڕێککەوتنی بکەر (تۆ). (.Write the lesson).

• وانەکە بنوسن. ← وانە (بەرکار) + (بـ) مۆرفیمی ئارایی + (نوسـ) ڕەگی کار + (ø) مۆرفیمی ئێستا + (ن) ڕاناوی ڕێککەوتنی بکەر (ئێوە). (.Write the lesson).

**ــ بەراورد:**

لە بەراوردکردنی ئەم نمونانەی سەرەوە لە نێوان کوردی و ئینگلیزیدا، دەبینین، لە هەردو زماندا بۆ ڕستەی فەرماندان دەمکاتی ئێستا بەکاردێ، چونکە: یەکەم ــ کارەکە فەرماندانە و پێویستە ئێستا ئەنجامبدرێ. دوەمیش ــ کەسی دوەمی فەرمان پێکراو، چ تاك بێ (تۆ)، چ کۆ (ئێوە)، بەرامبەر فەرماندەرن و پێویست بە ناوهێنان، یان ڕاناوی سەربەخۆ ناکا، تەنیا جیاوازی ئەوەیە، لە کوردیدا ڕاناوی ڕێککەوتن لە کەسی دوەمی تاکدا دەرناکەوێ و لە کەسی دوەمی کۆدا (ن) دەردەکەوێ، بەڵام لە ئینگلیزیدا ڕاناوی لکاو نیە. جیاوازیێکی تریش لەوەدایە، لە زمانی کوردیدا، مۆرفیمی کاتی ئێستا لە کەسی دوەمی تاك دەردەکەوێ و لە کەسی دوەمی کۆدا، لەبەر بونی ڕاناوی لکاو دەرناکەوێ، بەڵام لە ئینگلیزیدا لە هەردوکیان مۆرفیمی کاتی ئێستا نیە و ڕەوتەکە گوزارشت لە کاتەکە دەکا.

لە هەردو زمانیشدا کاری فەرماندان لە هەمو چاوگەکان دادەڕێژرێ، تەنیا لەو چاوگانە نەبێ کە تێنەپەڕی بەرکارین، واتە؛ ئەنجامدانی کارەکە لە دەسەڵاتی نیهاددا نەبێ، وەك: مردن، لەدایکبون، زان، پشکوتن، خنکان،... ئەو جۆرە چاوگانە لەڕوی ڕێزمانیەوە گەردان دەکرێن و دەکرێن بە ڕستەی فەرماندان، بەڵام لە ڕوی ژیربێژیەوە ناکرێن بە فەرماندان، وەك: (بمرە/ die)، (لەدایکببە/ born)،...

**2-4- دەمکاتەکانی ڕابوردو (Past tenses):**

دەمکاتەکانی ڕابوردو لە زمانی کوردیدا، ئەو دەمکاتانە دەگرێتەوە کە مۆرفیمێکی کاتی ڕابوردو یا پتریان تێدایە، وەك: ڕابوردوی سادە، ڕابوردوی دور، ڕابوردوی بەردەوام، ڕابوردوی تەواو، ڕابوردوی خۆزگەیی (یان مەرجی). مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردوش پێنج مۆرفیم یان ئەلۆمۆرفن: (ا، د، ت، ی، و)[1].

**1-2-4- ڕابوردوی سادە past simple:**

ڕابودوی سادە، لە زمانی کوردیدا ڕابوردوی نزیکیشی پێ دەوترێ. هەرچەندە هیچ کارێك لە زمانی کوردیدا سادە نیە و هەمو کارەکان ناسادەن، بەڵام بۆیە بەم دەمکاتە دەوترێ ڕابوردوی سادە، چونکە تەنیا یەك مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی تێدایە (ا، د، ت، ی، و). وەك:

- ئەو نوست. (.He slept).
- ئەو درەنگ هات. (.He came late).
- ئەو مامۆستا بو. (.He was a teacher).

دەمکاتی ڕابوردوی سادە، ئەو کارەیە کە (لە پێش قسەکردندا ڕویداوە و بڕاوەتەوە، پەیوەندی بە ڕودانی کاری ترەوە نیە)[2]، ئەم دەمکاتە بۆیە پێی دەوترێ (ڕابوردوی سادە) چونکە تەنیا یەك مۆرفیمی کاتی ڕابوردو لە کارەکەدا هەیە، هەروەها لەبەرئەوەی کاری سادە لە زمانی کوردیدا نیە و بۆ جیاکردنەوەش لە ڕابوردوی دور، دەشێ، ناوبنرێ (ڕابوردوی نزیك).

ئەم دەمکاتە لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، لە چاوگی بون و هەبون و هەمو چاوگەکانی تری زمان دروستدەبێ، بۆنمونە:

**ـــ ڕابوردوی سادە لە (بون)دا:**

• من ماندو بوم. ← (من) نیهاد + ماندو (ئاوەڵناو) تەواوکەری بون + (بـ) (ڕەگی کار) + (و) مۆرفیمی ڕابوردو + (م) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد. (.I was tired).

• ئێمە پێشمەرگە بوین. ← (ئێمە) نیهاد + پێشمەرگە (ناو) تەواوکەری بون + (بـ) (ڕەگی کار) + (و) مۆرفیمی ڕابوردو + (ین) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد. (.we were Peshmerga).

---

1 لە زاری ژوروی زمانی کوردیدا، دەشێ ئەلۆمۆرفی (ø) هەبێ، وەك لە چاوگەکانی (کرن، برن، مرن، خارن) کە تیایاندا مۆرفیمی (د) دەسوێ.
2 ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، شلێر ڕەسوڵ بەرزنجی، 2020، ڕێزمانی بەراورد،90.

### ـ بەراوردی (بون/to be/being)[1]:

لە دەمکاتی ڕابوردوی سادە لەگەڵ چاوگی (بون/been)دا، لە کوردیدا ڕەگی کار (بـ) دەردەکەوێ و مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوش (و) لە هەمو کەسەکان دەردەکەوێ، بەڵام لە ئینگلیزیدا، ڕەگی کار (be) دەرناکەوێ، تەنیا مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (was) بۆ تاك و (were)[2] بۆ کۆ دەردەکەون.

### ـ ڕابوردوی سادە لە (هەبون)دا:

• کارم هەبو. ← (کار) نیهاد + (م) دیارخەر[3] + (هە) مۆڕفیمی ئەرێییە + (بـ) (ڕەگی کار) + (و) مۆڕفیمی ڕابوردو + (ø) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد. (I had money.).

• دایبابمان هەبون. ← (دایباب) نیهاد + (مان) دیارخەر + (هە) مۆڕفیمی ئەرێییە + (بـ) (ڕەگی کار) + (و) مۆڕفیمی ڕابوردو + (ن) ڕاناوی ڕێککەوتنی نیهاد. (We had parents.).

### ـ بەراوردی (هەبون/ to have):

لە دەمکاتی ڕابوردوی سادە لەگەڵ چاوگی (هەبون)دا، لە کوردیدا ڕەگی کار (بـ) دەردەکەوێ و مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوش (و) لە هەمو کەسەکان دەردەکەوێ، بەڵام لە ئینگلیزیدا، ڕەگی کار (be) دەرناکەوێ، تەنیا مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو (had)[4] بۆ تاك و کۆ دەردەکەوێ.

ئەوەی لەم دەمکاتەدا، لە نێوان هەردو زمانەکەدا هاوبەشە، هەرچەندە لە ڕوی ڕێزمانیەوە هەردوکیان لە ڕوخسار و دارشتندا لە شێوەی ڕابوردوی سادەن، بەڵام لە ڕوی واتاسازیدا، هەردوکیان واتای ڕابوردوی دور دەدەن و وەکو ڕابوردوی دور دەتوانن لە ڕستەی تێکەڵدا بەکاربێن و لەمە زیاتر ڕابوردوی دوریان لێ دروستناکرێ. وەك:

• کە قوتابی بوم، ئوتومبێلم هەبو. When I was a student, I had a car.

1 لە ئینگلیزیدا، چاوگ (infinitive) بە پێشگری (to) لەگەڵ ڕەگ (base)، یان پاشگری (Ing-) لەگەڵ ڕەگ دروستدەبێ.
2 لە زمانی ئینگلیزیدا کەسی دوەمی تاکیش (you) بۆ ڕێزلێنان وەکو کۆ هەژمار دەکرێ و لە ئاخاوتندا (are) و (were)ی لەگەڵ بەکاردێ.
3 لەم جۆرە نمونانەدا: (هیوام هەیە، خانوت هەیە، پارەی هەیە،ماڵمان هەیە، منداڵتان هەیە، کاریان هەیە)، لە هەمویان ڕاناوەکانی دەستەی خاوەنیی (م، ت، ی، مان، تان، یان) تەنیا ئەرکیان دیارخەریە و هیچ ڕۆڵێکی بکەری و بەرکاری نابینن.
4 ڕەنگە (had) لە (have) لەگەڵ پاشگری مۆڕفیمی ڕابوردو (ed) لێکدرابن (had ← ed + have) و گۆڕانکاری دەنگییان بەسەردا هاتبێ.

**ـــ بەراوردی دەمکاتی ڕابوردوی سادە لە چاوگەکانی تردا:**

داڕشتنی ڕابوردوی سادە لە زمانی کوردیدا، تا ڕادەیەك بە بەراورد بە دەمکاتەکانی تر ئاسانتر جیادەکرێنەوە و دیاردەکرێن، چونکە سادەن لە ڕوی وەرگرتنی مۆرفیمەکانی کاتەوە و تەنیا یەك مۆرفیم (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو) وەردەگرن و دەکەوێتە دوای ڕەگی کارەکە، کە بە شێوەی (مۆرفیمی ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + مۆرفیمی ڕاناوی لکاو) دەردەکەون:

- ئازاد ڕۆیشت. (ڕۆیش) ڕەگی + (ت) مۆرفیمی ڕابوردو + (ø) ڕاناوی لکاو (Azad walked).

کاری سەرەکی لە زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی سادە وەکو یەك یەکەی سەربەخۆ لە ڕستەدا دەردەکەوێ، بەڵام لە زمانی کوردیدا، لەبەرئەوەی زمانێکی نوساوە، لەم دەمکاتەدا و لە هەمو دەمکاتەکانی تردا ڕەگی کار و مۆرفیمە لکاوەکانی کەس و کات لە تەنیشت یەك ڕیزدەبن و بەیەکەوە دەلکێن، بە شێوەیەك بە پێی جۆر و ژمارەی مۆرفیمەکانی کات دەمکاتەکانیان جیادەکرێنەوە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا، لەبەرئەوەی زمانێکی تێکچڕژاوە، واتە؛ لە هەندێ دۆخدا دابڕاوە و کەرەسەکان وەکو یەکەی سەربەخۆ دەردەکەون، وەك مۆرفیمەکانی (was) و (were) بۆ ڕابوردو و هەندێ جار لکاوە وەك مۆرفیمی (ed) بۆ ڕابوردو و هەندێ جاریش تەواوەیە وەکو لە کارە ناوێزەکانی وەك: (slept, came, went).

ئەگەر کاری سەرەکیی ڕستە بە شێوەی یاسایی ببێ بە گەردانی دوەم (ڕابوردو) بە هۆی زیادکردنی (ed-) بۆ کۆتایی کارەکە، دەکرێتە ڕابوردو، ئەو کارانەی بە زیادکردنی (ed) دەبنە ڕابوردو، (بەپێی پەیڕەوێکی ڕێکوپێک دەکرێنە ڕابوردو و نیشانەکانی کاتی ڕابوردو(ed) یان بۆ زیاددەکرێ)[1]. وەکو: (Play-played, save-saved, stop-stopped)، بۆ نمونە:

- ئەوان تەماشای تەلەفزیۆنیان کرد. They watched TV.
- ئەوان تەماشای تەلەفزیۆنیان نەکرد. They [2]<u>didn't</u> <u>watch</u> TV.
- ئەو لە قسەکردن ڕایگرتم. She <u>stopped</u> me from talking.
- ئەو لە قسەکردن ڕایگرتی؟. <u>Did</u> she <u>stop</u> you from talking?

---

1 SIDNEY GREENBAUM, In memoriam,1996, Oxford University Press Inc, New York, 133.


2 ڕەنگە کاری یاریدەدەری (did)یش لە (do) و پاشکری (ed) پێکهاتبێ (do + ed ← did) و گۆڕانکاریی دەنگی بەسەردا هاتبێ.

لەو نمونەی سەرەوەدا دەبینرێ، لە دۆخی نەرێ و پرسیاردا، کاری یاریدەدەری (did) وایکردوە، کارە سەرەکیەکانی (watch) و (stop) پێویستییان بە پاشگری (ed) نەمێنێ.

سەبارەت بەو کارانەی بە شێوەی ناوێزە دەبنە ڕابوردو، واتە؛ مۆرفیمی کاتی ڕابوردو(ed-) وەرناگرن، چەمکی ڕابوردو لەناو خودی کارەکەکە دەتوێتەوە و ناتوانرێ بە هۆی هیچ نیشانە و ئاماژەیەکی ڕابوردو بناسرێتەوە، بەڵکو دەبێ ئاخێوەر شارەزایی لە زمانەکە هەبێ و گەردانی کاری ڕابوردوی کارە ناوێزەکان بزانێ، تاکو دەمکاتی ڕستەکەی بۆ دەربکەوێ، وەك: (come-came, go-went, cut-cut……)، ئەم ناوێزەییە لە زمانی کوردیدا دەگمەنە، لەبەرئەوەی لە زمانی کوردی هەمو کارەکان بە شێوەی یاسایی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو تێیاندا دەردەکەوێ و ڕۆڵی گەیاندنی چەمکی ڕابوردو بە کارەکە دەبەخشن:

- ئەوان درەنگ هاتن. They came late.
- ئەو چو بۆ قوتابخانە. He went to school.
- ئەو هۆنراوەیەکی نوسی. She wrote a poet.

بەکارهێنانی دەمکاتی ڕابوردوی سادە لە زمانی کوردی و ئینگلیزی بۆ دەربڕینی کارێك بەکاردێ کە پێش دەمی ئاخاوتن ڕویداوە و ئاوەڵکار و دەربڕینی تایبەت لە هەردو زماندا لەم دەمکاتە تایبەت بە کاتی ڕابوردو دەردەکەون. بواری ڕودانی ئەم دەمکاتە لەم هێڵکاریە دەخرێتەڕو:




**هێڵکاری 4. 3 بەکارهێنانی دەمکاتی ڕابوردوی سادە**

### 4-2-2- ڕابوردوی بەردەوام past continuous:

مەبەست لە دەمکاتە بەردەوامەکان ئەوەیە، کارەکە خاڵێکی دەسپێك و خاڵێکی کۆتایی هەیە، بواری ڕودانی بەردەوامبونە لە نێوان ئەو دو خاڵە، واتە؛ لە خاڵی یەکەم دەستپێدەکا و بەردەوام دەبێ تاکو لە خاڵی دوەم کۆتایی دێ. وەك لەم هێڵکایەدا دیارە:




**هێڵکاری 4 .4 بواری کارکردنی دەمکاتە بەردەوامەکان**

لــە زمــانی کوردیـدا، مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا لەگــەڵ مـۆرفیمی کــاتی ڕابـوردو دەردەکــەون و مـــاوەی خایانـــدنی ڕودانـــی کارەکـــە لـــە ڕابـــوردوەوە بـــەرەو ئێســـتا درێژدەکەنـــەوە و بەردەوامیەکــەی دەردەخــەن، لــە زمــانی ئینگلیزیشــدا، لــەم دەمکاتــە مۆرفیمــەکانی کــاتی ڕابـوردو (was بـۆ تـاك و were بـۆ کـۆ) بـەکاردێن لەگـەڵ نیشـانەی تایبـەت بـە بـەردەوامی کە پاشگری (ing)یە، دەکەوێتە دوای کاری سەرەکی ڕستەکە و بەردەوامیەکە دەردەخا.

بـواری ڕودانـی ڕابـوردوی بەردەوام لە هەردو زمـانی کـوردی و ئینگلیزیـدا هـاودەمن و وەکـو یەکـن، واتە؛ کارێـك لە خـاڵێکی ڕابـوردودا دەسـتپێکردوە و بەردەوام بـووە تـاکو خـاڵێکی تـر لە ڕابـوردو، یـان تـاکو دەمـی ئاخـاوتن و لە خـاڵی دوەمـدا کۆتـایی هـاتوە و تەواوبووە:

- ئەوان لە ئاهەنگەکە سەمایان دەکرد. They were dancing in the party.
- ئەو یاری دەکرد. He was playing.

**بـــــەراورد:**

دەمکــاتی ڕابــوردوی بــەردەوام لــە هــەردو زمانەکــەدا لەگــەڵ کــاری ســەرەکی دێــن و پێویســتییان بــە کــاری (بــون been) نیــە، بــەڵکو مۆرفیمــەکانی کــاتی ڕابــوردو لــە هــەردو زمانــدا دەردەکــەون و ئــەوەی جیــاوازە لــە نێوانیانــدا، لــە زمــانی کوردیــدا بەردەوامــیەکە لە نێـوان مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو (ا/ د/ ت/ یـ/ و) و مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا (ە)دایە، بەڵام لە زمـانی ئینگلیزیـدا چەمکـی بەردەوامـیەکە لە نێـوان مۆرفیمەکـانی کـاتی ڕابـوردو ( was, were) و پاشگری (ing) دان.

**4-2-3- ڕابوردوی تەواو past perfect[1]:**

[1] کامیل حەسەن بەسیر ئەم دەمکاتە، بە (ڕابوردوی خاوەن شوێنەوار) ناودەبات. (کامیل حەسەن بەسیر، 2013، 49).

دەمکاتی ڕابوردوی تەواو (past perfect) لە زمانی ئینگلیزیدا، بە هۆی کاری یاریدەدەری هەبو (had) و گۆڕینی کاری سەرەکیی ڕستە بۆ گەردانی سێیەم (past participle) دادەڕێژرێ. ئەم دەمکاتە بۆ گوزارشتکردن لە ڕوداوێك بەکاردێ لە کاتی ڕابوردودا پێش ڕوداوێکی ڕابوردوی تر ڕویداوە و تەواوبووە. واتە؛ دو ڕوداو لە ڕابوردودایەك لە دوای یەك ڕویانداوە، ڕوداوی یەکەم ڕویداوە و تەواوبووە و کۆتایی هاتوە، ئەوە ڕابوردوی تەواوە، بەڵام دوەم دوای ئەو ڕویداوە و کاتی ڕودانەکەی نزیکترە و هێندەی کاری یەکەم دورنیە. بۆ نمونە:

- Azad had completed the admission exam, then he enrolled in college.

ئازاد تاقیکردنەوەی وەرگرتنی کردبو، ئینجا خۆی لە کۆلێژ تۆمارکرد.

- Pareezad had had an embassy interview, before he got her visa.

پەریزاد پێش وەرگرتنی ڤیزە، چاوپێکەوتنی کونسوڵخانەی کردبو.

**بـــــــەراورد:**

خاڵی جیاوازی لە هەردو زماندا ئەوەیە، هەرچەندە ئەم دەمکاتە پێویستیی بە کاری یاریدەدەرە، بەڵام لە زمانی کوردیدا کارە سەرەکیەکە و کارە یاریدەدەرەکە (بو) لە دۆخی ڕابوردون، کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا، کارە یاریدەدەرەکە (had) ڕابوردوی (verb to have)ـە و کارە سەرەکیەکەش گەردانی سێیەمە (past perfect).

خـــــاڵی هاوبەشـــــیش لە نێـــــوان هەردو زمـــــانەکەدا ئەوەیە، لە هەردو زمانـــــدا دو ڕوداوی ڕابــوردو هەن، کــاری ڕســتەی ڕوداوی یەکەم ڕابــوردوی دورە و کــاری ڕســتەی ڕابــوردوی دوەم ڕابوردوی سادەیە:

- When I got home, my children <u>had</u> <u>slept</u>.

کە من گەیشتمە ماڵ، مناڵەکانم نوستـــبـــــــــون.

- My mother had cooked breakfast, when I got up.

کە من لە خەو هەستام، دایکم نانی بەیانی ئامادەکردبو.

بــونی گــەردانی ســێیەم ســەرەڕای ئــەوەی یارمــەتی بەکارهێنــەری زمانەکــەدا بــۆ ئاســانتر بــەکارهێنانی کارەکــان لــە دەمکاتــە تەواوەکانــدا، بــەڵام لــە لایــەکی تــر ئــاڵۆزی بــۆ بەکارهێنــەری زمانەکــە، بەتــایبەتی وەك زمــانی دوەم دروســتدەکا کــە ناچــار دەبــێ گــەردانی ســێیەمی هــەمو کارەکــان ئەزبــەر بکــات بــە تایبــەتی ئــەو کارانــەی کــە شــێوەی ناوێزەیــان لــەم بارەیــەوە هەیــە، بــەڵام لــە زمــانی کوردیــدا لــەو لایەنــە بــارگرانی بــۆ بەکارهێنــەرانی نیــە و ژمارەیــەکی کــەم

نـاوێزە لـە کـارە ڕابوردوەکانـدا هەیـە. بـۆ گـەردانی دوەم و کـاری ڕابـوردوش بـە هـەمان شـێوە لــە زمــانی ئینگلیــزی ژمارەیــەکی زۆر نــاوێزە لــە گــەردانی دوەمــدا بەدیــدەکرێ و لــە زمــانی کوردی کارەکان پتر بە شێوەی یاسایی دەکرێنە ڕابوردو. بۆ نمونە:

| | | |
|---|---|---|
| دەبڕێ (cut) | بڕی (cut) | بڕیبوی (cut) |
| دەنوسێ (write) | نوسی (wrote) | نوسیبوی (written) |
| سەیردەکا (watch) | سەیریکرد (atched) | سەیری کردبو (watched) |

وەك لەم نمونانەی سەرەوەدا دیارە، لە زمانی ئینگلیزی هەندێ لە کارەکان بۆ هەر سێ گەردانەکە هەمان شێوەیان هەیە، یان هەندێکیان گەردانی دوەم و سێیەمیان وەکو یەکە، هەندێکیشیان بۆ هەر یەکێك لە گەردانەکان شێوەیەك وەردەگرن، هەرچەندە بۆ ئەو کارانەی بە شێوەی یاسایی دەگۆڕێن بۆ ڕابوردو و ڕابوردوی تەواو نیشانەی تایبەت هەن، ئەوانیش (ed) بۆ ڕابوردو و (en) بۆ گەردانی سێیەمن، بەڵام بۆ جیاکردنەوە و خستنەڕوی دەمکاتەکان کارە یاریدەدەرەکان ئەم ڕۆلە دەبینن.

### 4-2-4- ڕابوردوی خۆزگەیی:

ئــەم دەمکاتــە بــۆ دەربڕینــی ڕودان یــان ڕونــەدانی کارێــك لــە ڕابــوردودا بــەکاردێ، کــە قســەکەر ئــارەزوی دەکــرد ڕویــدابا، بــەڵام ڕوینــەداوە و بوەتــە خۆزگــە، وەکــو: (خۆزگــە خوێندنەکــەم لــە ســاڵی ڕابــوردو تــەواوکردبا)، یــان بــە پێچەوانــەوە قســەکەر خۆزگــەی ڕودانــی کارێـك دەخـوازێ کـە ڕوینـەداوە، وەکـو: (خۆزگـە گـەلی کـورد بـە ئاواتـەکانی گەیشـتبا)، بـەڵام کارەکـە لـە ڕابـوردو ڕوینـەداوە و قسـەکەر بـە هـۆی شـێوازی خۆزگـەیی دەریـدەبڕێ، واتـە؛ (خۆزگــەیی یەکێکــە لــە جۆرەکــانی داخــوازی، کــە قســەکەر ئــاوات و ئــارەزوی بەدەســتهێنانی شـتێك دەخـوازی لـە پێنـاو خۆشەویسـتی، کـە لـە ڕابـوردو ڕوینـەداوە و بەسـەرچوە و هـەرگیز بەدەسـتنایێ و ئەنجامـدانی کارەکـە دەبێتـە خۆزگـەیی)[1]، یـان ڕەنـگە وەکـو مەرجێکـی ڕابـوردو لە ڕســتەی ئــاوێتەدا بەکــاربێ، وەك: (ئەگەر خوێندنەکــەم لــە ســاڵی ڕابــوردو تــەواوکردبا، ئێسـتا لە زانکـۆ بـوم.)، یـان (ئەگەر گـەلی کـورد بـە ئاواتـەکانی گەیشـتبا، ئێسـتا سـەرفراز دەبوین.).

ڕابــوردوی خۆزگــەیی بەرامبــەر ئــەو ڕســتانە بــەکاردێ لــە زمــانی ئینگلیزیــدا وشــەی خۆزگەیی (wish)یان (would)یان وەکو ڕستەیەکی ئاوێتە تێدایە، بۆ نمونە:

- بریا هاتبا. I wish he came.

[1] ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، عاتف عەبدوڵڵا فەرهادی، شێوازی خۆزگەیی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە (49)، 7-34، 30

- بریا هاتبایه. I wish he has come.
- بریا هاتبوبایه. I wish he had come.

دەشێ وەکو مەرجی بۆ کارێکی ڕابوردو بەکاربێ، وەك:

• ئەگەر دوێنێ هاتبا، دەچوین بۆ سەیران.

If he came yesterday, we would go to trip.

• ئەگەر بیخوێندبا، دەردەچو.

If she studied, she would have succeeded.

**بەراورد:**

لە زمانی ئینگلیزیدا، ڕستەی ڕابوردوی خۆزگەیی کوتومت وەکو کوردی نیە، واتە؛ هەمان ئەم ڕستە سادەیەی بۆ ڕابوردوی خۆزگەیی یان مەرجیی ڕابوردو لە ئینگلیزیدا لە شێوەی ڕستەی سادە نامێنێ و وەکو شێوەیەکی وەرگێڕان دەبێتە ڕستەی نادە، وەکو لە ڕستەکانی سەرەوەدا خراوەتەڕو. هەروەها لە کوردیدا ئەو ئامرازانەی گوزارشت لەو ڕستەیە دەکەن (خۆزگە، بریا، کاشکی) بەکاردێن، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا دەبێ بە کاری (wish).

• خۆزگە چوبام بۆ لەندەن. I wish I could go to London.


لە زمانی ئینگلیزیدا دەشێ بە چەند شێوەیەکی وەرگێڕان گوزارشت لە ڕابوردوی خۆزگەیی کوردی بکرێ، بۆ نمونە وەك ئەوەی دەتوانرێ بەم شێوەیە گوزارشت لە (خۆزگەیی ڕونەدان) بکرێ: (S. + should + have + pp.) کە بەرامبەر بریا دەوەستێ، بۆ نمونە:

بریا پێی گوتبام.(واتە، پێی نەگوتوم). He should have told me.

واتە، کارێك لە ڕابوردو ڕوینەداوە و قسەکەر خۆزگەی دەخواست ڕویدابا. لە زمانی ئینگلیزی بە بەکارهێنانی (should) بۆ گوێگر ڕون و ئاشکرایە کە کارەکە ڕوینەداوە.

**4-3- دەمکاتی داهاتو Future tense:**

ئەم دەمکاتە بەکاردێ بۆ ڕودانی کارێك لە دوای کاتی ئاخاوتنەوە، واتە؛ بواری ڕودانی دەکەوێتە دوای کاتی ئێستا، لە کوردیدا بە هۆی مۆڕفیمی ئارایی و مۆڕفیمی کاتی داهاتو (ێ، ø) جیادەکرێتەوە و دەناسرێتەوە و کاتی داهاتو بە مۆڕفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو بەندکراوە، لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا ڕستەی هەواڵدانی داهاتو بە سادەیی داناڕێژرێ، بەڵکو لە شێوەی ڕانەبوردو دادەڕێژرێ و بە ئاوەڵکارەکانی کات تایبەت دەکرێ بۆ داهاتو، وەك لەم هێڵکاریەدا دیارە:




**هێڵکاری 4. 5 دەمکاتی داهاتو**

ئەمەش بــۆ ئەو هۆکــارە دەگەڕێــتەوە، کە لە کــاری ڕانەبــوردوی زاری ناوەڕاســتدا دو مــۆرفیمی کــات هەن: (ە) بــۆ کــاتی ئێســتا و (ێ) بــۆ کــاتی داهــاتو، وەك: (ە + چـــ + ێ + ø)، دەتــوانرێ بە ئاوەڵکارەکــانی کــات، جەخــت لەســەر ئێســتا، یانــداهاتو بکــرێتەوە، وەك: (ئێستا ەچێ/ø/ .He is going)، (دواتر ەچێ/ø/ .He will go later).

لە زاری ژوروی زمانی کوردیدا (Northern Kurdish dialect) دەتوانرێ مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو بخرێتە شوێنی مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا و بواری کارکردنی ڕستەکە وەکو زمانی ئینگلیزی تایبەت دەبێ تەنیا بە کاتی داهاتو، بۆ نمونە:

- تو نامەکێ دێـــنڤیسی. You will write a letter.
- ئەم دیرۆکا ئەلمانی دێـــخوینین. We shall study German history.

**بـــــەراورد:**

دەمکــاتی داهــاتو لە زمــانی ئینگلیزیــدا، بە دو شــێوە گوزارشــتی لــێ دەکــرێ و ڕســتەی هەواڵدانی کاتی داهاتو دادەڕێژرێ:

شێوەی یەکەم: بە یارمەتیی مۆرفیمەکانی کاتی داهاتو (will/ shall) کە بە کاری یاریدەدەر دانراون. وەك:

- ئەز سبەی دێـــچمە بەغدایێ. I will/shall go to Baghdad tomorrow.
- ڕەنــگە خــولی دواتــر ئەوان بیــبەنەوە. Maybe they will win the game last round.

ئەگەر ســەرنج بــدرێ، ڕســتەی هەواڵــدانی ئاســایی کــاتی داهــاتو، لە زاری ناوەڕاســتی زمــانی کوردیــدا، وەك زمــانی ئینگلیــزی نــیە، بەڵام لە زاری بــاکوردا، دەتــوانرێ، بە هەمــان شێوە گوزارشتی لێ بکرێ، وەك لەم خشتەیەدا خراوەتەڕو:

**خشتەی 4. 1 بواری ڕودانی دەمکاتەکان لە هەردو زماندا**

| present tense / دەمكاتی ڕانەبوردو | | Past tense دەمكاتی ڕابوردو/ | |
|---|---|---|---|
| دەمی دوای ئاخاوتن | دەمی ئاخاوتن | دەمی پێش ئاخاوتن | دەمی پێشتری ئاخاوتن |
| Future tense دەمكاتی داهاتو/ | Now ئێستا/ | ڕابوردوی نزیك | ڕابوردوی دور |
| He will write a letter. ئەو نامەكێ دێنفیسی. | He is writing... | He wrote a letter. | He had written a .... |

شێوەی دوەم: بە یارمەتیی دارشتەی (going to) کە گوزارشت لە ڕوداوێکی داهاتوی ئاسایی دەکا کە لە بیرۆکە یان پلانی ئاخێوەردا هەبێ، یان پێشبینی ڕوداوێکی داهاتو بکرێ، وەك:

- I am going to play football tomorrow with my children.

بە تەمام بەیانی تۆپپێ لەگەڵ مناڵەکانم بکەم.

- Our Peshmergas are very brave, we are sure thy are going to win.

پێشمەرگەکانمان زۆر ئازان، ئێمە دڵنیاین ئەوان سەردەکەون.

- She is studying hard her lessons, the exam is going to begin.

وا ئەو وانەکانی باش دەخوێنێ، تاقیکردنەوەکە خەریکە دەستپێبکا.

لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا (Central Kurdish dialect)، دەمکاتی داهاتو لە شێوەی ڕستەی داخوازی یان مەرجی دروستدەبێ کە یاسای دارشتنی کارەکەی بەم شێوەیە: (بـ/ ڕەگی بون + ڕەگی کاری سەرەکی + (ێ/ø) مۆرفیمی کاتی داهاتو + ڕاناوی لکاوی دەستەی ڕێککەوتن): وەك:

- (ئەگەر) من بچـøم بۆ ماڵەوە. (If) I go home.
- (ئەگەر) تۆ بچـøی بۆ ماڵەوە. (If) You go home.
- (ئەگەر) ئەو بچێـø بۆ ماڵەوە. (If) He/she go home.

### 4-4- دەمکاتی ڕانەبوردو Present tense:

دەمکـــاتی ڕانەبـــوردو لە زاری ناوەڕاســـتی زمـــانی کوردیـــدا، هەردو دەمکـــاتی ئێســـتا و داهـاتو دەگـرێتەوە، چـونکە دەمـی ئاخـاوتن کـاتی ئێسـتایە و هێشـتا ڕانەبـوردوە، هەروەهـا دەمـی داهـــاتوش دوای ئاخـــاوتنە و هێشـــتا ڕانەبـــوردوە، بـــۆیە لە شـــێوەی دارشـــتەنەکەیدا هەردو مـــۆرفیمی (ە)ی کـــاتی ئێســـتا گوزارشـــت لە دەمـــی ئاخـــاوتن دەکـــا و مـــۆرفیمی (ێ/ø)ی کـــاتی داهـاتو گوزارشـت لە دەمـی ئاینـدەی دوای ئاخـاوتن دەکـا. ڕێسـای ڕۆنـانی بەم شـێوەیە: د/ئـــ(ە) مـۆرفیمی کـاتی ئێسـتا + ڕەگـی کـاری سـەرەکی + (ێ/ø) مـۆرفیمی کـاتی داهـاتو + ڕانـاوی لکاوی ڕێککەوتن. وەك:

- ئەو <u>ئێستا</u> دەچێø/ ئەچێø بۆ قوتابخانە. (He is going to school now.).

• ئەو بەیانی دەچێ∅/ ئەچێ∅ بۆ قوتابخانە. (He will go to school tomorrow.).

لە ڕستەی یەکەمی سەرەوەدا، ئاوەڵکاری کاتی (ئێستا) جەخت لەسەر مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا دەکا، بەڵام لە ڕستەی دوەمدا، ئاوەڵکاری کاتی (بەیانی) جەخت لەسەر مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو دەکا.

**بەراورد:**

جیاوازیی زمانی ئینگلیزی لە دەمکاتی ڕانەبوردوی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی لەوەدایە، لە زمانی ئینگلیزیدا پتر لە جۆرێکی ڕانەبوردو هەیە، وەك لە خوارەوەدا ئاماژە بە جۆرە سەرەکیەکانی کراوە:

### 4-4-1-- ڕانەبوردوی سادە present simple:

ڕانەبوردوی سادە لە زمانی ئینگلیزیدا بە دو شێوە دادەڕێژرێ:

جۆری یەکەم: بە هۆی گەردانەکانی چاوگی بون (verb to be)، کە تیایاندا ڕەگی (been) دەرناکەوێ و کارە یاریدەدەرەکانی (is) بۆ ئێستای تاك و (are) بۆ ئێستای کۆ بەکاردێن، وەك پێشتریش لە سەرەتای ئەم بەشە ئاماژەی پێدرا. وەك:

• ئەو جوانــ∅ـە∅. She is beautiful.

• ئەوان قۆز∅∅ن. They are handsome.

جۆری دوەم: بە هۆی گەردانەکانی چاوگەکانی تر. لە گەردانی کارە ئاساییەکان، هەردو زمان لەیەکدەچن، بەڵام لە زمانی کوردیدا، کارە ڕانەبوردوەکان هەردو مۆرفیمی ئێستا و داهاتویان تیادایە و بۆ هەردو کات بەکاردێن، بەڵام لە کارە ئینگلیزیەکاندا مۆرفیمەکانی کات بە ڕونی دەرناکەون و تێکڕای ڕۆنانی ڕستەکە بە شێوەی تواوە گوزارشت لە ڕانەبوردو دەکا. وەك:

• براکەم چیرۆك دەخوێنێتەوە. My brother reads stories.

• من گوێ لە مۆسیقای کۆن ناگرم. I don't listen to classic music.

• ئازاد هەمو هاوینێك دەچێتە گوندی باپیری. Azad goes to his grandfather's village every summer.

### 4-4-2- ڕانەبوردوی تەواو present perfect:

ڕانەبوردوی تەواو لە زمانی ئینگلیزیدا، گوزارشت لە ڕواداوێك دەکا کە لە ڕابوردو دەستیپێکردوە و پێش دەمی ئاخاوتن تەواوبووە، بەڵام کاریگەریگەریەکی هەر ماوە. وەك:

• من ئوتومبێلەکەم شوشتوە. I have washed my car.

• لەیلا پەنجەرەی ژورەکەی خۆی کردوەتەوە. Layla has opened her room's window.

لە ڕستەی یەکەمی سەرەوەدا دەردەکەوێ، ئوتومبێلەکە پێش ئاخاوتن شوشتراوە، بەڵام کاریگەریەکەی ماوە، واتە؛ تا ئێستا خاوێنە و پیس نەبۆتەوە، هەروەها لە ڕستەی دوەمدا دیارە، لەیلا پەنجەرەی ژورەکەی خۆی کردوەتەوە و تا ئێستا هەر کراوەیە و دانەخراوە.

**بەراورد:**

لە بەراوردی ڕستە کوردی و ئینگلیزیەکاندا دەردەکەوێ، ئەو ڕستانەی لە ئینگلیزیدا پێیاندەوترێ ڕانەبوردوی تەواو، لە زمانی کوردیدا دەبن بە ڕابوردوی تەواو. واتە؛ ڕستەی دەمکاتی ڕانەبوردوی تەواو (present perfect tense) لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر دەمکاتی ڕابوردوی تەواو لە زمانی کوردیدا دەوەستێ.

**3-4-4- ڕانەبوردوی بەردەوام Present continuous:**

دەمکاتی ڕانەبوردوی بەردەوام لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ گوزارشتکردن لە ڕوداوێك بەکاردێ، کە دەستپێکردوە و ئێستا لە ڕودان بەردەوامە و کۆتایی نەهاتوە، واتە؛ دەمی ئاخاوتنەکە لە ناو کاتی ڕودانەکەدایە، دارشتنی دەمکاتە بەردەوامەکانی ئینگلیزی بە یارمەتیی گەردانەکانی چاوگی (verb to be) و پاشگری (ing–) بۆ دوای کارە سەرەکیەکە دادەڕێژرێن. ڕۆنانی ڕانەبوردوی بەردەوامدا بە یارمەتی مۆرفیمەکانی (is) بۆ تاك و (are) بۆ کۆ و پاشگری (ing–) بۆ دوای کارە سەرەکیەکانە، وەك:

- I am studying my lesson now and I cannot answer the phone.

من ئێستا وانەکەم دەخوێنم و ناتوانم وەڵامی تەلەفۆن بدەمەوە.

- We are not watching TV nowadays.

ئێمە لەم ڕۆژانە سەیری تەلەفزیۆن ناکەین.

**بـــــەراورد:**

لە زمانی کوردیدا دەمکاتێکی تایبەت نیە بۆ ڕانەبوردوی بەردەوام، بەرامبەر ئەوە دەمکاتێکی گشتیی ڕانەبوردو هەیە، کە بۆ ئێستا و داهاتوش بەکاردێ، وەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا، چونکە هەردو مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) و مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ/ø)ی تێدایە، بۆیە لە توانایدا هەیە هەردو دەمکاتی ڕانەبوردوی زمانی ئینگلیزی: دەمکاتی ڕانەبوردوی سادە و ڕانەبوردوی بەردەوامیش بگرێتەخۆی و گوزارشتیان لێ بکا، بۆ نمونە لە ڕانەبوردوی سادەدا دەوترێ:

- من چای دەخۆمەوە. I drink tea.
- تۆ شیر دەخۆیتەوە. you drink milk.

• ئەو قاوە دەخواتەوە. She drinks coffee.

بە هەمان شێوە ڕانەبوردوی ئاسایی لە زمانی کوردیدا، بەرانبەر لەگەڵ ڕانەبوردوی بەردەوامی ئینگلیزیش بەردەوام دەبێ، ڕەنگە هەندێ جار بۆ ڕونتر کردنەوە دەمکاتەکە، یان جەختکردنەوە لەسەر ئێستایی ڕوداوەکە، لە کوردیدا ئاوەڵکاری کاتی (وا) بەکاردێ، وەك:

• من وا چای دەخۆمەوە. I am drinking tea.

• تۆ وا شیر دەخۆیتەوە. You are drinking milk.

• ئەو وا قاوە دەخواتەوە. She is drinking coffee.

**4-5- بەراوردکردنی دەمکاتەکان لە دۆخی بکەرنادیاردا:**

ڕۆنانی بکەرنادیار لە هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، گوزارشت لە هەمان تێگە دەکەن، بەوەی لە هەردو زماندا باس لەو ڕوداوە دەکرێ، کە بکەری هەیە، بەڵام بکەرەکە دیار نیە، یان لەبەر هەر هۆکارێك بێ، بکەر فەرامۆشکراوە و بەرکار بەلوتکەکراوە.

• نامەکان <u>نوسران</u>. (ڕابوردوی بکەرنادیار) .The letters <u>were</u> <u>written</u>

• نامەکان <u>دەنوسرێن</u>. (ڕانەبوردوی بکەرنادیار) .The letters <u>are</u> <u>written</u>

**ـ بەراورد:**

سەرباری ئەوەی لە ڕستەی بکەرنادیاری هەردو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، لە سەرەتا بەرکاری ڕستەکە دەبێتە نیهاد (subject)، ئینجا کارەکە دێ و لە واتای هەردوکیاندا دیارە کە بکەرێك هەیە، کارەکەی ئەنجامداوە، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەی کاری ڕستەکە کارێکی تێپەڕە و پێویستیی بە بکەر و بەرکار هەیە، بەڵام ئەوەی جیاوازە، لە کاری بکەرنادیاری زاری ناوەڕاستی[1] زمانی کوردیدا مۆرفیمێکی تایبەت بە بکەرنادیار هەیە و ئاماژەی پێدەکا، ئەویش مۆرفیمی بکەرنادیاری (ر)ە، کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا بە یارمەتیی گەردانەکانی (verb to be) و گۆڕینی کاری سەرەکیی ڕستە بۆ گەردانی سێیەم (Past participle) دادەڕێژرێ:

• پۆلیسەکە دزەکەی گرت. ← دزەکە گیرا. (ڕابوردو).

The police caught the thief. → The thief was caught.

---

[1] لە زاری ژوروی زمانی کوردیدا هاوشێوەی زمانی ئینگلیزی کارێکی یاریدەدەر هەیە، کە گەردانەکانی چاوگی (هاتن)ن و کاری سەرەکیی ڕستەش دەبێتەوە چاوگ: وەك: ئازادی نامە نڤیسی. ← نامە هاتە نڤیسینێ. (ڕابوردو). ئازاد نامێ دنڤیسی. ← نامە دهێتە نڤیسینێ. (ڕانەبوردو).

• پۆلیسەکە دزەکان دەگرێ. ← دزەکان دەگیرێن. (ڕانەبوردو).

The police catch the thieves. → The thieves are caught.

دەربـــارەی دەمکاتەکـــانیش لە زمـــانی کوردیـــدا بە هـــۆی مۆرفیمەکـــانی کـــات دادەڕێـــژرێن کە دەکەونە دوای مـــۆرفیمی (ر)ی بکەرنادیـــار مـــۆرفیمی (ا) بـــۆ ڕابـــوردو و مـــۆرفیمی (ێ) بـــۆ داهـــاتو، ســـەرباری مۆرفیمەکـــانی تـــری کـــات کە وەکـــو پێشـــگر و پاشـــگر لە پـــێش و پـــاش کـــارەکە دێـــن، بەڵام لە زمـــانی ئینگلیزیـــدا، بە هـــۆی گەردانەکـــانی ڕابـــوردو و ڕانەبـــوردوی (verb to be) دەمکـــاتەکە دەستنیشـــاندەکرێ، ســـەرباری کەرەســـە یاریـــدەدەرەکانی تـــر کە لەگەڵ کارە سەرەکیەکەی بکەردیاردا هەبون.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا بەراوردێکی دەمکاتەکان کراوە، لە بکەردیار و نادیاری کوردی و ئینگلیزیدا:

**خشتەی 4. 2 دەمکاتەکان لە ڕستە دیار و نادیارەکانی زمانی کوردی و ئینگلیزی**

| ز | ناوی دەمکاتەکان | ڕستەی بکەردیار (Active voice) | ڕستەی بکەرنادیار (Passive voice) |
|---|---|---|---|
| ١. | ڕانەبوردوی سادە | ئەو نامەیەك دەنوسێØ. | نامەیەك دەنوسرێØ. |
| | Present Simple | He writes a letter. | A letter is written. |
| ٢. | ڕابوردوی سادە | ئەو نامەکەی نارد. | نامەکە نێردراØ. |
| | Past Simple | He delivered the letter. | The letter was delivered. |
| ٣. | داهاتوی سادە | ئەو نامەکان بنێرێØ./ دێـهنێرتØ. | نامەکان بنێردرێن./ ڤان نامە بهێنە هنارتنێ. |
| a | Future Simple | He will deliver the letters. | The letters will be delivered. |
| | داهاتوی سادە (خەریکە) | ئەو خەریکە نامەکان بنێرێØ. | نامەکان خەریکن بنێردرێن. |
| b | Future by going to | He is going to deliver the letters. | The letters are going to be delivered. |
| ٤. | ڕانەبوردوی بەردەوام | ئەوان وا نامەکان دەخوێننەوە. | نامەکان وا دەخوێنرێنەوە. |
| | Present continuous | They are reading the letters. | The letters are being read. |
| ٥. | ڕابوردوی بەردەوام | ئەوان نامەکانیان دەخوێندەوە. | نامەکان دەخوێنرانەوە. |
| | Past continuous | They were reading the letters. | The letters were being read. |
| ٦. | داهاتوی بەردەوام | ئەوان نامەکان بخوێننەوە. | نامەکان بخوێنرێنەوە. |
| | Future continuous | They will be reading the letters. | The letters will being read. |
| ٧. | ڕانەبوردوی تەواو | (تا تۆ دێی،) ئەرکی ماڵەوەم تەواوکردوە. | (تا تۆ دێی،) ئەرکی ماڵەوەم تەواوکراوە. |
| | Present perfect | I have done my homework. | My homework has been done. |
| ٨. | ڕابوردوی تەواو | سۆزان کێکێکی دروستکردوە. | کێکێك دروستکراوە. |
| | Past perfect | Sozan had made a cake. | A cake had been made. |

### 4-5-1-دەمکاتی ئێستا:

ئـەم دەمكاتــە لــە كورديـدا، دۆخــی بكــەرناديارىی لــێ دروســتنابێ، لەبەرئــەوەی ئــەم دەمكاتــە لــە كــاری تێنەپــەڕی (هــەبون) دروســتدەبێ، بــەڵام لــە ئینگلیــزی تــەنیا لــە یــەك شــێوەی ئــەم دەمكاتە (كە ڕستەكە كاری سەرەكی تێدابێ) دۆخی بكەرنادیار دروستدەبێ:

- ڕەوا سێوەكە دەخوا. ← سێوەكە دەخورێ.

Rawa eats an apple. → An apple is eaten by Rawa.

**4-5-2- دەمكاتە ڕابوردوەكان لە بكەرنادیاردا:**

لــە كورديــدا بــۆ هــەمو دەمكاتــە ڕابوردوەكــان تــەنیا مــۆرفیمی كــاتی ڕابــوردو (ا) دەردەكــەوێ و دەچێتــە دوای مــۆرفیمی بكــەرنادیار (ر)، مۆرفیمــەكانی تــری ڕابــوردو بــەكارنایێن، بــەڵام لــە ئینگلیــزی بــەپێی هــەر یەكــە لــە دەمكاتــە ڕابوردوەكــان شــێوەی جیــاوازی دەبێ.

**4-5-2-1- ڕابوردوی سادە:**

لە ڕابوردوی سادە، كاری یاریدەدەری (verb to be)، (was/ were) بەكاردێ لەگەڵ گەردانی سێیەمی كاری سەرەكیی ڕستەكە.

- ئۆتۆمبێلەكان شوران. the cars were washed.

4-5-2-2- **ڕابوردوی بەردەوام**، جیاوازییەكی ئەوتۆی لەگەڵ ڕابوردوی سادە نیە، جگە لە نیشانەی بەردەوامی (ing):

- شیرینییەكە بۆ شەوبۆ دەناردرا. The sweet was being sent to Shawbo.

**4-5-2-3- ڕابوردوی تەواو:**

لەم دەمكاتە كاری (بون) لە زمانی كوردی لەم دەمكاتە دەردەكەوێ، بەڵام لە ئینگلیزی ( verb to have) لە گەردانی سێیەمیدا دەردەكەوێ، وەك:

- خانوەكـان دروسـتكرابون. ← دروسـتكرابون. The houses had been built.

**4-5-2-4- ڕابوردوی خۆزگەیی:**

لــەم دەمكاتــە لــە كــوردی كــاری یاریــدەردەر (بــون) دەردەكــەوێ و لــە دروســتبونی ئــەم دەمكاتەدا بەشدارە، بەڵام لە ئینگلیزی (verb to be)ی تێدا نیە.

- دەبو زو نــوســـــتــبــــا. He must slept early.

**3-5-4- ڕانەبوردو لە بكەرنادیاردا:**

دەمكــاتی ڕانــەبوردو لــە دۆخــی بكــەرنادیار لــە كوردیــدا، بــەوە دەناســرێتەوە كــە مــۆرفیمی كــاتی ئێســتا و داهــاتو وەردەگــرێ. لــە ئینگلیــزی كــارە یاریــدەدەرەكانی دەرخــەری كــاتی ڕانــەبوردو (is, are) بــەپێی تــاك و كــۆی بەركارەكــە دەكەونــە دوای بــەركار و گــەردانی ســێیەمی كارەكــە بــە دوایــدا دێ. بــۆ دەمكـــاتی بـــەردەوام (being) لـــە دوای كـــارە یاریدەدەرەكـــە دێ و بـــۆ ڕانەبوردوی تەواویش (been) لە دوای (verb to have) دێ.

- ڕانەبوردوی سادە:
- پارەكە دەدرێتە من. The money is given to me.
- ڕانەبوردوی بەردەوام:
- دزەكان دەستگیردەكرێن. The thieves are being arrested.
- ڕانەبوردوی تەواو:
- پارەكە دراوەتە من. The money has been given to me.

**بـــــەراورد:**

دۆخی بكەرنادیار لەم دەمكاتەدا و لە زمانی ئینگلیزی جگە لە گەردانی سێیەمی كارە سەرەكییەكە دو كاری (بون)ی پێویستە:

- سەگەكان هەزاران ساڵە لە لایەن مرۆڤەوە چاودێری دەكرێن/بەخێودەكرێن.

Dogs have been being looked after by humans for thousands of years.

**4-5-4- دەمكاتی داهاتو لە بكەرنادیاردا:**

لــە زمــانی كــوردی یــەك جــۆر دەمكــاتی داهــاتو بــونی هەیــە، بــەڵام لــە زمــانی ئینگلیــزی چوار جۆر بەردەستە.

- (ئەگەر) بوكەڵەكان بشكێنرێن. (If) the toys will be broken by them.

لــە زمــانی ئینگلیـزی بــە هــۆی هــەبونی چــوار دەمکــاتی داهــاتو، شــێوەی جیــاوازی دەبــێ، بــەم شێوەیە:

- Future simple: subject + will+ be + pp. (The pen will be broken)
- Future perfect: subject + will+ have+ been + pp. (The pen will have been broken).
- Future continuous: subject + will+ be+ being + pp. (The pen will be being broken).
- Future perfect continuous: subject + will+ have+ been+ being + pp. (The pen will have been being broken).

### 6-4- بەراوردکردنی دەمکاتەکان لە دۆخی نەرێدا:

بــە شــێوەیەکی گشــتی، دۆخــی نــەرێی دەمکاتــەکان لــە زمــانی کــوردی بــە هــۆی چەنــد ئەلۆمۆرفێکــەوە (نــە، نــا، نــی، مــە) دروســتدەبن و بــەپێی هــەر یــەکێك لــە دەمکاتــەکان گۆڕانکــاری و وردەکــاریی تایبــەتیان دەبــێ، بــەڵام لــە زمــانی ئینگلیزیــدا تــەنیا یــەك مــۆڕفیم (not) بــۆ هــەمو دەمکاتــەکان بــەکاردێ و بــەپێی دەمکاتــەکان لەگــەڵ کــارە یاریــدەدەرەکان بەکاردێ.

لــە زمــانی کوردیــدا، مــۆڕفیمی نــەرێ زۆرجــار لــە ســەرەتای کارەکــە دەردەکــەوێ، بــە تایبــەتی ئەگــەر کارەکــە ســادە بــێ، بــەڵام لــە زمــانی ئینگلیزیــدا هەمیشــە و لــە هــەمو دەمکاتەکانــدا دەکەوێتە دوای کاری یاریدەدەر و کارە سەرەکیەکەش لە دوای دێ.

مــۆڕفیمی نــەرێ لــە زمــانی کــوردی کــورت ناکرێتــەوە و بــە شــێوەی ئــەلۆمۆرف دەردەکــەون، وەکــو: (نــەچو، نــەدەچو، نــاچێ، نــەچوبا،....)، بــەڵام لــە زمــانی ئینگلیزیــدا ئــەلۆمۆرفی نیــە و بــە یــەك شــێوە دەردەکــەوێ، بــەڵام کــورت دەکرێتــەوە، بــە شــێوەیەك کــە پیتــە بزوێنــی ناوەڕاســت دەســوێ و وێرگوڵێــك لــە شــوێنی بــەکاردێ، بــەم شــێوەیە: (n't ←not). وەکو: ( isn't, aren't, wasn't, weren't, don't, doesn't, didn't).

ڕستە نەرێیەکان، لە دەمکاتە ڕابوردوەکاندا بەوە جیادەکرێنەوە، کە کارە یاریدەدەرەکانی تایبەت بە کاتی ڕابوردو، وەکو:(was, were, had) و کارە سەرەکییەکانیش بە شێوەی ڕابوردو وەردەگرن. بەم شێوەیەی خوارەوە:

**1-6-4- دەمکاتەکانی ڕابوردو:**

لە دەمکاتی ڕابوردوی سادەدا، لە زمانی کوردی مۆرفیمی نەرێ (نە) دەچێتە سەرەتای کارەکە و کەرەستە و مۆرفیەکانی تر وەکو خۆیان دەبن و گۆرانکارییان بەسەردا نایێ، بەڵام لە ئینگلیزیدا، مۆرفیمی نەرێ دەکەوێتە دوای کاری یاریدەدەری (did) و دواتر کارە سەرەکیەکە لە شێوەی گەردانی یەکەمی (واتە چاوگ) دەردەکەوێ، بەم شێوەیە:

- ئێمە نەهاتین چونکە باران دەباری. We didn't come because it was raining.
- ئەو سەیری تیڤی نەکرد. She didn't watch TV.
- ئەو دوێنێ درەنگ نەهات. He didn't come late yesterday.

بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە کارێکی یاریدەدەر بێ، تەنیا مۆرفیمی نەرێی بۆ زیاددەکرێ و مۆرفیمی نەرێ(not) دەچێتە دوای (was) ئەگەر بکەری ڕستەکە تاك بێ و دەچێتە دوای (were) ئەگەر بکەری ڕستەکە کۆ بێ.

- ئەو جوان نەبو. She wasn't beautiful.
- ئەوان مامۆستا نەبون. They weren't teachers.

- لە رابوردوی سادە و لە دۆخی نەرێدا، لە زمانی ئینگلیزی دوای وەرگرتنی کاری یاریدەدەری (did) و وەرگرتنی مۆرفیمی نەرێ (not) کاری سەرەکی ڕستەکە لە شێوەی رانەبوردو (base) دەبێت. بەڵام لە زمانی کوردی کاری سەرەکی ڕستەکە لە حاڵەتی نەرێدا هەر بە ڕابوردو دەمێنێتەوە.

- ئەو دوێنێ یارمەتی نەدام She did not help me yesterday.
- ئەوان گوڵەکەیان نەچاند. They didn't plant the flower.

- لە ڕابوردوی بەردەوام و ڕابوردوی تەواو لە دۆخی نەرێدا، لە هەردو زماندا گۆرانکارییەکی ئەوتۆی تێدا بەدیناکرێ، تەنیا زیادکردنی مۆرفیمی نەرێیە بۆ کارەکە.

- ئەوان کاری قورسیان نەدەکرد. They were not working hard.
- هاوڕێکانم هەرگیز نەچوبون بۆ فەرەنسا. My friends hadn't ever gone to France.

- سەبارەت بە ڕابوردوی خۆزگەیی لە دۆخی نەرێدا، لە کوردیدا سێ جۆرن، (ئاسایی، تەواو، دور)ن، بەڵام پتر بە شێوەی ڕابوردوی ئاسایی خۆزگەیی بەکاردێ، کە لەگەڵ ڕابوردوی تەواو لە زمانی ئینگلیزی بەرامبەر دەبێ.

- خۆزگە نانەکەم خواردبا. I wish I ate my bread.
- خۆزگە نانەکەم خواردبایە. I wish I have eaten my bread.
- خۆزگە نانەکەم خواردبوبا. I wish I had eaten my bread.

**2-6-4- ڕانەبوردو لە دۆخی نەرێدا:**

لە زمانی کوردی (نا) بۆ نەرێکردنی دەمکاتی ڕانەبوردو بەکاردێ، لە ئینگلیزیش (do, does) لەگەڵ مۆرفیمی نەرێ (not) بۆ ئەم مەبەستە دەردەکەون:

- ئەو ئازا نیە. He isn't brave.
- ئەو زۆر جار قاوە ناخواتەوە. she doesn't often drink coffee.

**بەراورد:**

- لە هەردو زماندا نیشانەی کاتی ئێستا (s)، (ە) دەردەکەون، بەڵام لە کوردی دەشێ مۆرفیمی کاتی ئێستا بە شێوەی مۆرفیمی سفر (Ø) بێ، وەك: (ئەوان خراپ نین)، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی مەرجە دەرکەوێ و لە هەر سێ پێکهاتەی (is, does, has) یشدا دەردەکەوێ.

**3-6-4- داهاتو لە دۆخی نەرێدا:**

دەمکاتەکانی داهاتوی تەواو و داهاتوی بەردەوام لە زمانی کوردی بونیان نیە و تەنیا یەك شێوە دەمکاتی داهاتو لە زمانی کوردی هەیە:

- ئەو بەیانی بەشداری کۆبونەوەکە ناکا. She won't attend meeting tomorrow.

هەرچەندە دەمکاتی داهاتوی بەردەوام لە دوتوێی ڕستە ئاڵۆزەکان لە زمانی کوردیش بەدیدەکرێ، وەکو:

- ئەو لە خەودا نیە، کاتێ تۆ پەیوەندیی پێوە دەکەی. She will not be sleeping when you telephone here.

**4-6-4- فەرماندان لە دۆخی نەرێدا:**

لــە زمــانی کوردیــدا، کارەکــان گۆڕانیــان بەســەردادێ لــە فەرماندانــدا، بــە شــێوەیەك کــە مــۆرفیمی فەرمانــدان وەردەگــرن و دەکەوێــتە پــێش ڕەگــی کــار. بــەڵام لــە زمــانی ئینگلیــزی گــۆڕانێکی بــەرچاو ڕونــادا، جگــە لــەوەی چــاوگی کارەکــە وەکــو خــۆی بــەبێ هــیچ زیــادە خستنەسەرێك ئەو ڕۆلە دەبینێ، وەکو:

- مەڕۆ ماڵەوە. Don’t go home.
- لێرە مەمێنەوە .Don’t stay here.

**بـــەراورد:**

لە زمانی ئینگلیزی ڕەگی کارەکە بە شێوەی سەربەخۆ دەردەکەوێ و پێویستیی بە مۆرفیم و کەرەستەی تر نیە بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستە و دەمکاتەکە، واتە؛ لە زمانی ئینگلیزیدا دوای لابردنی نیشانەی چاوگ (to, ing) کاری فەرماندان دەمێنێتەوە.

- مەڕۆنە ماڵەوە. مەڕۆن. Don’t go home.
- کێکەکە مەخۆن. مەیانخۆن. Don’t eat the cake.

**7-4- بەراوردکردنی دەمکاتەکان لە دۆخی پرسیاریدا:**

لــە هــەردو زمــان ڕســتەی پرســیاری بــەهۆی ئــاوازە و وشــەکانی پــرس بەرهەمــدێ، لــە ڕوی دەمکاتــەوە لــە کوردیــدا ڕســتەی پرســیاری جیاوازییــەکی زۆری تێــدا بــەدیناکرێ، بــەڵام لە ئینگلیزی گۆڕانکاری لە نیشانەی کات و کارە یاریدەدەرەکان ڕودەدا.

- کــوردی (کامیراکــە لــەناو جانتاکەتــە ← کامیراکــە لــە کوێیــە؟)، ئینگلیــزی ( the camera is in your bag) ← (where is the camera?)،

- لە هەردو زماندا، پرسیار لە شێوەی هەڵبژاردە و کلکە پرسیار بونیان هەیە، بەم شێوەیە:

- جوانە یان ناشیرینە؟ Is she beautiful or ugly?
- تۆ ئەوت خۆشدەوێ، وانیە؟ You love her, don’t you?

**بـــــەراورد:**

- لـە ڕسـتەی هـەڵبژاردە دەمكـاتی هـەردو ڕسـتەكە وەكـو یـەكن، سـەبارەت بـە كلكـە پرسـیاریش بـە هـەمان شـێوە لـە ڕوی دەمكاتـەوە یـەكن. لـە دۆخـی پرسـیاردا، لـە دەمكـاتی ڕابـوردوی سـادە و ڕابـوردوی بـەردەوام و ڕابـوردوی تـەواو لـە زمـانی كـوردی لەگـەڵ ڕسـتەی هـەواڵی جیاوازییـان نیـە، بـەڵام لـە ئینگلیـزی جیاوازییـەكی زۆر بـەرچاو بەدیـدەكرێ بـە شـوێنگۆڕكێی كـاری یاریـدەدەر و بكـەر، هـەروەها پەیـدابونی كـاری یاریـدەدەر بـۆ ئـەو ڕستانەی دەمكاتەكانیان تەنیا لە كاری سەرەكی پێكهاتوە.

- ئەو چو بۆ ماڵەوە. ئایا ئەو چو بۆ ماڵەوە؟ she went home. Did she go?

واتـە، لـە ڕابـوردوی سـادە لـە زمـانی ئینگلیـزی سـێ گـۆڕان لـە ڕوی پێكهاتـەكانی پەیوەسـت بـە دەمكاتـەوە بەدیـدەكرێ، یەكـەمیان: (پەیـدابونی كـاری یاریـدەدەر (ڕابـوردوی كـاری do))ە، دوەمیـان: (دەركـەوتنی كـاری یاریـدەدەر/ نیشـانەی كـاتی ڕابـوردو لـە پـێش بكـەری ڕسـتەكەوە)، سـێیەمیان: (گـۆڕینی گـەردانی كارەكـە لـە ڕابـوردوەوە بـۆ ڕانـەبوردو)، بەڵام لە زمانی كوردیدا ئەو گۆڕانكارییە لە یاسای داڕشتنی شێوەی دەمكاتەكە ڕونادا.

- لە زمانی كوردی گۆڕانكارییەكی ئەوتۆ ڕونادا و شوێنی ڕەگی كار و مۆرفیمەكانی كات و مۆرفیمە ڕێزمانییەكانی تر وەكو خۆی دەمێنێتەوە و مەرجە لە هەمو دەمكاتە ڕابوردوەكاندا یەكێك لە ئەڵۆمۆرفەكانی كاتی ڕابوردو (ت، د، ا، و، ی) دەركەوێ، لە ئینگلیزیش لە هەمو دەمكاتەكاندا جگە لەو ڕستانەی بە هۆی (v. be) دروستدەبن لەگەڵ دەمكاتە بەردەوامەكان، ئەوانی تر هەمویان نیشانەی ڕابوردو (ed) یان شوێنپێی ئەو پاشگرە (d) یان تێدا دەردەكەوێ، وەك: (di<u>d</u>, ha<u>d</u>):

- ئەو جوان بو؟ was she beautiful?
- كەی ئەو مرد؟ when did he die?
- كەی سەیری تیڤی دەكرد؟ when was he watching TV.?
- كەی سەركۆ نوستبو؟ when had Serko slept?

- لـە زمـانی ئینگلیـزی دەمكـاتی ڕابـوردوی تـەواوی بـەردەوام هەیـە و لـە زمـانی كـوردی ئـەم دەمكاتـە بەردەسـت نیـە، بـەڵام بـە نـەبونی یاسـایەكی داڕێـژراوی ئـەو دەمكاتـە نـاتوانرێ بڕیـار لـەوە بـدرێ كـە ئـاخێوەرانی زمـانی كـوردی نـاتوانن (ڕودانـی كارێـك كـە لـە ڕابـوردو دەستپێكردبێ و بەشێكی كارەكە تەواوبێ و بەردەوامیشی هەبێ) دەرببڕن، بۆ نمونە:

- من له ماوەی ئەو سێ ساڵه هەر خەریکی خوێندن بویمه.
- ئایا ماوەیەکی زۆر بو چاوەڕێت دەکرد تا ئەو گەیشت؟ Had you been waiting long when he arrived?
- ئایا ئەو ماوەیەکی زۆر بو قسەی دەکرد کە ئەوان دەرکەوتن؟ Had she been speaking for a while when they showed up?
- ئایا کیم له پۆلدا زۆر بەشداری/ ئامادەیی هەبو کاتێك ڕوداوەکه ڕویدا؟ Had kim been attending class very often when the accident occurred?

له دەمکاتی ڕانەبوردو له دۆخی پرسیاری له کوردیدا جیاوازی لەگەڵ دۆخی هەواڵی نیه و دەمکاتەکان هەمان شێوەی ئاسایی خۆیان وەردەگرن، بەڵام له زمانی ئینگلیزی هەندێ گۆڕانکاری له بەکارهێنانی کاری یاریدەدەری پەیوەست بە دەرخستنی کاتی ڕانەبوردو ڕودەدەن:

- ئایا ئەو زیرەکه؟ Is she intelligent?
- ئایا ئەو نوستوه؟ Has he slept?
- کەی دەست پێبکەین؟ when do we start?
- ئەو چی دەکا؟ What does he do?

**بەراورد:**

له دەمکاته ڕانەبوردوەکاندا، له دۆخی پرسیار له هەردو زمانەکه مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) له زمانی کوردی بونی هەیه و (is) یان شوێنپێی (is) که (s)ە دەردەکەون بە تایبەتی لەگەڵ ڕاناوە تاکەکان، وەکو:

- ئایا سیما کەسێکی ژیرە؟ <u>Is</u> sima a wise person?
- ئایا هێلین ڕۆژنامەکەی بینیوە؟ Ha<u>s</u> Helen seen a newspaper?

بەڵام له هەردو زماندا و له دۆخی پرسیاردا، مۆڕفیم و نیشانەی کاتی ئێستا کەمتر لەگەڵ ڕاناوە کۆیەکان دەردەکەون:

- ئایا ئەوان دۆڵمه دەخۆن؟ Do they eat Dolma?

دەمكـاتی ڕانـەبوردوی تـەواوی بـەردەوام لـە زمـانی كـوردی نیـە و ئـەو دەمكاتـە لـە زمـانی ئینگلیـزی هەیـە و هاوتـا و بەرامبـەر نـابێ لەگـەڵ یـەكێك لـە دەمكاتـە ڕانـەبوردوەكانی زمـانی كوردی.

- تۆ زۆر بیر لە چی دەكەیەوە؟ What have you been thinking about a lot?

ئەگـەرچی لـە زمـانی كـوردی یاسـا و داڕشـتنێكی تایبـەت بـە دەمكـاتی ڕانـەبوردوی تـەواوی بـەردەوام دەستنیشـاننەكراوە، بـەڵام دەتـوانرێ ڕودانـی كارێـك لـە ڕوی كاتـەوە دەربخـرێ، كـە لـە ڕابـوردو دەسـتیپێكردوە و بەشـێكی ڕودانەكـە تـەواو بـوبێ و بەشێكیشـی مابێ و لە كاتی ئێستا/ ڕانەبوردولە ڕودان بەردەوام بێ، وەكو:

تۆ لە منداڵیەوە تا ئێستا حەزت بە خواردنی ماسی نەكردوە؟

دەمكـاتی داهـاتو لـە دۆخـی پرسـیاریدا لـە زمـانی كـوردی یـەك شـێوەی هەیـە و لـە دۆخـی پرسـیاریدا بـە هـەمان شـێوەی ڕسـتەی هـەواڵی بـەكاردێ، بـەڵام لەبەرئـەوەی دەمكـاتی داهـاتو لە زمانی ئینگلیزی دو شێوەی هەیە، لە دۆخی پرسیاریشدا دو شێوەی دەبێ:

- پێت وایە تاقیكردنەوەكە قورس بێ؟ Do you think the exam will be difficult?
- ئایا بڕیارت دایە كە سۆلاڤ بێ بۆ ئاهەنگەكەت؟ Are you going to invite solav to your party?

**ئەنجامەكان**

- هەرچەنـدە هەردو زمـانی كـوردی و زمـانی ئینگلیـزی لە كـۆمەڵەی خێـزانە هیندۆـــ ئۆروپیەكـــانن، بەڵام زمـــانی كـــوردی بە پێـــی بیـــردۆزەی فریـــدریك شـــلیگل بـــۆ دابەشـكردنی زمانەكـان، یەكـێكە لە زمـانە لكاوەكـان و زمـانی ئینگلیـزی بە شـێوەیەكی گشـتی زمـانێكی تێكچـڕژاوە، بـۆیە لە ژمـارەی دەمكاتەكـان و چـۆنیەتیی ڕۆنـان و داڕشـــتنیان جیاوازییـــان هەیە و لە بەرامبەركردنـــی دەمكاتەكانـــدا، هەنـــدێ جـــار لە زمانی كوردیدا پەنا بۆ ئاوەڵكارەكانی كات دەبرێ.
- زمـانی كـوردی لـە ڕوی دەمكاتـەوە، خـاوەنی هەشـت دەمكاتـە، ئـەوانیش (ڕابـوردوی سـادە، ڕابـوردوی بـەردەوام، ڕابـوردوی تـەواو، ڕابـوردوی دور، ڕابـوردوی خۆزگـەیی (نزیـك و دور)، دەمكـاتی ئێسـتا (هەواڵـدان و فەرمانـدان)، ڕانـەبوردو،

داهاتو (داخوازی و مەرجی))، بەڵام دەمکاتە سەرەکییەکانی زمانی ئینگلیزی ژمارەیان زیاترە و دوازدە دانەن، کە ئەوانەن (ڕابوردوی سادە، ڕابوردوی تەواو، ڕابوردوی بەردەوام، ڕابوردوی تەواوی بەردەوام، ڕانەبوردوی سادە، ڕانەبوردوی بەردەوام، ڕانەبوردوی تەواو، ڕانەبوردوی تەواوی بەردەوام، داهاتوی سادە، داهاتوی بەردەوام، داهاتوی تەواو، داهاتوی تەواوی بەردەوام).

- لە زمانی کوردیدا، مۆرفیمەکانی کاتی ئێستا (ە، Ø)ن و لە دەمکاتەکانی (ڕانەبوردو، ئێستا، ڕابوردوی تەواو و بەردەوام) دەردەکەون و مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردو (ت، د، و، ی، ا) لە دەمکاتە ڕابوردوەکان و مۆرفیمەکانی کاتی داهاتو (ێ،Ø) لە دەمکاتەکانی ڕانەبوردو و داهاتو بەکاردێن. بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا، پێکهاتەکانی هەڵگری چەمکی کاتی کارەکان بە شێوەی وشە و یەکەی سەربەخۆ دەردەکەون و بە ڕەگی کارەوە نالکێن (جگە لە (-s, -ed, -en, -ing))، کارە یاریدەدەرکانی (am, is, are) بۆ ڕانەبوردو و (was, were) بۆ ڕابوردو و (have, has, had) بۆ ڕانەبوردو و ڕابوردوی تەواو و مۆدەلەکانیش (will, shall) بۆ داهاتو بەکاردێن. لە دەمکاتی ڕابوردوشدا هەندێ جار چەمکی ڕابوردو لە خودی کارەکاندا دەتوێنەوە.
- لە دەمکاتی ڕابوردوی سادەدا، لە زمانی کوردی هەر پێنج مۆرفیمی کاتی ڕابوردو، چەمکی ڕابوردو دەگەیەنن و بە شێوەی یاسایی زۆرینەیان دەکەونە دوای ڕەگی کارەکە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا، تەنیا یەك مۆرفیم (ed) بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێ و لە ڕابوردوی کارە ناوێزەکاندا ئەم مۆرفیمەش دەرناکەوێ.
- لە زمانی کوردیدا هیچ کارێکی سادە نیە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا هەندێ جار کارەکان سادەن و هیچ گیرەکێکیان پێوە نەلکاوە.
- دۆخی نەرێی دەمکاتەکان لە زمانی کوردی بە هۆی چەند ئەلۆمۆرفێکەوە (نە، نا، نی، مە) دروستدەبێ و بەپێی هەر یەکێك لە دەمکاتەکان گۆڕانکاری و وردەکاریی تایبەت وەردەگرن، دەشێ لەگەڵ مۆرفیمی نەرێی زمانی ئینگلیزی (not) هاوڕەسەن بن و سەربەخۆ و لکاویش دەربکەون.
- بکەرنادیار لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، بە هۆی مۆرفۆفۆنیمی (ر) دروستدەبێ، بەڵام لە ئینگلیزیدا هیچ مۆرفیمێکی دیارکراونیە، ئاماژە بە بکەری نادیار بکا و تا ڕادەیەك وەکو زاری ژوروی زمانی کوردی بە کاری یاریدەدەر و

گــۆڕینی کــاری ســەرەکی بــۆ چــاوگ لە کــوردی و گەردانــی ســێیەم لە ئینگلیــزی دروستدەبێ.

- لــە کوردیــدا کــاری نــاوێزە لــە ڕوی دەمکاتــەوە کەمــە، واتــە؛ زۆربــەیان بــە شــێوەی یاســایی دەکرێنــە ڕابــوردو و دەمکاتــەکانی تــر، گــۆڕانی بنجــی لــە شــێوەی ڕەســەنی کارەکــە ڕونــادا کــە نەناســرێتەوە، جگــە لــە چەنــد کــارێکی دەگــمەن نەبــێ، بــەڵام لــە زمــانی ئینگلیزیــدا کــاری نــاوێزە بــونی بەرچاویــان هەیــە و شــێوەی ڕەســەن و بنجیــی کارەکان دەگۆڕێ.
- دەمکاتــەکان لــە دۆخــی پرســیاریدا لــە زمــانی کــوردی جیــاوازییەکی ئەوتۆیــان لەگــەڵ ڕســتەی هەواڵیــدا نیــە، بــەڵام لــە زمــانی ئینگلیزیــدا گۆڕانکــاریی زۆر بەدیــدەکرێ و چەند کارێکی یاریدەدەر بەپێی دەمکاتەکان بۆ ڕستە پرسیارییەکان زیاددەکرێن.
- لە هەردو زمــانەکەدا دەتــوانرێ یاســای دەمکاتەکــان دابڕێــژرێ و بە پێــی هاوکێشــەی یاســاکان، کارەکــان بــۆ هەر دەمکاتێــك گەردانبکــرێن، بەڵام ســەرباری لەیەك نەچــون و جیـــاوازیی یاســـای داڕشـــتنیان لە هەردو زمـــانەکە، جیـــاوازییەکی تـــر لەوەدایە لە کوردیــدا نوســین هــاوجوتی گــۆکردنە، کەچــی لە ئینگلیزیــدا، زۆر جــار نوســین و گــۆکردنی وشــەکان هاوڕێــك نــین، ئەمەش دەبێــتە گرفتێــك بــۆ فێرخــوازانی کــورد لە زمانی ئینگلیزیدا.

## سەرچاوەکان

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**


- ئەورەحمانی حاجی مارف، (2014)، ڕێزمانی کوردی ــ کردار، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر.
- ئەورەحمانی حاجی مارف ،(2014)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دوەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ابوبکر عومەر قادر،(1993)، پرسیار لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیجی ئاداب.
- بەختیار نوری حەمەدەمین، (2017)، کاریگەریی ڕستەسازیی کوردی لەسەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- پرشنگ حەمەئەمین ئەحمەد. (٢٠٠٥). فەرهەنگی یاد، ئینگلیزی ــ عەرەبی ــ کوردی. سلێمانی.
- تاڵیب حوسێن عەلی، (2014)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر.
- تاڵیب حوسێن عەلی، (2020)، زانستی زمان و زمانی کوردی (بەشی دوەم)، چاپخانەی هێڤی ـ هەولێر.
- جەوهەر ئەحمەد، (2018)، دوڕەیی کار لە ڕووی هێزەوە لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هیشام ـ مەشهەد ـ ئێران.
- خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو، (2008)، بەرکار لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕێبازی فۆرمی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر.
- زەری یوسوپۆڤا، ، و. کوردستان موکریانی، (1988)، "کار"، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(116)، وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق، بەغدا.
- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، شلێر ڕەسول بەرزنجی، (2020)، ڕێزمانی بەراورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
- ساجیدە عەبدوڵڵا، عاتف عەبدوڵڵا، شێوازی خۆزگەیی لە زمانی کوردیدا، 2021، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 49.

- سەربەست قادر حەمە، (2017)، بەراوردی دو لە پۆلینکردنەکانی کردار لەنێوان زمانی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست) و فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان- سلێمانی.
- سەربەست قادر، (2021)، تێپەڕ و تێنەپەڕ لە کوردیی (ناوەڕاست)دا جیاکردنەوە و گرفت، چاپخانەی ناوەندی تیشك.
- سەعید کەرەمی، (1396)، وشەناسی زمانی کوردی، پەخشانگای زانستگای کوردستان.
- عەبدوللا حوسێن ڕەسول، (1991)، ناکردن ل کوردیدا، نامەی ماستەر، چاپخانەی هێڤی/ هەولێر.
- عەبدوللا حوسێن ڕەسول. (١٩٩٥). مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زاکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد. بەشی کوردی.
- عەبدوللا حوسێن ڕەسول. (٢٠٠٥). پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی. وەزارەتی ڕۆشنبیری. زنجیرەی کتێبی گیرفان (٢). هەولێر.
- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، (2014)، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر.
- عەبدوللا حوسێن ڕەسول. (٢٠١٥). چەند باسێکی وردی زمانەوانی ــ کوردی. هەولێر.
- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، (2023)، ڕێزمانی بەراورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.
- عەبدولوەهاب خالد موسا، (2000)، ڕێزمانی (بون و هەبون) لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
- عەبدولوەهاب خالد موسا، (2010)، ڕێزمانی (بوون و هەبوون) لە کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە- هەولێر.
- عومەر دزەیی، (1984)، بەراوردکرنێکی (ڕابوردوی تەواو)ی کوردی لەگەڵ (perfect)ی زمانە ئەوروپاییەکاندا، گۆڤاری کاروان، ژمارە 24، ئەیلولی (1984)، ساڵی دوەم، هەولێر.
- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، (2008)، نادیاری، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.

– فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، بەکر عومەر عەلی، (2004)، مۆرفیمە سینتاکسییەکان لە ڕستەی ناسادەدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (14)، حوزەیرانی (2004).
– فەرەیدون عەبدول محەمەد، (1988)، "نادیاری"، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
– کامیل حەسەن بەسیر،(2013)، بەراوردکارییەك لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا.
– کامیل حەسەن، کوردستانی موکریانی، سادق بهائەدین ئامێدی، حەمە ئەمین هەورامی، (1987)، زارەکوردییەکان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
– محمد معروف فتاح. (١٩٨٩). کار پۆلین کردن بە پێی ڕۆنان. ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١٢١.
– محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح ڕەشید قادر، (2006)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی روون، سلێمانی.
– محەمەد ئەمین هەورامانی، (1981)، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی زمانەوانی 3، بەغدا.
– نەزیرە سابیر مستەفا، (2021)، پراگماتیك و شێوازگەری، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
– وریا عمر امین، (1982)، "ڕستەی بکەر نادیار"، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٩٥)، بەغدا.
– وریا عومەر ئەمین، (1983)، ڕۆژنامەی (العراق) ژ2238ی (1983/6/8)، پیتۆکەکانی زمانەوانی.
– وریا عومەر ئەمین، (1986)، چەند یاسایێکی مۆرفۆلۆجی ی داڕشتنی فەرمان، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 109.
– وریا عومەر ئەمین، (1998)، چەند یاسایێکی مۆرفۆلۆجیی داڕشتنی فەرمان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(109)ی ساڵی (1986)، لاپەڕە 258- 264 بڵاوکراوەتەوە.
– وریا عومەر ئەمین، (1998)، مەرج ویاساکانی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ژمارە(27 و 28)ی ساڵی (1998).

- وریــا عومــەر ئــەمین، (1998)، نیشــانەکانی کــات لــە زمــانی کوردیــدا، گۆڤــاری کــاروان- ئەمینــداریێتی گشــتی بــۆ ڕۆشــنبیری و لاوان- هــەولێر، ژمــارە(92)ی ســاڵی 1992، لاپەڕە 88- 92 بڵاوکراوەتەوە.
- وریــا عومــەر ئــەمین، (2004)، چەنــد ئاســۆیەکی تــری زمانــەوانی، چاپخانــەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم ـ هەولێر.
- وریــا عمــر امــین، (2023)، زمــانی کــوردیی پێــنج زاراوەی نــوێ پێشــکەش بــە بــواری زمانــەوانیی گشــتی دەکــات، گۆڤــاری زمانــەوانی، ژمــارە(1) ســاڵی یەکــەم، هــاوینی (2023).

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

- قرآن الكريم. سورة البقرة. الآية 31.
- دار المشرق. (١٩٨٨). المنجد في اللغة والاعلام. ط30. بيروت. ص912.
- منيــر البعلبكــي. (2007). المــورد قــاموس إنكليــزي - عربــي. ط41. دار العلــم للملايــين - بيروت.

**سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

- حسن احمدی گیوی، (1380)، دستور تاریخی فعل، جلد اول، نشر قطره، تهران.
- حسن احمدی گیوی، (1380)، دستور تاریخی فعل، جلد دوم، نشر قطره، تهران.
- خسرو فرشیدورد، (1391)، فعل و گروه فعلی و تحول ان در زبان فارسی.
- علی میمندی، دستور زبان انگلیسی، (2012)، رهنما، تهران.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

- A S HORNBY, (2001), Oxford Advanced Learner's Dictionary of Current English. 6th ed. Oxford University Press.
- ALEXANDRA SABRA, (2020), Tense and Aspect in the English Language, a study about newly arrived students with Arabic as their mother tongue university of GAVLI.

- BETTY SCHRAMPFER AZAR, STACY A. HAGEN. (2012), Basic English Grammar, third edition, Tehran.
- BOYDELL AND BREWER, TESTER, S. J. (1999). A History of Western Astrology. Continuum books. London.
- CARL R. WHITEHEAD, (1991), tense, aspect, mood and modality, verbal morphology in Menya.
- DAVID CRYSTAL. (2003). A dictionary of Linguistics and Phonetics. 5th ed. Blackwell Publishing.
- DAVID CRYSTAl, (2008). A dictionary of Linguistics and phonetics, Blackwell publishing, sixth edition.
- JIM MILLER, (2002), An Introduction to English Syntax, Edinburgh University Press
- KHALID ALI ABDULLAH, AND BURHAN QADIR SALIM, (2018), A Comparative Study of Declarative Sentences in English and Kurdish, Journal of Raparin University - Vol.5, No.14, (March 2018).
- LAURA A. MICBALIS, (2002), Aspectual Grammar and past-time reference, Taylor & Francis e-library.
- LONGMAN. (2003). Longman Dictionary of Contemporary English. UK.
- MAHMOUD FATHULLA AHMED, (2004), the tense and aspect system in Kurdish. unpublished PhD. Dissertation. University of London.
- MUHAMMAD MARUF FATTAH, (1997), A Generative Grammar of Kurdish, Amsterdam university.
- NESIM SÖNMEZ – RESUL GEYIK, (2016), Xebateke Berawirdkarî (Komparatîf) û Dijberawirdkarî (Kontrastîf) li ser

Demên înglîzî û Kurmancî, Nubihar academe, 82. Issue 5. Year 3. (2016).

- OSMAN MOHAMMADI, FATEH AHMADI, (2013), A comparative study of grammatical aspect in English, Kurdish, and Persian.
- OSTEN DAHL, (1985) Tense and Aspect Systems, Basil Blackwell, 108 Cowley Road, Oxford OX4 IJF. UK.
- PAUL. R. K, (2005), Analyzing Grammar: An Introduction. Cambridge and New York: Cambridge University Press.
- ROBINSON PAULMONY & SHIVAN MAWLOOD HUSSEIN, (2019), Phonological and Grammatical Similarities between English and Kurdish Language: Why English Learning is Easier for Kurdish, Universal Journal of Educational Research 7(12): 2705-2709, 2019, 2708).
- PINKSTER, H. AND DICK, S.C, (1996), Aspects of Negation. The Netherlands: Universiteit van Amsterdam.
- RASHWAN MAHMOOD MUSTAFA, (2007), Mood in English and Kurdish: A Comparative study, Thesis, Master of Art, college of languages, university of Koya.
- RASHWAN RAMADAN SALIH, (2007), A Comparative study of verb phrase structure in standard English and central Kurdish, Thesis, Master of Art, college of languages- Salahaddin University- Erbil.
- RAYMOND MURPHY, (2002), English Grammar in Use, second edition, Cambridge University Press, Jungle publication- Iran-Tehran.

- RAYMOND MURPHY, (2004), English Grammar in Use, third edition, Cambridge University Press, Jungle publication- Iran- Tehran.
- RAYMOND MURPHY, (2007), Essential Grammar in Use, third edition, Cambridge University Press.
- ROBERT D. VAN VAL IN, JR. (2001), An introduction to syntax, United Kingdom at university press, Cambridge.
- SHANO ABDULRAHEEM AHMED JAF, (2008), A Contrastive Analysis of tenses and Aspect in Standard English and Standard Kurdish with Implications for teaching, Thesis, Master of Art, college of languages- Salahaddin University- Erbil.
- SIDNEY GREEN BAUM, (1996), In memoriam, Oxford University Press Inc. New York.
- SINA AHMADI, HOSSEIN HASSANI, 21 May (2020), Towards Finite-State Morphology of Kurdish.
- WARIA OMER AMIN,(1976), Some Fundamental Rules of Kurdish Syntax Structure, London.
- WARIA OMAR AMIN,(1979), Aspects of the verbal construction in Kurdish, Thesis, university of London.
- ZHWAN OSMAN AHMED, (2008), Tense-Aspect System in English and Kurdish, Thesis, college of language- English department, Sulaimany University.

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
ئەکادیمیای کوردی
گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
الاكاديمية الكوردية
مجلة الاكاديمية الكوردية


ژمارە: العدد: ٥٧

ڕێکەوت: / / ٢٧٢٣ی کوردی التاريخ: ٤/ ٣/ ٢٠٢٤

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی
Journal of The Kurdish Academy

بەڕێز: پ.ی.د. تریفە محسن ئەحمەد
پ.د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ

زانکۆی: سەلاحەدین / کۆلێژی زمان / کوردی

ب/ پەسەندکردنی توێژینەوە

لە دوای سڵاو

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، بەڕێزتان ئاگادار دەکاتەوە، کە وا توێژینەوەکەتان: ( دۆخی ئەرێنی دەنگاوەکان لەنێوان زمانی ... ) پەسەندکراوە و لە یەکێك لە ژمارەکانی داهاتووی گۆڤارەکەمان بڵاودەکرێتەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا.

**پ. د. عوسمان خدر دەشتی**
**ج . سەرنووسەری گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

وێنەیەك بۆ /
دۆسییەی تایبەت


ناونیشان-هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیل: journal@ka.gov.krd

عنوان-إقليم كوردستان-العراق
ژ. تەلەفۆن: ٠٧٥٠٨٣٧٥٥٧٥

Address-Kurdistan Region-Iraq
https://gov.krd/ka/

Repubile of Iraq
Ministry of Higher
Education and Scientific Research
Tikrit University
College of Education for women
Journal of Language Studies

جمهورية العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة تكريت
كلية التربية للبنات
مجلة بحوث اللغات

العدد: 725
التاريخ: 29/10 / 2023

الى / م.م تريفه محسن احمد

و ا.د. عبدالله حسين رسول

م/ قبول نشر

ثحية طَيبة ...

يسر هيئة تحرير مجلة بحوث اللغات ان تعلمكم بأن بحثكم الموسوم بـ :

دەمکاتەکان لە ڕستەی بکەرنادیاردا

والذي سبق وان تقدمتم به الى مجلتنا لغرض النشر قد اجيز من قبل هيئة التحرير بعد اخضاعه للتقييم العلمي وفق ما تقضي به التعليمات؛

وإذا نهنئكم بقبول هذا البحث للنشر، نأمل أن يستمر تواصلكم معنا ورفدكم لمجلتنا بنتاج فكركم المتميز.

مع التقدير ...

نسخة منه الى//
- أدارة المجلة / لاتخاذ ما يلزم
- صادر صلاحيات

ا.م. مثنى محمد بدع
مدير التحرير
2023/10/29

## Abstract

This study is entitled (A Comparison Between Kurdish and English Tenses) dealing with the tenses of both languages from formation, meaning, and function aspects. It also makes comparison between them to highlight their similarities and differences.

In this study, the tenses are discussed in terms of concept and term, attention is also paid to the usage of this topic in grammar, including both in syntax and semantics. A large part of this work is dedicated to the use of the tense within grammar, the tenses in each language, in Kurdish and in English is presented separately, and then, each tense is explained alone from their forming rule and structure aspects. Later, from the surface angles of (negative status, affirmative status, interrogative status, imperative status and requesting status) have been examined.

This study is divided into four main parts: in the first part, a review for some of the previous studies on tenses is provided. Many books, research, theses, and dissertations written on the tenses of both languages have been reviewed. All of the reviewed sources have been chronologically arranged and presented. What sets apart this works from all those reviewed ones is that the analyses and the comparisons made to show the similarities and differences between the tenses of both languages are all done in Kurdish language.

In the second part of this work, the Kurdish language tenses are investigated with reference to concept and use. The Kurdish tenses are divided into (Past Simple, Past Continuous, Past Perfect, Distant Past, Present Continuous, Present Simple and Future). All the tenses are explained in their affirmative status, according to their formation rule within transitivity and intransitivity frames. Then, the scope, limitation, duration and their proximity and remoteness from speaking time of each tense is clarified and given in specific tables and diagrams. After that, the passive of each tense is also discussed with

all the changes occurring and details accompanying due to passiveness. These are also provided in specific tables. The negative and interrogative statuses of the Kurdish tenses are also examined.

In the third part, the English tenses are divided into three groups based on their simplicity and complexity. The Simple Tenses Group, and Prefect Tenses Group and Progressive Tenses Group. Each tense group is explained based on its past, present and future times. In each of the tenses, the formation rule, scope, duration of the action is presented in specific diagrams. The positive, negative and interrogative statuses of each tense is analysed, as well. The English Tenses are divided into (Past Simple, Past Continuous and Past Perfect, Present Simple, Present Continuous and Present Perfect, Future Simple, Future Perfect and Future Continuous, and the Prefect Continuous Tenses).

The fourth part of the work is dedicated to making the comparisons between the Kurdish and English tenses. At the beginning, both Kurdish and English languages are discussed based on the proximity of their language family. Then, each of Kurdish and English Tenses are compared in relation to having the tense, number of time morphemes, formation rule, and their positive, negative and interrogative statuses. Each of the tenses of both languages are contrasted to one another to demonstrate the main similarities and differences with giving much emphasis on the differences. At the end of this part, a comparison is made between the passive voice of the two languages.

Finally, along with the results, the reference list and the abstract in English language are provided.

**Keywords**: *Tenses, Time Morpheme, Main Verb, Modal Verb, Passive, Passive Morpheme, Negation, Negation Morpheme, The Negation Allomorphs, Surface.*

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# A Comparison Between Kurdish and English Tenses

A Dissertation
Submitted to the Council of the College of Language at Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of PhD. of Science in Kurdish Language

By
**Treefa Muhsin Ahmed**
BA. Kurdish Language and Literature, Salahaddin University - Erbil, 2010
M.A. Kurdish Language, Salahaddin University - Erbil, 2016

Supervised by
**Prof. Dr. Abdulla Hussein Rasul**

Erbil- KURDISTAN
April 2024